## چیرۆکی پەیامبەر

# یوسف علیه السلام

لەژێر ڕۆشنایی سورەتی یوسف

وفەرمودە سەحیەکاندا

**مافی لە چاپدانەوەی پارێزراوە**

**ناوی کتێب:** **چیرۆکی پەیامبەر یوسف ﷺ، لەژێر ڕۆشنایی سورەتی یوسف وفەرمودە سەحیەکاندا**

**نوسەر:** **مامۆستا علی خان**

**تایپ:** **باوکی ڤینا**

**بەرگ :** **فلاح حسن**

**نۆرە وسالّی چاپ:** **یەکەم ١٤٣٧**

م.علي خان

# چیرۆکی پەیامبەر یوسف عليه السلام

## لەژێر رۆشنایی سورەتی یوسف وحەدیسە سەحیەکاندا

ئەم کتێبە لە لایەن مامۆستاوە پێداچونەوەی بۆ نەکراوە

خستنە سەر کاغەز:

رضا صلاح الدين

١٤٣٩

چاپی یەکەم

بسم الله الرحمن الرحيم

## ڕێخۆشکار

بەڕێزان.. پاش باسکردنی ژیاننامەی پەیامبەر «ئیبراهیم» لە خزمەتاندا، حەقی خۆیەتی باسی نەوەیەکی نبی الله ئیبراهیم ﷺ بکەین، کە بریتی یە لە: پەیامبەر «ئیسحاق» ﷺ، ونەوەیەك لە نەوەکانی ئیسحاق کە بریتی یە لە: «یەعقوب» ﷺ، ونەوەیەك لە نەوەکانی «یەعقوب» کە بریتی یە لە: نبی الله «یوسف» ﷺ، هەربۆیە ئەم باسەمان زۆر کرنگە و زۆر لە جیٚ ی خۆیەتی، چونکە خوا ﷻ لە یەك سورەتی قورئاندا بە تەواوەتی تەنها باسی چیرۆکی پەیامبەر یوسف ﷺ ئەو وردەکاریانەی لە چیرۆکەکەدا ڕویداوە دەکات.

وباسی ئەو سود و وانانە دەکەین کە لە چیرۆکەکەدا دەستمان دەکەویٚ، کە لە هەموو ڕویەکەوە دەتوانی سودی لیٚوەربگری: گەنج دەتوانیٚ سودی لیٚوەربگریٚ بۆ داویٚن پاکی، دەسەلاتدار دەتوانیٚ سودی لیٚوەربگریٚ بۆ خزمەتی ئایین وگەل ونیشتمان وبیلاد وعیباد، دەوڵەمەند دەتوانیٚ سودی لیٚوەربگریٚ بۆ خزمەتی نەداران وهەژاران، بۆ هەمو چین و تویٚژیٚك، بۆ گەورە وبۆ بچوك.

## ژیانی پەیامبەر ئیسحاق ﷺ

پیٚویستە سەرەتا گوزەریٚك بکەین بە ژیانی نبی الله ئیسحاق ﷺ: ئیسحاق یەکیٚکە لە دوو کوڕەکەی ئیبراهیم: کە ئیسحاق و «ئیسماعیل»ی

هەبووە، وهەندێك دەڵێن جگە لەم دووانە منداڵی تری هەبووە، بەڵام ئەم دوو کوڕە زیاتر ناسراون وباسدەکرێن.

ئیسحاق ناسراوە بەوەی کەوا یەکێکە لە پەیامبەرانی خوا، ویەکێکە لە بەندەچاکەکانی خوا، دوو منداڵی دەبێ بە ناوەکانی: «عیس (عیص) ویەعقوب».

لێرەدا چیرۆکێك زۆر دەگێڕدرێتەوە، بۆیە ئێمەش دەیگێڕینەوە، پاشان حوکمی چیرۆکەکە ڕون دەکەینەوە کە تاچەند درۆیە؟ کوێی درۆیە؟ بۆچی درۆیە؟

پەیامبەر ئیسحاق ﷺ «عیص»ی کوڕی زیاتر خۆشدەوێ تا یەعقوب، چونکە عیص کوڕە گەورەیەتی، باوکیش هەمیشە کوڕە گەورەی زیاتر خۆشدەوێ، دایکیش کوڕە بچکۆلەی خۆش دەوێ، وا ئەڵێن، بەڵام وەك وتراوە: لە دایکیان پرسی: کام لە منداڵەت زۆر خۆشدەوێ؟ وتویەتی: نەخۆشەکەیان تا چاك دەبێتەوە، سەڵتەکەیان تا ژن دەهێنێ، منداڵەکەیان تا گەورە دەبێ، گەورەکەیان تا مەرازی حاسڵ دەبێ. کەواتە دایك وباوك هەموو منداڵەکانی خۆیانیان خۆش دەوێ، ئەگەر نازی زیاتریان بە یەکێکیان دا مەگەر هۆکارێکی هەیە. جا ئەم چیرۆکە کە دەیگێڕینەوە دەڵێن: ئیسحاق عیصی زیاتر خۆشویستوە تا یەعقوب، بەڵام خێزانەکەی بە پێچەوانەوە.

ئیسحاق تەمەنی گەورە بووە، چاوەکانی لەدەستداوە، ڕۆژێك بە عیص دەڵێ: «بڕۆ ئاژەڵێکم بۆ بهێنە وبیبرژێنە بۆ ئەوەی لێی بخۆم ودوعای خێر بۆ

خۆت و نەوەکانت بکەم بەڵکو خوا بەرەکەت برژێنێ بەسەرتاندا»»، ئەویش دەڕوا ئاژەڵێکی بۆ ڕاوبکات وبیهێنێ، خێزانەکەی ئەمە دەکاتە هەلێك وبە یەعقوب دەڵێ: «کوڕم برۆ ئاژەڵێك بۆ باوکت بهێنە وبیبرژێنە بۆی با بیخوات ودوعای خێرت بۆ بکات»، ئەویش دەڕوا ئاژەڵێکی بۆ دەهێنێ وئامادەی دەکات، جا عیص گیانی توکی زۆر بووە، پێیان وتوە «توکن»، بۆیە باوکیان بە توکی لاشەیەوە ناسیویەتیەوە، وهەروەها لە ڕێی دەنگیانەوە، جا ڕۆیشتووە بۆلای وسلاوی کردووە، وتویەتی: «باوکە گیان ئەوە ئاژەڵەکەم بۆ هێنای، فەرمو لێی بخۆ»، باوکی وتویەتی: «ئەم دەنگە دەنگی یەعقوبە، بەلام ئەم دەستە دەستی عیص، دیارە جلوبەرگی توکنی پۆشیوە بۆئەوەی لەدەستی عیص بچێت، بە ڕێنمایی دایکی ئەمەی کردووە، ئەویش لە خواردنەکە دەخوات ودوعای خێر بۆ یەعقوب دەکات، پاشان کە عیص دێتەوە، خواردنەکە دەخاتە پێش باوکی ودەڵێ: «باوکە گیان ئەوە خواردنەکەم بۆ هێنای»، باوکیشی دەڵێ: «کوڕم ئەی خواردنەکەت بۆ نەهێنام ولێم نەخوارد ؟!» دەڵێ: «نەخێر! خواردنم بۆ نەهێناوی»، ئەوکاتە عیص دەزانێ ئەمە فێڵی «یەعقوب»ی برایەتی لێیکردووە.

**ئەوەی ئەم چیرۆکە بەدرۆ دەخاتەوە ئەوەیە:**

وا لە چیرۆکەکە دەردەکەوێ ئیسحاق کەسێکی غافڵ وبێئاگابووە، ڕاستیەکەش ئەوەیە کە پەیامبەران -سەڵات وسەلامی خوایان لەسەر بێت- چەند برۆنە ناوتەمەنەوە عەقڵیان لای خۆیانە وژیری لەدەست نادەن، بە

شێوازێکی وا فێڵیان لێناکرێ، بەتایبەت جیاکردنەوەی توکی دەست وتوکی جل وبەرگ بە کەسێکی ئاسایی جیادەکرێتەوە چ جای پەیامبەرێکی خوا؟!

هەروەها فێڵکردنی تیایە لەلایەن یەعقوبەوە، یەعقوبیش پەیامبەری خوایە وپارێزراوە «معصومە»، چۆن فێڵی وادەکات؟!

وخێزانەکەی ئیسحاق یەکێکە لە ئافرەتە چاکەکان وشتی وای لێناوەشێتەوە.

بۆیە ئەم چیرۆکە کە باوە وباسدەکرێ ڕاست ودروست نیە -واللە أعلم-.

بەڵام لە ڕیوایاتی بەنی ئیسرائیلدا باسی ڕوداوێك دەکەن، دەڵێن: «دایکیان بە یەعقوب دەڵێ: «کوڕی خۆم بڕۆ بۆلای خاڵۆت کارێك بکە و هەر لەوێش ژن بهێنە»، یەعقوبیش دەڕوات. خاڵۆی دوو کچی هەیە بە ناوەکانی: «لیا» و«ڕاحیل»، پاش ئەوەی ماوەیەك لەلای خاڵی دەمێنێتەوە، پێی دەڵێ: «خاڵە ڕاحیلم دەوێ؟»، ئەویش پێی دەڵێ: «حەوت ساڵ شوانیم بۆ بکە ڕاحیلت پێ دەدەم»، یەعقوبیش حەوت ساڵەکە تەواو دەکات ودەڵێ: «خاڵە بەڵێنەکەت بەجێ بهێنە!»، ئەویش دەڵێ: «باشە»، ئەوە ئەبێت وەلیمەیەکی گەورە ڕێك دەخات وکچێکی خۆی پێدەدات، بەڵام شەو کە دەڕواتە لای، تەماشا دەکات «لیا»یە، «راحیل» نیە، ئەویش بە خاڵۆی دەڵێ: «من داوای راحیلم کرد نەك لیا؟!»، خاڵۆی دەڵێ: «کوڕی خۆم عاداتی ئێمە وایە دەبێ کچە گەورە شوبکات بەر لە کچە بچوك»، یەعقوب دەڵێ: «من راحیلم دەوێ»، خاڵۆی دەڵێ: «دەی کەواتە دەبێت حەوت ساڵی

تر شوانیم بۆ بکەی؟))، یەعقوب ڕازی دەبێ وحەوت ساڵی تریش شوانی بۆ دەکات، پاشان خاڵۆی ((راحیل))ی پێ دەدات.

خوا ﷻ بەرەکەتێکی زۆر دەڕێژێت بەسەر یەعقوبدا ﷺ، ئەڵێن هەر بەهۆی ئەمیشەوە خوا ﷻ بەرەکەت دەڕژێنێت بەسەر خاڵۆیدا، ماڵ ومناڵ وسەروەت وسامانی زۆر دەبێ، یەعقوبیش بەهەمان شێوە دەوڵەمەند دەبێ. لە لیا شەش منداڵی دەبێ: ((رۆبیل، شەمعون، لاوی، یەهوزا، ئیساخەر، زابلۆن))، بەڵام لە ((راحیل)) منداڵی نابێ، ((راحیل)) خزمەتکارێکی هەیە دەیدات بە یەعقوب، لەویش دوو منداڵی دەبێ، بە ناوەکانی: ((دان، نیفتالی))، ((لیا)) بەم کارەی ڕاحیل غەیرە دەیگرێ، ئەویش خزمەتکارێکی خۆی دەبەخشێت بە یەعقوب، لەو خزمەتکارەش دوو منداڵی دەبێ، بەناوەکانی: ((جاد، ئەشیر)) کەواتە یەعقوب دەبێتە خاوەن دە منداڵ.

کە ڕاحیل منداڵی نابێت زۆر دەپاڕێتەوە بۆ ئەوەی خوا سبحانە منداڵی پێ ببەخشێ، ئەوە ئەبێت خوا ﷻ دوو منداڵی بەرەکەتداری پێ دەبەخشێ، ئەو دوو منداڵەش بریتین لە ((یوسف وبنیامین)). ئەم چیرۆکەش لەوەودوا ئیشمان پێی دەکەوێت.

ئەمەش سودی ئەوەی تێدایە: کە بەندە نازانێ خێر لە چیدایە ولە کوێدایە.

لە ریوایاتی ئیسرائیلیاتدا هاتووە، یەعقوب ﷺ لەسەر بەردێك ڕاکشاوە وئیسراحەتی کردووە، لەوێ خەوی لێدەکەوێ ولەخەونیدا پەروەردگار پێی دەڵێ: ئەم شوێنە شوێنێکی پیرۆزە وبە هۆیەوە بەرەکەت

دەڕژێتە سەر خۆت ونەوەکانتدا، ئەویش بەردەکە دیاری دەکات، کاتێك لای خاڵوانی دەگەڕێتەوە، بەیتولمەقدیس «بيت المقدس» دروست دەکات، کە پەیامبەری خوا ﷺ لە فەمودەیەکی بوخاریدا دەفەرموێ: «لە نێوان دروستکردنی کەعبە وبەیتولمەقدیسدا چل ساڵ هەبووە»(١).

جا منداڵەکانی یەعقوب بون دەبن بە «١٢ دوانزە» منداڵ، هەندێ لە زانایان دەفەموون ئەم ١٢ منداڵە بریتین لە «الأسباط» کە خوا ﷻ لە قورئاندا باسی کردووە، بەڵام لە ڕاستیدا ئەمانە «الأسباط» نین، چونکە ئەو «الأسباط»ـەی لە قورئاندا باسکراون، هەموویان پەیامبەرن(٢).

ئەوەش پەسەندە کە «الأسباط» یانی پەیامبەرانی نەوەی یەعقوب «ئیسرائیل»، بەڵێ ئەو «الأسباط»انە، لەنەوەی ئەم ١٢ منداڵەی «یەعقوب»ن، بەڵام ئەو ١٢ منداڵە خۆیان پەیامبەر نەبوون، بە بەڵگەی چی؟

١. چونکە لە قورئاندا بە هیچ شێوەیەك ئاماژە بەوە نەکراوە کە براکانی یوسف پەیامبەر بن، لە کاتێکدا ئاماژە بەوەکراوە کە یوسف ﷺ پەیامبەرە.

(١) عن أبي ذر الغفاريقال: «قلتُ: يا رسولَ اللهِ! أيُّ مسجدٍ وُضِع في الأرضِ أولَ؟ قال: المسجدُ الحرامُ. قال: قلتُ: ثم أيٌّ؟ قال: المسجدُ الأقصى. قلتُ: كم كان بينهما؟ قال: أربعونَ سنةً البخاري». صحيح البخاري، حديث: (٣٣٦٦)، و(٣٤٢٥).

(٢) لەو ئایەتانە: ﴿قُولُوا آمَنَّا بِاللَّهِ وَمَا أُنْزِلَ إِلَيْنَا وَمَا أُنْزِلَ إِلَى إِبْرَاهِيمَ وَإِسْمَاعِيلَ وَإِسْحَاقَ وَيَعْقُوبَ وَالْأَسْبَاطِ﴾ [البقره:١٣٦] هەروەها: [البقرة:١٤٠] هەروەها: [آل عمران:٨٤]، هەروەها: [النساء:١٦٣].

٢. ئەو ١٠ منداڵە کارێك لەگەڵ یوسفی برایاندا دەکەن، لەکاری پەیامبەران -سەڵات وسەلامی خوایان لەسەر بێت- ناچێت.

٣. درۆ لەگەڵ باوکی خۆیاندا دەکەن، درۆ لەگەڵ یوسفدا دەکەن، فێڵ لە یوسف دەکەن، هەموو ئەمانە لە کاری پەیامبەران ناوەشێتەوە.

بەڵام بێگومان چاکیش بون، بە بەڵگەی چی؟

کاتێك یوسف خەو دەبینێ، لە خەوەکەدا، دایك وباوکی: «خۆر ومانگ»ن، براکانیشی ئەستێرەی ئاسمانن، ئەمە بەڵگەیە لەسەر فەزڵیان، بەڵام فەزڵیشیان لەچاو خۆر ومانگدا کەمە، بەڵام هەر بەڵگەی چاکێتیانە، بۆیە پەیامبەری خوا ﷺ دەفەرموێ: «فەزڵی زانا بەسەر خواپەرستدا -کە خەریکی عیبادەتە- وەکو فەزڵی مانگ وایە بەسەر هەموو ئەستێرەکاندا»، ئەمە بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە خواپەرست فەزڵی هەیە، وئەستێرەی ئاسمانە، بەڵام لەچاو مانگدا نور ورِوناکی ودرەوشاویەکەی کەمە.

## چیرۆکی پەیامبەر یوسف ﷺ وەك لە قورئاندا هاتووە

لێرەوە دەڕۆینە نێو چیرۆکی نبی الله «یەعقوب» و نبی الله «یوسف» -علیهما السلام-.

لەبەرئەوەی یوسف ﷺ کۆتا منداڵی دەبێ زۆر خۆشی دەوێت، ئەگەر چی باوك بە زۆری منداڵی گەورەی خۆشدەوێ کە پێی دەوترێ نۆبەرە ویەکەم منداڵیەتی، بەڵام بچوکیش خۆشەویستە لەبەرئەوەی نازی زیاتری پێویستە.

خوای گەورە لە قورئاندا بە دورودرێژی باسی چیرۆکی یوسفی بۆ کردوین لە سورەتی یوسفدا وئەفەرموێ:

﴿الٓرۚ تِلۡكَ ءَايَٰتُ ٱلۡكِتَٰبِ ٱلۡمُبِينِ ١﴾

بە: ((ئەلیف لام ڕا)) دەخوێندرێتەوە، بەم پیتانەی سەرەتای سورەتەکان ئەوترێ: ((الحروف المقطعة))، زانایان ڕاجیاوازن یانی چی؟ یەکێك لەو وتانە ئەوەیە: خوای مەزن وەکو ئەوەی بە قورەیش بڵێ: بەو پیتانەی کە ئێوە قسەی پێدەکەن کە ئەلیف ولام وکاف وها وڕا وهتد ئەم قورئانەمان ناردوە، بۆیە ئەگەر ئەم قورئانە هی خوا نیە و ڕاست دەکەن بێنن قورئانێکی وەکو ئەم قورئانە. ﴿تِلۡكَ ءَايَٰتُ ٱلۡكِتَٰبِ ٱلۡمُبِينِ﴾ واتە: ((ئەم کۆمەڵە ئایەتانەی کە دەیخوێنینەوە بەسەرتدا لەم سورەتە وجگە لەمیش، برتیە لە ئایەتەکانی ئەم قورئانە ڕون و ڕەوانە، لە وتاکانیدا، لە ئیعجازەکانیدا، لە ئەحکامەکانیدا، بەڕادەیەك ژیرەکان سەریان لێ تێك ناچێت وڕاستیەکانیان لا لێڵ نابێت)). وئەگەر سەرنج بدەین دوای ئەم پیتانەی سەرەتای سورەتەکان هەمیشە باسی قورئان دێت.

﴿إِنَّآ أَنزَلۡنَٰهُ قُرۡءَٰنًا عَرَبِيّٗا لَّعَلَّكُمۡ تَعۡقِلُونَ ٢﴾

واتە: ((بێگومان ئێمە قورئانێکمان بە ڕێك و پێکی وبە زمانێکی پاراو بۆ دابەزاندون، کە زمانی عەرەبیە، بۆ ئەوەی لێی تێبگەن وکاری پێبکەن)).

تەماشا بکەن قورئان لەلایەن بەڕیزترین فریشتەی خواوە دادەبەزێنرێت کە ((جوبرەئیل))ە، بۆسەر بەڕێزترین پەیامبەری خوا کە ((موحەمەد))ە ﷺ،

لە بەڕێزترین شەودا کە شەوی «قەدر»ە، لە بەڕێزترین مانگدا کە مانگی «ڕەمەزان»ە، بە باشترین زمان کە زمانی «عەرەبی»یە، ئەگەر هەر زمانێك لە زمانی عەرەبی باشتر بوایە ئەوا خوا ﷻ کۆتا پەیامی خۆی بەو زمانە دەنارد، بەڵام چونکە هیچ زمانێك قووەتی زمانی عەرەبی نیە، بۆیە خوا ﷻ قورئان بە عەرەبی دادەبەزێنێ بۆمان، پێویستە باش لەمە تێبگەین، چونکە زۆرجار بانگەشە نەتەوە پەرستی و ڕەگەزپەرستیەکان وا لە موسڵمان دەکات ڕق لە زمانی نەتەوەیەك هەڵگرێ، بەتایبەتی ئێمەی میللەتی کورد بەدرێژایی مێژوو مەزلۆم وچەوساوە بوین، وهەندێك لەو زوڵمەی لێمان کراوە بە دەستی دراوسێکانی خۆمانەوە بووە لەوانەش عەرەب، بۆیە ڕقێك هەیە لە دڵی تاکی گەلی کورددا بەرامبەر بە عەرەب، وئەمەش بەڕونی لەناو کۆمەڵگادا بەدی دەکرێ وڕاستیەکی حاشا هەڵنەگرە.

بەڵام من پێم وایە ئەمە تاکە هۆکار نیە یان هۆکارێکی ڕاستەقینە نیە، چونکە کورد ئەوەندە چەوساوەتەوە وستەمی لیکراوە؟! زۆر! وگەورەترین زوڵم لە ڕوی نەتەوەییەوە دابەشکردنی کوردستانی گەورە بوو لە لایەن ئینگلیز و وڵاتە زلهێزەکانەوە، بە پێی پەیمانی پەیمانی لۆزانی دوای پەیمانی سیڤەر، ئەو جۆرە پەیمانانە بوون ئەم وڵاتەیان دابەش کرد، ئەی بۆ ڕقیان لەوان نیە؟! ئایا ئەمە پێوانە نیە بە دوو پێوانە؟! بانێکە ودوو هەوا نیە؟!

هەروەها وڵاتی تری دراوسێ هەیە، نەتەوەی تری جگە لەو نەتەوەیە هەیە، کەچی ئەو حەقد و ڕقە نیە بەرامبەری، کەواتە ئەمە ئیشککردنی ڕاگەیاندنە، وئیشکردنی کۆمەڵێکە، وفکرە ومەنهەجێك هەیە بۆ ڕەتاندنی

خەڵك لەو زمانی قورئانە، مەبەستێك هەیە بۆیە ناوی هەر نەتەوەیەك بێنە لە دونیا ئەوەندەی ناوی عەرەب ڕقت لێ نیە، ئایا ئەمە هۆکارەکەی چیە؟ بەڵێ بەهۆی ئەو تاغوتەی عێراقەوە کە ٣٥ساڵ ئەم میللەتەی چەوساندەوە لەڕوی دەرونیەوە بەشێکی ڕق دروستدەکات، بەڵام ئەو ڕقە زۆرە بەلای منەوە دەستێکە دەیەوێ ئەو ڕقە زیاد بکا وپەرەی پێبدات لە دڵی تاکی کورددا.

ئەوسا وێنەی دارخورمایەك لە نێو کتێبی مەنهەجی خوێندکارەکان هەبوایە، هەرایان دەنایەوە و دەیان وت ئەم کوردستانە دارخورمای لێ نیە، چۆن دەبێ لە مەنهەجی خویندکارەکاندا هەبێ؟ بەڵام ئێستا بڕۆن تەماشای مەنهەج بکەن، نازانم ژنی کورد نەماوە، پیاوی کورد نەماوە، گەنجی کورد نەماوە، کەوا وێنەی کوڕ و کچێکی بیانیان هێناوە، شێوەی لە شێوەی گەلی کورد ناچێ بەهەر چوار پارچەکەیەوە، ئەی بۆ کەس ناڵێ وێنەکانی ناو مەنهەجی خوێندن بۆ لە وێنەی گەلی کورد ناچێ؟! کۆشك و تەلار کە هیچی لەهی ئەم وڵاتە ناچێ؟!

بۆیە ئەمە بەڕاستخەرەوەی ئەو قسەیەیە کەدەڵێ: «با تەعریب نەمێنێ، بەڵام تەغریب با بەردەوام بێ»، خەڵك بەعەرەب نەکرێ، بەڵام بە غەرب بکرێن قەیدی نیە، ئەگەر کەسێك ڕاستگۆبێ وخەمخۆری میللەتی کورد بێ پێویستە هەم دژی تەعریب بێ و هەم دژی تەغریب بێ، ئێمە میللەتی کوردی موسوڵمانین پابەندین بە ئاداب ونەریتی جوانی خۆمانەوە.

﴿ إِنَّآ أَنزَلۡنَٰهُ قُرۡءَٰنًا عَرَبِيّٗا لَّعَلَّكُمۡ تَعۡقِلُونَ ﴾ واتە: «ئەم قورئانەمان دابەزاندوە بە زوبانی عەرەبی»، لە ڕێی باشترین فریشتەوە، بۆ باشترین پەیامبەر، لە باشترین مانگ دا، لە باشترین شەودا، ولە باشترین شوێن کە مەککەی پیرۆزە، تەماشاکەن هەموو شەرەفەکانی تێدا کۆبوەتەوە: ﴿اللَّهُ أَعْلَمُ حَيْثُ يَجْعَلُ رِسَالَتَهُ﴾ [الأنعام:١٢٤]، واتە: «خوا سبحانە خۆی دەزانی وزاناترە کە پەیامی خۆی بۆ کوێ دەنێرێ»، بۆیە پەیامی خوا لە هەرکوێ دانرا، بەهەر کەس درا، نەڵێی: ئەو گەلە، یان ئەو کەسە، یان ئەو شوێنە شایستەی پەیامی خوا نیە، چونکە ئەوە تۆمەتبارکردنی بەوەی شتی نەشیاو دەکات.

﴿ نَحۡنُ نَقُصُّ عَلَيۡكَ أَحۡسَنَ ٱلۡقَصَصِ بِمَآ أَوۡحَيۡنَآ إِلَيۡكَ هَٰذَا ٱلۡقُرۡءَانَ وَإِن كُنتَ مِن قَبۡلِهِۦ لَمِنَ ٱلۡغَٰفِلِينَ ٣ ﴾

واتە: «ئەی پەیامبەری خوا ئێمە باشترین چیرۆکت بۆ دەگێڕینەوە، بە چاکترین شێواز بەیانی دەکەین»، لێرەدا ئەوەی پەسەندە «الراجح»ە لە قسەی ڕاڤەکارانی قورئان ﴿أَحۡسَنَ ٱلۡقَصَصِ﴾ بەتەنها چیرۆکی یوسف ناگرێتەوە، بەڵکو چیرۆکی سەرجەم پەیامبەران دەگرێتەوە: نوح، هود، ئیبراهیم، صالح، شوعەیب، ... هتد.

لەمەشەوە گرنگی دیراسەکردنی مێژوو ڕون دەبێتەوە، بەتایبەتی مێژووی ئیسلامی.

﴿بِمَآ أَوۡحَيۡنَآ إِلَيۡكَ هَٰذَا ٱلۡقُرۡءَانَ﴾ واتە: «بەهۆی ئەم قورئانەوە کە بۆمان ڕەوانە کردوی».

﴿وَإِن كُنتَ مِن قَبۡلِهِۦ لَمِنَ ٱلۡغَٰفِلِينَ ﴾ له کاتێکدا تۆ پێش ئەم قورئانە نەتدەزانی قورئان چیە؟ پەیامی خوا چیە؟ ئەم زانیاری و شارەزایانەت نەبوو، تەماشا بکەن خوا سبحانە لە شوێنی تردا بە پەیامبەری خوا ﷺ دەفەموێ: ﴿مَا كُنْتَ تَدْرِي مَا الْكِتَابُ وَلَا الْإِيمَانُ وَلَكِنْ جَعَلْنَاهُ نُورًا نَهْدِي بِهِ مَنْ نَشَاءُ مِنْ عِبَادِنَا﴾ واتە: «ئەی موحەممەد! تۆ پیشتر نەتدەزانی ئیمان چیە، قورئان چیە؟ بەڵام خوا سبحانە هیدایەتی دایت وڕێگای ڕاستی پیشاندایت. هەروەها ئەفەرموێ: ﴿وَمَا كُنْتَ تَتْلُو مِنْ قَبْلِهِ مِنْ كِتَابٍ وَلَا تَخُطُّهُ بِيَمِينِكَ إِذًا لَارْتَابَ الْمُبْطِلُونَ﴾، واتە: «ولەو موعجیزە ڕونانەی تۆ ئەی پەیامبەری خوا ئەوەیە: تۆ هەرگیز کتێبێکت نەخوێندۆتەوە وپیتێکت بەو دەستانەت نەنوسیوە، پێش دابەزینی قورئان بۆ سەرت، خۆشیان ئەوە دەزانن، جا ئەگەر پێشتر خوێنەر یا نوسەر ببوایەیت، ئەوا دەیانوت: ئەم شتانەی لەو کتێبانەوە وەرگرتوە وفێر بووە».

بەڕاستی ئەمەش ئیسپاتی پەیامبەرایەتی پەیامبەر ﷺ دەکات.

﴿مِن قَبۡلِهِۦ لَمِنَ ٱلۡغَٰفِلِينَ ﴾ کەواتە: عەقڵ لە غەفلەت وبێئاگاییدا دایە تا زانست فێر دەبێت وئەوسا ئەیهێنێتە نێو بازنەی هۆش وئاگاهیەوە.

بۆیە پێویستە لەسەرمان شوکری خوا بکەین لەسەر نیعمەتی ئیسلام وئیمان، لە کاتێکدا نەداوامان کردووە ونە لێشی پاڕاوینەتەوە، ئەو ئیمانەی پێ بەخشیوین، بۆیە وا بە داواکردن داوای لێدەکەین لەسەر ئەم ئیسلامەتیە بمان مرێنێت.

﴿ إِذۡ قَالَ يُوسُفُ لِأَبِيهِ يَـٰٓأَبَتِ إِنِّي رَأَيۡتُ أَحَدَ عَشَرَ كَوۡكَبٗا وَٱلشَّمۡسَ وَٱلۡقَمَرَ رَأَيۡتُهُمۡ لِي سَٰجِدِينَ ٤ ﴾

ئا لێرەوە ئیتر بە تەواوەتی چیرۆکی یوسف دەست پێدەکات، لەوەی کە خوا ﷻ دەفەرموێ:

﴿ إِذۡ قَالَ يُوسُفُ ﴾ یانی: «ئەی پەیامبەری خوا ﷺ باسی ئەو کاتە بکە بۆ ئوممەتەکەت کە یوسف بە باوکی فەرمو: ...».

یوسف کێیە؟ پەیامبەر یوسف، ناوی: یوسفی کوڕی یەعقوبی کوڕی ئیسحاقی کوڕی ئیبراهیمە -علیهم الصلاة والسلام-، هەر بۆیە پەیامبەری خوا ﷺ دەفەرموێ: «الكريمُ، ابنُ الكريمِ، ابنِ الكريمِ، ابنِ الكريمِ، يوسفُ بنُ يعقوبَ بنِ إسحاقَ بنِ إبراهيمَ»(١)، «یوسف بەڕێزی کوڕی بەڕێزی کوڕی بەڕێزی کوڕی بەڕێزە»، یانی ڕەچەڵەکی پاکە، خوا -سبحانە- نیوەی جوانی پێبەخشیوە، وەك لە فەرمودەدا هاتووە: «لە شەوی ئیسرا ومیعراجدا لە ئاسمانی سێیەم پەیامبەر یوسف ﷺ ئەبینێ ئەفەرموێ: «إذا هو قد أعطي شطر الحسن»(٢)، واتە: «تەماشا دەکەم نیوەی جوانی پێدراوە»(٣).

---

(١) صحيح البخاري: ح: ٣٣٨٢.

(٢) صحيح مسلم: ح: ١٦٢.

(٣) قال ابن قيم رحمه الله: «قالت طائفة المراد منه أن يوسف أوتي شطر الحسن الذي أوتيه محمد، فالنبي ﷺ بلغ الغاية في الحسن، ويوسف بلغ شطر تلك الغاية، قالوا ويحقق ذلك ما رواه الترمذي من حديث قتادة عن أنس قال: «ما بعث الله نبيا إلا حسن الوجه حسن الصوت وكان نبيكم أحسنهم وجها وأحسنهم صوتا». والظاهر أن معناه أن يوسف عليه السلام اختص على الناس بشطر الحسن واشترك الناس كلهم في شطره فانفرد عنهم بشطره وحده، وهٰذا ظاهر اللفظ، فلماذا يعدل عنه؟ واللام في الحسن للجنس لا للحسن=

تێشڕامێنن لە جوانی یوسف کەوا ئافرەتانی میسر دانیشتون وچەقۆیان بە دەستەوەیە لە کاتی دەرکەوتنی یوسف هەموویان بە چەقۆکان دەستی خۆیان دەبڕن وئاگایان لە خۆیان نیە..

بەڵام بیرمان نەچێ لەگەڵ جوانی ڕوکەش ولاشەیدا، خاوەنی تەواوی ڕەوشتە، لە چیرۆکەکەشدا بۆتان ڕون دەبێتەوە کە ئەم پەیامبەرە چی ڕەوشتێکی بەرز وشکۆمەندی هەیە؟ لەو حاڵەتە نارەحەتانەی بەسەری دێ چەند بە ئارام وخۆڕاگرە کە پشتیوان بەخوا -سبحانە- باسی دەکەین.

والله باسی چیرۆکی زۆرێك لە پەیامبەرانمان کردووە کە هەموی خوا بۆی گێڕاوینەتەوە، هەموی بەسود وبە کەڵکە، بەڵام چیرۆکی یوسف ﷺ لە هی هەموویان جیاوازترە، والله چیرۆکی یوسف لەگەڵ خۆیدا دەتباتە ناو دنیایەکەوە کە پڕیەتی لە پەند وئامۆژگاری وعیبرەت.

﴿لِأَبِيهِ﴾ «بە باوکی وت: ...»، باوکی کێیە؟ باوکی ناوی یەعقوبە، پێی دەوترێ ئیسرائیل، ئیسرائیلیش واتە: «عبدالله» «بەندەی خوا»، وەکو جوبرەئیل ومیکائیل وخادم الله وحبیب الله، یەکێکە لە پەیامبەرە بەڕێزەکان وهەمو پەیامبەرانی پاشی ئەم پەیامبەرە، لە پشتی ئەم بوون

=المعين، والمعهود المختص بالنبي صلى الله عليه وسلم أدري ما الذي حملهم علي العدول عن هٰذَا إلى ما ذكروه وحديث أنس لا ينافى هٰذَا بل يدل على أن النبي صلى الله عليه وسلم أحسن الأنبياء وجها وأحسنهم صوتا ولا يلزم من كونه أحسنهم وجها أن لا يكون يوسف اختص عن الناس بشطر الحسن واشتركوا هم في الشطر الآخر ويكون النبي صلى الله عليه وسلم شارك يوسف فيما اختص به من الشطر وزاد عليه بحسن آخر من الشطر الثاني والله أعلم». من: بدائع الفوائد

ﷺ وپێشتریش باسی ((ئەسبات))مان کرد، وکۆمەڵێ خواردنی لەسەر خۆی قەدەغە کردبوو، ﴿كُلُّ الطَّعَامِ كَانَ حِلًّا لِّبَنِي إِسْرَائِيلَ إِلَّا مَا حَرَّمَ إِسْرَائِيلُ عَلَىٰ نَفْسِهِ﴾ [آل عمران:٩٣].

﴿يَٰٓأَبَتِ﴾ ئەمەش پێت دەڵێ: چەند پێویستە گفتوگۆ هەبێت لە نێوان باوك وكوڕدا. هەروەها بە ئەدەب بونی منداڵ لەگەڵ باوكیدا، هەروەها بانگكردنی بە ناوی باوكە، نەك بە ناوی پەتی، وەك ئەوەی ناوی موحەممەد بێ، نەڵێ: باوكە گیان، بڵێ: موحەممەد!

﴿إِنِّي رَأَيْتُ أَحَدَ عَشَرَ كَوْكَبًا وَالشَّمْسَ وَالْقَمَرَ رَأَيْتُهُمْ لِي سَاجِدِينَ﴾، ((ئەی باوكە من لە خەونمدا یازدە ئەستێرە وخۆر ومانگم بینی سوژدەیان بۆ دەبردم)).

باوكی تێگەیشت لە خەونەكە، بۆیە فەرموی:

﴿قَالَ يَٰبُنَيَّ لَا تَقْصُصْ رُءْيَاكَ عَلَىٰٓ إِخْوَتِكَ فَيَكِيدُوا لَكَ كَيْدًا إِنَّ الشَّيْطَٰنَ لِلْإِنسَٰنِ عَدُوٌّ مُّبِينٌ ۝٥﴾

واتا: ((كوڕی خۆم ئەم خەونە بۆ براكانت نەگێڕیتەوە، ئەگینا پیلانێكت بۆ دەگێڕن وتوشی بەڵایەكت دەكەن)).

﴿يَٰبُنَيَّ﴾، خۆی ئاوهایە: ((یا ابْنِي))، بەڵام بچوكراوەتەوە وبووە بە: ﴿یا بُنَيَّ﴾، ئەمەش بۆ بەزەیی پیاهاتنەوە وخۆشەویستن ودڵسوتانە، ئاوها بەو جوانیە قسەی لەگەڵ دەكات. ئەمەش وانەیەكی گرنگە بۆ باوكان.

﴿لَا تَقْصُصْ رُءْيَاكَ عَلَىٰٓ إِخْوَتِكَ﴾، جا ئەوەی ڕاستە، یوسف خەونەكەی نەگێڕاوەتەوە بۆ براكانی تا حەسودی پێبەرن وتوشی كێشەی بكەن، چونكە

یوسف لەوە ژیرترە. هەروەها ئەوەی تێدایە، کە فرەژنی لەوانەیە ببێتە هۆی حەسودی وئێرەیی بردن، بەڵام بە گشتی ئەو سودانەی لە فرەژنی هەیە، لە چاو مەترسیەکەی وا ڕێگری لێناکرێت.

﴿ فَيَكِيدُواْ لَكَ كَيْدًا ﴾، ئەمەش ئەوەی تێدایە کە دروستە، مەقەیەدی وورياییی بکریٚ لە شتێك کە لە زیانەکەی بترسی.

**کەواتە:** دروستە مرۆڤ نیعمەتی خوا بەسەریەوە بشارێتەوە لەلای کەسێك یا شوێنێك بترسیٚ حەسودی پیٚ ببریٚ ویان پیلانی دژ بگێڕدریٚ.

هەروەها ئەوەی تێدایە کە خاوەن فەزڵەکان هەمیشە حەسودیان پێدەبریٚ، بۆیە با وریای خۆیان وبن ونیعمەتەکانیان بشارنەوە مەگەر لای دڵسۆزەکانیان نەبێت.

هەروەها بەڵگەشی تێدایە لەسەر فەرمودەیەکی پەیامبەری خوا ﷺ، کە ئەفەرمویٚ[(١)]: «اِسْتَعِينُوا عَلَى إِنْجَاحِ الحَوَائِجِ بِالكِتْمَانِ، فَإِنَّ كُلَّ ذِي نِعْمَةٍ مَحْسُودٌ»، وفي رواية: «اسْتَعِينُوا عَلَى طَلَبِ حَوَائِجِكُمْ بِكِتْمَانِهَا، فَإِنَّ لِكُلِّ نِعْمَةٍ حَسَدَةً». واتە: «بۆ سەرکەوتن وجێبەجیٚ بوونی کارەکانتان، پشت بە شاردنەوەی ببەستن، چونکە هەمو خاوەن نیعمەتێك حەسودی پێدەبریٚ».

هەروەها ئەوەشی تێدایە: نابێت خەون بگێڕدرێتەوە لای کەسێك کە دڵسۆز نەبیٚ، یان خەوپەرژێنی نەزانیٚ. وەکو پەیامبەری خوا ﷺ ئەفەرمویٚ

(١) روي من حديث معاذ بن جبل وعلي بن أبي طالب وعبد الله بن عباس وأبي هريرة وأبي بردة مرسلا، انظرها بالتفصيل في: السلسلة الصحيحة (٤٣٦/٣)، ح: (١٤٥٣) .

ﷺ: ((هەركەسێكتان خەونێكی بینی پێی خۆش بو، ئەوا لەلایەن خواوەیە، بۆیە با حەمد وستایشی خوا بكات وبیگێڕێتەوە، وبا نەیگێڕێتەوە مەگەر كەسێك دۆستی بێت، خۆ ئەگەر خەونەكەی خراپ بوو ئەوا لە شەیتانەوەیە وبا نەیگێڕێتەوە))(١).

هەروەها ئەفەرموێ ﷺ: ((خەون مەگێڕنەوە مەگەر بۆ یەكێك شارەزای خەون پەرژێنی بێت، یان دڵسۆزتان بێت))(٢).

هەروەها ئەفەرموێ ﷺ: ((خەون بەو شێوەیە دێتە دی كە لێك دەدرێتەوە، وەكو نمونەی پیاوێك پێی بەرز كردبێتەوە چاوەڕێ دەكا بزانێت لە كوێ پێی دادەنێت، هەربۆیە خەونێكتان بینی مەیگێڕنەوە مەگەر لەلای دڵسۆزێك یان زانایەك نەبێت))(٣).

---

(١) عن أَبي سعيدٍ الخدرِيّ: أنَّه سَمِعَ النبيَّ ﷺ، يقول: «إِذَا رَأى أحَدُكُمْ رُؤيَا يُحِبُّهَا، فَإِنَّمَا هِيَ مِنَ اللهِ تَعَالَى، فَلْيَحْمَدِ اللهَ عَلَيْهَا، وَلْيُحَدِّثْ بِهَا -وفي رواية: فَلاَ يُحَدِّثْ بِهَا إِلاَّ مَنْ يُحِبُّ- وَإِذَا رَأى غَيرَ ذَلِكَ مِمَّا يَكْرَهُ، فإِنَّمَا هِيَ مِنَ الشَّيْطَانِ، فَلْيَسْتَعِذْ مِنْ شَرِّهَا، وَلاَ يَذْكُرْهَا لأَحَدٍ؛ فَإنَّهَا لا تَضُرُّهُ» متفقٌ عَلَيْهِ، أخرجه البخاري: (٦٩٨٥) ولم يروه مسلم عن أبي سعيد الخدري.

(٢) عن ابن سيرين، عن أبي هريرة، عن النبي ﷺ أنه كان يقول: «لاَ تَقُصُّوا الرُّؤْيَا إِلاَّ عَلَى عَالِمٍ أَوْ نَاصِحٍ»، أخرجه الترمذي (٤٥/٢)، وقال: حديث حسن صحيح، وقال الألباني: إسناده صحيح على شرط الشيخين. الصحيحة ح: (١١٩)

(٣) عن ابن سيرين، عن أبي هريرة، عن النبي ﷺ أنه كان يقول: «إنَّ الرُّؤْيا تَقَعُ على ما يُعَبَّرُ، ومثلُ ذلك مثلُ رَجُلٍ رَفَعَ رِجْلَيْهِ فهوَ يَنْتَظِر مَتى يَضَعُها، فإذا رَأى أَحَدُكُم رُؤْيا فلا يُحدّثْ بها إلاّ ناصِحاً أَوْ عالِماً»، أخرجه الحاكم (٣٩١/٤)، وقال: صحيح الإسناد، و وافقه الذهبي، وقال الألباني: وحقهما أن يضيفا إلى ذلك: «على شرط البخاري». الصحيحة ح: (١٢٠)

بۆ ئەفەرمویٚ بۆ براكانتی مەگێڕەوە؟ لەبەر:

﴿إِنَّ ٱلشَّيۡطَٰنَ لِلۡإِنسَٰنِ عَدُوٌّ مُّبِينٌ﴾ **((چونكە بەڕاستی شەیتان دوژمنی ڕاستەقینەی ئینسانە، ختوكەی براكانت دەدات و وەسوەسەیان بۆ دەكات وحەسودی وئێرەیی ئەخاتە دڵیانەوە، ئەوانیش توشی بەڵا ودەردێكت دەكەن))**. كەواتە حەسودی ئیشی شەیتانە وحەزی ئەوە و وەسوەسەی ئەوە.

**ئەم ئایەتەش چەند سودێكی گرنگی تیایە، لەوانە:**

**یەكەم:** حەسودی زۆر ترسناكە! بۆ مەگەر یەكەم تاوانی ئاسمان بەهۆی چیەوە بوو؟! ئیبلیس حەسودی بە ئادەم نەبرد!؟ ئەی یەكەم تاوانی سەر زەوی بەهۆی حەسودیەوە نەبوو؟! قابیل بۆ هابیلی برای كوشت؟! چونكە خودا خێر وسەدەقەكەی لەمیان وەرگرت ولەوی وەرنەگرت[1].

**دووەم:** حەسودی تەنانەت لە نێوان خزم وكەسوكار ونزیكەكانیشدا دروست دەبێت وهەیە، ئەمەشیان زۆر ناڕەحەتە، وەك لە چیرۆكی دواكەوتنی كەعبی كوڕی مالك لە خێڵی سەلەمە لەگەڵ دوو هاوڕێكەیدا هاتووە، كە

(١) قال تعالى: ﴿وَاتْلُ عَلَيْهِمْ نَبَأَ ابْنَيْ آدَمَ بِالْحَقِّ إِذْ قَرَّبَا قُرْبَانًا فَتُقُبِّلَ مِنْ أَحَدِهِمَا وَلَمْ يُتَقَبَّلْ مِنَ الْآخَرِ قَالَ لَأَقْتُلَنَّكَ قَالَ إِنَّمَا يَتَقَبَّلُ اللَّهُ مِنَ الْمُتَّقِينَ * لَئِنْ بَسَطْتَ إِلَيَّ يَدَكَ لِتَقْتُلَنِي مَا أَنَا بِبَاسِطٍ يَدِيَ إِلَيْكَ لِأَقْتُلَكَ إِنِّي أَخَافُ اللَّهَ رَبَّ الْعَالَمِينَ * إِنِّي أُرِيدُ أَنْ تَبُوءَ بِإِثْمِي وَإِثْمِكَ فَتَكُونَ مِنْ أَصْحَابِ النَّارِ وَذَلِكَ جَزَاءُ الظَّالِمِينَ * فَطَوَّعَتْ لَهُ نَفْسُهُ قَتْلَ أَخِيهِ فَقَتَلَهُ فَأَصْبَحَ مِنَ الْخَاسِرِينَ * فَبَعَثَ اللَّهُ غُرَابًا يَبْحَثُ فِي الْأَرْضِ لِيُرِيَهُ كَيْفَ يُوَارِي سَوْءَةَ أَخِيهِ قَالَ يَا وَيْلَتَا أَعَجَزْتُ أَنْ أَكُونَ مِثْلَ هَذَا الْغُرَابِ فَأُوَارِيَ سَوْءَةَ أَخِي فَأَصْبَحَ مِنَ النَّادِمِينَ﴾ [المائدة:٢٧-٣١].

پەیامبەر ﷺ ئەپرسیٚ: کەعب بۆ نەهاتووە، پیاوێکی بەنی سەلەمەی خزمی خۆی، ئەڵێ: سەرقاڵی دونیا وکەشخەیی وجوانی خۆیەتی[١]!

ئیبن ئەلعەرەبی ئەڵێ: «فِيهِ حُكْمٌ بِالْعَادَةِ أَنَّ الْإِخْوَةَ وَالْقَرَابَةَ يَحْسُدُونَ»[٢].

کەواتە ئەبێت باوك زۆر وریا بێت ونەخۆشی حەسودی، سەری منداڵەکانیان نەخوات.

**سێیەم:** ئەم ئایەتە قسەی ئەو کەسانە پوچ دەکاتەوە کە دەڵێن: حەسودی تەنها لە نێوان هاوپیشە وهاوکار وهاوتەمەنەکان دروست ئەبێت، ڕاستە بە زۆری وایە، بەڵام حەسودی لە نێوان گەورە وبچوکیش دروست ئەبێت، بەڵکو پیاوێکی پیر وتەمەن ئەکرێ حەسودی بیگرێ بەرامبەر بە منداڵێکی بچوك، ئەوە براکانی یوسفن کە هەموویان لە یوسف گەورەترن، لەوانەیە تیایاندا هەبێت کوڕەکەی لە یوسفیش گەورەتر بێت، کەچی حەسودی بە یوسف ﷺ دەبەن وئەوەی بەسەر دێنن کە خوا ویستی هەبێت دەڕۆینە سەری.

**چوارەم:** سودی ئەوەی تێدایە مرۆڤ لە ڕوانگەی ئامۆژگاریەوە دروستە بۆی غەیبەت بکات، ئەوەتانێ باوك بە کوڕەکەی دەڵێ: ئەی کوڕم ئەو خەونەی بینیوتە بۆ براکانتی مەگێڕەوە ئەگینا پیلانێکت لە دژ دەگێڕن، ئەم قسەش بێگومان غەیبەتە، بەڵام مادام سودێکی تێدایە، دروستە، هەربۆیە

---

(١) أخرجه البخاري، ح: (٤١٥٦)، ومسلم، ح: (٢٧٦٩).

(٢) من: الإكليل في استنباط التنزيل، السيوطي.

خاوەن زانستەکان لەو جۆرانەی غەیبەتکردن کە ئەڵێن دروستە، نزیکەی پێنج بۆ شەش جۆر باس دەکەن[١]، یەکێك لەو جۆرانەی کە دەڵێن دروستە، ئەوەیە: سود وبەرژەوەندیەك هەبێت لەو غەیبەتکردنە[٢]، وەکو ئەوەی بۆ

(١) قال أحد العلماء ﷺ:

القدحُ ليس بغِيبةٍ في ستةٍ متظلمٍ ومُعَرِفٍ ومُحَذِر

ومُجَاهِرٍ فسقًا ومستفتي ومن طلب الإعانَةَ في إزالةِ مُنكَرِ

قال النووي ﷺ: «لَكِنْ تُبَاح الْغِيبَة لِغَرَضٍ شَرْعِيّ، وَذَلِكَ لِسِتَّةِ أَسْبَاب: أَحَدهَا: التَّظَلُّم... فيقول لمن لهُ وِلَايَة أَوْ قُدْرَة عَلَى إِنْصَافه مِنْ ظَالِمه: ظَلَمَنِي فُلَان... لثَّانِي: الِاسْتِغَاثَة عَلَى تَغْيِير الْمُنْكَر... الثَّالِث: الِاسْتِفْتَاء بِأَنْ يَقُول لِلْمُفْتِي: ظَلَمَنِي فُلَان... الرَّابِع: تَحْذِير الْمُسْلِمِينَ مِنْ الشَّرّ... وَذَلِكَ جَائِز بِالْإِجْمَاعِ...، وَمِنْهَا: الْإِخْبَار بِعَيْبِهِ عِنْد الْمُشَاوَرَة فِي مُوَاصَلَته، وَمِنْهَا: إِذَا رَأَيْت مَنْ يَشْتَرِي شَيْئًا مَعِيبًا أَوْ ... إِذَا لَمْ يَعْلَمهُ نَصِيحَة...، وَمِنْهَا: إِذَا رَأَيْت مُتَفَقِّهًا يَتَرَدَّد إِلَى فَاسِق أَوْ مُبْتَدِع يَأْخُذ عَنْهُ عِلْمًا، وَخِفْت عَلَيْهِ ضَرَره ، فَعَلَيْك نَصِيحَته بِبَيَانِ حَاله قَاصِدًا النَّصِيحَة... الْخَامِس: أَنْ يَكُون مُجَاهِرًا بِفِسْقِهِ أَوْ بِدْعَته. السَّادِس: التَّعْرِيف فَإِذَا كَانَ مَعْرُوفًا بِلَقَبٍ كَالْأَعْمَشِ... وَنَحْوه جَازَ تَعْرِيفه بِهِ...»اهـ باختصار وتصرف.

(٢) قال ابن رجب الحنبلي ﷺ: «اعلم أن ذِكر الإنسان بما يكره محرم إذا كان المقصود منه مجرد الذمّ والعيب والنقص، فأما إن كان فيه مصلحة لعامة المسلمين خاصة لبعضهم وكان المقصود منه تحصيل تلك المصلحة، فليس بمحرم بل مندوب إليه، وقد قرر علماء الحديث هٰذَا في كتبهم في الجرح والتعديل، وذكروا الفرق بين جرح الرواة وبين الغيبة، وردُّوا على من سوَّى بينهما من المتعبدين وغيرهم ممن لا يتسع علمه، ولا فرق بين الطعن في رواة حفَّاظ الحديث، ولا التمييز بين من تقبل روايته منهم ومن لا تقبل، وبين تبيين خطأ من أخطأ في فهم معاني الكتاب والسنة وتأوَّل شيئاً منها على غير تأويله وتمسك بما لا يتمسك به ليُحذِّر من الاقتداء به فيما أخطأ فيه، وقد أجمع العلماء على جواز ذلك أيضًا. ولهٰذَا نجد في كتبهم المصنفة في أنواع العلوم الشرعية من التفسير وشروح الحديث والفقه واختلاف العلماء وغير ذلك ممتلئة بالمناظرات وردِّ أقوال من تُضَعَّفُ أقواله من أئمة السلف والخلف من الصحابة والتابعين ومن بعدهم. =

وریاکردن بێت لەشەڕی ئەو کەسە یان ئەو کۆمەڵە، بۆ نمونە: کەسێك خەڵك لە ڕێی ڕاست لادەبات و بەرەو هەڵدێر ولاڕێیان دەبات، دروستە بڵێی: ئەو کەسە خەڵك لە ڕاستە ڕێگا لادەبات، جا ئاگاداری بن! ئەو کەسە پیلانتان بۆ دەگێڕێ وریای بن، بێ شەك وبێگومان ئەم جۆرەی غەیبەتکردن دروستە.

بەڵگەی تر لەسەر ئەم بابەتە: ئافرەتێك —کە فاتیمەی کچی قەیسە- دەڕواتە خزمەت پەیامبەری خوا ﷺ کەوا دوو پیاو —کە ئەبو سوفیان وئەبو جەهمە- چونەتە خوازبێنی؟ ئەویش ﷺ فەرموی: «أَمَّا أَبُو جَهْمٍ فَلاَ يَضَعُ عَصَاهُ عَنْ عَاتَقِهِ، وَأَمَّا مُعَاوِيَةُ فَصُعْلُوكٌ لاَ مَالَ لَهُ، انْكِحِي أُسَامَةَ بْنَ زَيْدٍ»[1]، واتە: «سەبارەت بە ئەبو جەهم ئەوە پیاوێکە گۆچانەکەی لە شانی ناهێنێتە خوارەوە، خۆ موعاویەش نەدارە وپیارەی نیە، بۆیە هاوسەرگیری لەگەڵ ئوسامەی کوڕی زەید دا بکە».

ئایا ئەمە غەیبەتکردن نیە؟ بێگومان بەڵێ. کەواتە ئەگەر کەسێك پرسیاری کچێك یان کوڕێکی لێکردی مەیشارەوە وڕاستیەکەی پێبڵێ،

= ولم يترك ذلك أحد من أهل العلم ولا ادعى فيه طعناً على من ردَّ عليه قولَه ولا ذمَّاً ولا نقصاً اللهم إلا أن يكون المصنِّف ممن يُفحش في الكلام ويُسيءُ الأدب في العبارة فيُنكَر عليه فحاشته وإساءته دون أصلِ ردِّه ومخالفته، إقامةً للحجج الشرعية والأدلة المعتبرة. وسبب ذلك أن علماء الدين كلُّهم مجمعون على قصد إظهار الحق الذي بعث الله به رسوله ﷺ ولأنْ يكون الدين كله لله وأن تكون كلمته هي العليا، وكلُّهم معترفون بأن الإحاطة بالعلم كله من غير شذوذ شيء منه ليس هو مرتبة أحد منهم ولا ادعاه أحد من المتقدمين ولا من المتأخرين فلهٰذا كان أئمة السلف المجمع على علمهم وفضلهم يقبلون الحق ممن أورده عليهم وإن كان صغيراً ويوصون أصحابهم وأتباعهم بقبول الحق إذا ظهر في غير قولهم».

(١) صحيح مسلم، ح: (١٤٨٠).

چونکە ئەم غەیبەتە حەڵاڵە لەو کاتەدا، ئەبێت ئەوەش بزانرێت کە سومعە وناموسی موسوڵمان پارێزراوە، بەڵام لە سنورێکی دیاری کراودا ولە کاتێکی تەسکدا وبۆ سودێك بۆت حەڵاڵ ئەبێت، جا سەرنج بدە کە غەیبەتی ناکەیت، چونکە خوا حەرامی کردووە ئەمەش بۆ سودێکە: چونکە خراپە وئاشوب ودوو بەرەکی لێدەکەوێتەوە، ئەگەر غەیبەتیشت کرد هەر لەبەر سودێك دەیکەیت، بۆ ئەوەی خراپە وئاشوب نەکەوێتەوە، بۆ ئەوەی کچی باش نەدرێ بە کوڕی خراپ وبەپێچەوانەوەشەوە.

**پێنجەم:** زانایان سودی تری گرنگ باسدەکەن، دەڵێن: کاتێك یوسف ﷺ ئەم خەوەی پیشان دەدرێت ودەبینێت یانزە ١١ ئەستێرە وخۆر ومانگ سوژدەی بۆ دەبەن، ئەفەرمون: ئەم خەونە دڵنەواییە بۆ یوسف بۆ ئەوەی هەرکاتێك توشی ناڕەحەتی هات، بیری ئەم خەونەی بکەوێتەوە کە کۆتاییەکەی خێرە، کۆتاییەکەی ئەوەیە کە دەبێتە سەردار وسەروەر، کە ئەنجام وابوو، جا مرۆڤ ئەگەر هاتوو کۆمەڵێك مژدەی پێدرابوو، چاوەڕوانی شتی گەورەتر بوو، ئەوسا بەربەستەکان سانا وئاسان دێنە پێش چاوی، ئەگەر گەنجێك زانی بەهەشت چاوەڕوانیەتی، زانی کەوا حۆریەکان چاوەڕێی دەکەن ئەوسا ئاوڕ لە فیتنەی ئافرەت ناداتەوە چونکە بیری لای ئەوەیە کە چاوەڕوانیەتی.

واتە: ئەم خەونە وەڵامی ئەم پرسیارەیە: یوسف بۆ خەونێکی نەبینی پێی بوترایە کە توشی ناڕەحەتیەکی زۆر دەبێت؟

**شەشەم:** لە چیرۆکی یوسفدا عليه السلام هەمیشە سەرسام دەبیت بە قسەکانی یەعقوب عليه السلام، دەبینی پێشوەخت قسانێك دەکات پاشان وەکو خۆی دەردەچێ، بۆ نمونە: لێرەدا ئەڵێ: ئەترسم براکانت توشی دەردێکت بکەن، ڕێك وادەبێ. هەروەها کاتێك کوڕەکانی دێن بۆ لای دەڵێن باوکە یوسفمان لەگەڵمان بنێرە بۆ یاری کردن، یەعقوب دەفەرموێ: «دەترسم لە شتێك هەیە»، کە کوڕەکانی دەگەڕێنەوە هەروا دەبێت ویوسف توشی ئەوە دەکەن کە باوکی لێی دەترسێت. هەروەها سەرنج بدەن: دەفەرموێ: «بۆنی قەمیسەکەی یوسف دەکەم» کەچی میسر بۆ شامیان بەینە، زۆری نەبرد قەمیسەکەی یوسفیان دا بەسەر چاویدا، وئەوە ڕویدا کە باسی دەکەین بە ویستی خوا. هەروەها کە داوای لێدەکەن «بنیامین»یان لەگەڵ بنێرێ بۆ میسر، ڕازی ئەبێ ولەگەڵیان دەینێرێ، چونکە گومانی برد ئەمجارە درۆ ناکەن. هەروەها بە کوڕەکانی وت -دوای دەیان ساڵ لە دابڕان- فەرموی: ڕۆڵەکانم بڕۆن وچاو بۆ یوسف وبراکەشی بدەن، بەڵکو بیان دۆزنەوە وبێئومێد مەبن، لە هەمو جارەکانی تردا ئەم قسەی نەکردوە، ئەوە ئەبێت ئەم جارەیان ئومێدەکەی دێتە جێ.

بۆیە بەڕاستی ئەم پەیامبەرە ﷺ فیراسەتێکی زۆر بە هێزی هەیە، بەڵکو ئەکرێ ئیلهامیش بووبێت.

## فیراسەت چیە[١] وئیلهام چیە؟

**فیراسە** ئەوەیە بە خوێندنەوەی شتە دیارەکان پێشبینی دروستی شتە نادیارەکان بکەیت، یان: بە بینینی ئاکارە دیارەکان خوێندنەوەی دروست بکەیت بۆ ئاکارە نادیارەکان.

جیاوازیشی لەگەڵ **ئیلهامدا** ئەوەیە: لە فیراسەتدا لە ڕێگە وبە واسیتەی بینینی شتە دیارەکان ئەو پێشبینیە دروستانە دەکات، بەڵام لە ئیلهامدا بەبێ واسیتەیە ونورێکە، خوا ئەیخاتە دڵی عەبدەکەیەوە، وهەندێجاریش بە ئیلهام ئەوترێت فیراسە وبە پێچەوانەشەوە.

وفیراسەت وئیلهام لە ئیسلامدا هەیە، کە تەماشای کەسێك دەکەیت شتێکی لێدەخوێنیتەوە و وا دەردەچێت، ئەمەش بە ئیمان وبە تەقوا دەبێ نەك بە درۆ ودەجەل وچەواشەکاری، جا هەرکەسێك گوێڕایەڵی فەرمانەکانی خوا نەبو، ودەستبەرداری نەهیەکانی خوا ﷻ نەبو، ئەگەر ١٠٠ سەد فیراسەت وئیلهامی هەبێت هەموی لەلایەن شەیتانەوەیە وهیچی لەلایەن خواوە -سبحانە- نیە.

**حەوتەم:** چیرۆکەکە بە خەو بینینی یوسف عليه السلام دەست پێدەکات، هەڵبەت خەو بینین لە شەریعەتدا ئەکرێ دڵی پێخۆشبکرێت، مرۆڤ دڵخۆش دەبێت ئەگەر خەوەکەی چاك وخۆش بێت. بەڵام نە حەرام حەڵاڵ دەکات ونە

---

(١) الفِرَاسَة: «هي الاستدلال بالأمور الظَّاهرة على الأمور الخفيَّة»... أو: «الاستدلال بالخَلْق الظَّاهر على الخُلق الباطن». انظر: «كشف اصطلاحات الفنون والعلوم» للتهانوي (١٢٦٥/٢).

حەلاڵ حەرام دەكات ونە حوكمێكی شەرعی پێدادەمەزرێ، چونكە زۆرێك زیادەڕەوی دەكەن لە خەودا، تەنانەت خەڵكی وا هەیە بە خەو ناسراوە، هەر ڕۆژەی خەو بە شتێكەوە دەبینێ، لە ئیسلامدا خەو مایەی دڵخۆشیە نەك مایەی دامەزراندنی ئەحكامی شەرعی بێت.

**نموونە:** ئەگەر هاتووە موسوڵمانان لە ٢٩ی مانگی شەعباندا بوون وئاسمان هەور بوو، یەكێك لە موسوڵمانان كەسێك هاتە خەوی وپەیامبەری خوا بوو لە خەونەكە، پێی بڵێ: سبەی یەكی ڕەمەزانە، ئایا موسوڵمانان فەرمودەكانی پەیامبەری خوا ﷺ جێبەجێ دەكەن كە فەرموویەتی: «ئەگەر هاتوو ئاسمان هەور بو ئەوا ٣٠ ڕۆژی شەعبان تەواو بكەن»، یان ئەڕۆن گوێ بە خەونی موسوڵمانەكە دەدەن كە پێی وتراوە بەیانی یەكی ڕەمەزانە؟ بە كۆدەنگی تێكڕای زانایان، حیساب بۆ قسەی پەیامبەری خوا ﷺ دەكرێ لە ژیانیدا ﷺ، واتە: سی ڕۆژی شەعبان تەواو دەكەن، نەك بۆ ئەو خەونە.

هەروەها دەگێڕنەوە جارێك پیاوێكی چاك كە كەمدەست بووە، هاتووە بۆلای عیززی كوڕی عەبدولسلام، دەڵێ: «من لە خەودا پەیامبەری خوا ﷺ پێی وتم: لە فلان شوێن، شتێكی كۆنی نەفامی شاردراوەتەوە، بڕۆ بۆ خۆت دەری بهێنە وسودی لێوەربگرە، دەڵێ: منیش چومە شوێنەكە وتەماشام كرد ریكاز «الرِّكاز»[1]ێكی لێیە، منیش دەرمهێنا، بەلام لەخەوەكەدا پێی وتم: یەك لە پێنجی دەرمەكە»، عیززی كوڕی عەبدولسەلام ووتی: «نەخێر،

---

(١) الركاز: فِعال، بمعنى مفعول، يعني: المركوز، وفي الشرع: هو المال المدفون في الجاهلية.

پێویستە لەسەرت یەك لە پێنجی دەربکەی، چونکە پەیامبەری خوا ﷺ لە ژیانیدا لە فەرمودەکانی پێی ڕاگەیاندوین کە: پێویستە لەسەرمان ئەو شتە شاردراوانەی نەفامی کە دەیدۆزینەوە ئەبێت یەك لە پێنجی ببەخشین لە ڕێی خوادا[1]، ڕەنگە لە خەونەکەتدا نەتبیستبێت، یان لێت تێکچو بێت)).

هەربۆیە خەون، نە حەڵاڵ حەرام دەکات، ونە حەرام حەڵاڵ دەکات، ونە حوکمێکی شەرعی پێدادەمەزرێ، بەڵام مایەی دڵخۆشیە، بە تایبەت ئەگەر بینینی پەیامبەری خوا بێت ﷺ وەکو خۆی، چونکە پەیامبەری خوا ﷺ دەفەرموێ: ((خەون یەك بەشە، لە چلوشەش بەشی پەیامبەرایەتی))[2]، یانی: ئەگەر پەیامبەرایەتی چل وشەش بەش بێت، یەك بەشی بریتیە لە خەوی چاك.

### هەشتەم: خەون سێ جۆرە[3]:

---

(١) عن أبي هريرة، قال ﷺ: «وفي الرِّكازِ الخُمسُ» صحيح البخاري، ح: (٢٣٥٥) و(٦٩١٢) و(٦٩١٣) و(١٤٩٩)، وصحيح مسلم، ح: (١٧١٠).

(٢) عن أبي هريرة، قال ﷺ: «إذا اقترب الزمانُ لم تكَدْ رُؤيا المؤمنِ تَكْذِبُ، ورُؤْيا المؤمنِ جُزْءٌ من ستةٍ وأربَعِينَ جزءًا من النُّبُوَّةِ، وما كان من النُّبُوَّةِ فإنه لا يَكْذِبُ» صحيح البخاري: ح: ٧٠١٧.

وعن أنس بن مالك، قال ﷺ: «مَن رآني في المنامِ فقد رآني، فإنَّ الشيطانَ لا يَتخَيَّلُ بي، ورُؤْيا المؤمنِ جُزْءٌ من سِتَّةٍ وأربَعِينَ جزءًا من النُّبُوَّةِ». صحيح البخاري: ح: ٦٩٩٤.

وعنه أيضا، قال ﷺ: « الرؤيا الحسنةُ من الرجلِ الصالحِ، جزءٌ من ستةٍ وأربعينَ جزءًا من النبوةِ» صحيح البخاري: ح: ٦٩٨٣.

(٣) روى البخاري: عَنْ مُحَمَّدِ بْنِ سِيرِينَ، أَنَّهُ سَمِعَ أَبَا هُرَيْرَةَ يَقُولُ: «قَالَ رَسُولُ اللَّهِ ﷺ إِذَا اقْتَرَبَ الزَّمَانُ ... قَالَ مُحَمَّدٌ: وَأَنَا أَقُولُ هَذِهِ، قَالَ: وَكَانَ يُقَالُ: الرُّؤْيَا ثَلاَثٌ حَدِيثُ النَّفْسِ وَتَخْوِيفُ الشَّيْطَانِ وَبُشْرَى مِنَ اللَّهِ..»، وَرَوَى قَتَادَةُ وَيُونُس وَهِشَامٌ وَأَبُو هِلاَلٍ عَنِ

**جۆرێکیان:** خەونی چاکە کە لە لایەن خواوەیە ﷻ. ئەم جۆرەیان چاك وایە لای خەڵکی چاك باس بکرێ وماناکەی بۆ لێك بداتەوە، ولای حەسود یان لای کەسێك لە خەوپەرژێن نازانێت با نەیگێڕێتەوە.

**جۆری دووەم:** بۆ دڵتەنگکردن وبێزارکردن وناڕەحەتکردنی موسڵمانە، ئەمەش لەلایەن شەیتانەوەیە.

**جۆری سێیەم:** خوتورەی نەفسە، کە مرۆڤ لەبەر خۆیەوە بیر لە شتێك دەکاتەوە، یان بە ڕۆژ چی ببینێت، شەو بەخەو دەیبینێت.

بە کورتی نابێ موسوڵمان ئەوەندە وابەستە بێت بە خەونەوە.

**نۆیەم:** عیبرەت بە کۆتاییە، ئەگەرچی یوسف توشی ناڕەحەتی زۆر هات لە سەرەتاوە، بەڵام عاقیبەتێکی هەبو، براکانی حەسودیان پێبرد.

**دەیەم:** ئەڵێن: ئەم ئایەتە بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە زایانی ئەمڕۆ ئاشکرایان کردوە، لە بونی یازدە هەسارە کە بە دەوری خۆردا دەسوڕێنەوە، ومانگیش دەسوڕێتەوە بە دەوری خۆردا، کە پێیان دەوترێ: کۆمەڵەی خۆر. بەڵام لە ڕاستیدا ئەمە ڕاست نیە وزمانی عەرەبی تەئویلی وا هەڵناگرێت.

---

ابْنِ سِيرِينَ عَنْ أَبِى هُرَيْرَةَ عَنِ النَّبِىِّ ﷺ وَأَدْرَجَهُ بَعْضُهُمْ كُلَّهُ فِى الْحَدِيثِ وَحَدِيثُ عَوْفٍ أَبْيَنُ» صحيح البخاري: ح: ٧٠١٧.

عن أَبِي هُرَيْرَةَ، عَنِ النَّبِيِّ ﷺ قَالَ: «...وَالرُّؤْيَا ثَلاثَةٌ: فَالرُّؤْيَا الصَّالِحَةِ بُشْرَى مِنَ اللهِ، وَرُؤْيَا تَحْزِينٌ مِنَ الشَّيْطَانِ، وَرُؤْيَا مِمَّا يُحَدِّثُ الْمَرْءُ نَفْسَهُ..» صحيح مسلم: ح: ٢٢٦٣.

وعَنْ عَوْفِ بْنِ مَالِكٍ، عَنْ رَسُولِ اللَّهِ ﷺ قَالَ: «إِنَّ الرُّؤْيَا ثَلاثٌ: مِنْهَا أَهَاوِيلُ مِنَ الشَّيْطَانِ لِيَحْزُنَ بِهَا ابْنَ آدَمَ، وَمِنْهَا مَا يَهُمُّ بِهِ الرَّجُلُ فِي يَقَظَتِهِ فَيَرَاهُ فِي مَنَامِهِ، وَمِنْهَا جُزْءٌ مِنْ سِتَّةٍ وَأَرْبَعِينَ جُزْءًا مِنَ النُّبُوَّةِ» صحيح سنن ابن ماجه: ح: ٣١٥٥ .

**یازدەهەم:** بەڵگەیە لەسەر ئەوەی یەعقوب ﷺ زانا بووە بە خەو پەرژێن، چونکە وتی: خەونەکەت مەگێڕەوە، کەواتە زانیویەتی یانی چی؟ هەروەها ئەو هەمو چاوەڕوانیەی بۆ گێڕانەوەی یوسف، بەشێکی بەهۆی چاوەڕوانی بووە بۆ بەدیهاتنی خەونەکە -والله أعلم-.

**دوازدەهەم:** بوونی خەون وئەوەی کە ڕاستە، وەکو پەیامبەری خوا ﷺ ئەفەرموێ: «**لَمْ يَبْقَ مِنَ النُّبوَّةِ إلاَّ المُبَشِّرَاتِ**» قالوا: **وَمَا المُبَشِّرَاتُ؟ قَالَ:** «**الرُّؤْيَا الصَّالِحَةُ**»(١). واتە: «لە پەیامبەرایەتی تەنها موژدەدەرەکان ماونەتەوە» وتیان: موژدەدەرەکان چیە؟ فەرموی: «خەونی چاکە».

هەروەها ئەفەرموێ ﷺ: «لە نزیکی ئاخیر زەماندا خەونی ئیماندار دێتە دی مەگەر بە کەمی، وخەونی ئیماندار بەشێکە لە چل وشەش بەشی پەیامبەرایەتی، وهەرچیش لە پەیامبەرایەتی بێت درۆی بۆ نیە»(٢).

**جا بە یوسفی فەرمو:**

﴿ وَكَذَٰلِكَ يَجْتَبِيكَ رَبُّكَ وَيُعَلِّمُكَ مِن تَأْوِيلِ ٱلْأَحَادِيثِ وَيُتِمُّ نِعْمَتَهُۥ عَلَيْكَ وَعَلَىٰٓ ءَالِ يَعْقُوبَ كَمَآ أَتَمَّهَا عَلَىٰٓ أَبَوَيْكَ مِن قَبْلُ إِبْرَٰهِيمَ وَإِسْحَٰقَۚ إِنَّ رَبَّكَ عَلِيمٌ حَكِيمٌ ۝٦ ﴾

واتا: «ئاوها چۆن هەڵی بژاردویت وئەم ئەستێرانەی پیشان داویت لەگەڵ خۆر ومانگ سوژدەیان بۆ بردوی، ئا بەو شێوازەش پەروەردگار تۆ جیا دەکاتەوە وهەڵت دەبژێرێ ودەتکات بە پەیامبەری خۆی وفێری خەو

(١) صحيح البخاري، ح: (٦٩٩٠).
(٢) صحيح البخاري، ح: (٧٠١٧) وقد تقدم. وانظر: (٦٩٩٤)، و: (٦٩٨٣).

پەرژێنیت دەکات، بۆ ئەوەی نیعمەتی خۆی بەسەر تۆ وبەسەر بنەماڵەی یەعقوبدا تەواو بکات، وەکو چۆن لەوەو پێش نیعمەتی خۆی تەواوکرد بەسەر هەردوو باوکەکەت ئیبراهیم وئیسحاق)).

﴿وَيُتِمُّ نِعۡمَتَهُۥ عَلَيۡكَ وَعَلَىٰٓ ءَالِ يَعۡقُوبَ﴾ کەواتە: نیعمەتدان بە عەبدێك، نیعمەتە بەسەر کەسوکارەکەشیەوە.

﴿إِنَّ رَبَّكَ عَلِيمٌ حَكِيمٌ﴾، واتە: ((بێگومان پەروەردگارەکەت زانا ودانایە ودەزانێ کێ شیاوی پەیامبەرایەتیە)).

﴿۞ لَّقَدۡ كَانَ فِي يُوسُفَ وَإِخۡوَتِهِۦٓ ءَايَٰتٞ لِّلسَّآئِلِينَ ٧﴾

واتە: ((سوێندبێ لە بەسەرهاتی یوسف لەگەڵ براکانیدا بەڵگە وپەند وعیبرەت ونیشانە و وەڵامی پرسیاری زۆری تێدایە بۆ ئەوانەی کە پرسیار دەکەن))، یانی ڕونکردنەوەی زۆری تیایە، بەڕاستی بەسەرهاتێکی سەیرە وشایستەی ئەوەیە پیاو لەبارەیەوە بپرسێ. بڕوانە تەفسیر ئیبن کەسیر.

﴿ءَايَٰتٞ لِّلسَّآئِلِينَ﴾، کەواتە پێویستە موسڵمان کە قورئان دەخوێنێت، مەبەستی پەند وەگرتن وسودمەندی بێت، نەك وەکو کتێبێکی مێژوویی یان بۆ خۆشی وڕۆشنبیری بیخوێنێتەوە. هەروەها ئەوەت پێدەڵێت: کە قورئان کەسێك لێی سودمەند ئەبێت، بیخوێنێت بە مەبەستی هیدایەت وەرگرتن وگەیشتن بە هەق وهەقیقەت وشوێنکەوتنی، بەڵام سەرکەش وعینادەکان ئەوانە ئیمان ناهێنن ولە ئایەتەکانی سودەمەند نابن هەتا سزای خوا نەبینن، هەربۆیە چەند جار لە قورئاندا ئەفەرموێ: ﴿قَدْ بَيَّنَّا الْآيَاتِ لِقَوْمٍ يُوقِنُونَ﴾

[البقرة:١١٨]، ﴿لَآيَاتٍ لِقَوْمٍ يَعْقِلُونَ﴾ [البقرة:١٦٤]، ﴿قَدْ فَصَّلْنَا الْآيَاتِ لِقَوْمٍ يَعْلَمُونَ﴾ [الأنعام:٩٧]، ﴿قَدْ فَصَّلْنَا الْآيَاتِ لِقَوْمٍ يَفْقَهُونَ﴾ [الأنعام:٩٨]، ﴿لَآيَاتٍ لِقَوْمٍ يُؤْمِنُونَ﴾ [الأنعام:٩٩]، ﴿قَدْ فَصَّلْنَا الْآيَاتِ لِقَوْمٍ يَذَّكَّرُونَ﴾ [الأنعام:١٢٦]، ﴿كَذَلِكَ نُصَرِّفُ الْآيَاتِ لِقَوْمٍ يَشْكُرُونَ﴾ [الأعراف:٥٨]، ﴿لَآيَاتٍ لِقَوْمٍ يَتَّقُونَ﴾ [يونس:٦]، ﴿كَذَلِكَ نُفَصِّلُ الْآيَاتِ لِقَوْمٍ يَتَفَكَّرُونَ﴾ [يونس:٢٤]، ﴿لَآيَاتٍ لِقَوْمٍ يَسْمَعُونَ﴾ [يونس:٦٧]، ﴿لَآيَاتٍ لِقَوْمٍ يَسْمَعُونَ﴾ [يونس:٢٤].

﴿ إِذْ قَالُواْ لَيُوسُفُ وَأَخُوهُ أَحَبُّ إِلَىٰٓ أَبِينَا مِنَّا وَنَحْنُ عُصْبَةٌ إِنَّ أَبَانَا لَفِى ضَلَـٰلٍ مُّبِينٍ ﴿٨﴾ ﴾

واته: «ئەو کاتەی لە نێوان خۆیاندا وتیان: بەڕاستی یوسف وبراکەی خۆشەویستترن لەلای باوکمان تا ئێمە، لەکاتێکدا ئێمە جەماعەتێکی زۆرین، بەڕاستی باوکمان لێی تێکچووە وهەڵەیەکی ڕون دەکات لەوەی کە فەزڵی یوسف وبراکەی کە تەنها دوو کەسن دەدات بەسەر ئێمەدا کە دە کەسین بەبێ ئەوەی هیچ هۆکارێك هەبێت».

﴿ أَحَبُّ ﴾، دەی ئەگەر تاوانەکەی یەعقوب -بە گومانی ئەوان- ئەوەیە کە یوسفی زیاتر خۆش دەوێت، ئەوا خۆشویستن شتێکە لە دەستی بەندە خۆی نیە، بەدەرە لە تەسەڕروفی مرۆڤ.

«عُصۡبَةٌ» بە مانای جەماعەت دیت، ولە سەروی ١٠ کەسەوە تا ٤٠ کەس پێیان دەوترێ «عُصۡبَةٌ»[١].

---

(١) العصبة: العشرة فصاعدا، ينظر: الكشاف. وقال ابن الأثير: العشرة إلى الأربعين.

جا وایان زانی زۆری نیشانەی باشێتیە! واش نیە. وەکو چۆن ئەوەی لێدەفامی کە زۆری ئەبێتە مایەی فریو خواردن وسنوربەزاندن.

سەبارەت بەم قسەیە کە ئەڵێن: ﴿بەڕاستی یوسف وبراکەی خۆشەویستترن لەلای باوکمان وەك لە ئێمە﴾، **لێرەدا دوو بۆچون هەیە:**

**بۆچونی یەکەم:** ئەوەیە کە ڕەنگە قسەکەیان ڕاست بێت لەوەی کە باوکیان یوسف وبراکەی لەمان زیاتر خۆشویستوە.

**بۆچونی دووەم:** ئەوەیە کە ڕەنگە گومانی خراپی خۆیان بوو بێت.

بۆچونی دووەمیش نزیکترە لە ڕاستیەوە.

ئەمەش سەلمێنەری ئەوەیە کە زۆربەی خەڵك خەیاڵ وگومان زاڵە بەسەریاندا، وەکو ئەمانە بانگەشەکەیان باتڵ بوو.

ئەگەر بڵێین گومانەکەیان ڕاستە، ئەوە زانایان چەند وەڵامێکیان هەیە:

**یەکەم:** باوکیان هەر لە منداڵیەوە هەستی بە نەجابەت ومەردایەتی کردوە لە یوسفدا بۆیە خۆشەویستیەکی زیاتری بۆ یوسف هەبووە.

**دووەم:** دەڵێن لەبەر خەونەکەی بووە، بۆیە گرنگی وبایەخێکی زیاتری پێداوە.

**سێیەم:** دەڵێن ڕۆژێك بە ئافرەتێك دەوترێ: کام لە منداڵەکانت زیاتر خۆشدەوێ؟ ئەڵێ: «نەخۆشەکەیان، تا باش دەبێتەوە، منداڵەکەیان، تا گەورە دەبێت، موسافیرەکەیان، تا دەگەڕێتەوە». یانی هەموو منداڵەکانی یەعقوب

خۆشەویستن لەلای یەعقوب، بەڵام لەبەرئەوەی یوسف منداڵە باوکی زیاتر بایەخی پێدەدات.

**چوارەم:** دەڵێن: یوسف دایکی مردوە، لەبەر ئەوەی بێبەش بووە لە نازی دایکایەتی، هەر بۆیە یەعقوب ویستویەتی ئەو بۆشاییەی بۆ پڕبکاتەوە. بۆیە نازی زیاتری پێداوە.

**پێنجەم:** باوك نۆبەرەی خۆشدەوێ زیاتر، یانی: کوڕە گەورە، بەڵام منداڵ نازی زیاتری پێویستە، کە ئەمانیش دایکیان جیاواز بووە، نەیانتوانیوە هەزمی ئەو زیادە نازە بکەن.

**پێنجەم:** بابەتەکە خۆشەویستنی دڵە، وبۆ ئەمەش دەڵێین: خۆشەویستی شتێکە پەیوەندی بە دڵەوە هەیە ومرۆڤ توانای نیە بەسەر خۆشەویستی دڵدا. «پەیامبەری خوا ﷺ لە نێوان خێزانەکانیدا دادپەروەرانە مامەڵەی دەکرد»[(١)]، بەڵام بۆ خۆشەویستی دڵی دەگێڕنەوە فەرمویەتی: «خوایە ئەوە دابەشکردنی منە لەوەی کە لە توانامدایە، بۆیە لێم نەگری لەوەی کە لە توانامدا نیە» کە خۆشەویستی دڵە. جا ئاشکرایە پەیامبەری خوا ﷺ عائیشەی لە هەمویان زیاتر خۆشدەویست، هیچ کەسێکیش ناتوانێ لە خۆشەویستیدا دادپەروەر بێت لەگەڵ هەموو خێزانەکانیدا، ئەگەر واشنەبێ دەبوایە فرە ژنی شەرعی نەبوایە! بەڵام ئەوە پەیامبەری خوایە ﷺ لە

(١) عن عائشة، قَالَتْ: «كَانَ رَسُولُ اللَّهِ ﷺ وَسَلَّمَ يَقْسِمُ بَيْنَ نِسَائِهِ فَيَعْدِلُ، وَيَقُولُ: اللهم هَذِهِ قِسْمَتِي [ر:فِعْلِي] فِيمَا أَمْلِكُ، فَلَا تَلُمْنِي فِيمَا تَمْلِكُ وَلَا أَمْلِكُ» أخرجه أحمد، ح: (٢٥١١١)، وأبو داود، ح: (٢١٣٤)، والشطر الأول منه حسن، ينظر: الإرواء، (٨١/٧).

خۆشەویستنی دڵیدا عائیشەی لەوانی تر زیاتر خۆشویستوە، خۆشویستنی دڵ بەدەست مرۆڤ نیە، جاری وا هەیە کەسێکت زۆر خۆشدەوێ، کەچی ستەمی زۆریشی لێکردوی، بە پێچەوانەشەوە، بۆ؟ چونکە خۆشەویستی لە دڵدایە.

هەربۆیە وتیان: «یوسف وبراکەی لە ئێمە خۆشەویسترن لەلای باوکمان, بەڕاستی باوکمان هەڵەی کردووە ونەیپێکاوە ونەیزانیوە، لە بری ئەوەی فەزڵی ١٠ کەس بدات بەسەر ٢ کەسدا، کەچی فەزڵی ٢ کەسی داوە بەسەر ١٠ کەسدا».

هەروەها لێرەوە فێری ئەوە ئەبین، کە پێویستە دادگەری لە هەمو شتێکدا هەبێت، بە تایبەت لەنێوان منداڵەکاندا، هەروەها ئەگەر یەکێکیانی زیاتر خۆشویست بەپێی توانا بیشارێتەوە.

لە کۆتایی ئەم ئایەتەدا ئاماژە بۆ سودێکی تر بکەم، ئەویش ئەوەیە: هەرکەس ساردی وڕەقی وئازار ودورلێکەوتنەوەی لە خۆشەویستەکەی بینی با تۆمەتباری خۆی بکات پێش بەرامبەرەکەی. چونکە بەهۆی تاوانی یەکێکیانەوەیە، دەی یەکەمجار وا بزانە تاوانی تۆیە، پەیامبەر ﷺ ئەفەرموێ[(١)]: «سوێند بەوەی نەفسی منی بە دەستە دوو کەس یەکیان خۆش

(١) عن ابن عمر: «أَنَّ النَّبِيَّ ﷺ كَانَ يَقُولُ وَالَّذِي نَفْسُ مُحَمَّدٍ بِيَدِهِ مَا تَوَادَّ اثْنَانِ [فِي اللهِ عَزَّ وَجَل أو فِي الإِسْلاَمِ] فَفُرِّقَ بَيْنَهُمَا إِلَّا بِذَنْبٍ يُحْدِثُهُ أَحَدُهُمَا» أخرجه أحمد، ح: (٥٣٥٧)، والبخاري في «الأدب المفرد» ح: (٤٠١)، ينظر: الصحيحة، (٦٣٧).

ناوێت لەبەر خوا، پاشان ساردی کەوتە نێوانیانەوە، مەگەر بەهۆی تاوانی یەکێکیانەوە بووە ئەنجامی داوە)).

﴿اقْتُلُوا يُوسُفَ أَوِ اطْرَحُوهُ أَرْضًا يَخْلُ لَكُمْ وَجْهُ أَبِيكُمْ وَتَكُونُوا مِن بَعْدِهِ قَوْمًا صَالِحِينَ﴾

کێشەکە: یوسف وبراکانی خۆشەویسترن لای باوکمان تا ئێمە.

چارەسەری: کوشتنی یوسف، یا دورخستنەوەی بۆ شوێنێکی دورە دەست.

ئەنجامەکەی: ئیتر باوکیان ئەوانی زیاتر خۆشدەوێت.

بەڕاستی ئامانجەکە بەڕێزە، بەڵام ڕێگای چارەسەریەکەی نابەڕێزە.

ئەمەش ئەو سودەی تێدایە، کە نابێت بە هۆکار وەسیلەی حەرام وقەدەغەکراو بگەینە ئامانجە چاك وبەڕێزەکان، بۆ نمونە: کەسێك بە دزیکردن حەج بکات یان خێر وسەدەقە بکات.

ئەوەشی تێدایە مرۆڤ کە بە گوێی شەیتانی کرد، ئەوسا دائەبەزێتە ئاستێکی زۆر نزم، وتاوانی زۆر لا ئاسان دەبێت. ئەوەتا کوشتنیان پێ ئاسانە.

ئەبێت کارێك بکەین باوکمان ئێمەی زیاتر خۆش بوێ, ئەو کارە چیە کەوا دەکات؟ وتیان: ((ئەمەی کە ڕێگری بەردەم خۆشویستنی باوکتانە بۆتان لەناوی بەرن، یوسف بکوژن، یان بیخەینە شوێنێکی دوورە دەست ودوور لە

چاوی باوکمان بۆ ئەوەی ئیتر ڕوی باوکمان لە ئێمە بێت، وتەنها خەم وبیری بۆ ئێمە بێت، نەك بەو شێوەی ئێستا کە خەم وبیری تەنها لای یوسف وبراکەیەتی کە ((بنیامین))ە)).

کاتێك بیر دەکەنەوە ئەم کارەیان تاوانە، چۆن دەتوانن کەسێك بکوژن؟! بۆیە وتیان: ﴿وَتَكُونُوا مِن بَعْدِهِ قَوْمًا صَالِحِينَ﴾ واتە: ((ئیتر پاش ئەنجامدانی ئەو کارە تەوبە دەکەین)). بەڵام بەڕاستی مرۆڤ هەموو کات بۆی ناگونجێ تەوبە بکات، ئەگەر چی بۆ ئەم کەسانە ڕەخسا وخوا سبحانە تەوبەی لێوەرگرتن -وەك لە کۆتایی چیرۆکەکەدا عەرزی خزمەتتانی دەکەم بە ویستی خوا-، بەڵام هیچ کەسێك ناتوانێ تەوبە بکات مەگەر بتوانێ سێ شت بکات:

**یەکەم:** ئەبێت زەمانەتی تەمەن درێژی خۆی بکات، تا ئەوکاتەی تاوانەکە دەکات وپاشان تەوبەی لێدەکات.

**دووەم:** دەبێت زەمانەتی ئەوە بکات خوای گەورە سەرکەوتوی دەکات بۆ تەوبە کردن. چەند کەس دەیانەوێ تەوبە بکەن بەڵام ناتوانن، هەتا وەفات دەکات، پەنا بە خوا ﷻ.

**سێیەم:** دەبێ زەمانەتی ئەوەش بکات کە خوای گەورە تۆبەی لێ قبوڵ دەکات، چونکە تەنها تۆبەکردن بەس نیە، هەیە تۆبە دەکات وخوا لێی وەرناگیرێ لەبەرئەوەی مەرجەکانی تۆبەی تێدا نیە یان ...

بۆیە مرۆڤ نابێت تاوان بکات چونکە زەمانی ئەم شتانەی پێناکرێت.

ئەم قسە بەو واتا نیە مرۆڤ کە تاوانی کرد بیری لای تۆبەکردن نەبێت، نەخێر، بەڵکو بەو واتا دێت: بەو واتایە دێت: ئەبێت تاوان نەکەین خۆمانی لێبپارێزین چونکە زەمانی ژیانمان پێناکرێت، کە شەیتان یا دەرونمان فێڵی لێکردین وتاوانمان کرد تۆبەی لێدەکەین، چونکە مرۆڤ سروشتی وایە تاوان دەکات بەڵام ئەبێت تۆبە بکا ودۆڕاوەکان ئەوانەن تەوبە ناکەن.

جا براکانی یوسف وتیان: «با بیکوژین بۆ ئەوەی لەبەر چاوی باوکمان دووری بخەینەوە»، وەرن با لە دورەوە تەماشایەکی ئەم چەند کەسە بکەین: دەبینین لە نێوان خۆیاندا کۆبونەوەکیان بەستووە ڕادەگۆڕنەوە، دە برا پێکەوە دەیانەوێ برا بچوکەکەیان بکوژن، تەماشا بکەن چەند ناشیرینە دەست تێکەڵکردن بۆ ڕشتنی خوێن، زۆر قێزەونە، بە تایبەت خوێنی برا، بە تایبەتتر خوێنی برا بچوك، بەڵام تەماشا دەکەن ئاساییە بۆ ئەوان، چی وادەکات ئەم کارە قێزەونە وا ئاسایی بێت؟ حەسودی. سەرنجتاندا! حەسودی بەشێوەیەك بەرچاوی گرتون قیزەونی کوشتنی برا بچوکەکەی خۆیان نابینن!! گەورەیی تاوانەکەشی هەست پێناکەن، هەرکات هەستیشی پێدەکەن دەڵێن دەی پاشان تۆبە دەکەین، پەنا بەخوا -خوایە شەیتان بەسەرماندا زاڵ نەکەی-، چونکە وا لە ئینسان دەکات گەورەیی تاوان نەبینێ.

بۆیە شەیخولئیسلام رَحِمَهُ اللَّهُ دەفەرموێ: «بنچینە وبنەوای هەموو تاوانێك بریتیە لە سێ شت:

١. حەسودی.

٢. کبیر، بە فیزی ولوتبەرزی وخۆبەگەورەزانین.

٣. حیرص».

لەپێشی ویشەوە لە حەسەنی کوڕی عەلیەوە رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُمَا هاتووە ئەفەرموێ: «هلاك الناس في ثلاث: الكبر، والحسد، والحرص».

**سودی ئەوەشی تێدایە:** کە حەسودی پیاو کوێر دەکات وتۆڵە لەوانەیە لە کەسێك بکاتەوە ولە کەسێك تورە ببێ کە بێتاوان بێت. ئێستا کە یەعقوب صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ زیاتر یوسفی صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ خۆشدەوێت! ئەی تاوانی یوسف چیە؟

بەڵام یەکێك لە براکانی یوسف بۆچونی براکانی تری بەلاوە باش نەبووە، بۆیە وتی:

﴿قَالَ قَائِلٌ مِنْهُمْ لَا تَقْتُلُوا يُوسُفَ وَأَلْقُوهُ فِي غَيَابَتِ الْجُبِّ يَلْتَقِطْهُ بَعْضُ السَّيَّارَةِ إِنْ كُنْتُمْ فَاعِلِينَ﴾

واتە: «یەکێکیان وتی:..» کامیانە؟ ڕۆبیلە یان شەمعونە یان یەهوزایە یان یەکێکی تریان بووە، خوا زاناترە هیچ لەو بارەوە نەهاتووە بە سەحیحی.

ئەوەشی پەسەندە دیاری نەکرێ، لەبەر ئەوەی خوای گەورە بۆیە دایپۆشی چونکە بەشداری تاوانەکەی کردوە، بۆیە ستری دەکا ودەیپۆشێ،

لەبەر تەوبەکردنەکەی دواجاریان. ئەمەش -زۆرجار- مەنهەج ورێبازی پەیامبەر ﷺ بووە لە ڕاستکردنەوەی هەڵەکاندا، ناوی نەهێناوە، فەرمویەتی: «مَا بَالُ أَقْوَامٍ..»، «ئەوە خەڵکانێك چیانەوە وا ووا دەکەن»[1].

جا وتی: «لە دوژمنایەتیکردنی وڕقلێبونەوەی مەگەنە ئاستی کوشتنی!! بۆ دەیکوژن؟ ئێمە دەمانەوێ باوکمان ئێمەشی خۆش بوێ وزیاتر بایەخ بە ئێمە بدات نەك یوسف، ئەم کارە بە شتی تریش بەدی دێت، چۆن؟ ﴿وَأَلْقُوهُ فِي غَيَابَتِ الْجُبِّ﴾ «بۆیە بیخەنە بنی بیرەکەوە»، ئەوسا:

﴿يَلْتَقِطْهُ بَعْضُ السَّيَّارَةِ إِن كُنتُمْ فَاعِلِينَ﴾، هەندێك لە ئەو کاروانانەی لەوێوە هاتوچۆ دەکەن، لەڕێگەی دەرهێنانی ئاوەوە یوسف دەبینن ودەیبەن، بەم کارەش ڕزگارمان لە یوسف دەبێت، وباوکیشمان ئیتر گرنگی بە ئێمە دەدا، هەروەها هەم لەم تاوانە گەورە پارێزراو دەبین کە کوشتنی براکەمانە. ئەمە ئەگەر هەر سورن لەسەر کارێکی لەم شێوە.

**سودەکانی ئەم بەشە:**

١. ﴿السَّيَّارَةِ﴾ یانی موسافیرەکان، ئەو ڕێبوارانەی کە لەو ڕێگایەوە هاتوچۆ دەکەن، لەمەش ڕوندەبێتەوە، کە بیرەکە لەسەر ڕێگای ڕێبواران بووە، هەروەکو چۆن ئێستا لە کاتی سەفەرکردنمان بۆ شارێکی تر لە ڕێگادا

(١) ينظر على سبيل المثال: صحيح البخاري، ح: (٦٩٩٠).

چێشتخانە هەیە، بەنزینخانە هەیە، وپێداویستیەکانی تر هەیە، خەڵك لادەدەنە لایان بۆ پێویستیەکانیان.

٢. هەروەها ئەمە پێت ئەڵێ: خەڵکی باش لە هەر شوێنێك هەبێت کەڵکی خۆی هەیە، بۆئەوەی هەرکات ویسترا تاوانی گەورە ئەنجام بدرێت، هیچ نەبێ پێیان بچوك دەکاتەوە.

٣. هەروەها ئەنجامدانی سوکترینی دوور زەرەر، بنچینەیەکی شەرعیە، چونکە براکەیان لە نێوان دوو زەرەر: «کوشتنی» لەگەڵ «دورخستنەوەی»، دووەمیان هەڵدەبژێرێت.

٤. هەروەها نکولێکردن لە مونکەر وتاوان پێویستە.

٥. خێر وچاکە پلە پلە ودەرەجاتە، تاوان وخراپەش پلە پلە ودەرەکاتە.

٦. دروستێتی هەڵگرتنەوەی شتی ون بوو ودۆزراوە «اللُّقَطَة».

٧. هەروەها ئەو پێنج پەنجە وەك یەك نین، ئەگەر زۆربەیان ئەڵێن: بیکوژن، ئەوەتا یەکێکیشیان ئەڵێ: مەیکوژن: ﴿لَا تَقْتُلُوا يُوسُفَ﴾.

پاشان گەڕانەوە بۆ لای باوکیان و وتیان:

﴿قَالُوا يَا أَبَانَا مَا لَكَ لَا تَأْمَنَّا عَلَى يُوسُفَ وَإِنَّا لَهُ لَنَاصِحُونَ﴾

دوای ئەو کۆبونەوە، ڕێکەوتن لەسەر پێشنیارەکەی ڕۆبیل، بۆیە هاتن بۆلای باوکیان و وتیان: ﴿يَا أَبَانَا مَا لَكَ لَا تَأْمَنَّا عَلَى يُوسُفَ وَإِنَّا لَهُ لَنَاصِحُونَ﴾ واتە: «بابەگیان ئەوە بۆ متمانەمان پێناکەیت لە ئاست یوسف،

لەکاتێکدا ئێمە زۆر دلسۆزی ئەوین»، ئەم ئایەتە لە ڕوی زمانی عەرەبیەوە، ئەوەی لێ دەخوێندرێتەوە کە چەند جارێك ئەم داوایەیان لە باوکیان کردوە، بەڵام باوکیان قایل نەبووە.

﴿وَإِنَّا لَهُ لَنَاصِحُونَ﴾ «لە کاتێکدا ئێمەش دڵسۆزی یوسفین ﷺ».

﴿عَلَى يُوسُفَ﴾ وتیان: یوسف، نەیانوت: براکەمان، لەوانەیە لەبەر دەردی حەسودی بوبێت.

بەم کارەشیان: سیلەی ڕەحم دەپچڕێنن، ئازاری باوکیان دەدە، ئازارێکی زۆر، بێ ڕەحمیکردن بەرامبەر منداڵێك کە هیچ تاوانێکی نیە، وبەرامبەر بە پیرێك کە خاوەن فەزڵ وحورمەت وهەقە، جیاکردنەوەی کوڕێك لە باوکەکەی کە پێویستی بە نازی باوکیەتی وبەو ئارام وئاسودەیە[١].

﴿أَرْسِلْهُ مَعَنَا غَدًا يَرْتَعْ وَيَلْعَبْ وَإِنَّا لَهُ لَحَافِظُونَ﴾

سبەی لەگەڵمان بینێرە، بۆ خۆمان یاری دەکەین وچالاك دەبین، ﴿يَرْتَعْ وَيَلْعَبْ﴾ لە قیرائەتێکی تردا ﴿نَرْتَعْ وَنَلْعَبْ﴾، ﴿يَرْتَعْ﴾یش لە ئەسڵدا بۆ لەوەڕاندن بەکار دێ، بەڵام لێرەدا بە مانای یاری کردن وڕابواردن دێت. ئەمەش بەڵگەیە لەسەر دروستێتی یاریکردن وڕابواردنێکی شەرعی وناشەرعی نەبێ وتێیدا نەبێت.

(١) ينظر: تفسير ابن كثير.

وادیاره -خواش زاناتره- یوسف زۆر له لای باوکی ماوەتەوه ونەیهێشتوه دەر ودەشتی زۆر بکات، بەتایبەت لەگەڵ براکانیدا، بۆ ئەوەی توشی زیانێك نەبێت، پاشان وتیان: ﴿وَإِنَّا لَهُ لَحَافِظُونَ﴾ «بێگومان به بابەگیان دەیپارێزین».

هەروەها حەسودی خاوەنەكەی توشی هەمو خراپەیەك دەكات، لەوانه:

- درۆیان کرد، وتیان: دڵسۆزی براکەمانین ودەیپارێزین: ﴿وَإِنَّا لَهُ لَحَافِظُونَ﴾.

- بڕیاری کوشتنی یوسفیان دا، پەشیمانیش بوونەوه چونکه ڕێگەی تریان لەبەردەمدا بوو.

- یوسفیان خسته شوێنێکی دوره دەست.

- ستەمیان کرد له یوسف، چونکه ئەگەر به گومانه خراپەکەی خۆشیان بێت یەعقوب تاوانباره نەك یوسف -سەلامی خوایان لێبێ-.

- ئەنجامدانی تاوانی گەوره، لەوانه: ئازاردانی دایك وباوك «عقوق الوالدین».

- گومانی خراپ بردن: «إِنَّ أَبَانَا لَفِي ضَلَالٍ مُبِينٍ».

- جیاکردنەوەی دوو خۆشەویست له یەکتر که له سیفاتی بەنده خراپەکانه.

بەڕاستی حەسودی بنچینەی تاوان وخراپەکانه.

﴿قَالَ إِنِّي لَيَحْزُنُنِي أَنْ تَذْهَبُوا بِهِ وَأَخَافُ أَنْ يَأْكُلَهُ الذِّئْبُ وَأَنْتُمْ عَنْهُ غَافِلُونَ﴾

((یەعقوب ؑ فەرموی: زۆر نارەحەتە لەسەرم گەر یوسفتان لەگەڵ بنێرم وئەو ماوە لێم دوور بکەوێتەوە))، هەڵبەت بەهۆی ئەو سیفەتە بەرزانەی تێیدا بەدی دەکرد، بەڵام ئەم قسەیە زۆر تورەی کردن، وەك ئەوەی بڵێن: ئەی بۆ لە چونی ئێمە دڵتەنگ نابیت، کە ژمارەمان دە کەس دەبێت؟! پاشان فەرموی: ﴿وَأَخَافُ أَنْ يَأْكُلَهُ الذِّئْبُ﴾ ((ودەترسم لەوەی گورگ بیخوات)). ﴿وَأَنْتُمْ عَنْهُ غَافِلُونَ﴾ ((لە کاتێکدا ئێوە بێئاگابن وخەریکی یاری وگەمەی خۆتانن))، لێرەدا یەعقوب ؑ وەك ئەوەی بەهانەی سەرنقومکردنی یوسفی خسنبێتە ناو دەستیان، بۆیە ئەم قسەیان لەدەم یعقوبەوە وەرگرت، وکە گەڕانەوە وتیان: یوسف گورگ خواردویەتی.

﴿وَأَنْتُمْ عَنْهُ غَافِلُونَ﴾ بەڵگەیە لەسەر ئەوەی مرۆڤ لەکاتی یاریکردندا، بێئاگا دەبێ، بۆیە ئەو یاریانەی شەرع بە دروستی زانیوە کە سوننەت بێت ئەنجامی بدەیت دیاری کراوە، وئەو یاریانەشی دروستە ئەنجام بدرێت کۆمەڵێك مەرجی هەیە، لەوانە بێئاگامان نەکات لە فەرزەکان ونەبێتە مایەی فەوتاندنی.

وبەڵگەیە لەسەر دروستێتی یاری کردن بۆ منداڵ وبۆ گەورەش، یوسف منداڵە وبراکانیشی گەورەن، کەواتە یاری کردن دروستە.

هەورەها دینەکانی خوا دینی فراوانیە، یاری وگەمەی تێدایە، بە پێچەوانەی دینەکانی ترەوە کە توندی تێدایە، کاتێك کە پەیامبەری خوا ﷺ مندلانی بینی لە ناو مزگەوتدا یاریان دەکرد، فەرمووی: وازیان لێبهێنن، با جولەکە بزانن کە دینەکەمان فراوانی تێدایە وتوند وتیژ[1].

﴿إِنِّي لَيَحْزُنُنِي﴾ مندالّی چاك، شتێك ناکات باوکی پیٚ بێتاقەت بێت، بەلاّم ئەمان زانیان ئەو کارە مایەی بێتاقەت بوونی باوکیانە، بەلاّم وازیان نەهێنا.

﴿وَأَخَافُ أَنْ يَأْكُلَهُ الذِّئْبُ﴾ نابێت مرۆڤ، بەلّگە بخاتە سە زمانی نەیارەکەی خۆی، ئەوەبو ئەم وتەیەیان لە دەمی یەعقوبەوە برد، ودوای وتیان: بابە گورگ خواردی.

﴿قَالُوا لَئِنْ أَكَلَهُ الذِّئْبُ وَنَحْنُ عُصْبَةٌ إِنَّا إِذًا لَّخَاسِرُونَ﴾

لە وەلاّمی باوکیاندا «وتیان: ئێمە کە دەکەسین وگورگ بێت بە بەرچاو ئێمەوە بیخوات، بەڕاستی ئێمە زۆر بێدەسەلاّتین وتیاچوینە».

تەماشابکەن وەلاّمی بەشی یەکەمی وتەکەی باوکیان نەدایەوە کە فەرمووی: ﴿إِنِّي لَيَحْزُنُنِي أَن تَذْهَبُوا بِهِ﴾، بەلاّم وەلاّمی بەشی دووەمی دایەوە

(١) عن عَائِشَةَ قَالَتْ: «قَالَ رَسُولُ اللَّهِ ﷺ يَوْمَئِذٍ [يَوْمَ لَعِبِ الحَبَشَةُ فِي المَسْجِدِ]: لَتَعْلَمُ يَهُودُ أَنَّ فِي دِينِنَا فُسْحَةً، إِنِّي أُرْسِلْتُ بِحَنِيفِيَّةٍ سَمْحَةٍ» رواه أحمد: ح: ٢٤٣٣٤، وصححه الألباني في «صحيح الجامع»: ٣٢١٩..

که فەرموی: ﴿وَأَخَافُ أَن يَأْكُلَهُ الذِّئْبُ﴾ ئەمەش پێی دەوترێ خۆدزینەوەی سیاسیانە.

هەروەها باوکیان زۆر بە داناییانە قسەی لەگەڵ کردن، نەیویست ڕاستەوخۆ پێیان بڵێ من لە ئێوە دەترسم بۆیە نایەنێرم لەگەڵتان، جا عیززی کوڕی عەبدولسەلام دەڵێ: مەبەستی یەعقوب لە گورگ: منداڵەکانی خۆی بووە.

| | | |
|---|---|---|
| نعيب زماننا والعيب فينا | | وما لزماننا عيبٌ سوانا |
| ونهجو ذا الزمانَ بغير ذنبٍ | | ولو نطق الزمان لنا هجانا |
| وليسَ الذئبُ يأكلُ لحمَ ذئبٍ | | ويأكلُ بعضنا بعضاً عيانا |
| عەیب لە خۆمانە نەك لە زەمانە | | ئادەمی چەندە خۆبەزلزانە |
| لۆمەی ئەو دەکەین وئەو بێتاوانە | | گەر زاری هەبا لێی ئەدایین تانە |
| گۆشتی گورگ بۆ گورگ حەرامە | | بەڵام وا گۆشتمان بۆ یەك هەرزانە |

بەڵێ، گورگ گۆشتی گورگ ناخوا، بەڵام ئێمە شەو وڕۆژ گۆشتی برای خۆمان دەخۆین، بەڵێ، گورگ یوسفی نەخوارد، گورگە مرۆییەکان بوون، براکانی خۆی بوون، بردیان وخستیانە ناو بیرەوە.

ئەمەش بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە پێویستە باوك هەمیشە پەردەی شەرم وحەیا ومتمانە لە نێوان خۆی منداڵەکانیدا بهێڵێتەوە.

﴿فَلَمَّا ذَهَبُوا بِهِ وَأَجْمَعُوا أَنْ يَجْعَلُوهُ فِي غَيَابَتِ الْجُبِّ وَأَوْحَيْنَا إِلَيْهِ لَتُنَبِّئَنَّهُمْ بِأَمْرِهِمْ هٰذَا وَهُمْ لَا يَشْعُرُونَ﴾.

ئەوە ئەبێت، سەرەنجام باوكیان ڕازی دەبێت، ویوسفیان لەگەڵ دەنێرێ، «كاتێك كە بردیان، هەمویان كۆك بون لەسەر ئەوەی كە یوسفی برایان بخەنە نێو بنی بیرەكەوە، وكردیشیان».

ئەمەش بەڵگەیە لەسەر گەورەیی ئەوەی كردیان، چونكە ئەفەرموێ: ﴿كۆك بوون هەمویان كە بیخەنە بنی بیرەكەوە﴾[١].

ئەڵێن[٢]: هەر ئەوەندە لە پێش چاوی باوكیان ون بوون، ئیتر دەستیان كردوە بە ئازاردانی ولێدانی وجوێن پێدانی وقسە پێوتنی، یوسفیش هاواری كردوە ووتویەتی: من یوسفی براتانم، برای بچكۆلەتانم، ئایا سۆزتان بۆم ناجوڵێ، ئەشڵێن پێیان وتوە: تاوانی تۆ نیە وتاوانی باوكتە. كەوایە: ئەی بۆ لەگەڵ باوكی قسە ناكەن؟ بۆ یوسفی بێتاوان دەكوژن؟ دیارە حەسودی دەردێكی كوشندەیە!!

ئەمانەی باسمان كرد وئەوانەی تریش كە باسمان نەكرد لە بارەی چۆنێتی بردنی یوسف وبەرخوردی براكانی، هیچی بە سەحیحی نەهاتووە، كە شتی

---

(١) ینظر: تفسیر ابن كثیر.

(٢) لە سوددی «السدّي»ەوە دەگێڕدرێتەوە.

وا دەگێڕنەوە ئەوەندە کاریگەرە بیخە سەر ئەو بەڕ وتاوێرانە نەرمی دەکاتەوە، بەڵام هیچی سەنەدێکی وای نیە ئاوڕی بۆلا بدەیتەوە.

﴿فَلَمَّا ذَهَبُوا بِهِ﴾ واللە زۆر سەیرە ئەوان دەیبەن، بێناوی بکەن ودوری بخەنەوە، بەڵام وا بە دەستی خۆیان دەیبەن ناوداری دەکەن ونزیکی دەکەنەوە وئامادە دەکەن وبەڕێی دەکەن بۆ پادشایەتی ووەزارەت! سبحان اللە لە سەیری کارەکانی خودا ﷻ بکەن. بەڵێ، کارەکانی خوا ﷻ وایە، فیرعەون خەڵکی لە دەرەوە دەکوشت لە ترسی موسا، موساش لە کۆشکەکەی فیرعەوندایە. سبحانك ربي ما أعظمك.

دع الأمور تجري في مجاريها    ولا تبيتن إلا خاليَ البالِ
فما بين غمضة عين وانتباهتها    يُغَيرُ اللّٰه من حال إلى حالِ
وازبێنە با شتەکان وەکو خۆی بڕوا    سەر نەنێیتەوە بەبێ خەم نەبێ
ئەوەندەت زانی لە چاوتروکانێکدا    خودا دەیگۆڕێ حاڵێك بۆ حاڵێك

٣. ﴿وَأَجْمَعُوا﴾ سودی ئەوەی تێدایە: زۆری ویەکێتی لە هۆکارەکانی بەهێزبون وتواناداریە، وەکو ئەڵێن: «برا لە پشت برا بێت مەگەر قەزا لەلای خوادا بێت».

خوای گەورە دەفەرموێ: ﴿وَأَوْحَيْنَا إِلَيْهِ لَتُنَبِّئَنَّهُم بِأَمْرِهِمْ هَٰذَا وَهُمْ لَا يَشْعُرُونَ﴾ «بەبێ هەست پێکردنی براکانی، ئێمە وەحیمان بۆ نارد ودڵنیامان کردەوە، لەوەی ڕۆژێك دێ بەسەر بەرزیەوە، ئەم بەسەرهاتە بۆ

براکانت دەگێڕیتەوە، ئەوە ئێوە بوون منتان خستە نێو بیرەکەوە، بۆیە غەمبار مەبە چونکە ئەمە دواهەمین وێستگەی ژیانی تۆ نیە، بەڵکو ڕۆژێك دێ لەوپەڕی عیززەت وکەرامەتدایت وبە براکانت دەگەیتەوە وپێیان دەڵێی ئێوە واتان لەگەڵ من کرد، وهەرواش بوو، کاتێك کە دەبێتە دەسەڵاتدار، بە براکانی وت: ﴿قَالَ هَلْ عَلِمْتُمْ مَا فَعَلْتُمْ بِيُوسُفَ وَأَخِيهِ إِذْ أَنْتُمْ جَاهِلُونَ﴾، «دێتە یادتان کە چیتان بەسەر یوسف وبراکەیدا هێنا؟!».

ئەم وەحیەش وەك باسمان کرد بۆ دڵنەوایی ودامەزراوی یوسف بوو.

﴿وَجَاءُوا أَبَاهُمْ عِشَاءً يَبْكُونَ﴾

ئەو ڕۆژە لە دەشت مانەوە تا کاتی خۆرئاوابون، پاشان گەڕانەوە، ئەوەبوو «کە شەو داهات بە گریانەوە ڕۆیشتنەوە لای باویکان».

٤. بۆچی بڕیاریاندا کاتی خۆرئاوابوون بگەڕێنەوە؟ والله أعلم وادیارە لەبەر ئەوە بووە وەکو کورد وەتەنی -عەرەبیش قسەیەکی وایان هەیە- ئەڵێن: چاو شەرم لە چاو دەکات، یانی لە کاتی ڕوبەروبونەوەدا، «العين تستحي من العين»، چونکە هەرکەس تەماشایان بکات هەست بەوە دەکات ئەم گریان وچاوە ڕاستی نیە ودرۆیە، مرۆڤیش فیراسەتی هەیە، شت دەخوێنێتەوە وهەست بە ڕاستی ودرۆی دەم وچاوەکان دەکات، هەربۆیە بەشەو گەڕانەوە بۆ ئەوەی درۆی دەم وچاویان هەست پێنەکرێ.

٥. هەروەها ئەوەی تێدایە هەمو گریانێك ڕاست نیە، وگریان بەڵگەی لەسەر هەق بوون نیە، ڕۆژێك ئافرەتێك هات بۆلای شورەیحی دادوەر «شريح القاضي»، زۆر گریا، پیاوێك بە شورەیحی وت: وا دیارە ئەم ئافرەتە ستەمی لێکراوە، شورەیح وتی: تۆ بۆ ئەوەندە فەقیری، ئەوەنیە خوای گەورە دەربارەی براکانی یوسف دەفەرموێ: ﴿وَجَاءُوا أَبَاهُمْ عِشَاءً يَبْكُونَ﴾؟!، کەواتە مەرج نیە هەمو گریانێك ڕاست بێت، هەندێ جار گریان شتی لە ژێردایە، وەك گریانی براکانی یوسف.

﴿قَالُوا يَا أَبَانَا إِنَّا ذَهَبْنَا نَسْتَبِقُ وَتَرَكْنَا يُوسُفَ عِنْدَ مَتَاعِنَا فَأَكَلَهُ الذِّئْبُ وَمَا أَنْتَ بِمُؤْمِنٍ لَنَا وَلَوْ كُنَّا صَادِقِينَ﴾

ئیتر گەڕانەوە بۆلای باوکیان لەشەودا، بەچاوی گریانەوە، «وتیان: بابەگیان ﴿إِنَّا ذَهَبْنَا نَسْتَبِقُ﴾ «ئێمە ڕۆشتین موسابەقە وپێشبڕکێ ویاریمان دەکرد».

٦. ﴿إِنَّا ذَهَبْنَا نَسْتَبِقُ﴾ ئەمەش بەڵگەیە لەسەر دروستێتی پێشبڕکێ وموسابەقەکردن، جا چ بە ئەسپ بێت یان تیرهاویشتن، یان هەر شتێکی تر لەوانەی شەرعین، پەیامبەری خواش ﷺ لەگەڵ عائیشەدا پێشبڕکێی

کردووه[١]، هەروەها بە وشترەکەشی پێشبڕکێی لەگەڵ پیاوێکدا کردوه، جا وشترێکی هەبووە ﷺ هیچ وشترێك لێی نەبردۆتەوە وپێشی نەکەوتوە، تا ڕۆژێك کابرایەکی دەشتەکی هات وبە وشترەکەی خۆی لە «العضباءَ»ی بردەوە وپێشی کەوت، ئەوەبو پەیامبەری خوا ﷺ فەرموی: «خوای پەروەردگار بڕیاری داوە هیچ شتێك بەرز نابێتەوە لە دونیادا، مەگەر نزمی دەکاتەوە»[٢]، ئەم جۆرە پێشبڕکێیانەش بۆ جیهاد کردن لە پێناوی خوادا سودی هەیە.

﴿إِنَّا ذَهَبْنَا نَسْتَبِقُ وَتَرَكْنَا يُوسُفَ عِنْدَ مَتَاعِنَا﴾ «ئێمە ڕۆشتین موسابەقەمان دەکرد ویوسفمان لەلای کەلوپەلەکانمان وێڵکرد وجێ هێشت».

٧. ئەوان بۆچی یوسفیان برد؟ بۆ ئەوەی یاری لەگەڵ بکەن وبیپارێزن، یان بۆخۆیان یاری بکەن ویوسف ببێتە پاسەوانی کەلوپەلەکانیان؟! کە دەگەڕێنەوە بۆلای باوکیان دەڵێن: ئێمە ڕۆیشتین یاریمان کرد ویوسفمان لەلای کەلوپەلەکانمان دانا، کەواتە ئەو یوسفەی بردیان بۆ

---

(١) عن عائشةَ: «أنَّها كانَت معَ النَّبيِّ ﷺ في سفَرٍ، قالت: فسابقتُهُ، فسبقتُهُ على رجليَّ، فلمَّا حَملتُ اللَّحمَ سابقتُهُ، فسبقَني، فقالَ: هذِهِ بتلكَ السَّبقةِ». رواه أبو داود: ح: ٢٥٧٨، وسكت عنه وصححه العراقي والألباني.

(٢) عن أنس بن مالك، قال: «كانت ناقةٌ لرسولِ اللهِ ﷺ تُسمى العضباءَ، وكانت لا تُسبق، فجاء أعرابيٌّ على قعودٍ له فسبقها، فاشتدَّ ذلك على المسلمِينَ، وقالوا: سُبقتِ العضباءُ، فقال رسولُ ﷺ: إنَّ حقًّا على اللهِ أن لا يرفع شيئًا منَ الدنيا إلا وضعهُ» صحيح البخاري: ح: (٢٨٧٢) و(٦٥٠١).

یاری کردن ئێستا بووە بە پاسەوان! ئەمە بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە درۆ دەکەن.

٨. هەروەها سودی ئەوەی تێدایە، کە تاوانبار هەمیشە دژبەیەکی لە بانگەشەکەیدا هەیە، ئەوەتا ئەڵێن: جێمان هێشت لای شتومەکەکانمان، لەولاشەوە وتیان: ئەیبەین بۆ یاریکردن!؟ هەروەها ئەوەی تێدایە تاوانبار، بەڵگەکانی لاواز وبێهێز ونوقسانە، بۆ کەسێکیش ورد بێتەوە دژیەتی.

**ئەو شتانەی بەڵگە وئاماژەن لەسەر درۆکردنی کوڕەکانی:**

٩. **یەکەم:** -وەك باسمان کرد- وتیان: ﴿وَتَرَكْنَا يُوسُفَ﴾ یوسفمان بەجێهێشت، لەکاتێکدا ئەوان وتیان: ئێمە دەیپارێزین نەك وێڵی دەکەین: ﴿وَإِنَّا لَهُ لَحَافِظُونَ﴾.

**ئاماژەی دووەم:** ئەوەیە لەکاتی عیشا وبە شەو گەڕانەوە.

**ئاماژەی سێیەم:** ﴿عِندَ مَتَاعِنَا﴾ بەڵێنی پاراستن وپاسەوانیاندا، بەڵام ئێستا ئەم ئەوان پاسەوانی دەکا ودەپارێزێ.

**ئاماژەیەکی تر:** ﴿فَأَكَلَهُ الذِّئْبُ﴾ ((گورگ خواردی))، ئەوەی کە باوکیان لێی دەترسا و وتی، ئەوانیش هەر ئەوەیان کرد بە بەهانە.

**پێنجەم:** ﴿وَجَاءُوا عَلَى قَمِيصِهِ بِدَمٍ كَذِبٍ﴾ ((ئەو قەمیسەی یوسف کە هێنایانەوە خوێنێکی درۆینەی پێوەبوو))، کەواتە: قەمیسەکە ئاماژەیەکی

تره، چونكه دهگێڕنهوه: له بیریان چوه بیدڕێنن، بۆیه یهعقوب ﷺ وتویهتی: ئهمه چ گورگێكی عاقڵه، كه یوسفی خواردوه وقهمیسهكهی نهدڕاندوه؟!

**ئاماژەیەکی تر:** ﴿بِدَمٍ كَذِبٍ﴾ ئهڵێن: خوێنی ئاژهڵێكیان پێوه كردوه، ئهوهش دیاره.

**ئاماژەی حەوتەم:** یهعقوب عليه السلام به ڕوكهشیانهوه زانیویهتی درۆ دهكهن، بۆیه فهرمویهتی: بهڵكو نهفستان ئهم كارهی بۆ جوانكردونهتهوه وشتێكتان پێكردوه: ﴿قَالَ بَلْ سَوَّلَتْ لَكُمْ أَنْفُسُكُمْ أَمْرًا﴾.

**ئاماژەی هەشتەم:** خۆشیان گومانیان له خۆیان ههبووه.

**ئاماژەی نۆیەم:** گریانه درۆینهكهیان.

﴿وَجَاءُوا عَلَى قَمِيصِهِ بِدَمٍ كَذِبٍ قَالَ بَلْ سَوَّلَتْ لَكُمْ أَنْفُسُكُمْ أَمْرًا فَصَبْرٌ جَمِيلٌ وَاللَّهُ الْمُسْتَعَانُ عَلَى مَا تَصِفُونَ﴾

واته: «وخوێنێكی درۆینهیان كردبوو به قهمیسهكهی یوسفهوه، ئهویش فهرموی: بێگومان ئهو نهفسه حاقدهتان كه ڕقی له یوسفه شتێكی بۆ جوانكردونهتهوه وئێوهش ئهنجامتان داوه، بهڵام خۆڕاگریم خۆڕاگریهكی جوان دهبێت كه سكاڵای خۆم تهنها لای خوای خۆم دهكهم، خوای مهزنیش پشت وپهنایه كه وام لێبكات تهحهمولی ئهم قسهتان بكهم وههقیقهتهكه ئاشكرا بكات وڕۆژێك دێت ئهم درۆتان ئاشكرا دهكات».

لێرەوە: باسی قەمیس وبەتایبەت قەمیسەکەی یوسف دێتە نێو باسان، ودوبارەش دەبێتەوە، بەڕادەیەك شەعبی ئەڵێ: چیرۆکی یوسف ها لە قەمیسەکەیدا. لەوەو دواش ئەم باسە دوبارە ئەبێتەوە -بە ویستی خوا-.

بەڵێ، وتمان: براکانی یوسف پیلانیان دانا بۆ لەناوبردنی یوسفی برایان، پاشان ڕایان گۆڕا بەوەی بیخەنە بنی بیرەکەوە، بۆئەوەی ونی بکەن لەبەرچاو باوکیان، تا خۆشەویستی باوکیان تەنها بۆ ئەمان بێت، ئەوەبو ئەو کارەیان ئەنجامدا ویوسف یان برد وخستیانە بنی بیرەکەوە، کاتێك کە هاتنەوە بۆ ماڵ، دونیا تاریك بوو، وتیان: ئەی باوکە ئێمە چوین پێشبڕکێ ویاریمان کرد ویوسف مان لای جلوبەرگەکانی خۆمان جێهێشت، جا لەو کاتەی کە ئێمە سەرقاڵی یاری کردن بوین، گورگ هات ویوسفی برامانی خوارد، بەڵگەشمان بۆ ئەوەی قسەکانمان ڕاستە ودرۆت لەگەڵ ناکەین ئەوە قەمیسەکەی یوسفە ببینە، باوکیان تەماشایەکی قەمیسەکەی کرد بینی کەوا نەدڕاوە وتەنها خوێنێکی درۆینەیان پێوە کردوە، ودەڵێن یەعقوب ﵇ وتویەتی: ئەم گورگە چەند عاقڵ بووە کە قەمیسەکەی یوسفی داکەندووە وپاشان خواردویەتی، نزیك لەو مانایە.

**سودەکانی ئەم بەشە:**

١٠. مەترسی گوێڕایەڵیکردنی نەفس وهەوا وئارەزو. ﴿بَلْ سَوَّلَتْ لَكُمْ أَنْفُسُكُمْ أَمْرًا﴾

١١. ﴿بِدَمٍ كَذِبٍ﴾ لێرەشدا زانایان دەڵێن هیچ تاوانێك لەسەر زەویدا ئەنجام نادرێت، مەگەر نوقسانە وکامڵ نیە، هەمیشە بەڵگە وئاماژەی تێدایە بەرەو ئەو کەسەی کردویەتی، وهەرگیز تاوانێك نەبووە کە بەتەواوەتی بشاردێتەوە وکەشف وئاشکرا نەبێ، ئا ئەمەیە پێی دەوترێ «الجریمة الناقصة» «تاوانی ناتەواو»، وئەم تاوانەی براکانی یوسفیش لەم شێوەیەیە، پێشتریش باسی ئەو بەڵگە یان ئاماژانە کرد، کە ئاماژەن بۆ بکەری تاوانەکە، کە هەندێکی ئاماژەی ڕون وئاشکرایە کە کەتنی خۆیانە.

١٢. ﴿قَالَ بَلْ سَوَّلَتْ لَكُمْ أَنْفُسُكُمْ أَمْرًا﴾ کەواتە: ئیماندار وریا وزرنگە وبە ئاسان فێڵی لێناکرێت، وبە قسە وقسەڵۆك ودرۆ ودەلەسە وبوهتان فریو ناخوات.

﴿فَصَبْرٌ جَمِيلٌ وَاللَّهُ الْمُسْتَعَانُ عَلَى مَا تَصِفُونَ﴾ باوکیان پەیامبەری خوایە ﷺ وپێشەوای خۆڕاگرانە، بۆیە فەرموی ﴿فَصَبْرٌ جَمِيلٌ﴾ من خۆڕاگریەکەم خۆڕاگریەکی جوان دەبێت لە ئاست ئەم قسەیەی ئێوە بانگەشەی دەکەن. بەڵێ باشترین چەکی بەلا وموسیبەتەکان خۆڕاگری جوانە.

١٣. بۆچی پەنای برد بۆ سەبر؟ چونکە خوای گەورە ئەفەرموێ: ﴿وَاسْتَعِينُوا بِالصَّبْرِ وَالصَّلَاةِ﴾، هەروەها ئەگەر سەبر نەبێت چۆن دەتوانێ ئەو بارە قورسە هەڵبگرێ، هەم خۆشەویستەکەی نەماوە، هەم لەناوبەرانیشی

بەردەوام لە دەوری دەستین؟! بە هەمان شێوە لە چیرۆکی دایکە عائیشەشدا ئەم وێنەیە دووبارە دەبێتەوە.

١٤. خۆڕاگری جوانیش ئەوەیە کە: ناشوکری لەگەڵدا نەبێ، ئەوەیە کە: سکاڵای تێدا نەبێت، «ڕۆژێك یەکێك لە پیاوچاکان کەسێکی بینی سکاڵای حاڵی خۆی لای کەسێکی تر دەکر وباسی نەخۆشی ودەردی خۆی لا دەکرد، پیاوچاکەکە پێی وت: ئەوە تۆ سکاڵای خوا لای ئەو خەڵکە لاوازە دەکەی؟! ئەی بۆ نارۆی سکاڵای خۆت لای خوا بکەی، بۆ ئازارەکەی دڵت لای خوا دەرنابڕی[1]، وەکو یەعقوب فەرموێ: ﴿قَالَ إِنَّمَا أَشْكُو بَثِّي وَحُزْنِي إِلَى اللَّهِ﴾ من شکایەتی خەم ودەرد وئازار وحاڵی خۆم تەنها لای خوا ﷻ دەکەم. دەبێ حاڵی موسوڵمان وابێت.

١٥. ﴿وَاللَّهُ الْمُسْتَعَانُ عَلَى مَا تَصِفُونَ﴾، تەماشا دەکەیت باوکیان بەرخوردی دەبێت، ولەبری ئەوەی لای خۆشەویست بن، بێزار دەبێت، ئەمیش بریتیە لە بنچینەی: «مَنِ اسْتَعْجَل شَيْئًا قَبْل أَوَانِه عُوقِبَ بِحِرْمَانِه»،

---

(١) قال ابن قيم رحمه الله: «الجاهل يشكو الله إلى الناس، وهٰذَا غاية الجهل بالمشكو والمشكو إليه، فإنه لو عَرَف ربه لما شكاه، ولو عرف الناس لما شكا إليهم، ورأى بعض السلف رجلاً يشكو إلى رجل فاقتَه وضرورته، فقال: يا هٰذَا، والله ما زدتَ على أن شكوتَ مَن يرحمك. وفي ذلك قيل:
وَإِذَا شَكَوتَ إلى ابنِ آدمَ إِنَّمَا * تَشْكُو الرَّحِيمَ إلى الذي لا يَرْحَمُ» اهـ، الفوائد ص٨٧.

هەرکەس پەلەی شتێك بکا پێش ساتی خۆی، سزا دەدرێت بە: بێبەشکردنی لەوەی پەلەی کردوە بۆی.

١٦. وسودی ئەوەی تێدایە: هیچ دژایەتی سەبر وخۆڕاگری نیە گەر موسوڵمان سکاڵای حاڵی خۆی لای خوا ﷻ باس بکا، هاواری خۆی بۆلای خوا ﷻ بەرز بکاتەوە، دەردی خۆی بە خوا ﷻ دەربڕێ، ئەمانە ناشوکری نین، ئەوە ناشوکریە دەردی دڵی خۆت لای خەڵك باسی بکەی.

هەربۆیە لە بوخاریدا هاتووە[١]، عائیشە رضي الله عنها کاتێك بوهتانی بۆ کرا، پەیامبەری خوا ﷺ، فەرموی: ئەی عائیشە ئەگەر تاوانێکت ئەنجامداوە داوای لێخۆشبون لە خوا بکە، لێت خۆش دەبێت، دەڵێ: منیش وتم: ئەی باوکە لە بری من وەڵامی بدەوە، وتی: واللە نازانم چی بڵێم؟ وتم دایکە تۆ

---

(١) حديث ٢٦٦، عن عائشة: «...دَخَلَ رَسُولُ اللَّهِ ﷺ فَجَلَسَ وَلَمْ يَجْلِسْ عِنْدِي مِنْ يَوْمِ قِيلَ فِيَّ مَا قِيلَ قَبْلَهَا، وَقَدْ مَكَثَ شَهْرًا لَا يُوحَى إِلَيْهِ فِي شَأْنِي شَيْءٌ، قَالَتْ: فَتَشَهَّدَ ثُمَّ قَالَ: يَا عَائِشَةُ! فَإِنَّهُ بَلَغَنِي عَنْكِ كَذَا وَكَذَا، فَإِنْ كُنْتِ بَرِيئَةً فَسَيُبَرِّئُكِ اللَّهُ، وَإِنْ كُنْتِ أَلْمَمْتِ بِذَنْبٍ فَاسْتَغْفِرِي اللَّهَ وَتُوبِي إِلَيْهِ، فَإِنَّ الْعَبْدَ إِذَا اعْتَرَفَ بِذَنْبِهِ ثُمَّ تَابَ تَابَ اللَّهُ عَلَيْهِ، فَلَمَّا قَضَى رَسُولُ اللَّهِ ﷺ مَقَالَتَهُ، قَلَصَ دَمْعِي حَتَّى مَا أُحِسُّ مِنْهُ قَطْرَةً، وَقُلْتُ لِأَبِي: أَجِبْ عَنِّي رَسُولَ اللَّهِ ﷺ، قَالَ: وَاللَّهِ مَا أَدْرِي مَا أَقُولُ لِرَسُولِ اللَّهِ ﷺ؟ فَقُلْتُ لِأُمِّي: أَجِيبِي عَنِّي رَسُولَ اللَّهِ ﷺ فِيمَا قَالَ، قَالَتْ: وَاللَّهِ مَا أَدْرِي مَا أَقُولُ لِرَسُولِ اللَّهِ ﷺ؟ قَالَتْ: وَأَنَا جَارِيَةٌ حَدِيثَةُ السِّنِّ لَا أَقْرَأُ كَثِيرًا مِنْ الْقُرْآنِ، فَقُلْتُ: إِنِّي وَاللَّهِ لَقَدْ عَلِمْتُ أَنَّكُمْ سَمِعْتُمْ مَا يَتَحَدَّثُ بِهِ النَّاسُ وَوَقَرَ فِي أَنْفُسِكُمْ وَصَدَّقْتُمْ بِهِ، وَلَئِنْ قُلْتُ لَكُمْ إِنِّي بَرِيئَةٌ -وَاللَّهُ يَعْلَمُ إِنِّي لَبَرِيئَةٌ- لَا تُصَدِّقُونِي بِذَلِكَ، وَلَئِنْ اعْتَرَفْتُ لَكُمْ بِأَمْرٍ -وَاللَّهُ يَعْلَمُ أَنِّي بَرِيئَةٌ- لَتُصَدِّقُنِّي، وَاللَّهِ مَا أَجِدُ لِي وَلَكُمْ مَثَلًا إِلَّا أَبَا يُوسُفَ، إِذْ قَالَ: ﴿فَصَبْرٌ جَمِيلٌ وَاللَّهُ الْمُسْتَعَانُ عَلَى مَا تَصِفُونَ﴾».

وەڵامی بدەوە، ئەویش بەهەمان شێوە، وتی: واللە نازانم چی بڵێم؟ ئەڵێ: وتم واللە ئەگەر سوێندیش بخۆم وبڵێم نەمکردووە -خواش دەزانێت کە نەمکردوە- بڕوا ناکەن، واللە هیچ ناڵێم ئەوە نەبێ کە باوکی یوسف فەرموی: ﴿فصَبْرٌ جَمِيلٌ وَاللَّهُ الْمُسْتَعَانُ عَلَىٰ مَا تَصِفُونَ﴾، پاشان پەیامبەری خوا ﷺ ناوچاوانی عارەقی کرد و وەحی لە ئاسمانەوە دابەزی بۆ پەیامبەری خوا ﷺ سەبارەت بە ئەستۆ وداوێن پاکی عائیشە، لە ١١ ئایەتدا لە سورەتی النور.

﴿وَجَاءَتْ سَيَّارَةٌ فَأَرْسَلُوا وَارِدَهُمْ فَأَدْلَى دَلْوَهُ قَالَ يَا بُشْرَى هَٰذَا غُلَامٌ وَأَسَرُّوهُ بِضَاعَةً وَاللَّهُ عَلِيمٌ بِمَا يَعْمَلُونَ﴾

یانی: «جا کاروانێك بەو ڕێگایەدا هاتن ولای بیرەکە لایاندا، ئاوهێنەرەکەیان نارد تا ئاویان بۆ بهێنێت، ئەویش سەتڵ ودۆڵەکەی شۆڕکردە نێو بیرەکەوە بە مەبەستی دەرهێنانی ئاو، لە کاتی هەڵکێشانی دۆڵچکەکەیدا، یوسف دەستی گرتووە بەو حەبلەی شوڕکراوەتەوە، ئیتر کە منداڵێکی بینیوە، لە خۆشیان وتی: ﴿قَالَ يَا بُشْرَىٰ هَٰذَا غُلَامٌ﴾ مژدە بێت ئەوە منداڵێکە».

١٧. بۆیە: ﴿وَأَسَرُّوهُ بِضَاعَةً﴾ «وشاردیانەوە وکردیان بە کاڵا بۆ بازرگانی کردن». ئەم ئایەتە دوو تەفسیر دەکرێت:

**یەکەم:** ئەوەیەکە، کە مەبەست لە «واو»ەکە براکانی یوسفە و«هاء»ەکەش بۆ یوسف دەگەڕێتەوە، واتە: براکانی یوسف، یوسفیان شاردەوە کە برایانە وکردیان بە کاڵایەك بۆ بازرگانی کردن. یوسفیش ئەوەی شاردەوە نەوەك براکانی بیکوژن، وفرۆشتنەکەی پێباشتر بوو، ئیتر بەو کاروانەیان وت بەندەیەکمان هەیە ودەیفرۆشین، وئەوانیش وتیان: مژدە بێت ئەوە منداڵێکە دەیفرۆشن، ئیتر فرۆشتیان.

یانی: براکانی یوسف هاتوون وچاوەڕێیان کردوە تا ئەم کاروانە هاتووە ویوسفیان دەرهێناوە، ئەوانیش هاتوون بۆلای کاروانەکە وپێیان وتون: ئەم منداڵە کۆیلەی ئێمەیە وڕایکردوە، کەوایە پێتان دەفرۆشین؟ الله أعلم، ئەکرێ وایان کردبێت. بەڵام ئەم کارەش تاوانێکی بچوك نیە، چونکە پەیامبەری خوا ﷺ دەفەرموێ[1]: «خوای گەورە دەفەرموێ «سێ کۆمەڵ هەیە لە ڕۆژی قیامەتدا خۆم دژیان دەبمەوە:

(١): پیاوێك عەهد وپەیمانێك بدات وناوی منی لەسەر بهێنێ وبڵێ: خوا شاهیدە، یا خوا وەکیلە، یا خوا لە نێوانمان بێت، کەچی پاشان

(١) عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ، عَنْ النَّبِيِّ ﷺ: قَالَ: قَالَ اللَّهُ عز وجل: ثَلَاثَةٌ أَنَا خَصْمُهُمْ يَوْمَ الْقِيَامَةِ رَجُلٌ أَعْطَى بِي ثُمَّ غَدَرَ وَرَجُلٌ بَاعَ حُرًّا فَأَكَلَ ثَمَنَهُ وَرَجُلٌ اسْتَأْجَرَ أَجِيرًا فَاسْتَوْفَى مِنْهُ وَلَمْ يُعْطِ أَجْرَهُ» صحيح البخاري (٢١١٤) و(٢١٥٠).

بیشکێنیٚ وغەدر بکات ونەیباتە سەر، ئەو کەسە خۆم دژیان دەبمەوە لە ڕۆژی قیامەت.

(٢): پیاوێك کەسێکی ئازاد بکاتە کۆیلە وبیفرۆشیٚ وپارەکەی بخوات. وەکو یوسف کە ئازادی کوڕی ئازادی کوڕی ئازادی کوڕی ئازادە، کەچی براکانی وەکو کۆیلە دەیفرۆشن. ئەمەش مەبەستی ئێمە بوو.

(٣): کەسێك کرێکارێك بهێنیٚ وئیشەکەی بەڕێکی بۆ بکات، پاشان حەق وپاداشتەکەی خۆی پێنەدات)).

١٨. براکانی یوسف بەم کارەیان دوو خۆشەویستیان لەیەکتر کردەوە، پەیامبەری خواش ﷺ دەفەرمویٚ[1]: ((باشترین بەندەکانی خوا ئەو کەسانەن کە دەبینرێن، زیکری خوا بکریٚ، وخەڵك خوای بیربکەوێتەوە))، وەکو لە سەعیدی کوڕی موسەیبەوە –یان غەیرە ئەوە- دەگێڕنەوە: کاتێك خەڵك بینیویەتی یادی خوایان کەوتۆتەوە، وتویانە: سبحان الله، سبحان الله, جا پەیامبەر ﷺ فەرموی: ((وخراپترین بەندەکانی خوا ئەوانەن کە قسە دێنن ودەبەن، خەڵك دەدەن بە گژ یەکدا، ئاژاوە وفیتنە دەنێنەوە، ئەوانەی کە خۆشەویستەکان لە یەکتری جیادەکەنەوە)) وەك چۆن براکانی یوسف، یوسف

(١) عن عبدالرحمن بن غنم، مرفوعا: «خيارُ عبادِ اللهِ الَّذينَ إذا رُؤُوا ذُكِرَ اللهُ، وشِرارُ عبادِ اللهِ المشَّاؤونَ بالنَّميمةِ، المُفرِّقونَ بينَ الأحِبَّةِ، الباغونَ للبُرَآءِ العَيبَ». أخرجه أحمد (٢٢٧/٤)، انظر: صحيح الترغيب: ح: (٢٨٢٤)، والسلسلة الضعيفة: ح: (١٨٦١).

وباوكیان لە یەكتر جیاكردەوە، لە كاتێكدا باوكی ئەوەندەی خۆشدەویست، نەیدەهێشت لەماڵ بڕواتە دەرەوە، مەگەر بۆ پێویستی، كەچی دێن وئەو دوو خۆشەویستە لەیەك دەكەن، پاشان ئەفەرموێ: «وئەوانەچ كە دەڕۆن بەدوای عەیب وعاری خەڵكیدا دەگەڕێن «الباغونَ للبُرآءِ العنت»»». ئەوە تەفسیرێكی ﴿وَأَسَرُّوهُ بِضَاعَةً﴾.

**تەفسیری دووەم:** مەبەست لە «واو»ەكە ئاودەرهێنەرەكە وهاوڕێكانیەتی، یانی: ئاودەرهێنەرەكە یوسفی بینیوە، لە باقی كاروانەكەیان شاردۆتەوە، بۆچی؟ تا ئەو پارەیەی لە فرۆشتنی یوسف وەك كۆیلە دەستیان دەكەوێت، بە تەنها بۆ خۆیان بیبەن.

**تەفسیرێكی تریش هەیە:** وهەڵی دەگرێ، ئەوەیە: كاروانەكە، هەواڵی دۆزینەوەی یوسفیان شاردۆتەوە لە خەڵكی ئەو دەورەبەرە، بۆچی؟ نەوەك كەس بڵێ هی منە وخۆی بكات بە خاوەنی. ئەم دوو ڕایەش راجحتر وپەسەندترە -واللە أعلم-، بەتایبەت ڕای كۆتایی.

﴿وَاللَّهُ عَلِيمٌ بِمَا يَعْمَلُونَ﴾ «خوا زانایە بەوەی دەیكەن، زۆر باش ئاگادارە كە كارێكی چەند خراپ دەرهەق بە یوسف دەكەن وچۆن دەیفرۆشن».

﴿وَشَرَوْهُ بِثَمَنٍ بَخْسٍ دَرَاهِمَ مَعْدُودَةٍ وَكَانُوا فِيهِ مِنَ الزَّاهِدِينَ﴾

ئیتر ئەم کاروانە یوسفیان بردۆتە مەزادی کۆیلەکان، لەوێدا سوفیان ((بە نرخێکی زۆر کەم فرۆشتووە)) ﴿دَرَاهِمَ مَعْدُودَةٍ﴾ ((بە چەند درهەمێکی کەم))، ئەمانە هەموی لە فەزڵ وگەورەیی یوسفە، چونکە بەهەر چەند یوسف بفرۆشی هەر کەمە، یان بەو واتایەی: مەبەستیان بوو لە کۆڵی خۆیانی بکەنەوە وپارەکیان دەست بکەوێت، با کەمیش بێت، چونکە دۆزراوە بوو وهیچ زەرەرێکیان لێنەدەکرد. وئەفەرموێ: ﴿وَكَانُوا فِيهِ مِنَ الزَّاهِدِينَ﴾ ((ڕەغبەتیان لە مانەوەی یوسف نەبوو لەگەڵیاندا، وحەزیان دەکرد لە کۆڵی خۆیانی بکەنەوە وخۆیانی لیّ نجات بدەن))، چونکە ﴿الزَّاهد في الشيء﴾ ئەو کەسەیە ڕەغبەتی لە شتەکە نەبێت وحەزی لێناکات. ئەمەش بۆچی؟ چونکە دۆزراوە بوو، دۆزراوەش گوێی پێنادرێت بە چەند بفرۆشرێت.

١٩. ئەم ئایەتە ئاماژەی بۆ ئەوە تێدایە -هەر وەك لە مێژووش هاتووە-: میسر بازاڕ یان مەزاد یان مەیدانی کۆیلە فرۆشتنی تێدابووە، وەك چۆن ئێستا مەیدانی ئاژەڵان هەیە، ئاواش مەیدانی کۆیلە هەبووە، ولە مێژودا هاتووە کەوا مەیدانەکە بە شتێك دەورە دراوە وەك خشت یان دار، بۆ ئەوەی کۆیلەکان ڕانەکەن، وشوێنی ئافرەت و پیاو وگەنج وپیر ومنداڵ جیاکراوەتەوە، بە هاتنی ئیسلام ودانانی چەند هەنگاوێك وای کرد کۆیلایەتی نەمێنێ یان با بڵێم کەمبێتەوە.

سەرنج بدەن هەر پیاوێك لە مانگی ڕەمەزاندا ولە كاتی بە ڕۆژوبوندا ئەگەر لەگەڵ خێزانی خۆیدا جوت بوو، ئەوا لەسەری پێویستە كۆیلەیەك ئازاد بكات[١]، هەروەها ئەگەر سوێند بخۆیت وبیشكێنی دەبێ كۆیلەیەك ئازاد بكەیت[٢]، ولە فەرمودەدا هاتووە كەوا هەر كەسێك كۆیلەیەك ئازاد بكات ئەوا هەر ئەندامێكی ئەو كۆیلەیە ئەندامێكی ئەو كەسە لە ئاگری دۆزەخ ئازاد دەكات[٣]، بۆیە ئەگەر تەماشای مێژو بكەیت لەو سەردەمانەی دواییدا ڕۆژ بە ڕۆژ كۆیلایەتی لەناو كۆمەڵگای ئیسلامیدا بەرەو كەمبونەوە

---

(١) عن أبي هريرة: «بينما نحن جلوس عند النَّبيِّ ﷺ إذ جاءه رجل، فقال: يا رسول الله هلكتُ، قال: ما لك؟ قال: وقعتُ على امرأتي وأنا صائم، فقال رسول الله ﷺ: هل تجد رقبة تعتقها؟ قال: لا، قال: فهل تستطيع أن تصوم شهرين متتابعين؟ قال: لا، فقال: فهل تجد إطعام ستين مسكيناً؟ قال: لا، قال: فمكث النَّبيُّ ﷺ، فبينا نحن على ذلك أُتي النَّبي ﷺ بعَرَق -أي: قفة كبيرة- فيها تَمْر، قال: أين السائل؟ فقال: أنا، قال: خذها فتصدَّق به، فقال الرجل: أعلَى أفقر منِّي يا رسول الله؟ فو الله ما بين لابتيها -يريد الحرتين- أهل بيت أفقر من أهل بيتي، فضحك النبي ﷺ حتى بدت أنيابه، ثم قال: أطعمه أهلك. صحيح البخاري، ح:(١٨٣٤) و(١٨٣٥) ومسلم (١١١١).

(٢) قال تعالى: ﴿لَا يُؤَاخِذُكُمُ اللَّهُ بِاللَّغْوِ فِي أَيْمَانِكُمْ وَلَكِنْ يُؤَاخِذُكُمْ بِمَا عَقَّدْتُمُ الْأَيْمَانَ فَكَفَّارَتُهُ إِطْعَامُ عَشَرَةِ مَسَاكِينَ مِنْ أَوْسَطِ مَا تُطْعِمُونَ أَهْلِيكُمْ أَوْ كِسْوَتُهُمْ أَوْ تَحْرِيرُ رَقَبَةٍ فَمَنْ لَمْ يَجِدْ فَصِيَامُ ثَلَاثَةِ أَيَّامٍ ذَلِكَ كَفَّارَةُ أَيْمَانِكُمْ إِذَا حَلَفْتُمْ وَاحْفَظُوا أَيْمَانَكُمْ كَذَلِكَ يُبَيِّنُ اللَّهُ لَكُمْ آيَاتِهِ لَعَلَّكُمْ تَشْكُرُونَ﴾ [المائدة:٨٩].

(٣) عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ، عَنْ النَّبِيِّ ﷺ قَالَ: «مَنْ أَعْتَقَ رَقَبَةً مُسْلِمَةً، أَعْتَقَ اللَّهُ بِكُلِّ عُضْوٍ مِنْهُ عُضْوًا مِنْ النَّارِ، حَتَّى فَرْجَهُ بِفَرْجِهِ»، صحيح البخاري، ح: (٦٧١٥)، وصحيح مسلم، ح: (١٥٠٩).

ڕۆیشتوە، ئەمە وتەی دادگەرانەیە بە خیلافی: ئیسلام کۆیلایەتی ئیقرار نەکردوە.

بەڵام لەکاتی ئێستادا کۆیلایەتی لەژێر ناونیشانی تردا لە ناو کۆمەڵگادا پەرەی سەندوە، وەك یاریزانەکان کە بەڕاستی جۆرێك لە کۆیلایەتی پێوە دیارە، هەروەها وەك ئەو خەڵکانەی کەوا بوون بە کۆیلەی ئەو بەناو پیاوچاکانە کە وەکو کۆیلایەتی جاران، کۆیلایەتیان بۆ دەکەن.

﴿وَقَالَ الَّذِي اشْتَرَاهُ مِنْ مِصْرَ لِامْرَأَتِهِ أَكْرِمِي مَثْوَاهُ عَسَى أَنْ يَنْفَعَنَا أَوْ نَتَّخِذَهُ وَلَدًا وَكَذَلِكَ مَكَّنَّا لِيُوسُفَ فِي الْأَرْضِ وَلِنُعَلِّمَهُ مِنْ تَأْوِيلِ الْأَحَادِيثِ وَاللَّهُ غَالِبٌ عَلَى أَمْرِهِ وَلَكِنَّ أَكْثَرَ النَّاسِ لَا يَعْلَمُونَ﴾

پاشان رب العالمین، باسی ئەو کەسە دەکات کە یوسفی کڕیوە، دەفەرموێ: «ئەوەی کە لە میسر کڕی، بە خێزانەکەی وت: ڕێز لەم منداڵە بگرە وشوێنی مانەوەیی وحەوانەوەی چاك بکە»، چونکە: «المثوى: هو مكان الإقامة والاستقرار»، ﴿عَسَىٰ أَنْ يَنْفَعَنَا﴾ بەڵکو سودێکی بۆمان هەبێ، ﴿أَوْ نَتَّخِذَهُ وَلَدًا﴾ یان بیکەین بە منداڵی خۆمان.

ئەو کەسەی یوسفی کڕی کێیە؟ ئەو کەسە عەزیزی میسر ودەسەڵاتدارەکەیەتی، وئەڵێن پلەی وەزیری هەبووە، سەبارەت بە ناوی، ئەڵێن: ناوی «قوتفیر=قُطْفِیر»ە، ئەشڵێن: ئیتفیر. خێزانەکەشی، ئەڵێن: ڕاعیلی کچی ڕاعیلە، وئەشڵێن: ناوی زوڵەیخایە وەکو لە هەندێك ڕیوایەتی

ئیسرایلیدا هاتوه، بەڵام لە فەرمودەی ڕاستدا جێگیر نەبووە کە ئەو ناوانەی هەبووبێت.

٢٠. وا دەردەکەوێت -والله أعلم- منداڵیان نەبوو بێت.

٢١. ئیبن مەسعود ئەڵێ[(١)]: ((سێ کەس فیراسەتیان لە هەرکەسێك بەهێزتر بووە))، -پێشتریش باسی فیراسەت وئیلهامان کرد-، ((عەزیزی میسر، کە بەخێزانەکەی دەڵێ: ﴿ڕێزی لێبگرە، بەشکو سودی بۆمان هەبێت، یان بیکەینە منداڵی خۆمان﴾، یانی کە سەیری یوسف دەکات بەدەم وچاویدا گومان دەبات منداڵێکی چاك بێت، ((دووەمیش: ئەو ئافرەتەی کە لە ناوچەی ((مەدیەن)) بە باوکی وت: ﴿ئەی باوکە، ئەم کەسە بەکرێ بگرە، چونکە باشترین کەسێك بە کرێ بگیرێ، ئەوەیە کە بەهێز ودەستپاك بێت))، وموساش هەم بەهێز بوو وهەم ئەمینیش بوو، کەچی موساش ناناسێ ونازانێ پەیامبەری خوایە وپیاوێکی وایە، بەڵکو تەنها بە فیراسەتی خۆی، ((سێیەم: ئەبوبەکری سدديق بوو، کاتێك کە عومەری خستە شوێنی خۆی)).

---

(١) قال ابن مسعود ﵁: «أفرس الناس ثلاثة: العزيز في يوسف، حيث قال لامرأته: ﴿أَكْرِمِي مَثْوَاهُ عَسَى أَنْ يَنفَعَنَا أَوْ نَتَّخِذَهُ وَلَدًا﴾ [يوسف:٢١]، وابنة شعيب حين قالت لأبيها في موسى: ﴿اسْتَأْجِرْهُ إِنَّ خَيْرَ مَنِ اسْتَأْجَرْتَ الْقَوِيُّ الْأَمِينُ﴾ [القصص:٢٦]، وأبو بكر في عمر رضي الله عنهما حيث استخلفه، وفي رواية أخرى: وامرأة فرعون، حين قالت: ﴿قُرَّتُ عَيْنٍ لِّي وَلَكَ لاَ تَقْتُلُوهُ عَسَى أَن يَنفَعَنَا أَوْ نَتَّخِذَهُ وَلَدًا﴾ [القصص:٩]». أخرجه الطبري: (١٧٦/١٢)، وابن أبي شيبة: (١٤/ ٥٧٤)، والحاكم: (٣/٢، ٣٤٥ /٩٠) وقال: هٰذَا حديث صحيح على شرط الشيخين ولم يخرجاه.

هەروەها لەوانەی تریش بەناوبانگن بە فیراسەت: عومەری کوڕی خەتتاب، شافیعی رضي الله عنهم.

﴿أَوْ نَتَّخِذَهُ وَلَدًا﴾ ((یان بەشکو بیکەینە کوڕی خۆمان)).

**٢٢.** ئەمەش ((تَبَنِّي)) ((بە کوڕ خۆکردن))ی پێدەوترێت، یانی کەسێك بکەیتە منداڵی خۆت، وئیسلام هات ڕێگری لەم شتە کرد.

لەوانە: زەیدی کوڕی حاریسە، پێیان دەوت: زەیدی کوڕی موحەممەد، جا خوای گەورە نەهیکرد لەمە، ﴿مَّا كَانَ مُحَمَّدٌ أَبَا أَحَدٍ مِّن رِّجَالِكُمْ وَلَٰكِن رَّسُولَ اللَّهِ وَخَاتَمَ النَّبِيِّينَ﴾ ((موحەممەد باوکی کەستان نیە، بەڵکو پەیامبەری خوایە وکۆتا پەیامبەرە))، ﴿ادْعُوهُمْ لِآبَائِهِمْ هُوَ أَقْسَطُ عِندَ اللَّهِ فَإِن لَّمْ تَعْلَمُوا آبَاءَهُمْ فَإِخْوَانُكُمْ فِي الدِّينِ وَمَوَالِيكُمْ﴾ [الأحزاب:٥]، ((بەڵکو بەناوی باوکیانەوە بانگیان بکەن، نەك بەناوی ئەوانەی کردویانن بە کوڕی خۆیان، خۆ ئەگەر باوکانیانتان نەدەناسی ئەوە برای دینیتانن))، هەروەك خوای گەورە لە سورەتی ((الأحزاب))دا ڕونیکردۆتەوە.

خوای گەورە دەفەرموێ: ﴿وَكَذَٰلِكَ مَكَّنَّا لِيُوسُفَ فِي الْأَرْضِ﴾ ((چۆن یوسفمان لە براکانی ڕزگارکرد ولەبیرەکە دەرمان هێنا، ئا بەو شێوەیەش یوسفمان سەقامگیر وجێگیرکرد لەسەر زەویدا -کە مەبەست پێی زەوی میسرە-)).

سەرنج بدەن، براکانی یوسف، یوسف لەبەرچاوی باوکی دور دەخەنەوە، کەچی خوای گەورە یوسف دەخاتە نێو کۆشکی وەزیرێك کە دەستە ڕاستی پادشای میسرە. جوانیان وتوە: «عبدي أنت تريد وأنا أريد وأنا أفعل ما أريد». «بەندەکەم تۆ دەتەوێت ومنیش دەمەوێ، بەڵام ئەوە دەبێت کە من دەمەوێت»

﴿وَلِنُعَلِّمَهُ مِن تَأْوِيلِ الْأَحَادِيثِ﴾ «ئەو جێگیریەمان پێبەخشی تا لەو ماوەیەدا فێری خەو پەرژێنی بکەین، وبە شێوازێکی ڕێك وجوان خەونەکان لێك بداتەوە».

﴿وَاللَّهُ غَالِبٌ عَلَىٰ أَمْرِهِ وَلَٰكِنَّ أَكْثَرَ النَّاسِ لَا يَعْلَمُونَ﴾ «جا خوا زاڵە بەسەر کارەکانیدا، ئەوەی قەزا وقەدەری کردوە دەیباتە سەر وتەواوی دەکات، وهیچ نابێتە ڕێگر وبەربەست، هەر شتێك بیەوێ بیکات دەیکات وهیچ کەسێك ناتوانێ زاڵ بێت بەسەر کارەکانی خوادا، بەڵام زۆربەی خەڵکی ئەمە نازانن».

٢٣. جا لەدوورەوە تەماشای ئەم تەسویرە بکەن: ئەوە براکانی «یوسف»ن، حەسودی بە براکەیان دەبەن کە باوکیان زۆرتر خۆشی دەوێت، بۆیە بە دەستی خۆیان یوسف دەبەن ودەیخەنە ناو بیرەکەوە، وا دەزانن یوسف بێڕێز وبێبایەخی دەکەن، وا دەزانن لە چاوەکان دووری دەخەنەوە، وا دەزانن ئیتر نابێتە جێی بایەخی کەس!! بەڵام ئاگایان لە خۆیان نەبوو یوسفیان نارد

بۆ کۆشکی وەزیر وکۆشکی پاشایەتی! یوسفیان بەڕێزتر وبایەخدارتر کرد، خستیانە بەرچاوان، کردیانە جێی بایەخی وەزیر وپادشا وشانشینێك بە تەواوەتی، دژی مەبەستەکەی ئەوان بەدی هات. ئەگەر براکانی ئەمەیان بزانیایە ئەم کارەیان دەکرد؟! بێگومان نەخێر، چونکە ئەوان دەیانەوێ یوسف لەناوبەرن، بۆیە ﴿وَاللَّهُ غَالِبٌ عَلَىٰ أَمْرِهِ﴾. ئەوەی لای بەندە خەیاڵە لای خوا بەتاڵە، ئەوان وایان دەزانی بەم کارەیان یوسف دوردەخەنەوە، بەڵام یوسفیان نارد بۆ ئەوەی لە کۆشکی وەزیرێکی دەستە ڕاستی پادشای میسردا گەورە ببێت، بەڵکو لەو دێهاتەوە کە یەعقوب ومنداڵەکانی تێدا ژیاوە، خەریکی ئاژەڵداری وکشتوکاڵ بوون، کەچی وەکو ئەوەی بە یوسف بڵێن: برا خۆشەویستەکەمان، تۆ لە هەمومان خۆشەویستتری، خەریکی ئاژەڵداری وکشتوکاڵ ومەینەتی دێهات مەبە، بڕۆ بۆ کۆشکی وەزیری میسر، ببە بە دەستڕاستی پادشا، ببە بەئامروناهی لە میسردا. هەربۆیە ئینسان پێویستە هەمیشە ئاگاداری ئەوە بێت تاوان ئەنجام نەدات بۆ ئەوەی کارێك کە ئەیەوێ بیکات، چونکە خوا بیەوێ شتێك بکات هەر دەیکات وبیەوێتیش شتێك نەبێت نابێت، ﴿وَاللَّهُ غَالِبٌ عَلَىٰ أَمْرِهِ﴾.

بەڵام ﴿وَلَٰكِنَّ أَكْثَرَ النَّاسِ لَا يَعْلَمُونَ﴾ «زۆربەی خەڵکی نازانن، کە خوا بیەوێ کارێك بکات، هەر دەیکات».

٢٤. ئەم چیرۆکە لێکچونێکی تێدایە بە چیرۆکی نەبی موسا ، لە دووڕوانگەوە:

**یەکەم:** لەو ڕوانگەوە، کە موسا  لە ڕوبارەکە دەردەهێنرێت ودەبرێت بۆلای خێزانەکەی فیرعەون لە کۆشکەکەی فیرعەون، هەرکە ژنەکەی فیرعەون «ئاسیا»، موسا  دەبینێ، یەکسەر ئەڵێ: ﴿وَقَالَتِ امْرَأَتُ فِرْعَوْنَ قُرَّتُ عَيْنٍ لِي وَلَكَ لَا تَقْتُلُوهُ عَسَى أَنْ يَنْفَعَنَا أَوْ نَتَّخِذَهُ وَلَدًا﴾ [القصص:٩] «ئەم منداڵە بیلبیلەی چاوی من وتۆیە، نەیکوژن ئەی فیرعەون، بەشکو سودی بۆمان هەبوو، یان کردمان بە منداڵی خۆمان». کە سەرنجی چیرۆکی «یوسف»یشماندا هەمان شتە، کە عەزیزی میسر یوسف دەبینێت پێی سەرسام دەبێت ودەیکڕێت، وبە خێزانەکەشی دەڵێ: ﴿أَكْرِمِي مَثْوَاهُ عَسَىٰ أَن يَنفَعَنَا أَوْ نَتَّخِذَهُ وَلَدًا﴾، «ڕێز لەو منداڵە بگرە وشوێنی شیاوی بۆ دابین بکە، بەڵکو سودمان پێبگەیەنێ یان بیکەین بە منداڵی خۆمان».

**ڕوانگەی دووەم:** کە موسا  لە کۆشك گەورە دەبێ ویوسفیش  بەهەمان شێوە.

﴿وَلَمَّا بَلَغَ أَشُدَّهُ آتَيْنَاهُ حُكْمًا وَعِلْمًا وَكَذَٰلِكَ نَجْزِي الْمُحْسِنِينَ﴾

«جا کە یوسف گەیشتە ئەو پەڕی هێز وتوانا، ئەوسا حیکمەت وزانستمان پێبەخشی، وپاداشتی چاکەکارەکانیش بەم شێوازەی یوسف دەدەینەوە»، یانی: پاشان یوسف گەورە بوو، هەم لە جەستە، هەم لە هێز

وتوانادا وگەیشتە ئەوپەڕی، هەندێك دەڵێن: تەمەنی بووە بە چل ساڵ، هەندێکش: ئەڵێن: سی ساڵ، وتراویشە: گەیشتۆتەوە بالغ بوون وعەقڵ گرتن، ئەوسا: ﴿آتَيْنَاهُ حُكْمًا وَعِلْمًا﴾ «حیکمەتمان پێبەخشی» یان: کردمان بە پەیامبەر، وتراویشە: بریتیە لە هەقپێکان لە گوفتار وکردار، «وزانستیشمان پێبەخشی» لە تێگەیشتنی دروست لەدین، وخەوپەرژێنی ڕێك وتەواو..هتد، ﴿وَكَذَٰلِكَ نَجْزِي الْمُحْسِنِينَ﴾ یانی: چۆن پاداشتی یوسفمان دایەوە، بەو چەشنە پاداشتی هەر چاکەکارێك دەدەینەوە، ﴿هَلْ جَزَاءُ الْإِحْسَانِ إِلَّا الْإِحْسَانُ﴾ «پاداشتی چاکەکاری هەر چاکە لەگەڵکردن نیە »ە.

یوسف لە نارەحەتی وئازاردانی براکانی ڕزگاری دەبێت، ولە ناو بیرەکەش ڕزگاری دەبێت، ولە دەست ئەو کەسانەی شاردیانەوە وبە کۆیلە فرۆشتیان هەر ڕزگاری بوو کە قەدریان نەدەزانی وکەوتە دەست دەسێك قەدری زانی وفەرمانی کرد ڕێزی لێبگیرێ، ئەمانە کۆتایی پێدێت، بەڵام توشی تاقیکردنەوەیەکی گەورە دەبێت، ئەویش ئەوەیە: ژنی عەزیزی میسر شەیدای یوسف دەبێت، وحەز لە یوسف دەکات وحەزێکی بێ ئەندازە!

﴿وَرَاوَدَتْهُ الَّتِي هُوَ فِي بَيْتِهَا عَنْ نَفْسِهِ وَغَلَّقَتِ الْأَبْوَابَ وَقَالَتْ هَيْتَ لَكَ قَالَ مَعَاذَ اللَّهِ إِنَّهُ رَبِّي أَحْسَنَ مَثْوَايَ إِنَّهُ لَا يُفْلِحُ الظَّالِمُونَ﴾

«ئەو ئافرەتەی کەوا یوسف لە ماڵیاندا بوو، داوای زۆری لە یوسف کرد کە خۆی بە دەستەوە بدات، وئەو کارەی لەگەڵ بکات کە پیاو لەگەڵ خێزانی خۆی دەیکا، ودەرگاکانی هەمووی داخست، دەرگایەکی زۆر، و وتی: ئەوە من لەبەردەستم وخۆم ئامادەکردوە، وخێرا بکە وڕامەوەستە ودەست پێبکە». هەندێك دەڵێن: حەوت دەرگا بووە.

٢٥. ﴿وَرَاوَدَتْهُ﴾ لە ئەسڵی زمانی عەرەبیدا، موفاعەلەی «راد یرود»ە، ئەگەر بێت وبڕوا[١]، یانی: جار لەدوای جار داوای شتێك بکرێت ولە بەرامبەردا ڕازی نەبن، کاتێك لەم وشەیە ڕادەمێنی هەست بەوە دەکەیت ئەم ئافرەتە زۆر هەوڵی داوە، زۆر خۆی ڕازاندۆتەوە بۆ یوسف، وبە زۆر هۆکار وزۆر ڕێگا ویستویەتی لەخشتەی بەرێ، بەوەی کە ئافرەتان دەیکەن بۆ لەخشتە بردنی پیاوان زۆری کردووە.

٢٦. **یوسف ﷺ دوو حەقی لەسەرە:**

**یەکەم:** حەقی خوا ﷻ.

**دووەم:** حەقی ئەوەی کە لەم ماڵەدا گەورە بووە. هەقی خاوەن ماڵەکە.

بۆیە حەقی هەردوکیانی لە بیر ناچێت ودەڵێ: ﴿قَالَ مَعَاذَ اللَّهِ﴾ «پەنا بەخوا دەگرم بە پەناگرتن لەوەی کە تۆ لە منی داوا دەکەی، چونکە لە دین

(١) ینظر: تفسیر الزمخشري.

ومافی خوایە دژە))، ئەمە حەقی خوا ﷻ، پاشان فەرموی: ﴿إِنَّهُ رَبِّي أَحْسَنَ مَثْوَايَ﴾ ((سەییدەکەی من ((مێردەکەی تۆ)) خزمەتی کردوم وڕێزی لێناوم، چۆن خیانەتی لێدەکەم؟!)) ئەمەش حەقی خاوەنماڵەکە.

٢٧. ئەمەش سودی ئەوەی تێدایە، کە مرۆڤ چاکەی چاکەکاری لەپێش چاو بێت، وەکو شافیعی ؒ ئەڵێ: ((ئینسانی چاك ونەجیبزادە لەگەڵ چاك بوونی یەك ساتی لەبیر ناچێت))، جا ئەوەتانێ یوسف لەو ماوە زۆرەی ژیانی، یەکەم قسەی عەزیزی میسری لەبیر نەچووە، کە بە خێزانەکەی خۆی وتووە: ﴿أَكْرِمِي مَثْوَاهُ عَسَى﴾ ((ڕێز لەم منداڵە بگرە))، ئەمیش لەبەرامبەردا دوای چەندەها ساڵ، ئەڵێ: ﴿إِنَّهُ رَبِّي أَحْسَنَ مَثْوَايَ﴾ ((سەییدەکەم ڕێزی لێگرتم، جا چۆن دەتوانم خیانەتی لێبکەم)).

٢٨. ئەمەش بەڵگەیە لەسەر ئەوەی هەر کەسێك زینا لەگەڵ ئافرەتێك بکات، خیانەتی لە پیاوەکەی کردووە، بە پێچەوانەی یاساکانەوە کە بە تاوانی نازانن، مەگەر لە ماڵی خۆیدا بێت.

٢٩. ئەمەش بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە: دروستە موسڵمان لەبەر خوا ولەبەر شتی تریش تاوان ئەنجام نەدات.

٣٠. هەروەها بەڵگەشە لەسەر زیانەکانی تێکەڵاویکردن وتەنها کەوتن. چونکە ئەم ئافرەتەی لەگەڵ یوسفدا لەیەك ماڵدا ژیاوە، وئەو هەموو هاتوچۆکردنەی یوسف دەبینێ کە بە بەرچاویەوە دێت ودەڕوا، ئەمانەش

ئەبنە فیتنە وهۆكاری فیتنەن، ئەم ئافرەتە خۆی پێڕاناگیرێ. دەگێڕنەوە ئافرەتێكی دەشتەكی ئازاد هەبووە، ڕۆژێك لەگەڵ یەكێك لە كۆیلەكانی خۆیدا زینای كردوە، پێی دەڵێن: ئەی ئافرەت تۆ كە هەر زینات دەكرد بۆ لەگەڵ ئازادێكدا نەتكرد، ئەویش وتویەتی: زۆر لەگەڵ یەكبوین، وزۆریش بە بەردەمدا دەهات ودەچوو، ونزیكی جێگەكەمان لەیەكەوە. بۆیە پەیامبەری خوا ﷺ دەفەرموێ: «أَلا لا يَخْلُوَنَّ رَجُلٌ بِامْرَأَةٍ، فَإِنَّ ثَالِثَهُمَا الشَّيْطَانُ»[١]، ولەلای بوخاری وموسلیمدا ئەفەرموێ: «لا يَخْلُوَنَّ رَجُلٌ بِامْرَأَةٍ إِلا وَمَعَهَا ذُو مَحْرَمٍ»[٢]، ولە موسنەدی ئیمام ئەحمەددا ئەفەرموێ: «مَنْ كَانَ يُؤْمِنُ بِاللَّهِ وَالْيَوْمِ الْآخِرِ فَلَا يَخْلُوَنَّ بِامْرَأَةٍ لَيْسَ مَعَهَا ذُو مَحْرَمٍ مِنْهَا فَإِنَّ ثَالِثَهُمَا الشَّيْطَانُ»[٣]، واتە: «با هیچ ژن وپیاوێك تەنها ناكەون، چونكە شەیتان سێیەمیانە» تەنها كەوتنیش بە كۆدەنگی زانایان حەڕامە.

خوا وپەیامبەرەكەی ﷺ دەفەرمون تێكەڵاویكردن وتەنها كەوتن حەرامە، بەڵام كۆمەڵێك لەوانەی ئەمڕۆ كە بانگەشەی مافی ئافرەت دەكەن،

---

(١) عن عمر بن الخطاب، فقال: «يا أيها الناس إني قمت فيكم كمقام رسول الله ﷺ فينا، فقال: ... ألا لا يخلوَنَّ رجلٌ بامرأةٍ إلَّا كانَ ثالثَهما الشَّيطانُ..». أخرجه الترمذي، ح: (٢١٦٥)، وقال: «حسن صحيح غريب»، وقال الحاكم: «صحيح على شرط الشيخين». ووافقه الذهبي، وقال الألباني: وهو كما قالا. والحمد لله.

(٢) صحيح البخاري، ح: (٥٢٣٣)، وصحيح مسلم، ح: (١٣٤١).

(٣) برقم: (١٤٦٥١)، وفي: (١٥٦٩٦)، بلفظ: «أَلَا لَا يَخْلُوَنَّ رَجُلٌ بِامْرَأَةٍ لَا تَحِلُّ لَهُ فَإِنَّ ثَالِثَهُمَا الشَّيْطَانُ إِلَّا مَحْرَمٍ».

ئەڵێن: قەیدی چیە با تێکەڵ بن!! هەروەك چۆن شەرع دەڵێ: بە شەرم وحەیا بن، ئەوان دەڵێن: شەرم وحەیا نەتانگرێ!! هەروەها شەرع دەڵێ: لەیەك قوتابخانە پێکەوە با نەخوێنن، ئەوان ئەڵێن: با کاریگەریشی لەسەر خوێندن هەبێت وخوێندکار لە دیراسە دوابخات هەربا تێکەڵ بن. تەماشا بکەن خوای گەورە داوای چی دەکات وئەوانەی شوێن شەیتان کەوتون داوای چی دەکەن؟ بەڕاستی لەنەمانی غیرەتە کە برا وبراژن پێکەوە دادەنیشن بەتەنها ولە ماڵێکی چۆڵ، کاتێك پەیامبەری خوا ﷺ فەرموی: «إِيَّاكُمْ وَالدُّخُولَ عَلَى النِّسَاءِ!» فَقَالَ رَجُلٌ مِنَ الأَنْصَارِ: أَفَرَأَيْتَ الحَمْوَ؟ قَالَ: «الحَمْوُ المَوْتُ!»[(١)]. واتە: «ئامان! مەڕۆنە ژوورەوە بۆلای ئافرەتان وتەنها کەون لەگەڵیدا، پیاوێك وتی: ئەی چی ئەفەروی لەبارەی کەسوکاری پیاوەوە، وەکو براکەی وکوڕی براکەی وئامۆزاکەی وهتد..؟ فەرموی: «مردن لەوە باشترە».

جا وریا بن وتەنها کەوتن وتێکەڵاوی حەرامە، یوسف ؑ خۆی گرت، خۆ هەموو کەس پەیامبەر نیە ویوسف نیە! یوسف دەستی نەبرد، خۆ هەموو کەس یوسف نیە تا دەست نەبات.

ئەفەرموێ: ﴿الَّتِي هُوَ فِي بَيْتِهَا﴾ واتە: «ئەو ئافرەتە موراوەدەی یوسفی کرد، کە یوسف لەماڵیان بوو»، کەواتە ماڵی خۆیەتی، بۆیە پێویست بوو

---

(١) متفق عليه، «الحَمْو»: قَرِيبُ الزَّوْجِ كَأَخِيهِ، وابْنِ أَخِيهِ، وَابْنِ عَمِّهِ. انظر: رياض الصالحين.

وەکو کوڕی خۆی هەڵسوکەوتی لەگەڵ بکردایە، نەك بە چاوێکی ترەوە تەماشای بکات، وهەوڵی زینا بدات.

٣١. ناوێشی ناهێنێ، بۆ ئەوەی ستری بکات وداپپۆشێ وتەشهیری پێنەکات، ئەمەش ئەدەبێکی بەرزە کە لە هەمو قورئان بەدی دەکرێت، وپێویستە موسڵمانان چاوی لێبکەن. -خوا ویستی هەبێ- لەوەو دوا زیاتر لەسەر ئەم خاڵە ڕادەوەستین.

٣٢. کە باسی شوێنەکەش دەکات، کە ماڵی ئافرەتەکەیە، بۆ ئەوەی زیاتر پاکێتی یوسف بسەلمێنێت.

٣٣. ئەمەش لە دوو ڕوەوە زیاتر ڕوون دەبێتەوە:

**یەکەم:** پیاوی داوێن پیس، ناوێرێ پەلاماری ئافرەتێك بدات لە ماڵی ئافرەتەکەدا. چ جای ئەوەی ئەگەر کۆیلە بێت.

**دووەم:** سەرباری ئەوەی ماڵی ئافرەتەکەشە وخۆی داوای کردوە وزیاتر پیاو پێی فریو دەخوات ومەترسی کەمتر لەسەر دروست دەبێت، کەچی پشتی لێدەکات ووەڵامی داواکاریەکەی ناداتەوە.

ئەشفەرموێ: ﴿عَن نَّفْسِهِ﴾ وەکو ئەوەی کە یوسف بەری بێت، مەیدانی پاك بێت، وهیچی نەکردبێت.

﴿وَغَلَّقَتِ الْأَبْوَابَ﴾ ((ودەرگایەکی زۆریشی داخست))، و﴿وَقَالَتْ هَيْتَ لَكَ﴾ ((وتی: ئەوە من ئامادەم، دەسا وەرە پێشەوە وڕامەوەستە))، بەڵام نبی

الله يوسف ﷺ، وەك ئەم ئافرەتە نیە كە بورهانی شەیتانی بینیوە، ودەرگا دادەخات وداوای خراپە دەكات، وئەمیش دەست پێشخەرە.

٣٤. لێرەشدا هەندێك دەڵێن: ﴿وَرَاوَدَتْهُ﴾ بەڵگەیە لەسەر ئەوەی لە كاری زینادا، زۆرجار ئافرەت دەستپێشخەرە، هەروەها بەڵگەیەكی تر بۆ ئەوەی ئافرەت دەستپێشخەرە لەكاری زینادا ئەو ئایەتەی خوای گەورە دەهێننەوە: كە خوای مەزن باسی زیناكەر وسزادانیان دەكات دەفەرموێ: ﴿الزَّانِيَةُ وَالزَّانِي فَاجْلِدُوا كُلَّ وَاحِدٍ مِّنْهُمَا مِائَةَ جَلْدَةٍ﴾ «ئافرەتی زیناكەر وپیاوی زیناكەر هەریەكەیان سەد قامچییان لێبدەن، ئەگەر سەلمێنرا زینایان كردووە، بەمەرجێ ئافرەتەكە شوی نەكردبێ وپیاوەكە ژنی نەهێنابێ»، تەماشای ئایەتەكە بكە دەبینی خوای گەورە ئافرەتی پێشخستووە، بۆیە وتویانە: زۆر جار ئافرەت دەستپێشخەرە بۆ كاری زیناكردن، ئەگەر هەندێ دەرگا ئافرەت بیبەستێ زیناش دروست نابێ، هەندێ جاریش ئیمكانی هەیە پیاوان هۆكار بن بۆ دروست بوونی كاری زینا.

﴿إِنَّهُ لَا يُفْلِحُ الظَّالِمُونَ﴾ «ئەوانەی كەوا سنورەكان دەبەزێنن، ستەم دەكەن، بە بەزاندنی سنورەكان وئەو هێڵانەی خوا دایناوە: فەرمویەتی لێی مەپەڕنەوە، ئەوان تێیدەپەڕێنن، ئەوا ئەو كەسانە سەرفرازی دوارۆژ نابن، لە دنیاشدا سەركز وسەر شۆڕ دەبن، وبە ئاسودەیی ناژین، بە «فەلاح»ی ناژین»، «فلاح»یش وشەیەكە، لە زمانی عەرەبیدا ئەوەندە بەهێزە بە یەك

وشه هاوواتا ((مرادف))ی نییه، فەلاحیش یانی: ((سەرفرازی، سەرکەوتن، بردنەوە، گەیشتن بە ئامانج، زەفەربردن بە مەبەست، هتد...)).

ورد بوونەوەی زیاتر لەم ئایەتانە حەقیقەتی زیاترت بۆ ڕون دەکەنەوە.

﴿وَلَقَدْ هَمَّتْ بِهِ وَهَمَّ بِهَا لَوْلَا أَنْ رَأَى بُرْهَانَ رَبِّهِ كَذَلِكَ لِنَصْرِفَ عَنْهُ السُّوءَ وَالْفَحْشَاءَ إِنَّهُ مِنْ عِبَادِنَا الْمُخْلَصِينَ﴾

((سوێند بێت، ژنەکەی عەزیز یەکلا بووەوە کە بە ڕاستی لەگەڵ یوسف دا زینا بکات))،

٣٥. ﴿هَمَّ﴾ یەکێکە لە پلەکانی نیەت لە دڵدا، یانی: هەر مەبەستێك لەناو دڵدا بە پینج قۆناغ تێدەپەڕێ تا دەبێتە کردار، یانی لەکارگە تا دەردەچێت ودەکرێتە قوتو بە پێنج قۆناغدا تێدەپەڕێت: ئەو ڕێگایانەش: ((هَاجِس، پاشان: خَاطِر، پاشان: حَدِيثُ النَّفْس، پاشان: هَمّ پاشان عَزْم)). ((هم))یش لێرەدا بەمانای ((عزم))دێت، یانی: ئەو ئافرەتە سوربوو لەسەر ئەوەی زینا لەگەڵ یوسفدا بکات.

مراتب القصد خمس: هاجس　　　　يليه هم فعزم كلها رفعت ذكروا

فخاطر فحديث النفس فاستمعا　　　　إلا الأخير ففيه الإثم قد وقعا

کەواتە: ((هم)) بەوە دەوترێ: بێت بە دڵتدا کارێك بکەی.

((هم))یش دوو جۆرە، جۆرێکیان سوربون ودڵگرێدانە لەسەر کردنی کارەکە، جۆرێکی تریشیان ختورەیەکە، دێت ودەڕوا بەبێ بڕیاردان لەسەر کردنی کارەکە. جا جۆری یەکەمیان لێی دەگیرێت وپێی تاوانی دەگات، جۆری دووەمیشیان: پێی تاوانبار نابێت.

﴿وَهَمَّ بِهَا لَوْلَا أَن رَّأَىٰ بُرْهَانَ رَبِّهِ﴾ ((یوسفیش ((هَمّ))ێك هات بەدڵیدا، کە ئەو کارە لەگەڵ ژنەکەی عەزیزدا بکات، ئەگەر بەڵگەی خوای نەبینیایە، بەڵام بەهۆی بینینی بەڵگەکانەوە لەسەر نەشیاویەتی ئەو کارە، وترسی لە پەروەردگارەکەی، ویارمەتیدانی خوا، بوونە ڕێگر لە کردنی ئەو کارە، ئەوەبوو کە بورهان وبەڵگەی خوای بینی ئەو ((هَمّ))ە نەبوو، وئەوە ڕوینەدا بۆیە بەرەو دەرگاکە ڕایکرد)).

٣٦. کە ئەمە دەبیستی مەترسی وختورەتی فیتنەی ئافرەتت بۆ ڕون دەبێتەوە، پەیامبەری خوا ﷺ دەفەرموێ: ((ما تَركتُ بَعدي فِتنَةً أضرَّ على الرجالِ منَ النساءِ))(١)، ((لەدوای خۆم هیچ فیتنەیەکم بەجێنەهێشتووە، زیانی زیاتر بێت لەسەر پیاوان بە ئەندازەی ئافرەتان))، یانی شتێك زۆربەی جار پیاوان پێوەی گیرۆدە بن، فریو بخۆن، فیتنەی ئافرەتە. بەڵێ، مەترسیدارترین شت لەسەر پیاوانی ئوممەتی موحەممەد ﷺ بریتیە لە:

(١) صحيح البخاري، ح: (٥٠٩٦)، وصحيح مسلم، ح: (٢٧٤٠).

فیتنەی ئافرەت. فیتنەی بەنی ئیسرایلیش هەر لە ئافرەت بوو[1]، هەربۆیە شەرعی خوا کۆمەڵێك ڕێسا ویاسای داناوە بۆ ئەوەی خراپە لە کۆمەڵگادا ڕونەدات یان ئەگەر ڕویدا بە کەمی ڕوبدات ونەبێت بە دیاردە وئاسایی نەبێتەوە، وەکو لە ڕۆژگاری ئەمڕۆدا دەبینی لە وڵاتی موسوڵمانانندا، جاران ئەگەر کەسێك داوێن پیس بوایە چ لە پیاوان وچ لە ژنان، باسدەکران ودەگمەن بوو، بەڵام پەنا بەخوا ئەمڕۆ وای لێهاتووە زینا کردن زۆر بووە، کەسەکان زۆر بون، لەوەدا نەماوە ئاماژە بکەیت بۆ کەسی زیناکەر، چونکە ئەو هۆکارانەی شەرع دایناوە تا زینا ڕونەدات ناگیرێنەبەر، شەرعی خواش شەرعێکە لەگەڵ واقعی خەڵکدا دەگوزەرێ، شەرعێکە لەوپەڕی ژیریدایە، موافیق وڕێکی عەقڵە، بە پێچەوانەی یاسا دەستکردە ئەرزیەکان کە شتی دژ بە عەقڵ وحیکمەتی زۆر تێدایە.

لەشەرعی خوادا: هەر کارێك قەدەغە بێت، ئەوا هەر ڕێگایەك بەرەو ئەو قەدەغەیە بتبات ڕۆیشتن بەو ڕێگایەشدا قەدەغەیە، بەڵام لەیاسا دەستکردەکاندا، زۆر خراپی وپیسی وچەپەڵی هەر ئەسڵەن قەدەغە نیە،

---

(١) عن أبي سعيد الخدري، مرفوعا: «إِنَّ الدُّنيا حُلْوَةٌ خَضِرَةٌ، وإنَّ اللهَ مُسْتَخْلِفُكم فيها فيَنْظُرُ كيف تعملونَ، فاتقوا الدنيا، واتقوا النساءَ؛ فإِنَّ أَوَّلَ فتنةِ بني إسرائيلَ كانت في النساءِ»، صحيح مسلم، ح: (٢٧٤٢).

ئەوانەشی قەدەغەیە، وردەکاری نەکراوە لە قەدغەکردنی ڕێگاکانی ئەو خراپە وچەپەڵیە، یانی: ڕێگاکانی بەرەو تاوان وتاوان وقەدغە نیە.

هەربۆیە لە ئیسلامدا نەزەر کردن چونکە بۆ زینا دەڕوا حەرامە، تەنیاکەوتن هۆکاری زینایە حەرامە، خۆدانەپۆشینی ئافرەت هەر لەبەر ئەو مەبەستە قەدەغەکراوە، چونکە فاحیشە لەناو کۆمەڵگادا بڵاو دەکاتەوە، بۆیە پێویست وفەرزی کردوە ئافرەت خۆی داپۆشێ، وەکو لەچەندین ئایەتدا خوا فەرمانی پێکردوە، لەوانە دەفەرموێ: ﴿وَلْيَضْرِبْنَ بِخُمُرِهِنَّ عَلَىٰ جُيُوبِهِنَّ﴾ «با خیمارەکانیان بدەن بەسەر سەر جیوبەکانیاندا»

خمار کۆکەی: «خُمُر»ە، ئەوەیە: کە ئافرەت سەر وسنگی خۆی پێ دادەپۆشێ، جیوبیش: کۆی «جیب»ە، بریتیە لەو فەتحەیەی سەروی کراسی ئافرەت کە هەندێك لە سنگی وملی دیارە

بە «مەی»یش دەوترێ «خَمْر»، چونکە عەقڵ دادەپۆشێ، بۆیەش «خمار» هاتووە بۆ ئافرەتان، بۆ ئەوەی سەر وملیان تا دەگاتە سنگیان داپۆشێ.

ئەمەشیان کرد ئەوسا لەلایەن خراپەکارانەوە ئازار نادرێن، وەك خوای گەورە باسی «جیلباب» دەکات، دەفەرموێ ﴿يَا أَيُّهَا النَّبِيُّ قُلْ لِأَزْوَاجِكَ وَبَنَاتِكَ وَنِسَاءِ الْمُؤْمِنِينَ يُدْنِينَ عَلَيْهِنَّ مِنْ جَلَابِيبِهِنَّ ذَٰلِكَ أَدْنَىٰ أَنْ يُعْرَفْنَ فَلَا يُؤْذَيْنَ وَكَانَ اللَّهُ غَفُورًا رَحِيمًا﴾ [الأحزاب:٥٩]، «با خێزانەکانی پەیامبەر

وخێزانی ئیماندارانیش، به جیلبابەکانیان لاشەیان داپۆشن» جیلباب: جلوبەرگێکه هەمو لاشەی ئافرەت دادەپۆشێت.

وجوانترین وشایستەترین کەلوپەلێك لەم ڕۆژگارەدا به نمونه بهێنینەوە بۆ واتای «جیلباب» وتەفسیری «جیلباب»ی پێبکەین، بریتیه لە: عابا، «عابای کوردەواری»، ئەو کوردەواریه پڕ حەیا وپڕشەرمەی که عابایەکی پۆشیوە ستری ئافرەتی کردووە وجوانیەکەی داپۆشیوە، بەڵام بەداخەوە گەنجانی ئەمڕۆ لە کچان، لە کولتوری کوردەواری دایك وداپیرانیان لایان داوە بەناوی مۆدێرنەوە، تەماشاکه ڕەوشت لەناو کۆمەڵگادا بەرەو سستبونەوە ولاوازبون وخاوبونەوە دەڕوا، لەکاتێکدا دایکان وداپیرانی جلوبەرگی ئەوەندە پۆشتەیان دەپۆشی تەنانەت پاژنەی پێیان نەدەبینرا، شەرواڵێکی لەپێ دەکرد لە شەڕواڵی پیاوان گەورەتر، پۆشتەتر، ئەستورتر، ولەخوارەوەشی لاستیکێکیان لێدەدا نەوەك شەرواڵەکەیان بەرزببێتەوە وقاچیان دەربکەوێ.

ئەی کچان!! ئەی ئافرەتان!! ئەوەبوو حیشمەت وحەیای دایك ودایپرانتان، لە مێژودا هاتووە ئافرەتانمان تارایان پۆشیوە، ودەموچاویان شاردۆتەوە، هەتاوەکو سالآنی حەفتاکانیش هەرمابوو لە شارەکانی کوردستان.

ئەو حیشمەت وحەیایه نەما بۆیه زینا لەناو کۆمەڵگادا زیادی کرد، نازانم ئەو هەمووە تەکنەلۆژیا وزانست وزانیاریانە، ئەو کوڕ وکچانه هیچیان

سەریان لەوە دەرنەکرد پێشکەوتنێك بۆ وڵاتەکەیان بەدی بهێنن؟! بۆ تەنها دەبێت لە جلوبەرگتان شوێنیان بکەون؟! ئەی بۆ لە پیشەسازیدا شوێنیان ناکەون؟! ئەی لە زانست وتەکنەلۆجیادا بۆ نا؟! ئایا تائێستا بچوکترین ئامێر لە وڵاتانی موسوڵمانان دروستکراوە؟!

ئەی خوێنکارانی زانکۆ! ئەم وڵاتە بەرەو پێشەوە بەرن بە زانست، بەڵام بە پێچەوانەوە ئەمڕۆ لە زانکۆکاندا فەرمانبەران وخوێندکاران تازەترین مودە ومۆزە فێر دەبن، لە مۆدێلی قژ وتازەترین جل و بەرگ.

لە کاتێکدا هەرپێشکەوتنێك لە وڵاتان ڕوبدات، خوێندکارانی زانکۆ ئەنجامدەرین، خوێندکارانی زانکۆ تەنانەت لە وڵاتانی دراوسێشمان مرۆڤی ئالی دروست دەکات، خوێندکارەکانی ئێمەش تا پۆلی شەشە، پێنج فەرزە لە مزگەوتە لەگەڵماندا، کە دەڕواتە زانکۆ ودێتەوە، بڕوای بەخواش نەماوە، لە جیاتی فێربونی عیلم ومەعریفەت، فێری مۆزە دەبێ لە هەندێ شتی دونیا کە پێچەوانەی عورف وعاداتی کوردەواریە، بەڵکو پێچەوانەی ڕەوشت وداب ونەریت وجل وبەرگی باپیران وداپیرانمانە.

بزانن ئەوان بەهۆی بێ ڕەوشتیەوە پێشکەوتو نین وئێمەش بەهۆی ئیسلامەکەمانەوە دوا کەوتو نین!!

هەربۆیە ئەم شەریعەتی ئیسلامە زۆر بە واقیعی وحەقیقەتیانە دەڕوانێ لە ژیان، دەبێ باش ئەوە بزانین کەوا بیّباوەڕان عاقلانە بیرناکەنەوە لە ڕێگری

کردن لەتاوان، بەڵام شەریعەت هەرکارێك بەرەو خراپە بڕوات ڕێگری لێدەکات، لە وڵاتانی بێباوەڕاندا زیناکردن قەدەغە نیە تا ڕێگاکانیشی قەدەغە بێت، هەربۆیە تێکەڵاوی کردنیش قەدەغە نیە.

تەماشای قوتابخانەکانی لای خۆمان بکەن، بەهۆی تێکەڵاویەوە خراپە بڵاوبۆتەوە، ئەوکەسانەی ئاگاداری قوتابخانەکانن ئەو ڕاستیە باشدەزانن، ئێستا بە پێی ڕێنمایی بەڕێوبەرایەتیەکان یان بەڕێوەبەرەکان خۆیان، لە زۆرێك لە قوتابخانەکاندا کامێرای چاودێری دانراوە، ئەی بۆ یەکجار کوڕ وکچ لەیەك جیاناکەیتەوە ورزگارت بێت؟! بۆ ئەو هەموو مەسروفاتە دەکەی بۆ دانانی کامێرای چاودێری؟!

بۆیە لە شەریعەتدا ئەو ڕێگایانەی کەبەرەو خراپە دەڕوا بنبڕدەکرێ، شەریعەت باڵی کەس نابەسێتەوە وبیخاتە ناو دەریاوە وپێی بڵێ: نەخنکێی!! ئەوەی ئەمڕۆ لەڕۆژئاوادا دەبینرێ وەك ئەمە وایەبۆیە.

بێباوەڕان بێ عەقڵن لە زۆر ڕووەوە، لە جەهەنمیشدا دان بە بێعەقڵی خۆیاندا دەنێن ودەڵێن: ﴿لَوْ كُنَّا نَسْمَعُ أَوْ نَعْقِلُ مَا كُنَّا فِي أَصْحَابِ السَّعِيرِ﴾ ئەگەر عەقڵمان هەبوایە وبیرمان بکردایەتەوە ئێستا لێرە نەدەبوین.

تەماشا بکەن! لە ڕۆژئاوا وئەمریکادا حەشیش وتلیاك حەرامە، بەڵام مەی حەرام نیە، لەکاتێکدا هیچ جیاوازیەکیان نیە، بەڵکو هەردوکیان مرۆڤ بێعەقڵ دەکەن، بۆ؟! تەماشا بکەن میلۆنەها خەڵك توشی ئایدز دێ، باشە

بەس نیە بۆ ئەوەی ڕێگری بکرێ لە داوێن پیسی؟! بۆیە کە قورئانەکەی خوا جێبەجێ ناکەن ئەوە ڕودەدات کە ڕویداوە، بەڵام لە ئیسلامدا هەر کارێك ببێتە هۆی توشبونی ملیۆنەها خەڵك بە نەخۆشی ڕێگری لێدەکرێ ئەگەر هەر کارێك بووە!! وسزای هەرکەسێکیش دەدات کە ئەنجامی بدات، لەبەر خاتری ملیۆنەها مرۆڤ. تا توشی نەخۆشیەك نەیەن چارەسەری نیە!!

ئایا ئەمە بێمێشکی وبێعەقڵی نیە؟! بڕۆن بگەڕێن وبکۆڵنەوە بزانن چۆن ملیارەها دۆلار سەرف دەکەن بۆ نەخۆشخانە تایبەتەکان بە ئایدز، ئەو هەموە مەسروفاتە بۆ؟! مردنی ئەو هەمووە خەڵکە بۆ؟! ئەی بۆ یەکجار بنبڕی ئەم خراپەیە ناکەن؟! بەڕاستی ئەو شەریعەتەی خوا پاکە، ئەو هەموو ڕاستییەی کە تێیدا باسکراوە لەلایەن کەسێکی نەخوێندەوارەوە کە موحەممەدە ﷺ، کە ناتوانێ دینێکی ئاوها بهێنێ، کە ڕۆژانە دەبینین وبۆمان دەسەلمێت کە:

شەریعەتەکەی تەواوە.

ئەوەی پیادەی ئەو دینە نەکات کەموکورتی دروست دەبێت.

ەر کۆمەڵگایەك پەیڕەوی ئەو دینە نەکات ئەو هێناویەتی بەرەو هەڵدێر دەڕوات. هەموو ئەمانە سەلمێنەری ئەو ڕاستیەن کە ئەم دینە دینی خوا وشەریعەتی خوایە.

بەڵێ، هەر ڕێگەیەك بەرەو حەرام دەمانبات پێویستە بنبڕی بکەین، بۆیە شەرع تەنها کەوتن لەگەڵ ئافرەت حەرام دەکات، سەرباری دەیان وسەدان ڕوداوی ڕاستەقینە کە هاتۆتە ڕێمان وبیستومانە.

ئەوە یوسفە، پەیامبەری خوایە ﷺ، ئافرەتێك تەماعی تێدەکات ودەیەوێ زینای لەگەڵدا بکات.

﴿وَهَمَّ بِهَا لَوْلَا أَن رَّأَىٰ بُرْهَانَ رَبِّهِ﴾ لێرەشدا ڕاڤەکاران زۆر شت دەڵێن سەبارەت، بەم دوو لەفزە ﴿هَمَّ﴾ و﴿بُرْهَانَ رَبِّهِ﴾ ومن نارۆمە سەر وردەکارییەکانی هەمو ئەو تەفسیرانە، چونکە هەندێکی بەکەڵکی ئەوە نایەت لەسەر مینبەرەوە باسی بکەم.

بەڵام ئەوەی ڕاستە وپەسەندترە لەسەر ﴿وَهَمَّ بِهَا﴾ ئەوەیە کە بێت بەدڵی کەسێکدا بۆ ئەوەی تاوان بکات، وەك لەسەرەتاوە ڕونکردنەوەی زیاترمان بەسکرد.

ئەمەش «واتە: بێت بەدڵی کەسێکدا بۆ ئەوەی تاوان بکات» ئەگەر تاوانەکە ئەنجام نەدات خێری دەگات، وەك لە فەرمودەی قودسی سەحیحدا هاتووە:

«فریشتەکان دەڵێن: پەروەردگار ئەوە بەندەکەتە ئەیەوێ تاوانێك ئەنجام بدات -خۆیشی زاناترە-، پەروەردگار دەڵێ: چاوەڕێی بکەن، ئەگەر

ئەنجامیدا بەیەك خراپە بۆی بنوسن، ئەگەریش ئەنجامی نەدا یەك چاكەی بۆ بنوسن، چونكە لەبەر من وازی لێهێناوە»[(١)].

هەروەها پەیامبەری خوا ﷺ -وەك لە ئەبو كەبشەی ئەنماریەوە هاتووە- دەفەرموێ: «إِنَّمَا الدُّنْيَا لِأَرْبَعَةِ نَفَرٍ، عَبْدٍ رَزَقَهُ الله مَالًا وَعِلْمًا، فَهُوَ يَتَّقِي فِيهِ رَبَّهُ، وَيَصِلُ فِيهِ رَحِمَهُ، وَيَعْلَمُ لِلَّهِ فِيهِ حَقًّا، فَهٰذَا بِأَفْضَلِ الْمَنَازِلِ، وَعَبْدٍ رَزَقَهُ الله عِلْمًا، وَلَمْ يَرْزُقْهُ مَالًا، فَهُوَ صَادِقُ النِّيَّةِ، يَقُولُ: لَوْ أَنَّ لِي مَالًا لَعَمِلْتُ بِعَمَلِ فُلَانٍ، فَهُوَ بِنِيَّتِهِ فَأَجْرُهُمَا سَوَاءٌ، وَعَبْدٍ رَزَقَهُ الله مَالًا، وَلَمْ يَرْزُقْهُ عِلْمًا، فَهُوَ يَخْبِطُ فِي مَالِهِ بِغَيْرِ عِلْمٍ، لَا يَتَّقِي فِيهِ رَبَّهُ، وَلَا يَصِلُ فِيهِ رَحِمَهُ، وَلَا يَعْلَمُ لِلَّهِ فِيهِ حَقًّا، فَهٰذَا بِأَخْبَثِ الْمَنَازِلِ، وَعَبْدٍ لَمْ يَرْزُقْهُ الله مَالًا وَلَا عِلْمًا، فَهُوَ يَقُولُ: لَوْ أَنَّ لِي مَالًا لَعَمِلْتُ فِيهِ بِعَمَلِ فُلَانٍ، فَهُوَ بِنِيَّتِهِ فَوِزْرُهُمَا سَوَاءٌ»[(٢)].

واتە: «حاڵی ئەهلی دوینا وەكو حاڵی ئەم چوار كەسە وایە: ١. كەسێك خوای باڵادەست ماڵ و زانستی پێ بەخشیوە، ئەویش بڕوات تەقوای خوای

(١) عن أبي هريرة،: «قال اللهُ ﷻ: إذا تحدَّثَ عبدِي بأنْ يعملَ حسنةً فأنا أكتبُها لَهُ حسنةً ما لم يعملْ، فإذا عمِلَها فأنا أكتبُها بعشْرِ أمثالِها، وإذا تحدَّثَ بأنْ يعملَ سيئةً فأنا أغفرُها له ما لم يعمَلْها، فإذا عمِلَها فأنَا أكتُبُها لَهُ بمثلِها، وقال رسولُ اللهِ ﷺ قالتْ الملائِكَةُ: ربِّ ذاكَ عبدُكَ يُريدُ أنْ يعملَ سيِّئَةً -وهوَ أبصرُ بِهِ- فقال: ارقُبُوهُ، فإِنَّ عمِلَها فاكتُبوها لَهُ بمثلِها، وإِنْ تركَها فاكتُبُوها لَهُ حسنةً. إِنَّما تركَها من جرَّايْ»، صحيح مسلم، ح: (١٢٩).

(٢) رواه الترمذي، ح: (٢٣٢٥) وقَالَ: هٰذَا حَدِيثٌ حَسَنٌ صَحِيحٌ، وقال المنذري في الترغيب والترهيب (٥٩/٢): إسناده صحيح أو حسن أو ما قاربهما.

پێ بکا و سیلەی ڕەحمی پێ بگەیەنێت و ڕەچاوی مافەکانی خوای پێبکات، ئا ئەمەیان بەرزترین پلە و مەنزیلەتی هەیە. ٢. هەروەها کەسێك خوای مەزن زانستێکی پێ بەخشیوە، ماڵی پێ نەبەخشیوە، بەڵام نیەتی پاکە؛ ئەڵێ: ئەگەر پارەم هەبوایە وەکو فلان کەسم دەکرد، جا بەپێی نیەتەکەی پاداشت دەدرێتەوە، لە ئەجریشدا وەکو یەك وان. ٣. هەروەها کەسێك خوای مەزن ماڵ و سامانی پێ بەخشیوە، زانستی پێ نەبەخشیوە، ئەڕوا بە هەوەس و هەوا و ئارەزوی خۆی و بەبێ عیلم دەیبەخشێتەوە، نە لە خوا دەترسێ لەو پارەیەی کە لەلایەتی، نە سیلەی ڕەحم بە هۆیەوە دەگەیەنێت، نە ڕەچاوی مافەکانی خواش دەکات تیێدا، جا ئا ئەمە لە خراپترین مەنزیلەت و پلەدایە. ٤. هەروەها کەسێك خوای مەزن نە ماڵی پێ بەخشیوە نە زانست، جا ئەڵێ: ئەگەر پارەم هەبوایە وەك فلان کەسم دەکرد، ئەمیش بە نیەتی خۆی لەگەڵیدا دەکرێت، و لە تاوانیشدا وەکو یەك وان».

جا دەفەرموێ ﷺ ئەم دووکەسە وەك یەکن، چونکە «عزم»ی هەیە، وسورە لەسەر ئەوەی ئەگەر هەیبوایە وەك ئەوی دەکرد.

بەڵام ئەگەر مرۆڤ ختورەیەك هات بەدڵیدا ئەوە بەتاوان لەسەری ناژمێردرێ، ئەحمدی کوڕی حەنبەل رحمه الله دەفەرموێ: «هم وختورە» کە ئەدات لە دڵ دووجۆرە: «هم»ێکیان دەبێتە عەزم: ئەوەیە کە سوربێت لەسەر کردنی، یان ختورەیەکە وبەدڵدا دێت ودەڕوا.

پەیامبەری خواش ﷺ دەفەرموێ: «إنَّ اللهَ تجاوزَ لأُمَّتِي عما وسوستْ، أو حدَّثت به أنفُسَها، ما لم تعمل بهِ أو تكلَّمَ»[(١)]. واته: «خوای مەزن چاوپۆشی[(٢)] دەکات لەو شتانەی ئوممەتەکەم کە وەسوەسەیە، یان بە ختورە دێت بە دڵیاندا، بە مەرجێ بەکردەوە ئەنجامی نەدات یان بە زوبان نەیڵێت».

وەکو ڕۆژوانێك ئاوی سارد ببینێت لە ڕۆژێکی زۆر گەرمدا، نەفسی بۆی دەڕوات بەڵام دینداریەکەی ڕێگری لێدەکات.

هەربۆیە زانایان کۆدەنگن کە ئافرەتەکەی عەزیز سوربووە لەسەر تاوان وکارەکەی تاوان بووە، بە بەڵگەی داخستنی دەرگاکان وهتد..، وکۆکن کە یوسف هیچ خراپەیەکی نەکردوە، ئەوپەڕەکەی ئەوەیە ختورەیەك هاتبێت بە دڵیدا.

کەواتە ئەمەی یوسف ﷺ ختورەیەك بووە وداویەتی لەدڵی وچووە، کە وەڵامیشی نەداوەتەوە چاکەی بۆ نوسراوە، وئەوەش نیشانەیەی پلە بەرزی یوسفە ﷺ.

---

(١) صحيح البخاري (٦٦٦٤) ومسلم (١٢٧).

(٢) بەڕاستی وشەی چاوپۆشی بەکار نەهێنرێ جوانتر وشیاوترە، چونکە پۆشینی تێدایە.

ئەمەش سودی ئەوەی تێدایە: کەسێك شتێك هات بە دڵێدا بیکا، یان ختورەیەك دای لە دڵێدا تاوانی ناگات ئەگەر بە کرەوە نەیکات، بەڵکو لەبەر خوا ئەو شتە خراپەی نەکرد هات بەدڵێدا خێرێشی دەگات بە ویستی خوا.

دەچینە سەر ﴿بُرْهَانَ رَبِّهِ﴾ چیە کە یوسف بینیویەتی:

ئەوەی ڕاستە لەوبارەیەوە بریتیە لە ئیمانی یوسف، بریتیە لە تەقوای یوسف ﷺ، بریتیە لە خۆشویستنی یوسف بۆ خوا، خۆشویستنی بۆ خوا وای لێدەکات ئەم زینایە نەکات.

بە داخەوە هەندێك دەڵێن: یەعقوبی باوکی لەناو دیوارەکەوە وێنەکەی دەرکەوتووە وقەپ «گازی» لە پەنجەی خۆی گرتووە، ووتویەتی: یوسف نەکەیت!!

یان دەڵێن: زولەیخا ئەوەندە ناشیرین بووە وەك وەحشی لێهاتووە، بۆیە یوسف زینای لەگەڵ نەکردووە.

یان دەڵێن: «ئایەتێك لە دیوارەکەوە بۆ یوسف دەرچووە و وتویەتی زینا نەکەی! بەڵام یوسف هەروازی نەهێناوە!! ئایەتێکی تر هاتووە، هەر وازی نەهێناوە!! ئایەتێکی تر هاتووە هەر وازی نەهێناوە!! تاوەکو جبرئیل هاتووە وتویەتی: یوسف نەکەی!! ئەوسا وازی هێناوە.

یان دەڵێن: یەعقوب لە ژێر پایەوە دەرچووە و وتویەتی یوسف نەکەی!

یان دەڵێن: فریشتە هاتووە شەهوەتی لە یوسف دەرکردووە.

بزانن ئەن تەفسیرانە هەمووی قسەی بێ بنەمایە، ئەگەر فاسقترین کەس، باوکی لەکاتی زینادا بێت وقەپ بکات بە پەنجەی خۆیدا وبڵێ: کوڕم نەکەی! ئایا واز ناهێنێت؟

یان فاسقترین کەس، ئەگەر شەهوەتی لێدەربکەی، بە چی زینا بکات؟!

یان ئەگەر دەموچاوی زولەیخا وەك وەحشی لێهاتبێت، جا لەگەڵ وەحشێکدا زینا دەکا؟! هەموو ئەمانە قسەی بێ بنەمان، وڕیوایاتی ئیسرائیلین.

لەهەمووشی خراپتر ئەوەیە کە دەڵێ: یوسف بەندوخوێن «ناوقەدی»ی کردۆتەوە وویستویەتی کارەکەی لەگەڵ بکات؟! ئەمە چ بێئەدەبییەکە بەرامبەر بە پەیامبەرانی خوا -علیهم الصلاة والسلام-، کەوا بەو شێوازە باسی پایەی پەیامبەران دەکرێ -علیهم الصلاة والسلام- بە هۆی ڕیوایاتی ئیسرائیلیاتەوە.

جا نازانم لەمانەی باسمکرد کامیان هەڵبژێردراوە لەو فلیمە بێمانایەی کە لەسەر پەیامبەر یوسف ﷺ دەرکراوە؟ بۆیە من باسی پەیامبەرێك دەکەم لە پەیامبەرانی خوا کە یوسفە ﷺ، باسی فاسقێك ناکەم، ئەگەر فلیمێك خزمەت بە مەزهەبێك نەکات چۆن ملیۆنەها دۆلاری بۆ سەرف دەکرێ تا دێتە بەرهەم؟! چۆن لەلایەن سەرۆکی وڵاتەوە یان سەرۆك وەزیرانەوە چاودێری وسەرپەرشتی دەکرێ تا بەرهەم دەهێنرێ؟! بۆیە

پێویستە ژێر ووریا بین، بەڵگەی قسەکانیشم هەڵبژاردنی دەموچاوی کەسایەتیەکان: وەکو یەعقوب یان یوسف وهتد...، بەشێوازێکە لە کەسایەتیەکی گەورەی ئەو مەزهەبە دەچێت، جا من ئەو کەسەم بینی کە دوری نبی اللە یعقوب دەگێڕێ، زۆر لە سەرێك لە سەرانی ئەو مەزهەبە دەچێت، تا وات لێبێت هەرکات ناوی یەعقوبت ﷺ بینی وباسی یەعقوبت بیست سەرانی ئەو مەزهەبەت بیر بکەوێتەوە، هەروەها وەکو پێت بڵێت: ئێمە ئەڕۆینە سەر دینی ئەو پەیامبەرانە، کە ئەمە لە گەورەترین زوڵمەکانە، هاوکاری ئەم زوڵمەش —واللە ی- زاڵمە. چۆن دەبێ ئێمەی موسوڵمان ئەوەندە سادە وساویلکە بین، بکەوینە ژێر کاریگەری فلیمێکەوە کە بەوپەڕی وردەکارییەوە دانراوە؟ بەم کارانەیان پێمان ئەڵێن: ئێمە حەقین وئەهلی سوننەت وجەماعەتیش باتڵ. لەکاتێکدا کێ حەقە؟ بێگومان ئەهلی سوننەت وجەماعەت حەقن —بە ویستی خوا-، نەك بە بانگەشە، بەڵکو بە بەڵگە، دیارە ئەهلی سوننەت وجەماعەت هەمیشە پشت بەستون بە قورئان وسوننەت، تەماشا بکەن ئەهلی سوننەت مزگەوتیان هەیە، وەك دەستور وپەیام قورئانیان هەیە، بەڵام ئەهلی بیدەع، ئەویان تەکیەی هەیە! ئەوی تریان حوسەینیەی هەیە! کێیە تەنها مزگەوتەکەی ماوەتەوە، کە موحەممەد دروستی کردووە؟ کێیە تەنها قورئانەکەی ماوە کە لە لایەن خواوە بۆ موحەممەد هاتووە؟ بێگومان ئەهلی سوننەت وجەماعەت، بەڵام ئەهلی

بیدەع هەرکەسە وشوێنی کلاَوی بابردوی خۆی کەوتووە، هەریەکەیان پەیام ودەستورێکی هەیە، هەربۆیە پێویستە لەسەرمان ژیر و وریا بین، ئەو جۆرە فلیمانە زیانی زیاترە لە سودی، بەس بێت بۆ خراپی ئەو فلیمانە، کاتێك چیرۆکی یوسف ﷺ دەخوێنیتەوە لە قورئاندا، وێنەی ئەو پیاوە فاسقە دێتە پێش چاوت.

٣٧. ئەگەر سەرنج بدەین، یوسف ﷺ لە غەریبیە، لە شار وزێد وناوچەی خۆی نیە، مرۆڤ ئەگەر لە غەریبی بێت، ولە شوێنێك بێت نەدەناسرا بە ئاسان دەتوانێ دەست بۆ خراپە ببات، کەچی یوسف دەست بۆ خراپە نابات، هەروەها پیاوێکی ناسراو نیە لەو شارەدا، بەڵکو خزماتکارێکە ووەك کۆیلەیەك تەماشا دەکرێت، مرۆڤی نەناسراو دیسانەوە ئاسانە دەست بۆ تاوان ببات، هەروەها ئەو ئافرەتەی کەداوای خراپەی لێدەکات یەکێك بووە لە ئافرەتە جوانەکانی میسر، ئافرەتی جوانیش تەماعی زیاتری تێدەکرێت، هەروەها ژنی دەسەلاَتدارێك بووە، هەروەهالەناو ماڵ وکۆشکەکەی خۆیدا بووە، ئەمەش مەترسی کەمترە، هەروەها لەسەر داوای ئەویش بووە، ئەو داوای خراپە دەکات، ئەمەش تاوانەکە ئاسانتر دەکات، هەروەها هەموو دەرگاکانی داخستووە بۆ ئەوەی هیچ شەك وگومانێك نەمێنێ، گومانیان لێنەکرێت، هەروەها سەرباری هەموو ئەم هۆکارانە هەڕەشەشی لێدەکات بەوەی ئەگەر ئەنجامی نەدەی بەندت دەکەم،

هەروەها تەماع دەخاتە بەردەستی، کە ئەگەر ئەنجامی بدەی پاداشتت دەکەم، بەڵام تەماشای ئەم پەیامبەرە دەکەین، دەڵێ: ﴿مَعَاذَ اللَّهِ﴾ پەنا دەگرم بەخوا لەوەی کاری بەدڕەوشتی بکەم.

٣٨. جا ئەی گەنجان! بەتایبەت ئەوانەی زۆر توشی خراپە دێن، دەڵێن: چی بکەم بۆئەوەی نەگەڕێمەوە سەر تاوانەکانی پێشو؟ بێگومان کۆمەڵێك شت هەیە دەبێ لێی دور بیت، بۆ ئەوەی دەست بۆ تاوان وچەپەڵی نەبەیتەوە. لەسەروی هەموو ئەو هۆکارانە:

**یەکەم:** بریتیە لە ﴿مَعَاذَ اللَّهِ﴾ لەخوا بترسە، چونکە ئەوەی وا لە نبی الله یوسف ﷺ دەکات کە دەست بۆ خراپە نەبات هەستکردنیەتی بە چاودێری خوا، ئەمە چەکە یوسفە لەشەڕی ڕوبەڕوبونەوەی ژنەکەی عەزیزدا، هەروەکو لە ئیسرائیلیاتدا هاتووە ژنەکەی عەزیز پەردەیەکی داوە بەسەر دەم وچاوی ئەو بتەی لەناو ژورەکەدا هەبووە بۆئەوەی پەرستراوەکەی نەیبینێ، یوسفیش ﷺ پێی وتووە: تۆ شەرم لە پەرستراوەکەی خۆت دەکەیت، ئەی من چۆن شەرم لە پەرستراوەکەی خۆم نەکەم؟! هەربۆیە گەورەترین هۆکار بۆ ئەوەی ئینسان دەست بۆ خراپە وتاوان نەبات بریتیە لە هەست کردن بە چاودێری خوا.

**دووەم:** پێویستە ئەو هۆکارانەی بونەتە هۆی ئەنجامدانی تاوانەکە، بنبڕیان بکات، بۆ نمونە: ئەو هاوڕێیەی تۆی بردووە بەرەو هەڵدێر وتاوان

وازی لێبهێنه. بۆیه دەبینی زۆرێك له گەنجان تەوبەدەکەن، بەڵام ئەو ژمارە موبایلەی بۆتە هۆی ئەوەی تاوان ئەنجام بدات لە ناو مۆبایلەکەیدا ماوەتەوە، ئەو هاوڕێیەی کە بەرەو هەڵدێر بردویەتی هەر هاوڕێیەتی دەکات، ئەو تەوبەیە پاك وڕاستگۆیانە نیە، ئەوە تەوبەیەکە لەناخەوە بڕیاری گەڕانەوەی نەداوە، دەی تەوبەیەك سور نەبیت لەسەر نەگەڕانەوە ئەوە تەوبە نیە

**٣٩. سێیەم: بەهێزی ئیرادە**[١]، سەرنج بدەن ئەم پەیامبەرە ﷺ سەرباری بونی هەمو هۆکارەکان، هەموو ئەو شتانەی کە پێویستن بۆ ئەنجامدانی خراپەکە، بەڵام هەر دەڵێ ﴿مَعَاذَ اللَّهِ﴾، لەمەوە فێری ئەوە دەبین کە پێویستە مرۆڤ ئیرادەی بەهێز بێت، بەڵکو ئەو خەڵکە ناودارانەی دەیانبینی، ئەو گەورە وزانایانە.. هەمویان بە بەهێزی ئیرادەیان گەیشتونەتە ئەو پلەیە.

هەربۆیە ئەو کەسەی کە زوو هەڵەچیٚ، کە ئیرادەی بەهێز نیە، ئەوکەسە لەناو خەڵکدا بەگەورە تەماشا ناکریٚ. پەیامبەری خواش ﷺ دەفەرمویٚ: «بەهێز ئەو کەسە نیە کەوا لە زۆرانبازی ئەوەکە بدات بە زەویدا، بەڵکو

(١) بەڕاستی هیچ سودێکی ئەم چیرۆکە ئەوەندەی ئەم سودە کاریگەری لەسەر دەرونم جێنەهێشتووە.

بەهێز ئەو کەسەیە کەوا لەکاتی توڕەبوندا خۆی دەگرێ»[١]، وپاداشتی گەورەشی بۆ هەیە لە ڕۆژی قیامەتدا[٢].

٤٠. هەروەها ئەم چیرۆکە پێت دەڵێ: یوسف پێشەوای ئەوانەیە کە لەژێر سێبەری عەرشی خوان، پەیامبەری خوا ﷺ دەفەرموێ[٣]: «حەوت کۆمەڵ هەیە لە ڕۆژی قیامەتدا خوا ﷻ دەیانخاتە ژێر سێبەری عەرشی خۆیەوە، ئەو ڕۆژەی کە هیچ سێبەرێك نیە جگە لە سێبەری عەرشی خۆی نەبێ»، یەکێکیان کە من مەبەستمە: «پیاوێك ئافرەتێکی خاوەنی پلەوپایە وجوانی بانگی بکات بۆ کاری خراپە، ئەویش بڵێ: من لەخوا دەترسم، پەنا دەگرم بەخوا کە دەست بۆ حەرام بەرم» هەربۆیە یوسف پێشەوای ئەو کۆمەڵەیە کە دەڵێن ﴿إني أخافُ اللهَ﴾، «من لەخوا دەترسم».

٤١. لە سیرەی پیاوچاکاندا هاتووە، لە ژیاننامەی «ڕەبیعی کوڕی فودەیل» ؒ، ئەم پیاوە لە شاری کوفەدا بەناوبانگ بووە بە پەرستش

---

(١) عن أبي هريرة، مرفوعا: «ليسَ الشَّديدُ بالصُّرَعةِ، إنَّما الشَّديدُ الَّذي يملِكُ نفسَهُ عندَ الغضبِ» صحيح البخاري، ح: (٦١١٤)، وصحيح مسلم، ح: (٢٦٠٩).

(٢) عن سهل بن معاذ بن أنس الجهني، عن أبيه، عن النَّبي ﷺ قال: «مَنْ كظم غيظًا، وهو يستطيع أن يُنفذه، دعاه الله يوم القيامة على رءوس الخلائق، حتى يخيّره في أيِّ الحور شاء» رواه أبو داود (٤٧٧٧) والترمذي (٢٠٢١) وقال: حسن غريب، وصححه الألباني.

(٣) عن أبي هريرة، مرفوعا: «سبعةٌ يُظلُّهمُ اللهُ في ظِلِّه يومَ لا ظِلَّ إلا ظِلُّه: .. ورجلٌ طلَبَتْه امرأةٌ ذاتُ مَنصِبٍ وجمالٍ، فقال: إني أخافُ اللهَ..» صحيح البخاري، ح: (٦٦٠) و(١٤٢٣) و(٦٨٠٦)، وصحيح مسلم، ح: (١٠٣١).

وخواپەرستی، جا خەڵکە مونافیقەکە وەك چۆن لەهەمو سەردەمێکدا هەن، وهەمیشه لەبۆسەدان بۆ بانگخوازان بۆلای خوا، بەشکو هەڵەیەك بکەن وئەوانیش لە شاردا بڵاوی بکەنەوە، جا ئافرەتێك لە شاری کوفەدا نازناوی غانیە بوو «یانی پێویستی بە هۆکارەکانی خۆجوانکردنەوە ومیکیاج نەبوو»، پێیان وت: بڕۆ بۆلای ڕەبیع بەڵکو فریوتدا، ئەگەر ئەو کارە بکەیت، هەزار دینارت دەدەینێ، ئێمە دڵنیاین ڕەبیع تۆ ببینێ خۆی پێناگیرێ، ئافرەتەکە وتی من زیاتر لەوەتان پێدەدەم ئەگەر تەنها ماچێکیشم بکات نەك زینام لەگەڵ بکات، ئەوەبو ڕەبیع بەرەو مزگەوت دەڕۆیشت، لەوکاتەی کە کەس دیار نەبوو، ئافرەتەکە پێشی لێگرت، کراسەکەی بەرز کردەوە، پێی دەڵێ: «من لە خزمەتدام! چیت پێخۆشە لەگەڵمدا ئەنجامی بدە»، ڕەبیع دەڵێ: چی دەکەی ئەگەر ئێستا فریشتەی ڕۆح کێشان بێت وڕۆحت بکێشێ؟! چی دەکەی ئەگەر خوای گەورە توشی دەردوبەلایەکت بکات وئەو جوانیەی هەتە لێتی بسێنێتەوە؟! چی وەلامی فریشتەکانی ناو گۆڕ دەدەیتەوە؟! ئافرەتەکەش دەڵێ: بەسمە بەسمە. ئیتر تەوبە دەکات ودەست دەکات بە عیبادەتکردن تەنانەت ناونرا بە: «عابدة الكوفة» خواپەرستەکەی کوفە. جا ئەو مونافیق ودەغەلانە وتیان: «أفسدها الربيع علينا» ڕەبیع ئەمیشی لێ تێکداین، بەڵێ، خەڵکی خراپ ومونافیق هەمیشە خراپەکارییەکەی بە باش دەزانێ: ﴿وَإِذَا قِيلَ لَهُمْ لَا تُفْسِدُوا فِي الْأَرْضِ قَالُوا إِنَّمَا نَحْنُ مُصْلِحُونَ﴾.

جا بۆیە ئەبێت مرۆڤ خاوەن ئیرادە بێت، کاتێك کە نەفسی داوای کارێکی لێدەکات، پێویستە بیر لە دەرئەنجامەکەی بکاتەوە، ویەکێك لەو سودانەی لە ژیانی نەبی یوسفدا فێری دەبین، بەڵکو لەهەموو چیرۆکەکەدا هەیە:

٤٢. ئەویش ئەوەیە ئارامگر وخۆڕاگربین، بەتایبەت لەسەر تاوان چونکە دەرەئەنجامەکەی خێرە بەڵکو خەیراتە، تەماشای ژیانی ئەم پەیامبەرە ﷺ بکەن هەمیشە ئارام دەگرێ، لە ئەنجامی ئەو ئارامگرتنەیدا توشی خێر بەڵکو خەیرات دەبێ.

٤٣. چیرۆکێك دەگێڕنەوە لە «عەمری کوڕی قەمیئەوە» لەسەردەمی کۆندا، ئەم عەمرە ژنە مامێکی هەبووە، کاتێك کە مامی ڕۆیشتووە بۆ سەفەرێك، ژنە مامەکەی داوای کاری خراپی لێکردووە، ئەمیش بیری کردۆتەوە ئەمە ژنی مامیەتی، وتویەتی: چۆن شەرەفی مامم هەتك بکەم!!؟ ویستی ڕابکات، ئافرەتەکە پێی وت: ئەگەر ڕابکەیت بە مامت دەڵێم نیازی کاری خراپی هەبووە لەگەڵمدا، وئابرووت دەبەم، بەڵام عەمر گوێی پێنادات وڕادەکات، کاتێك کە مامەی دەگەڕێتەوە، خێزانەکەی پێی دەڵێ: عەمر ویستی خراپی هەبوو لەگەڵمدا، ئیتر مامی شمشێرەکەی هەڵدەگرێ ودەڕوات بۆ کوشتنی عەمر، هەر کە عەمر لە دورەوە مامی دەبینێ، ترس دایدەگرێ ودەکەوێتە بەردەم سێ هەڵبژاردەوە:

یان ڕاکردن، یان بوەستێ وبیکوژێ، یان بڵێ: خێزانەکەی تۆ ویستی خراپەی هەبووە لەگەڵمدا، جا ئەگەر ئەمەی کۆتایی پێبگوتایە، ئابڕوی مامی خۆی دەبرد، ئەگەریش ڕاوەستێ بۆ کوشتن، ئەویش چارەسەر نیە، بۆیە باشترین ڕێگا ڕاکردنە، هەربۆیە ڕادەکات. هەربۆیە یوسفیش ﷺ لە دەستی ژنەکەی عەزیز ڕایکرد.

لێرەوەشەوە فێری وانەیەك دەبین ئەویش ئەوەیە کە لە فیتنە ڕابکەین، خوای گەورە دەفەرموێ: ﴿وَاسْتَبَقَا الْبَابَ﴾ یوسف ڕای کرد بەرەو دەرگاکە وژنەکەی عەزیز بەدوایدا، پێشبڕکێی نێوان دووکەس، بەیەك ڕێگادا، بەڵام ئامانجەکەیان جیاوازە، یوسف بۆئەوەی بگاتە دەرگاکە وڕابکات، ژنەکەی عەزیز بۆ ئەوەی بگاتە دەرگاکە وڕێگا لە ڕاکردنی یوسف بگرێ، بۆیە ڕاکردن لە فیتنە چارەسەرە. بەڵێ، پێویستە پشت لە فیتنە بکەی بۆ ئەوەی نەتگرێ.

هەروەها ئەم تاقیکردنەوانەی ژیان پلەی موسڵمان بەرزدەکاتەوە لە قیامەتدا، تەماشا دەکەن یوسف توشی ((سەبری مەجبوری))، و((سەبری ئیختیاری))، جا ((سەبری مەجبوری)) نارەحەتیەکە دێتە ڕێگات وناتوانی لێی دەربچی، وەکو ئەوەی کە یوسف دەخەنە ناو بیرەوە، ئەمەش بەدەستی خۆی نیە، دەبێ ئارامگربێ، ودەخرێتە بەندیخانەوە، بەدەستی خۆی نیە ودەبێ ئارامبگرێ، ئەی ((سەبری ئیختیاری)) چیە؟ ئەوەیە کە ژنەکەی

عەزیز داوای کاری خراپی لێدەکات، ئارام دەگرێ ودەست بۆ حەرام نابات، ئەمانە دەبنە هۆی پلە بەرزکردنەوە لای خوا، هەرکەسێك دەیەوێ پلەی لای خوا بەرزبێتەوە وتوشی تاقیکردنەوەش نەبێت ئەوە بە هەڵەدا چووە، ئەم ژیانە ماڵی تاقیکردنەوەیە، تەماشای ئەم پەیامبەرە بکەن ئەوەندە بەڕێزە لای خوا، خوا ﷻ وەحی بۆ دەنێرێ، کەچی تەماشای تەمەنی بکەن، پڕیەتی لە کێشە، پڕیەتی لە تاقیکردنەوە، لە ناڕەحەتی، دەردەسەری!! براکانی دەیخەنە ناوبیرەوە، دەکرێ بە کۆیلە ودەفرۆشرێ، ژنەکەی عەزیز لە کۆشکەکەی خۆیدا داوای زینای لێدەکات، ئەمانە هەمووی تاقیکردنەوەیە، پاشان دەخرێتە بەندیخانەوە.

هەندێ کەس تازە دێت بۆ مزگەوت، قەیتانی پێڵاوەکەی لە ڕێگە دەبڕێ، یان پێڵاوەکەی دەدزرێت، دەڕواتەوە ماڵ ودەڵێ: واللە ئیتر ناڕۆم بۆ مزگەوت، ئەڕۆم بۆ مزگەوت وقەیتانی پێڵاوەکەشم دەدڕێت یان دەدزرێت؟! وادەزانێ ڕێگای مزگەوت هەمووی فەرشی سورە! یان دەستدەکات بە نوێژ کردن وتوشی زیانێك دێت، دەڵێ: دەستم کرد بە نوێژ کردن وزەرەرمکرد! وادەزانێ هەرکەس نوێژ بکات نابێ توشی زەرەر بێت! وا دەزانێ ڕێگای دینداری هەمووی گوڵ وگوڵزارە! نەخێر ڕێگای دینداری دڕکە، پەیامبەری خوا ﷺ دەفەرموێ: «حُفَّتِ [وفي رواية: حجبت] الجنَّةُ بالمَكارِهِ، وحُفَّتِ

النَّارُ بالشَّهواتِ»[1]، واته: «بەهەشت بە نارِەحەتیەکان دەورە دراوە، وئاگر بە ئارەزوەکان دەورەدراوە»، ئەگەر دێیتە مزگەوت یانی بەهەشتت دەوێ، بەهەشتیش بە نارەحەتی دەوری گیراوە، ڕێگای بەهەشت یانی ڕێگای نارِەحەتی، ڕێگای تەنگی، موسوڵمان بەهەشتەکەی ئاخیرەتی لە ناخیدایە، ئەگەرنا لاشەی توشی عەزیەت وئازاری زۆر دەبێ لە ڕێگای دینداریدا، ودۆزەخیش بە خۆشی دەوری گیراوە، بۆیە نوێژ بەلاشە بۆی نایەت، بەڵام مەی خواردنەوە بە پارەیە، قومار بە پارەیە، زینا کردن بە پارەیە، ئەوەی بە پارەیە دەیکات! ئەوەی بە بەلاشە نایکات! بۆ؟ چونکە دۆزەخ بە خۆشی ورِابواردن دەوری گیراوە.

خوای گەورە دەفەرموێ: ﴿كَذَٰلِكَ لِنَصْرِفَ عَنْهُ السُّوءَ وَالْفَحْشَاءَ﴾، واتە: «ئا بەو شێوە پاراستمان وپێچەسپاومان کرد، بۆ ئەوەی خراپە وزینا وفەحشائی لێ دوور بخەینەوە»، ئەمەش شایەتیدانی خوایە بۆ ئەوەی کە یوسف هیچی نەکردووە، ویوسف پاك و بێگەردە، ﴿إِنَّهُ مِنْ عِبَادِنَا الْمُخْلَصِينَ﴾، «چونکە بەرِاستی لە بەندە هەڵبژێردرا وموخلیسەکانی ئێمە بوو». پاشان دەفەرموێ:

(١) صحيح البخاري (٦٤٨٧)، وصحيح مسلم (٢٨٢٢).

﴿وَاسْتَبَقَا الْبَابَ وَقَدَّتْ قَمِيصَهُ مِنْ دُبُرٍ وَأَلْفَيَا سَيِّدَهَا لَدَى الْبَابِ قَالَتْ مَا جَزَاءُ مَنْ أَرَادَ بِأَهْلِكَ سُوءًا إِلَّا أَنْ يُسْجَنَ أَوْ عَذَابٌ أَلِيمٌ﴾

واتە: «هەردولا سیباقیان دەکرد وڕایان دەکرد بەرە ودەرگاکە، بەڵام یوسف بۆ ئەوەی ڕزگاری بێت، ژنەکەی عەزیزیش ڕادەکات بۆ ئەوەی پێشی پێبگرێ»، ﴿وَقَدَّتْ قَمِيصَهُ مِن دُبُرٍ﴾، «ئەوەبوو قەمیسەکەی یوسفی لە پشتەوە گرت وبە درێژی دڕاندی».

٤٤. بەڵام ئەم قەمیس دڕانە دەبێتە خێر بۆ یوسف.

ولە چیرۆکی یوسف دا قەمیس زۆر بەرچاو دەکەوێ، کاتێك براکانی دەیخەنە ناو بیرەکەوە وبەجێی دەهێڵن، قەمیسەکەی دەبەنەوە بۆ باوکی، هەروەها لێرەدا قەمیسەکەی یوسف دەدڕن، هەروەها لەوەو پاش بەڵگەیەکە بە دەست یوسفەوە بۆ سەلماندنی ئەستۆپاکی خۆی، هەروەها لە کۆتایی چیرۆکەکەدا دیسانەوە باسی قەمیسی یوسف دێتە نێو باسان، قەمیسەکەی دەنێرێت بۆ باوکی...، هەربۆیە شەعبی رحمه الله دەفەرموێ: «چیرۆکی یوسف لە قەمیسەکەیدایە»، زیادەیەکی بۆ دەکەم ودەڵێم: «چیرۆکی یوسف لە خەوندایە»، لە چیرۆکەکەدا باسی خەون زیاتر هاتووە لە باسی قەمیس، تەماشا بکەن لە سەرەتادا یوسف خەون دبینێ، دوو هاوڕێ کەی لە بەندینخانە خەون دەبینن، پاشای وڵاتی میسر خەون دەبینێ»، کەواتە چیرۆکی یوسف لە خەون ولە قەمیسدایە.

٤٥. ﴿وَقَدَّتْ﴾ ((قَد)) له زمانی عەرەبیدا، یانی: دڕاندن به درێژی، ((قَط)) له زمانی عەرەبیدا، یانی: دڕاندن به پانی، ((قَطع))یش له زمانی عەرەبیدا، یانی: دڕاندن وپارچه پارچەکردن هەرچۆن بێت.

جا سەرنجی ئەم دیمەنه بدەن، یوسف بەرەو لای دەرگاکه ڕادەکات وژنەکەی عەزیزیش بەدوایدا، ﴿وَأَلْفَيَا سَيِّدَهَا﴾ یانی: ((وجدا سيدها)) واته: ((لەلای دەرگاکه سەریان تەقی به سەییدەکەی ژنەکه)) سەییدی کێ؟ سەییدی ژنەکەی عەزیز، له میسردا به مێرد دەیان وت: سەیید، جا خوای گەورە نافەرموێ سەییدەکەی یوسف، لەکاتێکدا یوسف کۆیلەی ئەو پیاوەیه، بەڵکو ئەفەرموێ ﷻ: ﴿وَأَلْفَيَا سَيِّدَهَا﴾ ((سەیید وگەورەی ژنەکه))، نافەرموێ ((سيدهما)) ((گەورەکەی یوسف وژنەکه))، وەك ئەوەی پێمان بڵێت: ئەو سەییده باتڵه، وحەق نیه! یوسف له ئەسڵدا کۆیله نیه وئازاده.

﴿لَدَى الْبَابِ﴾ ((له لای دەرگاکه تەقین به سەییدی ژنەکه))، ئەمەش ئەوەت بۆ ڕوون دەکاتەوە که ئەم ئافرەته زۆر زیرەك ولێهاتوو بووه، بۆیه لەم حاڵەتەدا خێرا فێڵێك دێت به مێشکیدا ودەڵێ: ﴿قَالَتْ مَا جَزَاءُ مَنْ أَرَادَ بِأَهْلِكَ سُوءًا﴾ ((سزای کەسێك چیه که ویستی هەبوو خراپه بکات لەگەڵ خێزانەکەتدا؟))، سەرنج بدەن: یەکەم: وتی: ﴿مَنْ أَرَادَ﴾ ((ویستویەتی))، دووەم: وتی: ﴿سُوءًا﴾ ((خراپەیەك))، نەیوت: سزای کەسێك چیه ئیشی خراپی کردبێت لەگەڵ خێزانەکەتدا، بەڵکو وتی: ((سزای کەسێك چیه که

ویستی خراپەی هەبووە لەگەڵ خێزانەکەتدا؟))، کەواتە پاکانە بۆخۆی دەکات کە هیچی نەکردووە وئەویش هیچی نەکردووە وتەنها ئیرادەیەك و ویستێکی هەبووە بۆ کاری خراپ، بەڵام من نەمهێشتووە، ﴿إِلَّا أَن يُسْجَنَ﴾ ((مەگەر بەند بکرێ)) ﴿أَوْ عَذَابٌ أَلِيمٌ﴾ ((یان سزایەکی توند بدرێ)).

هەروەها ئەگەر بە وردی لەم قسانە بڕوانی، بۆت ڕوون دەبێتەوە ئەم ئافرەتە لەم حاڵەتەشدا هێشتا هەر بەتەمای یوسفە!! چۆن؟ ئەگەر کەسێك وەزیر بێت وخزمەتکارێك لەماڵەکەیدا بیەوێ دەست بۆ ژنەکەی بەرێ، لەم کاتەدا ژنەکە وپیاوەکەش دەبێت چی بکەن؟ بێگومان بڕیاری کوشتن یان دەرکردن دەدەن بەلای کەمەوە، بەڵام تەماشا دەکەن، دەڵێ: بەند بکرێ یان سزایەکی توند بدرێ، بۆ ئەوەی لەبەرچاوی ون نەبێ، ئەوەندە عاشقی یوسف بووە!! ئەمە لەلایەکەوە، لەلایەکی تریشەوە یەکەمجار باسی بەندکردن دەکات، پاشان باسی سزادان دەکات، چونکە خۆشەویست حەزی بە ئازاردانی خۆشەویستەکەی نیە. هەروەها بۆ ئەوەی مێردەکەی بیر لە فرۆشتنی نەکاتەوە، ولێی دوورنەکوێتەوە. هەروەها بۆ ئەوەی بە یوسف بڵێ: سڵات بە دەستی منە، نەك مێردەکەم، کەوابوو تەسلیمی ئارەزووەکانم بە ئەگەرنا مەسیری حەتمی تۆ یان بەندیخانەیە یان سزادان.

پاشان شتێکی تر: دوو کەس قەزیەیەك لە نێوانیاندایە، کەچی یەکێکیان بۆتە حاکم وحوکم دەردەکات، لە کاتێکدا قەزیەکە لەسەر

خۆیەتی، ئەمەش نیشانەی لاوازی کەسایەتی پیاوەکەیەتی، پیاوەکەی ئەوەندە بێ شەخسیەتە، خێزانەکەی مەحکمەیەك دروست دەکات وحوکمێکیش دەردەکات، چونکە دەزانێ پیاوەکەی هیچی تیابەسەر نیە.

هەروەها وتی: ﴿مَنْ أَرَادَ﴾، ((سزای کەسێك چی بێت...))، دەبینی بە گشتی قسە دەکات ونالێ: ((سزای یوسف چیە..))، وەکو ئەوەی ئەمە یاسایەکی گشتی بێت، هەرکەسێك نیازی کارێکی وای هەبێت، ئەبێت سزا بدرێت.

﴿قَالَ هِيَ رَاوَدَتْنِي عَنْ نَفْسِي وَشَهِدَ شَاهِدٌ مِنْ أَهْلِهَا إِنْ كَانَ قَمِيصُهُ قُدَّ مِنْ قُبُلٍ فَصَدَقَتْ وَهُوَ مِنَ الْكَاذِبِينَ﴾

((یوسف فەرموی: ئەو ویستی خراپە لەگەڵ من بکات و وازی نەدەهێنا ومن هیچم لەگەڵ نەکردووە، وشاهیدێك لە کەسە نزیکەکانی خۆی بوو شاهیدی دا: ئەگەر ئەگەر قەمیسەکەی یوسف لە پێشەوە دڕێنراوە، ئەوا ژنەکە ڕاست دەکات وئەو درۆ دەکات))

لێرەدا ژنەکەی عەزیز ویوسف هەردوکیان تەبەرا دەکەن لە تاوانەکە، کەواتە پێویستمان بە بەڵگەیە، وئەمەش دەرسێکی جوانی تێدایە بۆ دەسەڵاتداران، کە دەبێ پشت ببەستن بە بڕیاری دادوەر ودادگا وشایەت وبەڵگە لەهەر قەزیەیەکدا، لەوانەش ئەوشتانەی کە لەنێو ماڵ ومنداڵ وخێزانیاندا ڕوودەدات.

﴿وَشَهِدَ شَاهِدٌ مِّنْ أَهْلِهَا﴾ «شایەتێك لە كەس وكاری ئافرەتەكە شایەتی دا». شایەتەكە كێیە؟ فەرمودەی لاواز هاتووە كە منداڵێكی بچوك بووە، بەڵام ئەوەی ڕاستە منداڵ نەبووە، چونكە:

**یەكەم:** بەڕاستی نەسەلمێنراوە منداڵ بووبێت.

**دووەم:** هەروەها فەرمودەی ڕاستمان هەیە كەوا كەس قسەی نەكردووە بە منداڵی تەنها سێ كەس نەبێ، وباسی ئەو منداڵەی چیرۆكی یوسفی تێدا نیە.

**سێیەم:** ئەگەر شایەتەكە منداڵ بوایە، ئەوا هەر ئەوەندە بەس بوو كە بڵێ ژنەكەی عەزیز تاوانبارە ویوسف بێ تاوانە، چونكە منداڵێك هاتە قسە، بێگومان هەمووان وەریدەگرن.

**چوارەم:** هەروەها منداڵ بەو شێوازە شایەتی نادات، وەك لە چیرۆكەكە هاتووە، بەشێوازێكی عەقلانی جوان شاهیدی دەدات، وئەڵێ: ﴿إِن كَانَ قَمِيصُهُ قُدَّ مِن قُبُلٍ فَصَدَقَتْ وَهُوَ مِنَ الْكَاذِبِينَ﴾ «ئەگەر قەمیسەكەی یوسف لە پێشەوە دڕێنرابوو، ئەوا ژنەكە ڕاست دەكات وئەو درۆ دەكات» بۆچی؟ چونكە ئەوە بەڵگەیە لەسەر ئەوەی ئەم پەلاماری ژنەكەی داوە وویستویەتی دەستدرێژی بكاتە سەری، ئەویش بەرگری لەخۆی كردوە ولەو ئەسنایەدا قەمیسەكەی یوسفی دڕیوە.

وگریمانەی ڕاستگۆیی ژنەکەی خستە پێشەوە وچونکە خزمی خۆیەتی وئەوە ئاواتی ئەوانە.

﴿وَإِن كَانَ قَمِيصُهُ قُدَّ مِن دُبُرٍ فَكَذَبَتْ وَهُوَ مِنَ الصَّادِقِينَ﴾

«خۆ ئەگەر قەمیسەکەی لە پشتەوە دڕێنرابوو، ئەوا یوسف ڕاست دەکات وژنەکەی عەزیز درۆ دەکات» بۆچی؟ چونکە ئەوە بەڵگەیە لەسەر ئەوەی یوسف لە دەستی ڕایکردوە وئەویش دوای کەوتوە ولەو ئەسنایەدا کە ویستویەتی یوسف بگرێ قەمیسەکەی دڕاندوە.

﴿فَلَمَّا رَأَى قَمِيصَهُ قُدَّ مِنْ دُبُرٍ قَالَ إِنَّهُ مِنْ كَيْدِكُنَّ إِنَّ كَيْدَكُنَّ عَظِيمٌ﴾

«جا کە عەزیز تەماشای قەمیسەکەی یوسفی کرد کە لە پشتەوە دڕێنراوە، ﴿قَالَ إِنَّهُ مِن كَيْدِكُنَّ﴾ «-بە ژنەکەی خۆی- وت: ئەم هەوڵەت بۆ تۆمەتبارکردنی یوسف بە شتێك کە لێی بێتاوانە، لە مەکر وفێڵ وپیلانی ئێوەیە»، ﴿إِنَّ كَيْدَكُنَّ عَظِيمٌ﴾ «بەڕاستی مەکر وفێڵتان گەورەیە».

شەنقیتی رحمه الله لە تەفسیری ئەم ئایەتەدا دەفەرموێ: «ئەگەر ئەو ئایەتەی سورەتی «النساء» بهێنین کە خوا جل جلاله دەفەرموێ: ﴿إِنَّ كَيْدَ الشَّيْطَانِ كَانَ ضَعِيفًا﴾ «مەکر وفێڵی شەیتان لاوازە»، بۆمان ڕون دەبێتەوە کەوا فێڵ ومەکری ئافرەتان لە فێڵ ومەکری شەیتان گەورەترە، جا عەزیز قسەیەك دەکات، قورئان ئیقراری دەکات، ونالێ وانیە، نەقڵیشی دەکات.

بەڵێ، کە بۆی دەرکەوت مەکر وفێڵی ژنەکەیەتی وتی:

﴿يُوسُفُ أَعْرِضْ عَنْ هٰذَا وَاسْتَغْفِرِي لِذَنْبِكِ إِنَّكِ كُنْتِ مِنَ الْخَاطِئِينَ﴾ «یوسف ئەم پشت لەم بابەتە بکە وبیشارەوە، با تەنها لە دڵی خۆتدا بێت، لەترسی ئابڕوچونمان وپاراستنی کەرامەتی من وئەویش»، سبحان الله!! پیاوێك پەلاماری ژنەکەی بدرێ یان ژنەکەی پەلاماری کەسێ بدات، بە ئوسلوبێکی سارد وسڕەوە تەنها لەوە زیاتر ناڵێ: «باسی مەکە با بڵاو نەبێتەوە»، ﴿وَاسْتَغْفِرِي لِذَنبِكِ﴾ «ئەی ئافرەت تۆش داوای لێخۆشبون بکە لەو تاوانەی کردوتە، چ ئەوەی پەلاماریت داوە، چ ئەوەی تۆمەتی ناڕەوات داپاڵی»، ﴿إِنَّكِ كُنتِ مِنَ الْخَاطِئِينَ﴾ «چونکە بەڕاستی تۆ هەڵەت کردووە بەوەی پەلاماری ئەو کوڕەت داوە» لۆمەکردنێکی زۆر کەم وسوك کە زیاتر لە ستایش دەچێت!!

لێرەدا ئەوەمان بۆ ڕون دەبێتەوە ئەگەر ئینسان غیرەت لە ناخیدا نەبێت ئەوا فەسادی بڵاو دەبێتەوە، چونکە پێویستە ئیجرائاتێك بکات بەلای کەمەوە تەماعی ئەم ژن وکوڕە بۆ یەکتر نەمێنێ، بەڵکو لەوە زیاتر ناڵێ: «باسی مەکە وبا لە دڵی خۆتدا بێت وبا بڵاو نەبێتەوە»، بەڵام یوسف هەر لەو ماڵە دەمێنێتەوە –کە نە ئەبوایە بمایەتەوە–، بۆیە ژنەکەشی بەردەوام لە هەوڵی ئەوەدایە یوسف ڕازی بکات.

كەواتە: زۆر مەترسیدارە تێکەڵاوی کردن، بە ئافرەتێکیان وت –زینای کردبوو– چی وای لێکردی؟ وتی: قرب الوساد ، وطول السواد. واتە: «نزیکی جێگا ومانەوەمان، لەگەڵ زۆر لەگەڵ یەك بوونمان».

﴿وَقَالَ نِسْوَةٌ فِي الْمَدِينَةِ امْرَأَتُ الْعَزِيزِ تُرَاوِدُ فَتَاهَا عَن نَّفْسِهِ ۖ قَدْ شَغَفَهَا حُبًّا ۖ إِنَّا لَنَرَاهَا فِي ضَلَالٍ مُّبِينٍ﴾

«جا کۆمەڵێك لە ئافرەتانی شار، وتیان: خێزانەکەی عەزیز هەمیشە لە هەوڵی فریودانی عەبدەکەی خۆیەتی ومراوەدەی دەکا تا زینای لەگەڵ بکات، خۆشەویستی وعیشقی داویەتی لە ڕەشایی وبنی دڵی، وئێمە پێمان وایە ئەو ئافرەتە بەو کارەی لە گومڕاییەکی ئاشکرادایە، یانی: هەڵەیەکی قیزەون وئاشکرا دەکات».

ئەوەی لێدەفامرێ: کە ئەمان دەیانەوێ بڵێن: خۆمان لە هەڵەی وا بە دوور دەگرن وشتی وا لە ئێمە ناوەشێتەوە.

هەروەکو چۆن ئەوەشی لێدەفامرێ، کە ئەم قسەکردنەیان بۆ نکوڵی کردن لە خراپە، وڕقلێبونەوەی بەدڕەوشتی، وحەزی خەیر نەبووە، بەڵکو ویستویانە –والله أعلم– ئەم قسەیان بگات بە ژنەکەی عەزیز، تا ئەویش بانگهێشتیان بکا، تا بە چاوی خۆیان ئەو کەسە ببینن کە ئەم خۆی پێنەگیراوە لە ئاستیدا.

ئەوەشی تێدایە کە ئافرەتان لەنێوان یەکتردا باسی ئەم جۆرە شتانە دەکەن ونایشارنەوە.

«شار»یش مەبەست پێی لێرەدا، شاری میسرە کە عەزیز وژنەکەی تێیدا نیشتەجێ بوون.

وقورئان باسی ناو وژمارە وسیفاتی ئەو ئافرەتانەمان بۆ ناکات، چونکە لێرەدا مەبەست نیە وسودێکی واش لە باسکردنی ناکەوێتەوە.

﴿فَلَمَّا سَمِعَتْ بِمَكْرِهِنَّ أَرْسَلَتْ إِلَيْهِنَّ وَأَعْتَدَتْ لَهُنَّ مُتَّكَأً وَآتَتْ كُلَّ وَاحِدَةٍ مِنْهُنَّ سِكِّينًا وَقَالَتِ اخْرُجْ عَلَيْهِنَّ فَلَمَّا رَأَيْنَهُ أَكْبَرْنَهُ وَقَطَّعْنَ أَيْدِيَهُنَّ وَقُلْنَ حَاشَ لِلَّهِ مَا هٰذَا بَشَرًا إِنْ هٰذَا إِلَّا مَلَكٌ كَرِيمٌ﴾

«کاتێك ژنەکەی عەزیز ئەو مەکرەیانی بیست، ناردی بەدوایاندا یانی دەعوەتی کردن، وشوێنی شاندادان ورایەخ وخوانێکی بۆ ئامادەکردن، وهەر یەکەیان چەقۆیەکی دابەدەستیەوە، پاشان بە یوسفی وت: بێ ژورەوە بۆلایان، هەرکە ینیان زۆر مەزن هاتە پێش چاویان ودەستی خۆیان بڕی، ووتیان: پاکی بۆخوا، ئەمە مرۆڤ نیە، ئەمە فریشتەیە».

هەروەها پێتدەڵێت: میسر لە چ ئاستێك بووە لە شارستانیەت وخۆشگوزەرانی، بەرادەیەك چەقۆیان بەکارهێناوە لە خواردندا پێش هەزاران ساڵ؟!

ئەگەر تەماشای ئایەتەکە بکەین، وای دەخواست بفەرمویٚ: (( فَلَمَّا سَمِعَتْ بماقالتهن))، ((کە گوێی لە قسەکەیان بوو))، بەڵام ئەفەرمویٚ: ((کە گوێی لە مەکرەکەیان بوو))، جا با ئێستا بزانین کوێی قسەی ئافرەتانی شار مەکر بووە؟ بێگوما لەچەند رووەیەکەوە قسەکەیان مەکر بووە:

**یەکەم:** ئەو کاتەی دەڵێن: ((ژنەکەی عەزیز))، یانی: ((تۆ ژنی عەزیزی میسری، ژنی وەزیری!! چۆن دەبێت بیر لە زینا کردن بکەیتەوە؟!

**دووەم:** ئەو کاتەی دەڵێن: ((ژنەکەی عەزیز))، یانی: ((تۆ شوت کردووە ومێردت هەیە، چۆن بیر لە زینا دەکەیتەوە ؟!

**سێیەم:** ئەو کاتەی ناوی ناهێنن ودەڵێن: ((ژنەکەی عەزیز)).

**چوارەم:** ئەو کاتەی دەڵێن: ﴿تُرَاوِدُ﴾ بە فیعلی موداریع ((مُضارِع))، یانی: ((هەمیشە وبەردەوام لە هەوڵدایە بۆ ئەوەی زینای لەگەڵدا بکات)).

**پێنجەم:** ئەو کاتەی دەڵێن: ﴿تُرَاوِدُ فَتَاهَا﴾، ((موراوەدەی عەبدەکەی خۆی دەکات)) یانی: ((تۆ ژنی وەزیری ئەگەر بیر لە زینا کردن دەکەیتەوە با یەکێك بێت هاوشانی خۆت بێت)).

**شەشەم:** ئەو کاتەی وا دەردەبڕن، کە ئەیەویٚ لەماڵەکەی خۆیدا زینای لەگەڵ بکات.

**حەوتەم:** ئەو کاتەی دەڵێن: ﴿عَن نَّفْسِهِ﴾، یانی: ئەو نایەویٚ زینای لەگەڵ بکات بەڵام ئەم وازی لێناهێنیٚ، ئەمەش تانەدانە لە ژنەکەی عەزیز.

**هەشتەم:** ئەو كاتەی دەڵێن: ﴿قَدْ شَغَفَهَا حُبًّا﴾ یانی: خۆشەویستی وعیشقی داویەتی لە بن دڵی ژنە وەزیرێك.

**نۆیەم:** ﴿إِنَّا لَنَرَاهَا فِي ضَلَالٍ مُّبِينٍ﴾ ئێمە هەرگیز ڕێگە بەخۆمان نادەین خۆمان توشی سەرلێشواویەكی وا بكەین.

**دەیەم:** ئەڵێن: ئەم قسانە فێڵێكی تریشی تیایە، ئەویش ئەوەیە: ئەم ئافرەتانە ویستویانە یوسف ببینن، بۆیە دەفەرموێ: كە گوێی لە مەكرەكەیان بوو ناردی بەدوایاندا.

﴿فَلَمَّا سَمِعَتْ بِمَكْرِهِنَّ﴾ «كە گوێی لەم فێڵەیان بوو»، ﴿أَرْسَلَتْ إِلَيْهِنَّ﴾ ئەمیش فێڵێكیان بەرامبەر دەكات زۆر لە فێڵەكەی ئەوان گەورەتر. ئەمەش ئاماژەیە بۆ فێڵ ومەكری ئافرەتان -وەك لە پێشەوە ئاماژەمان بۆ كرد-.

بەڵام سەرباری فێڵیان هەر پیاوان زوڵمیان لێدەكەن، جا ئافرەت ئەم هەمو مەكر وفێڵەی هەیە كەچی هێشتا زۆر پیاو هەر ستەمیان لێدەكەن. بۆیە ئەبێت ئاگامان لە مافی ئافرەتان بێت، پەیامبەری خوا ﷺ دەفەرموێ: «ئامۆژگاری خێری ئافرەتان بكەن [لە ڕیوایەتێكدا: لەخوا بترسن لەئاست

ئافرەتان]، چونکە ئەوان دیلن لەلاتان»[1]، بۆیە ئەبێت پیاو ڕەحمی هەبێت بەرامبەر ئەو دیلەی بەردەستی.

﴿أَرْسَلَتْ إِلَيْهِنَّ﴾ «ناردی بەدوایاندا، بانگهێشتی کردن»، بە ڕوکەش بۆ نانخواردن، بەڵام لە ڕاستیدا بۆ ئەستۆپاکی خۆیەتی وپۆزشی بۆ بهێننەوە لەوەی خۆی پێنەگیراوە، ﴿وَأَعْتَدَتْ لَهُنَّ مُتَّكَأً﴾ ئەمەش دیسانەوە مەکرە، ﴿وَآتَتْ كُلَّ وَاحِدَةٍ مِّنْهُنَّ سِكِّينًا﴾ «یەکی چەقۆیەکی دا بە دەستیانەوە»، هەروەها ئەمیش مەکرێکی تێدایە، بەوەی خواردنێکی بۆداناون پێویستی بە چەقۆ هەبێت، هەروەها لەوکاتەی چەقۆکەیان بە دەستەوە بووە، بانگی یوسفی کردوە بۆلایان، ﴿وَقَالَتِ اخْرُجْ عَلَيْهِنَّ﴾ «لەو کاتەی کە خەریکی خواردن بوون، لەپڕ بە یوسفی وت بڕۆ ژورەوە بۆلایان»، کە یوسف هاتە ژورەوە ﴿فَلَمَّا رَأَيْنَهُ أَكْبَرْنَهُ﴾ «ئەوانیش هەر کە بینیان، زۆر گەورەبوو لە پێش چاویان بەهۆی جوانی ڕوخسار وڕێکی هەیئەتیەوە، ﴿وَقَطَّعْنَ أَيْدِيَهُنَّ﴾ «ئەوەبوو پەنجەکانی خۆیانیان بریندار کرد، بێئەوەی هەستی پێبکەن بەهۆی سەرسامیان بە یوسفەوە»، ﴿وَقُلْنَ حَاشَ لِلَّهِ مَا هَٰذَا بَشَرًا إِنْ هَٰذَا إِلَّا مَلَكٌ كَرِيمٌ﴾ «جا وتیان: پاکی بۆخوا ئەمە مرۆڤ نیە، ئەمە فریشتەیە»، چۆن دەبێ مرۆڤ ئەوەندە جوان بێت؟!

---

(١) سنن الترمذي (١١٦٣) و(٣٠٨٧)، وهو في صحيح الترمذي.

**ئەم ئایەتە چەند سودێکی تێدایە:**

٤٦. ئافرەت زۆر جار بایەخ بەسەر وسیما دەدات وخوێندنەوەی بۆ پیاو بە گوێرەی جوانیەکەیەتی، بۆیە دەبینی یەکێك لەو هۆکارانەی کە ئافرەت توشی دودڵی دەکات لە کاتی داواکردنیدا، ئەوەیە: کوڕەکە هەندێ جوانی تیا نەبێ، سەرباری بوونی دین وڕەوشت تێیدا، نەك ناشیرین بێ! چونکە خوای پەروەردگار فەرمانی نەکردووە ئافرەت شو بە کوڕێك بکات کە جوانی وجەمالیەکەی بە دڵ نەبێ، هەر لەبەر ئەوەیە ئەگەر ئافرەت کوڕەکەی بەدڵ نەبو ئەتوانێ شوی پێنەکات، هەروەك چۆن باوك ئەگەر کوڕەکەی بەدڵ نەبێت دەتوانێت کچەکەی خۆی پێنەدات.

٤٧. هەروەها ئاماژەی ئەوەی تێدایە کە بۆ بینینی یوسف ﷺ هاتون، چۆن؟ بیهێنە پێش چاوی خۆت کۆمەڵێك ژنە وەزیر لە شوێنێکدا کۆبونەتەوە چ کاریان بە سەیرکردنی بەندەیەك هەیە کە خواردنیان بۆ دەهێنێ، یان بە هەر هۆکارێکی تر دێتە نێو ژورەکەوە!؟ بەڵکو دەسەڵاتداران ولوتبەرزان عادەتەن تەماشای ئەو جۆرە کەسانە هەر ناکەن وئاوڕیان بۆلا نادەنەوە، بەڵام هەرکە یوسف دێتە ژورەوە هەمویان تەماشای دەکەن، لەتاو جوانیەکەشیدا پەنجەکانی دەستیان بریندار دەکەن، دەڵێن ﴿حَاشَ لِلَّهِ مَا هَٰذَا بَشَرًا إِنْ هَٰذَا إِلَّا مَلَكٌ كَرِيمٌ﴾.

٤٨. هەروەها فریشتەکان دروستکراوێکی جوانن، وبە نمونە دەهێنرێنەوە بۆ جوانی، هەربۆیە ئافرەتەکان وتیان: ((پاکی بۆ خوا ئەمە مرۆڤ نیە وفریشتەیە))، بەڵام ئایا مرۆڤ فریشتە دەبینیٚ؟ بێگومان نەخێر، ئەی چۆن ئەم ئافرەتانە نمونەی فریشتە دەهێننەوە بۆ جوانی یوسف لە کاتێکدا فریشتەشیان نەبینیوە؟ کەواتە: ئەمە بەڵگەیە لەسەر ئەوەی مرۆڤ بە فیترەتی دەزانیٚ کە فریشتە جوانە، وەك چۆن بۆ ناشیرینی نمونەی شەیتان دەهێنێتەوە، هەربۆیە خوای پەروەردگار کاتێك باسی داری زەققوم دەکات لە دۆزەخدا، دەفەرمویٚ ﴿طَلْعُهَا كَأَنَّهُ رُءُوسُ الشَّيَاطِينِ﴾ ((چڵ وپۆپەکانی دەڵێی سەر وشاخی شەیتانەکانە)).

﴿قَالَتْ فَذَلِكُنَّ الَّذِي لُمْتُنَّنِي فِيهِ وَلَقَدْ رَاوَدْتُهُ عَنْ نَفْسِهِ فَاسْتَعْصَمَ وَلَئِنْ لَمْ يَفْعَلْ مَا آمُرُهُ لَيُسْجَنَنَّ وَلَيَكُونًا مِنَ الصَّاغِرِينَ﴾

ئیتر ژنەکەی عەزیز هەست دەکات، پیلانەکەی سەری گرت وسەرکەوت بەسەریاندا، ئیتر وەکو فشەیی وداخ لەدڵ دەرکردن هاتە قسە و-بەبیٚ شەرمکردن وئاماژە، بە ڕاشکاوی- وتی: ((ئەمە ئەوە بوو کە لۆمەی منتان دەکرد لەسەری، ئەمە ئەو فریشتە بەڕێزەیە وەك خۆتان وتتان کە لۆمەی من دەکەن لەسە خۆشویتنی، بەڵام ئێستا دوای بینینی وبریندارکردنی پەنجەکانتان بۆتان ڕون بوویەوە من عوزرم هەیە لەو خۆشەویستیەم)).

لێرەوە مانای ئەو فەرمودەمان بۆ ڕوندەبێتەوە کە پەیامبەری خوا ﷺ کاتێك لەسەرەمەرگدایە بە دایکە عائشە رضي الله عنها دەفەرموێ[١]: ((فەرمان بکەن بە ئەبوبکر با بەرنوێژی بکات بۆ موسوڵمانان، وتم: ئەی پەیامبەری خوا ﷺ ئەبوبکر پیاوێکی دڵنەرمە، کە قورئانی خوێندن بە هۆی گریانەوە کەس گوێی لە قورئان خوێندنەکەی نابێت، فەرمان بکە با عومەر بەرنوێژی بکات -تا سێ جار ﷺ ئەمەی دوبارە کردەوە، ئەویش هەمان وەڵامی دەدایەوە ولەجاری سێیەمدا بە حەفسەی وت تۆ پێی بڵێ-، پاشان پەیامبەری خوا ﷺ فەرموی: ((إِنَّكُنَّ لَصَوَاحِبُ يُوسُف))، ((ئێوە لە هاوەڵانی یوسفن))، جا هەندێکجار ئەم فەرمودەیە بە هەڵە تەفسیر دەکرێ، تەفسیری ڕاستی ئەم فەرمودەیەش ئەوەیە: ((تۆ بە ڕوکەش دەڵێی ئەبوبەکر پیاوێکی دڵنەرمە با بەرنوێژی نەکات، بۆ؟ چونکە خەڵك گوێی لە قورئان خوێندنەوەکەی نابێت، بەڵام لە ڕاستیدا ئەمەت مەبەست نیە))، ئەی مەبەستی چیە؟ عائیشە خۆی بۆمان دەگێڕێتەوە، دەڵێ: ((مەبەستم ئەوە بوو پەیامبەری خوا ﷺ لەسەرەمەرگدایە، ئەگەر ئەبوبەکر نوێژ بکات لە شوێنەکەی پەیامبەری خوادا ﷺ وپاشان وەفات بکات، ئەوسا خەڵك دەڵێن: ((ئەبوبەکر پیاوێکی شوم وغەڕە)).

(١) صحيح البخاري: (٦٦٤) و(٦٧٨) و(٦٨٢) و(٧٣٠٣) و...، وصحيح مسلم: (٤١٨) و(٤٢٠).

جا بەهەمان شێوە: ژنەکەی عەزیز کاتێك میوانداری ژنە وەزیرەکانی تر دەکات، بە ڕوکەش میوانداری ونانخواردنە، بەڵام لە ڕاستیدا بۆ ئەوەیە ئەستۆپاکی خۆی بکات، کەواتە بەیانی شتێك دەکات وشتێکی تری مەبەستە[1].

﴿وَأَعْتَدَتْ لَهُنَّ مُتَّكَأً﴾، ﴿مُتَّكَأً﴾ ئیسمی مەفعولە لە «الإتكاء»ەوە هاتووە، کە بریتیە لە کەوتن بەلایەکدا لەکاتی دانیشتندا، وەکو عادەتی دەسەڵاتدار وخاوەن پلەکان بووە لە کۆندا، بەڵکو لە ئێستاشدا.

هەروەها ئەوەی تێدایە کە خواردنیان بە ڕاکشانەوە خواردوە

جا لە جاهیلیەتدا گەورەکان بە ڕاکشانەوە خواردنیان دەخواردوە وەکو خۆبەگەورە زانین ولوتبەرزی، بۆیە عەبد وکۆیلە بۆی نەبووە بە ڕاکشانەوە خواردن بخوات، ولە پەیامبەری خواوە ﷺ هاتووە فەرمویەتی: «آكُلُ كَمَا يَأْكُلُ الْعَبْدُ، وَأَجْلِسُ كَمَا يَجْلِسُ الْعَبْدُ»[2]، «دەخۆم وەکو کۆیلە چۆن دەخوات» یانی بە دانیشتنەوە دەخۆم نەك بە ڕاکشانەوە وپاڵدانەوەوە.

---

(١) قال ابن تيمية: «ففي هٰذَا أنها راجعته وأمرت حفصة بمراجعته، وأن النبي ﷺ لامهن على هذه المراودة، وجعلها من المراودة على الباطل كمراودة صواحب يوسف ليوسف. فدل هٰذَا على أن تقديم غير أبي بكر في الصلاة من الباطل الذي يذم من يراود عليه، كما ذم النسوة على مراودة يوسف» اهـ. منهاج السنة النبوية.

(٢) عن عائشة، قالت: قلت: يا رسول الله ﷺ كُلْ! -جعلني الله فداك- متكأً، فإنه أهون عليك، فأحنى رأسه حتى كاد أن تصيب جبهته الأرض، وقال: فذكره» رواه البغوي في «شرح السنة». وإسناده ضعيف، لكنه قد توبع. وعنها أيضًا: قال رسول الله ﷺ يا

ژنەکەی عەزیز ﴿قَالَتْ فَذَٰلِكُنَّ الَّذِي لُمْتُنَّنِي فِيهِ﴾ وتی: «ئەمە ئەوەبوو کە لۆمەی منتان دەکرد لەئاستیدا». لەمەش ئەوە دەخوێندرێتەوە کە ئافرەت -زۆرجار- ناتوانێ نهێنی بپارێزێ، لەبەر زاڵی سۆز وعاتفە وهۆکارەکانی تر، بەڵام پیاوان -زیاتر- دەتوانێ نهێنی خۆی بشارێتەوە.

﴿وَلَقَدْ رَاوَدتُّهُ عَن نَّفْسِهِ﴾، «سوێند بێت مراوەدەم کرد»، دەبینن ئەم ئافرەتە بە ڕوون وڕەوانی وڕاشکاوی باسی ئەوە دەکات کە هەوڵی لەگەڵداوە بەڵام ئەو ڕازی نەبووە.

ئەمەش بەڵگەیە لەسەر ئەوەی ئافرەت لەناو خۆیاندا نهێنی باس دەکەن.

هەروەها لێرەدا نهێنیە گەورەکەی ئاشکرا کرد، چونکە پێشتر هەر قسە وقسەلۆك بوو وبەڵگەیان نەبوو، بەڵام لێرەدا بە زمانی خۆی دانی بەوەدا نا کە بەردەوام هەوڵی داوە یوسف هەڵبخەڵەتێنێ، بۆیە لێرەدا پێویستە بڵێین: ئەی ئافرەتان ئاگاتان لە زمانتان بێت، نهێنیەکانتان مەدرکێنن بۆ هیچ

---

عائشة! لو شئت لسارت معي جبال الذهب، جاءني ملك، .. فقال: إن ربك يقرأ عليك السلام ويقول لك: إن شئت نبيًا عبدًا وإن شئت نبيًا ملكًا؟ قال: فنظرت إلى جبريل، قال: فأشار إلي: أن ضع نفسك. قال: فقلت: نبيًا عبدًا. قال: فكان رسول الله ﷺ بعد ذلك لا يأكل متكئا، يقول: آكل كما يأكل العبد، وأجلس كما يجلس العبد» أخرجه أبو يعلى (١٢٠٣/٣) وحسنه الهيثمي، وللجملة الأخيرة شواهد. انظر: الصحيحة (٥٤٤) و(٢٤٨٤).

کەسێك، چونکە ئەگەر تۆ سنگت تەحەمولی نهێنی خۆت نەکات، بەرامبەرەکەت چۆن دەتوانێ تەحەمولی دەکات؟!

شافعی ﷺ دەڵێ:

إذا المرء أفشى سره بلسانه ولام عليه غيره فهو أحمق

إذا ضاق صدر المرء عن سر نفسه فصدر الذي يستودع السر أضيق

ئەگەر مرۆڤ درکاندی نهێنی خۆی بێعەقڵە لۆمە بکا لەسەری غەیرە خۆی

کە لە سنگی تۆ جێی نەبێتەوە لەو سنگەی درکاندوتە چۆن جێی ئەبێتەوە

ئەو کەسەی کە لۆمەی کەسێك دەکات لەسەر ئەوەی نهێنیەکی ئاشکرا کردووە، ئەوە کەسێکی بێعەقڵە، ئەگەر سنگی مرۆڤ تەسك بێت لەوەی کە نهێنی خۆی تیا هەڵبگرێ، دەی سنگی ئەو کەسەی نهێنیەکەی بۆ باسدەکات تەسکترە. کوردەواریش دەڵێن: «قسە کەوتە زار، دەکەوێتە شار».

تەماشای ئەم ڕوداوە بکەن کە لە ماڵی وەزیرێك ڕویداوە، ژنە وەزیرەکە پەلاماری کۆیلەکەی خۆیداوە، تەنها چوار کەس بەم ڕوداوە دەزانێ «یوسف»

و«عەزیزی میسر وژنەکەی» و«خاڵی ژنەکە کە شاهیدیەکەی داوە»[١]، بەڵام هەواڵەکە بە تەواوی شاردا بڵاودەبێتەوە.

﴿فَاسْتَعْصَمَ﴾، «بەڵام ئەو ڕازی نەبوو بە هیچ شێوەیەك، هەر خۆی نەدا بەدەستەوە»، و«سین وتائەکە» بۆ موبالەغەیە، «العصمة»یش واتە: «منع». ئەمەش بەڵگەیە لەسەر ئەوەی یوسف کەمترین هەنگاوی نەناوە بۆ وەڵامدانەوەی ئارەزووەکانی ژنەکە.

﴿وَلَئِن لَّمْ يَفْعَلْ مَا آمُرُهُ لَيُسْجَنَنَّ وَلَيَكُونًا مِّنَ الصَّاغِرِينَ﴾، «جا وسوێند بێت! ئەگەر ئەوە نەکات کە فەرمانم پێکردوە -کە من سەییدی ئەوم وسڵای لە دەست مندایە-، ئەوا دەیخەمە بەندینخانەوە وئەوسا بێگومان لە سەرشۆڕ وزەلیلەکان دەبێت»، بۆ بەندکردنەکە سوێند دەخوات وتەئکیدیشی دەکاتەوە بە نونی قورس «النون الثقيلة»، بەڵام بۆ سەرشۆڕیەکە تەنها تەئکیدی دەکاتەوە بە «النون الخفيفة»، چونکە بەدیهاتنی مسۆگەر نیە، لەبەرئەوەی لە دەرهاویشتەکانی بەندکردنە، هەرواش بوو یوسف لە «سجن»دا سەرشۆڕ نەبوو بەڵکو سەربەرز بوو. ئەم هەڕەشەکردنەش ئەوەی تێدایە: کە زۆر دەسەڵاتی هەبووە بەسەر مێردەکەیدا وناتوانێت سەرپێچی فەرمانەکانی بکات لەکاتێکدا عەزیزی میسرە.

(١) هەندێك ئاوها ئەڵێن، بەڵام بەڵگەی ڕاستی لەسەر نیە.

﴿قَالَ رَبِّ السِّجْنُ أَحَبُّ إِلَيَّ مِمَّا يَدْعُونَنِي إِلَيْهِ وَإِلَّا تَصْرِفْ عَنِّي كَيْدَهُنَّ أَصْبُ إِلَيْهِنَّ وَأَكُنْ مِنَ الْجَاهِلِينَ﴾

سەرباری ئەم هەمووە هەڕەشەیە یوسف فەرمانەکانی جێبەجێ ناکات، داد ونالّە بۆ خوا ﷻ دەبات وداوای پاراستنی لێدەکات: ﴿قَالَ رَبِّ السِّجْنُ أَحَبُّ إِلَيَّ مِمَّا يَدْعُونَنِي إِلَيْهِ﴾ «خوایەگیان بەندینخانەم پێخۆشترە لەوەی ئەمانە بانگم دەکەن بۆی»، ﴿وَإِلَّا تَصْرِفْ عَنِّي كَيْدَهُنَّ أَصْبُ إِلَيْهِنَّ وَأَكُن مِّنَ الْجَاهِلِينَ﴾ «خوایەگیان! ئەگەر تۆ، فیلّ ومەکری ئەم ئافرەتانە لەمن دور نەخەیتەوە -کە من بەندەیەکی لاوازم- ئەوا مەیلم بەلایاندا دەڕوات، ئەوسا بەهۆی مەیلم بۆلای هەوا وئارەزو لە نەزانەکان دەبم».

ئەم ئایەتەش بەڵگەیە لەسەر ئەوەی هەرکەس تاوان بکات نەزانە، قەتادە دەفەرموێ: «هەمو هاوەڵان کۆکن لەسەر ئەوەی کە هەرکەسێك سەرپێچی خوای گەورە بکات جاهل ونەزانە»، چونکە هیچ کەسێك تاوان ناکات ئەگەر جاهل نەبێ! بۆیە یوسف فەرموی: ﴿وَأَكُن مِّنَ الْجَاهِلِينَ﴾.

ئەمە فێری چیتان دەکات گەنجەکان؟ کاتێك کە ئافرەتێك لە زانکۆ یان پەیمانگا یان قوتابخانە وهتد.. زۆر تەماشات دەکات، وەك یوسف بڵێ: ﴿مَعَاذَ اللَّهِ﴾ بڵێ: ﴿وَإِلَّا تَصْرِفْ عَنِّي كَيْدَهُنَّ أَصْبُ إِلَيْهِنَّ وَأَكُن مِّنَ الْجَاهِلِينَ﴾.

هەروەها فێرمان دەکات: پەناگرتن بەخوا دەمانپارێزێ لە تاوان.

﴿فَاسْتَجَابَ لَهُ رَبُّهُ فَصَرَفَ عَنْهُ كَيْدَهُنَّ إِنَّهُ هُوَ السَّمِيعُ الْعَلِيمُ﴾

«بۆیه خوا ﷻ وه‌لامی داواكه‌ی یوسفی فه‌رمو، ئه‌وه‌بوو فڕوفیڵی ئه‌و ئافره‌تانه‌ی لێ دوورخسته‌وه‌، بێگومان خوا ﷻ بیسه‌ر وزانایه‌، بپاڕێوه وه‌لامت ده‌داته‌وه‌».

﴿ثُمَّ بَدَا لَهُمْ مِنْ بَعْدِ مَا رَأَوُا الْآيَاتِ لَيَسْجُنُنَّهُ حَتَّى حِينٍ﴾

خوای گه‌وره ده‌فه‌رموێ: «پاش ئه‌وه‌ی كۆمه‌ڵێك نیشانه وبه‌ڵگه‌یان بۆ ڕون بویه‌وه‌، ڕای خۆیان گوڕی وبڕیاریاندا یوسف بخه‌نه به‌ندینخانه‌وه تا ماوه‌یه‌ك».

نیشانه وبه‌ڵگه‌كان بۆ كێ ڕوون بوویه‌وه‌؟ بۆ ژنه‌كه‌ی عه‌زیز وئه‌هلی مه‌شوره‌تی.

نیشانه وبه‌ڵگه‌كان چی بوون؟ -والله أعلم- به‌ڵگه‌كانی ئه‌ستۆپاكی یوسف بوون، وه‌كو: دانپێنانی ژنه‌كه‌ی عه‌زیز، ودڕاندنی قه‌میسه‌كه‌ی له پشته‌وه‌، وشاهێدی دانی شاهیده‌كه‌...

پاشان به شاهێدی هه‌موو ئه‌و كه‌سانه‌ی ئاگایان له ڕوداوه‌كه بوو یوسف بێتاوانه‌، هه‌روه‌ها به شایه‌تی خواش ﷻ -له‌سه‌روی هه‌مویانه‌وه-، وبه شایه‌تی شه‌یتانیش:

شایەتیەکەی خوا ﷻ چی بوو؟ ﴿كَذَٰلِكَ لِنَصْرِفَ عَنْهُ السُّوءَ وَالْفَحْشَاءَ﴾ واتە: «ئا بەو شێوە پاراستمان وپێچەسپاومان کرد، بۆ ئەوەی خراپە وزینا وفەحشائی لێ دوور بخەینەوە».

شایەتی شەیتان لە کوێیە؟ خوا ﷻ لە بارەی یوسفەوە ئەفەرموێ: ﴿إِنَّهُ مِنْ عِبَادِنَا الْمُخْلَصِينَ﴾، «یوسف لە بەندە موخلیسەکانمانە»، شەیتانیش ئەڵێ: ﴿فَبِعِزَّتِكَ لَأُغْوِيَنَّهُمْ أَجْمَعِينَ * إِلَّا عِبَادَكَ مِنْهُمُ الْمُخْلَصِينَ﴾، «سوێند بێ بە دەسەڵاتی تۆ ئەبێت هەمویان لە خشتەبەرم مەگەر بەندە موخلیسەکانت»، کەواتە، بەشایەتی شەیتانیش یوسف زینای نەکردووە، چونکە دەڵێ: بەندە موخلیسەکانت ناتوانم لە خشتە بەرم، یوسفیش یەکێکە لە بەندە موخلیسەکان.

**سەبارەت بە شاهیدی ئەوانەی ئاگاداری بەسەرهاتەکە بوون:**

* ئەوە عەزیزی میسر خۆیەتی، ئەڵێ: یوسف ئیشی واناکات وئیشس تۆیە، بۆیە داوای لێخۆشبوون بکە لەو تاوانە.

* ئەوەش شاهیدەکەیە «خاڵۆی ژنەکەی عەزیز»: بەپێی بەڵگە وئاماژەکان بێتاوانی یوسفی سەلماند.

* هەروەها خودی ژنەکەی عەزیزیش، لە کاتی ئامادەبونی ژنە وەزیروکاندا لەلای پاشا، بەپێش چاوی هەمویانەوە دانی بەوەدا نا کە یوسف بێتاوانە، ئیعترافیش گەورەی هەمو بەڵگەکانە.

* هەروەها ژنە وەزیرەکانیش ئەڵێن: یوسف بێتاوانە.

﴿رَبِّ السِّجْنُ أَحَبُّ إِلَيَّ مِمَّا يَدْعُونَنِي إِلَيْهِ﴾ لێرەشدا بنچینە ((قاعدة))یەك هەیە، پێی دەوترێ: ((أخف الضررين)) ((هەڵبژاردنی سوکترین خراپە وتاوان وزیان))، هەرکات مرۆڤ کەوتە نێوان دوو ڕیانێك، هەردوکیان زیانی هەبوو، ئەوکات ئەوەیان هەڵدەبژێری کە زیانی کەمترە، یوسفیش سەرپشك کراوە لە نێوان بەندینخانە و وەڵامدانەوەی ژنەکەی عەزیز، داواکاری ژنەکەی عەزیز بریتیە لە زیناکردن، وپەیامبەران وهەر موسوڵمانێکی ڕاستەقینە، هەمیشە هەوڵی ئەوە دەدات کەوا دوور بێت لە نەهی لێکراوەکان، هەربۆیە دەڵێ: ((خوایەگیان بەندینخانەم پێخۆشترە لەو داواکاریەی ئەوان))، ئەی تۆی گەنج هەڵوێستت چی دەبێ کە هیچ کەسێك زۆری لێنەکردوی، بەڵکو بە هەڵبژاردنی خۆت هەنگاو هەڵدەگری وبەرەو زینا دەڕۆی، وئەم پەیامبەرەی خواش ﷺ -وەك وتمان- گەنجە ولەوپەڕی هێزدایە، خزمەتکارە، لە غەریبیە، خێزانی نیە، ئافرەتەکەش خاوەن دەسەڵات وپلە وپایەیە، لەناو کۆشکدایە ودەرگاکان هەموو دادەخات، ئەویش داواکارەکەیە، بەڕاستی حاڵەتی لەم شێوەیە بۆ هیچ کەسێك نەڕەخساوە، ڕەدی کردبێتەوە.

خۆ ئەگەر ڕوداوی موسلمی کوڕی یەسار باسکرا، لەوانەیە هەندێ کەس بەرچاویان کەوتبێ وبووبێتە ئیشکال لە دڵیدا، من -بە فەزڵی خوا- ئەو

ئیشکالەتان بۆ چارەسەر دەکەم: «موسلمی کوڕی یەسار خەودەبینیٚ، یوسف ﷺ دێتە خەوی وپێی دەڵیٚ: تۆ ئەو «موسلم»ەی کە «هم»یش بە دڵتدا نەهات؟! منیش ئەو «یوسف»ەم کە «هم» بە دڵمدا هات».

سەرەتا ئەم ڕوداوە بە سەنەدێکی ڕاست ودروست بەرچاومان نەکەوتووە، ئەوەندە هەیە زانایان لە کتێبەکانی خۆیاندا گێڕاویانەتەوە، لەوانە «ئیبن تیمیە» لە « »دا باسی ئەم خەوبینینەی کردووە، چیرۆکەکەشی ئەوەیە: «کە لە نزیك دێیەك، ئافرەتێك داوای زینای لێدەکات، ئەویش وەڵامی ناداتەوە» جا وڵامەکەمان ئەمەیە:

**یەکەم:** دەڵێن ئافرەتەکە بەتەمەن بووە، بەڵام ژنەکەی عەزیز گەنج بوو وجوان بووە.

**دووەم:** ئەم ئافرەتە خاوەن پلەوپایە نەبووە، بەڵام ژنەکەی عەزیز خاوەن پلەوپایە بووە.

**سێیەم:** ئەم ئافرەتە جوانیەکەی ناسراو نەبووە، بەڵام ژنەکەی عەزیز بە جوانیە کەی ناسراو بووە.

**چوارەم:** «موسلم» لە نزیك ناوچەکەی خۆی بووە، تەنانەت دەڵێن نزیك دێکەش بووە، بۆیە وەڵامدانەوی، خۆی بۆخۆی مەترسیدار بووە، بەڵام یوسف ﷺ هیچ مەترسیەکی نەبووە، ودەرگاری کۆشکیش داخرابو.

**پێنجەم:** ئەم ئافرەتە بە «موسلم»ی نەوت ئەگەر زینام لەگەڵ نەکەی بەندت دەکەم، بەڵام ژنەکەی عەزیز وای بە یوسف وت.

**شەشەم:** باسنەکراوە کە «موسلم» لەو کاتەدا ژنی نەبووبێ، بەڵام یوسف ژنی نەبووە.

**حەوتەم:** «موسلم» لەو دەشتە بانگ کراوە، یوسف لە کۆشکێکی تۆکمەی دەرگا داخراوە بووە.

هەربۆیە ئەم دوو ڕوداوە بەراورد ناکرێن.

بەڵێ، یوسف داوای لەخوا کرد بۆ ئەوەی بیپارێزێ لە فێڵ ومەکریان، ئەوانیش پاشئەوەی بۆیان ڕون بویەوە کە یوسف پاکە وشتی وای ئەنجام نەداوە، وبینیان قسە لەناو شاردا بڵاوبۆتەوە، جا بۆئەوەی ئەم دەنگوباسە نەمێنێ، وڕوداوەکە یەکلابکەنەوە بەوەی بەسەر یوسفدا شکاوەتەوە نەك بەسەر ژنەکەی عەزیز، ژنەکەی عەزیز ودارودەستەکەی بڕیاریاندا بیخەنە بەندینخانەوە.

ئەمەش ئەوە دەردەخات، زۆرجار بۆ حەسمکردنی بابەتێك وەکو قسە وقسەڵۆکی نێو خەڵك، گرتنەبەری هەڵوێستێك، تاڕادەیەك ئەو دەنگوباسە کەمدەکاتەوە، کە یوسفیش خرایە بەندینخانەوە دەنگوباسەکەش لەشاردا کەمبویەوە، وئەو گەرم وگوڕیەی نەما لەناو شاردا.

﴿وَدَخَلَ مَعَهُ السِّجْنَ فَتَيَانِ قَالَ أَحَدُهُمَا إِنِّي أَرَانِي أَعْصِرُ خَمْرًا وَقَالَ الْآخَرُ إِنِّي أَرَانِي أَحْمِلُ فَوْقَ رَأْسِي خُبْزًا تَأْكُلُ الطَّيْرُ مِنْهُ نَبِّئْنَا بِتَأْوِيلِهِ إِنَّا نَرَاكَ مِنَ الْمُحْسِنِينَ﴾

((دوو گەنج لەگەڵی چونە بەندینخانەوە))، ((فَتَيَانِ)) موسەننای ((فَتَى))یە، ئەو کەسەیە کە گەیشتۆتە باڵغ بوون وتەمەنی گەنجێتی. ئەڵێن: یەکێکیان: نانەوای پادشا بووە، ئەوەکەی تریشیان: ساقی پادشا بووە. ئەی بۆچی بەند کراون؟ ئەڵێن: تۆمەتبار بوون بە خیانەت.

ئەوە دەبێت ئەم دوو گەنجە خەو دەبینن، ﴿قَالَ أَحَدُهُمَا إِنِّي أَرَانِي أَعْصِرُ خَمْرًا﴾، ((یەکێکیان -کە ئەڵێن ساقیەکەیە- بە یوسفی وت: من لەخەونما، ئاوی ترێ دەگرم تا ببێ بە مەی))، ﴿وَقَالَ الْآخَرُ إِنِّي أَرَانِي أَحْمِلُ فَوْقَ رَأْسِي خُبْزًا تَأْكُلُ الطَّيْرُ مِنْهُ﴾ ((ئەوەکەی تریان وتی: من لەوخەونما تەماشا دەکەم: نانم لەسەر سەرم هەڵگرتووە وباڵندە لێی دەخوا))، ﴿نَبِّئْنَا بِتَأْوِيلِهِ إِنَّا نَرَاكَ مِنَ الْمُحْسِنِينَ﴾، ((هەواڵمان بدەرێ دەربارەی ئەم خەونە وخەو پەرژێنی بکە، بەڕاستی ئێمە لە پیاوچاکان وچاکەکارەکانت دەبینین)).

کەواتە مرۆڤ بۆ خوا سوڵحاو، هەر بەدەم وچاویەوە دیارە، هەروەك چۆن کاتێك کە پەیامبەری خوا ﷺ دێت بۆ مەدینە، عەبدوڵای کوڕی سەلام کە سەرۆکی جولەکەکانە بوو، دەڵێ: هەرکە دەم وچاوی موحەممەدم ﷺ بینی

زانیم ئەم دەم وچاوە هی پیاوی درۆزن نیە، هەربۆیە ئەم دوو گەنجەش کە تەماشای دەم وچاوی یوسف دەکەن، دەزانن درۆزن نیە، بۆیە وتیان: ﴿إِنَّا نَرَاكَ مِنَ الْمُحْسِنِينَ﴾.

﴿قَالَ لَا يَأْتِيكُمَا طَعَامٌ تُرْزَقَانِهِ إِلَّا نَبَّأْتُكُمَا بِتَأْوِيلِهِ قَبْلَ أَنْ يَأْتِيَكُمَا ذَٰلِكُمَا مِمَّا عَلَّمَنِي رَبِّي إِنِّي تَرَكْتُ مِلَّةَ قَوْمٍ لَا يُؤْمِنُونَ بِاللَّهِ وَهُمْ بِالْآخِرَةِ هُمْ كَافِرُونَ﴾

بەڵێ، دوو گەنج پرسیاری خەون لە یوسف ﷺ دەکەن، سەرنج بدەن یوسف چۆن وەڵامیان دەداتەوە:

«فەرموی: هیچ خواردنێکتان بۆ نایە، مەگەر هەواڵەکەیتان پێدەدەم پێش ئەوەی بێت بۆتان»، ئەم ئایەتە چەند تەفسیرێکی هەیە:

**یەکەم:** یوسف دەیەوێ پێیان بڵێ: «خەمتان نەبێ هەر خەونێك بهێنن، بۆتان خەوپەرژێن دەکەم، بەڵکو بەرلەهاتنی ئێوارە، من پێتان دەڵێم چی خواردنێکتان بۆ دێ؟ وەك چۆن عیسا ﷺ ئەو موعجیزەیەی هەبووە[1].

**دووەم:** یانی: «لەخەودا هیچ خواردنێك نابینن چ ترێ بێت، یان نان، یان هەر خواردنێکی تر، مەگەر من بۆتانی خەوپەرژێن دەکەم.

---

(١) ﴿وَأُنَبِّئُكُمْ بِمَا تَأْكُلُونَ وَمَا تَدَّخِرُونَ فِي بُيُوتِكُمْ إِنَّ فِي ذَٰلِكَ لَآيَةً لَكُمْ إِنْ كُنْتُمْ مُؤْمِنِينَ﴾ [آل عمران:٤٩].

﴿ذَٰلِكُمَا مِمَّا عَلَّمَنِي رَبِّي﴾ «ئەم زانینی خەوپەرژێنەش، لەو شتانەیە پەرستراوەکەم فێری کردوم»، بۆ ئەوەی وا تێنەگەن ئەمە لە فاڵچێتی وجادو وهتد.. فێری بووە، ئەم ئایەتە چەند سودێکی تێدایە:

٤٩. یوسف زۆر شتی فێرکراوە، یەکێك لەو شتانە: خەوپەرژێنیە.

٥٠. خەون پەرژێن کردن وبڕوا بوون بە خەون مێژوویەکی دوورودرێژی هەیە.

٥١. هەروەها پێویستە مرۆڤ فەزڵ بداتە پاڵ خوا ﷻ، نەك خۆی، نەڵێ هی خۆمە وبە شان وبازوی خۆم پێی گەیشتوم، من باوك وپابیرانم هەر زانا بون، بەڵکو دەبێ بڵێ: خوا فێری کردوم.

٥٢. خەو پەرژێن زانستە، زانایان دەڵێن: وەك چۆن لە پرسیاری شەرعیدا نابێت لە خۆتەوە وەڵام بدەیتەوە، ڕاڤەکردنی خەونیش بەهەمان شێوەیە. ئەمەش نا ڕاستگۆیی ئەوانەت پێدەڵێت لەم ڕۆژگارەدا، کە هەر خەونێك ببینرێت وپرسیاریان لێبکرێت، هەمیشە ڕاڤەکەی ئەوەیە: «خێر وسەدەقە بکە»، جا ئیتر خەونەکە هەرچیەك بێت، هەر خواردنێك ببینی، شەڕبکەیت، ئاشتی بێت، مردو ببینی، زیندو ببینی، هتد..، ئەو لە وەڵامی هەمویدا، ئەڵێ: «خێر وسەدەقە بکە»، ئەم شێوە خەوپەرژێنە هەڵەیە، چونکە لەیەك فەرمودەدا، ولە قسەی زانایاندا لە زاناکۆنەکان، نەهاتووە بەکەسێکیان وتبێ: -کە خەونێکی بینیبێت- خێرێك بکە بۆئەوەی توشی

شەڕێك نەبیت، هەرگیز شتی وا نەهاتووە مەگەر لە خەونەکە هاتبێ وبیخوازێ.

٥٣. هەروەها خەون ئاگادارکەرەوەیە، ئەگەر خەوەکە خێر بوو ئەوا مژدەی خێرە، ئەگەر خەونەکە خراپ بوو ئەوا پێویستە بۆ کەسی نەگێڕیتەوە، بەڵکو پەنا دەگری بەخوا لە هەموو شەڕ وخراپەیەك.

پاشان یوسف دەڕواتە سەر ئەو باسەی کە هەموو سورەتی یوسف وچیرۆکەکەش لە پێناوەدایە، دەفەرموێ: ﴿إِنِّي تَرَكْتُ مِلَّةَ قَوْمٍ لَّا يُؤْمِنُونَ بِاللَّهِ وَهُم بِالْآخِرَةِ هُمْ كَافِرُونَ﴾، «من دینی خەڵکانێکم وازلێهێناوە کە پەرستشیان بۆخوا نەبووە وبۆ پەرستراوێلێك بووە بێسود وقازانج بوون، وبێباوەڕیش بوون بەوەی لە دواڕۆژ هەیە لە پاداشت وسزا»، دەکرێت ئەمە مانا هێنان بێت بەسەر ئەو دینەی کە خەڵکی میسری لەسەر بوون، بەڵام بە ڕاشکاوانە نەیوتوە وحیمەتی بەکار هێناوە تا زیاتر سەرنجیان ڕابکێشێت.

﴿وَاتَّبَعْتُ مِلَّةَ آبَائِي إِبْرَاهِيمَ وَإِسْحَاقَ وَيَعْقُوبَ مَا كَانَ لَنَا أَنْ نُشْرِكَ بِاللَّهِ مِنْ شَيْءٍ ذَلِكَ مِنْ فَضْلِ اللَّهِ عَلَيْنَا وَعَلَى النَّاسِ وَلَكِنَّ أَكْثَرَ النَّاسِ لَا يَشْكُرُونَ﴾

﴿وَاتَّبَعْتُ مِلَّةَ آبَائِي﴾ «جا شوێنی دینی باو باپیرانی خۆم کەوتوم: ئیبراهیم وئیسحاق ویەعقوب»، ئەم ئایەتەش چەند سودێکی تێدایە:

٥٤. ﴿وَاتَّبَعْتُ﴾، واته: ((شوێنی دینی باوباپیری خۆم کەوتوم، نافەرموێ: ((تەقلیدی دینی باوباپیرانی خۆم دەکەم))، هەربۆیە لە دینداریدا شوێنکەوتن هەیە نەك تەقلید، لە فێربونی زانست، شوێنکەوتن هەیە نەك تەقلید.

٥٥. دروستە مرۆڤ بە پشتی خۆی ئەگەر پێنج پشتیش بوون، بڵێ: باوکم، جا عەبدوڵلای کوڕی عەبباس دەیفەرمو: ((ئەگەر بمەوێ سوێند بخۆم، سوێند دەخۆم کەوا مرۆڤ دەتوانێ بە پێنج پشتی خۆی بڵێ: باوکم)).

٥٦. ئەم ئایەتە پێمان دەڵێ دینی پەیامبەران هەموویان یەك دینە، وەك چۆن یەعقوب، هەمان ئەو دینەی هەبووە کە ئیبراهیم وئیسحاق هەیان بووە، یوسفیش لەسەر دینی یەعقوب بووە، کۆتا پەیامبەریش هەر لەسەر ئەو دینە بووە وبەوەش فەرمانی پێکراوە[1]، ﴿مَا كَانَ لَنَا أَن نُّشْرِكَ بِاللَّهِ مِن شَيْءٍ﴾ ((بۆمان شیاو نیە هیچ شتێك بکەین بە هاوبەش بۆ خوا)).

٥٧. ئەم ئایەتە بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کەوا شیرکی گەورە وشیرکی بچوك هەردوکیان خراپن ونابێت ئەنجامیان بدەین، ئەمەشمان لەوەوە وەرگرت کە ئەفەرموێ: ﴿مِن شَيْءٍ﴾، خۆی لە ئەسڵدا: ((أَن نُشرك بِالله شيئًا))یە، ئەو ((من)) بۆ تەئکید کردنەوە هاتووە، هەروەها لەبەر ﴿شَيْءٍ﴾ کە نەکیرەیەکە

---

(١) ﴿ثُمَّ أَوْحَيْنَا إِلَيْكَ أَنِ اتَّبِعْ مِلَّةَ إِبْرَاهِيمَ حَنِيفًا وَمَا كَانَ مِنَ الْمُشْرِكِينَ﴾ [آل عمران:٤٩].

لەو سیاقەدا بۆ گشتی وعمومە، واتە: هیچ شرکێك گەورە وگچکەی، دیار ونادیاری. ﴿ذَٰلِكَ مِن فَضْلِ اللَّهِ عَلَيْنَا وَعَلَى النَّاسِ﴾، «وئەم ئیمان وخوا بە تەنها پەرستیە فەزڵی خوایە بەسەر ئێمەی ئالی ئیبراهیمەوە، وبەسەر خەڵکەوە کە ئەم ڕێگایەیان گرتۆتە بەر.

٥٨. بۆیە خوا بەتەنها پەرەستی «التوحید» گەورەترین فەزڵ ونیعمەتی خوایە، دەی مادام گەورەترین فەزڵ ونیعمەتە، کەواتە ئەبێت گەورەترین مەبەستمان بێت، کە گەورەترین مەبەستیشمان بوو، ئەوا پێویستە گەورەترین وزۆرترین قسەکانمان باسی تەوحید بێت. ﴿وَلَٰكِنَّ أَكْثَرَ النَّاسِ لَا يَشْكُرُونَ﴾، بەڵام بەداخەوە «زۆرێك لەخەڵك نازانن وشوکرانە بژێری ناکەن، وقەدری ئەو نیعمەتە گەورەی خوا -کە تەوحیدە- نازانن.

﴿يَا صَاحِبَيِ السِّجْنِ أَأَرْبَابٌ مُتَفَرِّقُونَ خَيْرٌ أَمِ اللَّهُ الْوَاحِدُ الْقَهَّارُ﴾

ئینجا قسە لەگەڵ عەقڵیاندا دەکات پێیان ئەڵێ: ئەمە سەرباری ئەوەی دینی باوباپیرمە، دینی پەیامبەرانی پێش خۆمە، دینی یەعقوبی باوکمە، ئیسحاق وئیبراهیمی باوکمە، پێیان ئەڵێ: سەرباری ئەوانە، بە عەقڵی خۆتان ئەی دوو هاوڕێکەی زیندانم! چەند پەرستراوێکی جیاواز جیاواز باشترە یان خوای باڵادەست وتاك وتەنها!؟ پەرستراوی جیاواز لە ڕوی زات وجۆر وسیفات وژمارە وچۆنێتیەوە باشە، یان خوایەکی تەنهای وزاڵ وباڵادەست باشە.

وەك ئەوەی پێیان بڵێ: ئەو «وَاحِدُ الْقَهَّار»ە، پەروەردگاری هەموو پەرستراوەکانی ئێوەیە کە دەیپەرستن، ولێیان دەپاڕێنەوە.

﴿الْقَهَّار﴾ لە ئەسڵی زماندا لە: «الغلبة، والعلو، والتذليل»، واتە: «زاڵێتی، وبەرزی، وملکەچکەر» یانی: هەمو دروستکراوەکانی زەلیلی خوان ﷻ، ئەهلی ئاسمانەکان ڕامی دەستین وموسەخخەرن، ئەهلی زەوی دەیپەرەستن ولەژێر دەسەڵاتین، ئەوانەی دژی دەوەستنەوە سەرشۆڕیان دەکات وسزایان دەدات.

کەواتە: گەردن کەچکەری هەموو دروستکراوەکانیەتی، هەمو شتێك لە ئاستیدا زەلیل وملکەچە، کە خوایەك ئەوەندە زاڵ بێت وهەموو شتێك لە ئاستیدا زەلیل بێت، کەوایە ئەو ﴿وَاحِدُ الْقَهَّار﴾ە هەر خۆی شایەنی پەرستن وڕولێکردن وهاوارپێکردنە.

هاتنی «الواحد» لەگەڵ «القهار»دا لەم ئایەتەدا، خاڵێکی وردی تێدایە، ئەویش ئەوەیە: ئەگەر پاشاکانی دونیا قەهر وزاڵێتیان هەبێت بە یارمەتی سەرباز ووەزیر ویاوەر ودارودەستەکانیانە، بەڵام خوا قەهر وزاڵێتیەکەی بە تەنهایە وبێ هاوەڵ وهاوسەر ویارمەتیدەرە.

٥٩. هەروەها ئەم ئایەتە سودێکی گەورەی تێدایە: ئەویش ئەوەیە هەرکات مرۆڤ حەقی ڕون کردەوە، ناهەقیش ڕون دەکاتەوە، سەرنجی یوسف بدەن کە باسی هەق وتەوحیدی بۆکردن، پاشئەوە هات باسی باتڵ وشیرکیشی

بۆ كردن، ئەمەشم بۆیە وت، چونكە بەداخەوە ئەمڕۆ دەنگۆیەك بڵاوبۆتەوە دەڵێ: «حەق ڕون بكەرەوە، ناهەق خۆی ڕون دەبێتەوە»! نەخێر وانییە!! ئەو كەسەی وا دەڵێ، تێگەیشتنی بۆ قورئان وسوننەت نیە، بەڵكو سورەتی فاتیحای بەباشی نەخوێندۆتەوە، یان خوێندویەتیەوە ولێی حاڵی نەبووە، سەرنجی سورەتی فاتیحا بدەن، خوا ﷻ دەفەرموێ: ﴿اهْدِنَا الصِّرَاطَ الْمُسْتَقِيمَ﴾، «هیدایەتمان بدە بۆ سەر ڕێگای ڕاست»، تەماشا بكەن، زیاتر ڕێگای ڕاست ڕوندەكاتەوە: ﴿صِرَاطَ الَّذِينَ أَنْعَمْتَ عَلَيْهِمْ﴾، «ڕێگای ئەوانەی كە نیعمەتت بەسەردا ڕشتون»، هەر لە ئەوەندە تەواو نابێت وزیاتر ڕونی دەكاتەوە، كێن ئەوانەی نیعمەتی خۆتت بەسەردا ڕشتون؟ بریتین لە: «پەیامبەران وڕاستگۆكان وشەهیدەكان وپیاوچاكان»، تا ئێرە حەقە، وباسی ڕێگای ڕاستە، ئەی ئەو ڕێگایانەی كە لەم ڕێگا ڕاستە دوورمان دەخەنەوە؟ خوا ﷻ ئەوەشی ڕونكردەوە، دەفەرموێ: ﴿غَيْرِ الْمَغْضُوبِ عَلَيْهِمْ وَلَا الضَّالِّينَ﴾، «خوایەگیان ڕێگای ئەوانە نا، كە تۆ لێیان توڕەیت، یانی جولەكە وئەوانەی وەك ئەوانن، كە زانستیان هەیە وكردەوەی پێناكەن، ﴿وَلَا الضَّالِّينَ﴾، «وڕێگای گومڕاكانیش نا، ئەوانەی كە كردەوە دەكەن بەبێ زانست، وەكو گاورەكان»، كەواتە حەقی ڕون كردەوە وباتڵیشی ڕونكردەوە. بەڵكو «لَا إِلَهَ إِلَّا اللهُ»، جا «لَا إِلَهَ» یەكەمجار باتڵ ڕوندەكەیەوە، «إِلَّا اللهُ» ئەمەش بریتیە چەسپاندنی حەق. كەواتە ئەوكەسە لە سەرەتاكانی ئاینی

ئیسلام تێنەگەیشتووە، کە دەڵێ: حەق ڕون بکەرەوە، باتڵ خۆی ڕون دەبێتەوە، ئەمە جگە لە قسەی زانایان وەکو بوخاری کە یەك «باب»ی هەیە بەو ناوەوە، بۆیە موسڵمان پێویستە حەق وباتڵ پێکەوە ڕونبکاتەوە، وسورەتی فاتیحا وڕستەی «لَا إِلٰهَ إِلَّا اللّٰهُ»، وەڵامێکی پشت شکێنە بۆ ئەو جۆرە کەسە کاڵفامە کەمفامانە کەبەو شێوەیە لە ئیسلام تێگەیشتون.

٦٠. هەروەها یوسف ﷺ پرسیاری خەونی لێدەکرێ، کەچی دەستدەکات بە ئامۆژگاریکردن وباسی تەوحید، جا هەندێ لە زانایان وتویانە: یوسف ﷺ ویستویەتی پێیان بڵێ: واز لەخەون بهێنن وپرسیاری تەوحیدم لێبکەن کە دینی خوایە، پرسیاری ئەو مەبەستەم لێبکەن کە خوا سبحانە من وئێوەی لە پێناوی دروستکردوە، ئەو مەبەستەی کە دەبێ هەمو کەسێك تێیدا بێت وبەجێی بگەیەنێ، ئەگینا لە قیامەت ڕزگاری نابێت.

﴿مَا تَعْبُدُونَ مِنْ دُونِهِ إِلَّا أَسْمَاءً سَمَّيْتُمُوهَا أَنْتُمْ وَآبَاؤُكُمْ مَا أَنْزَلَ اللَّهُ بِهَا مِنْ سُلْطَانٍ إِنِ الْحُكْمُ إِلَّا لِلَّهِ أَمَرَ أَلَّا تَعْبُدُوا إِلَّا إِيَّاهُ ذَلِكَ الدِّينُ الْقَيِّمُ وَلَكِنَّ أَكْثَرَ النَّاسِ لَا يَعْلَمُونَ﴾

پاشان یوسف دێتە سەر ڕەخنەگرتن لە پەرستراوەکانیان بە حیکمەت ودانایییەوە وئەفەرموێ: «ئەوانەی ئێوە دەپیەرەستن لە جگە لەخوا، هیچ نین جگە لە ناوێلێك نەبێت»، یانی: لە ڕاستیدا پەرەستراوێك نین شایەنی پەرستن بن، بەڵکو تەنها ناویان پەرەستراوە، ئەگینا لە ڕاستیدا پوچ وباتڵن، ئەی کێ

ئەم ناوانەی پێوەناون؟ ﴿أَنتُمْ وَآبَاؤُكُم﴾ خۆتان وباوباپیرتان ناوتان ناون پەرستراو، ئەگەرنا بە هیچ شێوەیەك لە هەقیقەتدا خودا وپەرستراو نین، دروستكراون ودروستكەر نین، ڕۆزیدراون ورۆزی دەرنین، لەناودەچن وئەبەدی نین، هەرچیش وا بێت بێگومان شایستەی پەرستن نیە، وخواش ﷻ شتی وای نەفەرموە وبەڵگەشی لەوبارەوە دانەبەزاندوە كە ئەوانە پەرەستراو بن، بۆیە دەفەرموێ: ﴿مَّا أَنزَلَ اللَّهُ بِهَا مِن سُلْطَانٍ﴾، وحوكم وبڕیاریش هەر بۆ خوایە: لە عەقیدە وعیبادەت وهەڵسوكەوت، ولەوەش كام كارە دروستە وكامەیان نادروستە، پەرستش بۆ كێ دروستە وبۆ كێش نادروستە، حوكم لە هەمو ئەمانەدا هەر بۆ خوایە وبڕیار بڕیاری ئەوە، جا حوكم وبڕیاری ئەویش ئەوەیە: هەر پەرستشی ئەو تەواو ودروستە، وفەرمانی كردووە هیچ نەپەرستن، جگە لەو نەبێت، ﴿ذَٰلِكَ الدِّينُ الْقَيِّمُ﴾ ((ئەم تەوحیدە، دینی ڕێك وڕاست وتەواو وپاكە، ئەو خوا بەتەنها پەرستیەیە كە من پێتان دەڵێم، بۆیە جگە لە ئیسلام هەرچی دینی تر هەیە، هەموی لار وچەوت وناتەواوە، ئیتر بە گوێرەی دووریان لە ئیسلام. بەڵام ﴿وَلَٰكِنَّ أَكْثَرَ النَّاسِ لَا يَعْلَمُونَ﴾، ((بەڵام زۆرێك لە خەڵكی نازانن كە ئیسلام دینی ڕاست وڕێك وتەواوە)).

٦١. باسی باوباپیر دەكات، بۆ ئەوەی پێیان بڵێ: من شوێنی باوباپیرم كەوتم چونكە پەیامبەر بوون وبەڵگەی خواییان پێبووە لەسەر ئەو دینەی پیادەیان كردوە، بەڵام ئێوە شوێنی دینی باوباپیری خۆتان كەوتوون كە

هیچ بەڵگەیان پێ نەبووە لەسەر ئەو دینەی پیادەیان کردوە. هەروەها بۆ ئەوەی نەڵێن: ئێمەش شوێنی باوباپیری خۆمان کەوتوین، وەکوئەوەی پێیان بڵێ: باوباپیرانتان گومڕا بوون، بۆیە نابێت چاویان لێبکەن. من لە تەوحید شوێنیان دەکەوم، بەڵام ئێوە لە گومڕایی تەقلیدیان دەکەن.

دەفەرموێ: ﴿مَّا أَنزَلَ اللَّهُ بِهَا مِن سُلْطَانٍ﴾، واتە: «خوا سبحانه هیچ بەڵگەیەکی لەسەر ڕەوایەتی ئەو پەرستشەی ئێوە بۆ ئەو پەرستراوانە دانەبەزاندوە»، لێرەشدا سەرنجتان بۆ ئەم ڕستەیە ڕادەکێشم، کە لەقورئاندا زۆر دوبارە بۆتەوە، ئەویش ڕستەی: ﴿مَّا أَنزَلَ اللَّهُ بِهَا مِن سُلْطَانٍ﴾، ئەم بڕگە، لەزۆر سورەتی قورئاندا بەرچاوت دەکەوێ، واتەکەی بریتیە لە: خوا ﷻ هیچ بەڵگە ودەلیلێکی دانەبەزاندوە لەسەر ئەو شتەی باسی دەکات، لێرەش بریتیە لەو پەرستش وپەرستراوانەی ئەوان کردویانە لە جگە «الله»، جا هەمیشە لە قورئاندا بۆ ئەوەی هەقێك بسەلمێنی، دەفەرموێ: بەڵگە بهێنە، کەواتە هەرکەسێك بانگەشەی بۆ شتێك کرد، پێی بڵێ: ﴿هَاتُوا بُرْهَانَكُمْ إِن كُنتُمْ صَادِقِينَ﴾ بەڵگەکەت بهێنە ئەگەر ڕاست دەکەیت.

٦٢. هەروەها زۆرجار دەبیستین، ئەوترێت: سەرمان لێشێواوە! نازانین کێ ڕاستە؟ بەڵام لەم سورەتەوە فێری شتێکی گەورە دەبین، ئەویش: ﴿مَّا أَنزَلَ اللَّهُ بِهَا مِن سُلْطَانٍ﴾، بۆیە هەرکەس هەر شتێکی وت، بڵێ: بەڵگەت چیە، ئەوکات بۆ هیچ کەسێك ناخەڵەتێی ونالێی مامۆستا سەرم لێشێواوە.

٦٣. هەروەها ئەگەر تەماشای ئەم سورەتە بکەیت، دەبینی قورئان فێری شتێکمان دەکات، کە بانگەوازکردنە بۆ خوا بەتەنها پەرستی، یوسف ﷺ پرسیاری خەونی لێدەکرێ، کەچی دەستدەکات بە باسی گرنگی خوا بە تەنها پەرستی وتەوحید وخراپی هاوبەش پەیداکردن! دەی توخخوا عەیب نیە بۆ کەسێك بڵێ: من شوێنی پەیامبەران -علیهم الصلاة والسلام- کەوتوم وباسی تەوحیدیش ناکات! کەچی هەمو پەیامبەران فەرمویانە: ئەی قەومەکەمان تەنها خوا ببەرستن، سەرفراز دەبن، هەروەك چۆن کۆتا پەیامبەریش ﷺ هەر ئەوە بانگەوازی بوو، بە خەڵکی مەککە هەر وای وت، وقورەیشیش تەنها ئەوەیان بەلاوە گران بوو.

ئەگەرنا، پەیامبەر ﷺ بە تەنها پێی فەرموبایەن: درۆ مەکەن، دزی مەکەن... هتد، ئەوا بێگومان وایان دەکرد ودەست خۆشیشان لێدەکرد ودەیان وت: ئێمەش هاوکارت دەبین، بەڵام قورەیش کێشەیان لەسەر تەوحید وخوا بەتەنها پەرەستی هەبوو، بەردەوام دەچون بۆ سوڵحکردن لەگەڵی وپێیان دەوت: تۆ پەرستراوەکانی ئێمە بێعەقڵ دەکەی، وئێمەش بێعەقڵ دەکەی کە دەیانپەرستین! واز بهێنە لەو بابەتە، هەرگیز ڕۆژێ نەیانوت: باسی داوێن پیسی مەکە، باسی نوێژ مەکە، باسی دزی ودرۆکردن مەکە، جا هەمو پەیامبەرانی خوا -علیهم الصلاة والسلام-، لەگەڵ گەلەکانیان کێشەی تەوحیدیان هەبووە.

کەواتە با ژیر و وریا بین، با بەناوی شوێنکەوتنی پەیامبەرانەوە -عليهم الصلاة والسلام- فیڵتان لێنەکرێت، ئەگەرنا دوای نەوە دوای نەوە تەوحیدتان لەناودا ون دەبێت ونامۆ دەبێت کە ئەسڵی دینە وهەمو دین بەبێ تەوحید هیچ کەڵك وقورساییەکی نیە، جا کۆمەڵێك لەو لایەنانەی بانگەشەی ئەم شتە دەکەن، بایەخ بە تەوحید نادەن، دەی دواجار نەوەی داهاتویان تەوحیدیان لێ دەدبێت بە بیدعە، صدق رسول الله ﷺ کە دەفەرموێ: ((قیامەت هەڵناسێت تا ئەو کاتەی لەسەر زەوی ناوترێت: الله الله))(١)، یانی: ناڵێن: ((لَا إِلٰهَ إِلَّا الله))، یانی: خوا بەتەنها پەرەستن نامێنێت، هەروەکو لە حەدیسێکی تردا ئەفەرموێ(٢): ((شیرك لە ئاخر زەماندا دێتەوە نێو ئوممەتەکەم))، بەڵکو ئەفەرموێ: ((لات وعوززا دیسانەوە دەپەرەسترێنەوە))(٣)، ئەمانەش بە نەمانی تەوحید دەبێت، ئەی تەوحید چۆن

(١) عن أنس، أَنَّ رَسُولَ اللَّهِ ﷺ قَالَ: «لَا تَقُومُ السَّاعَةُ، حَتَّى لَا يُقَالَ فِي الْأَرْضِ اللَّهُ اللَّهُ» صحيح مسلم.

(٢) عن ثوبان، مرفوعًا: «لا تقومُ السَّاعةُ حتَّى تلحقَ قبائلُ من أمَّتي بالمشرِكينَ وحتَّى تعبُدَ قبائلُ من أمَّتي الأوثانَ» أخرجه احمد وأبو داود وهو في صحيح أبي داود.

(٣) عن عائشة، قَالَتْ: «سَمِعْتُ رَسُولَ اللَّهِ ﷺ يَقُولُ: «لاَ يَذْهَبُ اللَّيْلُ وَالنَّهَارُ حَتَّى تُعْبَدَ اللاَّتُ وَالْعُزَّى»، فَقُلْتُ: يَا رَسُولَ اللَّهِ! إِنْ كُنْتُ لأَظُنُّ حِينَ أَنْزَلَ اللَّهُ: «هُوَ الَّذِى أَرْسَلَ رَسُولَهُ بِالْهُدَى وَدِينِ الْحَقِّ لِيُظْهِرَهُ عَلَى الدِّينِ كُلِّهِ وَلَوْ كَرِهَ الْمُشْرِكُونَ»، أَنَّ ذَلِكَ تَامًّا، قَالَ: «إِنَّهُ سَيَكُونُ مِنْ ذَلِكَ مَا شَاءَ اللَّهُ، ثُمَّ يَبْعَثُ اللَّهُ رِيحًا طَيِّبَةً؛ فَتَوَفَّى كُلَّ مَنْ فِى قَلْبِهِ مِثْقَالُ حَبَّةِ خَرْدَلٍ مِنْ إِيمَانٍ، فَيَبْقَى مَنْ لاَ خَيْرَ فِيهِ، فَيَرْجِعُونَ إِلَى دِينِ آبَائِهِمْ». صحيح مسلم (٧٤٨٣).

بمێنیٚ، لەکاتێکدا خەڵکێك دروست بێت وبانگەواز بۆ تەوحید نەکات!؟ زۆر سەیرە! کەسێك بڵێ: شوێنی پەیامبەران -علیهم الصلاة والسلام- کەوتوم کەچی بانگەشەش نەکات بۆ ئەوەی پەیامبەران بانگەشەیان بۆکردوە، بەڵکو کرۆك ومەبەستی پەیامەکەیان بووە، یەکەم وشەیان ئەوە بووە.

هەربۆیە بەخراپی نازانین ئەگەر کۆمەڵێك هەبن بانگەوازیان وەك بانگەوازی پەیامبەران نەبێت، بڵێین: ئەمانە لایانداوە وبانگەشە ناکەن بۆ دینی پەیامبەران.

ئەگەر باسی تەوحید نەکەین دین دەفەوتیٚ، دین زایە دەبیٚ، پێویستە خەڵك بزانیٚ کامە حەقە وکامە ناحەقە.

پاشان فەرموی: ﴿إِنِ الْحُكْمُ إِلَّا لِلَّهِ﴾، «حوکم هەر بۆخوایە»، یانی: حوکم وبڕیار هەر بۆ خوایە: لە عەقیدە، لە عیبادەت، لە مامەڵە، لە هەڵسوکەوت، کام کارە دروستە، کامەیان نادروستە؟ پەرستش بۆ کیٚ دروستە، وبۆ کێش نادروستە؟ حوکم لە هەمو ئەمانەدا هەر بۆ خوایە وبڕیار بڕیاری ئەوە، جا حوکم وبڕیاری ئەویش ئەوەیە: هەر پەرستشی ئەو تەواو ودروستە، وفەرمانی کردووە هیچ نەپەرستن، جگە لەو نەبێت.

٦٤. کەواتە بەو واتایەش هات: کە هەر خوا حاکمە، حاکمیەت هەر بۆ خوایە ﷻ، یانی هیچ کەسێك نیە لە خوا زیاتر بەرژەوەندی خەڵك بزانیٚ، کە خەڵك بڕۆن حوکم وبڕیاری ئەو پیادە بکەن لە نێوان خۆیان، چونکە هیچ

شتێك نیە ونابێت لە خوا ﷻ زیاتر بزانێ، لەخوا زیاتر بەندەکانی بناسێ، کەوابوو کەسیش ناتوانێ بەرنامەیەکیان بۆ دابنێ لە بەرنامەکەی خوا باشتر وچاکتر، بەڵکو زوڵم وستەم دەکات ئەوەی کە دەڵێ: ئیسلام ماوەی بەسەر چووە، نەخێر! بێگومان عەقڵی خۆی بەسەر چووە، یاسا دونیایەکانی دەستی مرۆڤ بەسەر چووە، کە لە ماوەیەکی کەمدا وچەند ساڵێك تێپەڕ نابێت چەندین جار هەموار دەکرێتەوە!! کەواتە یاساکان دەگۆڕێن وهەر کەسێك و لایەنێك و وڵاتێك، شتێك بە بەرژەوەندی خۆی دەزانێ، بۆیە یاساکەش بە پێی بەرژەوەندی خۆی دەگۆڕێ، بەڵام هەر خوایە هەمو خەڵك دەناسێ ویاسایەکی نەگۆڕ وشیاوی هەیە، وبۆ هەمو خەڵك دەگونجێ وبە کەڵکە، ﴿إِنِ الْحُكْمُ إِلَّا لِلَّهِ﴾ جا هەرکەسێك، پێی وابێت دینی ئیسلام لەگەڵ هەمو سەردەمێکدا ناگونجێت، یان بۆ کاتی خۆی بە کەڵك بووە، لە ئێستادا بەسەر چووە، ئەو کەسە بە باوەڕدار هەژمارناکرێ لە ئیسلامدا، چونکە ئەگەر کەسێك بڕوای بە ئیسلام وبنچینەکانی نەبێت، ئەوا ئیسلام حەقی خۆیەتی بە شوێنەکەوتەی خۆی هەژماری نەکات.

هەروەها ئەگەر خوا حوکم نەکات، وڵات توشی فەساد وگەندەڵی وسەرلێشێواوی دێت، بڕۆن تەماشای ئەو وڵاتانە بکەن کە لە حوکمی خوا لایان داوە، بەپێی لادانیان لە حوکمی خوا وڵاتیان توشی فەساد وخراپەکاری هاتووە.

﴿يَا صَاحِبَيِ السِّجْنِ أَمَّا أَحَدُكُمَا فَيَسْقِي رَبَّهُ خَمْرًا وَأَمَّا الْآخَرُ فَيُصْلَبُ فَتَأْكُلُ الطَّيْرُ مِنْ رَأْسِهِ قُضِيَ الْأَمْرُ الَّذِي فِيهِ تَسْتَفْتِيَانِ﴾

پاش باسکردنی ئەو پێشەکیە لەسەر تەوحید، یوسف ﷺ دێتە سەر لێکدانەوەی خەونەکەیان، وئەفەرموێ: ﴿يَا صَاحِبَيِ السِّجْنِ أَمَّا أَحَدُكُمَا فَيَسْقِي رَبَّهُ خَمْرًا﴾ «ئەی دوو هاوڕێکەی بەندینخانەم! یەکێکتان -کە ساقیەکەیە والله أعلم-، لە زیندان دەردەچێت ودەگەڕێتەوە کۆشکی پاشایەتی ومەیش پێشکەشی پاشا دەکات.

٦٥. ئەمەش بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە پادشا ودەسەڵاتدارەکان، لەبەر خۆبەزلزانی وفیزیان، هەر لەکۆنەوە خزمەتکاری تایبەتیان هەبووە، چێشتخانەی تایبەتیان هەبووە، وشتەکانی تریش بەهەمان شێوەە، وەك لە ڕیوایاتی ئیسرایلیدا هاتووە، ئەم دوو کەسە، یەکێکیان ساقی پاشا بووە ویەکێکی تریشیان نانەوای بووە، دەسەڵاتدارانی ئێستاش هەروان، زۆربەی زۆریان نرخی زۆربەی شتومەکەکانی نێو بازاڕەکانی ئەو خەڵکە نازانن!

﴿وَأَمَّا الْآخَرُ﴾ ئەوی ترتان -کە نانەواکەیە والله أعلم-، ﴿فَيُصْلَبُ﴾ دەکوژرێ ولە خاچ دەدرێ، ﴿فَتَأْكُلُ الطَّيْرُ مِن رَّأْسِهِ﴾، «ئەوسا باڵندە دێت ولەسەری دەخوات».

٦٦. سەرنجیش بدەن، لەبەر ئەوەی سەرەنجامی یەکێکیان مەرگە، نەیفەرمو: «خەونەکەی تۆ، ئەوە لێکدانەوەیەتی، وخەونەکەی تۆش

ئەوەیە))، بەڵکو فەرموی: یەکێکتان ئاوای بەسەر دێت وئەوی تریشتان ئەوەی بەسەردێت. ئەگەر چی بە ناڕاستەوخۆ لێی دەفامرێ کە کێ چی بەسەردێت. ئەمەش بۆ ئەوەی هەواڵەکە ئەو قورسیە زۆرەی نەبێت لەسەر دڵی ئەوەیان سەرەنجامی مەرگە.

٦٧. زانایان دەڵێن لەبەر ئەم مەبەستەیە یوسف باسی تەوحیدی بۆکۆدون، وەك ئەوەی پێیان بڵێ: ئێوە یەکێکتان بەمزوانە لەسێدارە دەدرێت، وەرن با فێری شتێکتان بکەم، کە ئەگەر لەسەری بمرن بۆ هەتا هەتایی ڕزگارتان دەبێت، ئەگەریش لەسەری نەمرن هەتا هەتایە لە سزادان. ئەمەش دڵسۆزی یوسف ﷺ دەردەخات، هەروەك چۆن هەمو پەیامبەران هەروا دڵسۆزن، لە کۆتایی چیرۆکی نوحیشدا دیسانەوە باسی دڵسۆزی پەیامبەرانمان کرد بۆ خەڵك، جا ئەمیش ﷺ پێی خۆش نەبووە کەسێك بمرێت وبچێتە ئاگرەوە.

پاشان جەخت دەکاتەوە لەسەر ڕاستێتی ئەو لێکدانەوەیە وفەرموی: ﴿قُضِيَ الْأَمْرُ الَّذِي فِيهِ تَسْتَفْتِيَانِ﴾، ((ئەو پرسەی پرسیارتان لەبارەوە کرد بڕیاری لەبارەوە دراوە وبڕاوەتەوە))، ئەمەش جەختکردنەوەیە لەسەر قسەی پێشوی کە فەرموی: ﴿لَا يَأْتِيكُمَا طَعَامٌ تُرْزَقَانِهِ إِلَّا نَبَّأْتُكُمَا بِتَأْوِيلِهِ قَبْلَ أَن يَأْتِيَكُمَا ۚ ذَٰلِكُمَا مِمَّا عَلَّمَنِي رَبِّي﴾، لێرەش دەفەرموێ: ((ئەوەی کە پرسیارتان

کرد لەبارەیەوە، تەواو بڕایەوە»، یانی: ئەگەری ڕونەدانی نیە، ئەگەری نیە لەم تەفسیر وخەوپەرژێنە هەڵەبکەم.

ئەو قسەیەش لاوازە، کە دەڵێ: ئەوەیان کە سەرەنجامی مەرگ بووە، وتویەتی: «من درۆم کردوە خەونم نەبینیوە». شتی وا ڕاست نیە، بەڵکو هەردوکیان خەونیان بینیوە وپرسیاریان لە یوسف کردوە، جا ئەگەر خەونی نەبینیبێت، خۆی بۆ خۆی بەدرۆخستنەوەی پەیامبەر یوسفی ﷺ تێدایە، یانی: خەون بۆ کەسێك دەپەرژێنێ وخەونیشی نەبینیوە، کەواتە هەر لە خۆیەوە پەرژاندویەتی.

بەڵگەی ئەوەی کە خەونی بینیوە: خەونەکەیەتی: «من لەوخەونمدا تەماشا دەکەم: نانم لەسەر سەرم هەڵگرتووە وباڵندە لێی دەخوا»، ئەمەش تەفسیرەکەیە کە یوسف ﷺ بۆی لێکدەداتەوە: «یەکێکتان دەکوژرێ ولە خاچ دەدرێ، ئەوسا باڵندە دێت ولەسەری دەخوات». تەماشا دەکەی لێکدانەوەکە هی ئەو خەونەیە.

﴿وَقَالَ لِلَّذِي ظَنَّ أَنَّهُ نَاجٍ مِنْهُمَا اذْكُرْنِي عِنْدَ رَبِّكَ فَأَنْسَاهُ الشَّيْطَانُ ذِكْرَ رَبِّهِ فَلَبِثَ فِي السِّجْنِ بِضْعَ سِنِينَ﴾

لێرەدا یوسف خۆشحاڵە بەوەی یەکێکیان ڕزگاری دەبێت، بۆیە دەیەوێ هۆکارێکی شەرعی بگرێتە بەر.

گرتنەبەری هۆکاریش، یەکێکە لەو شتانەی خوا ﷻ دایناوە، بەڵکو «هەرکەسێك بڕوای بە هۆکار «الأَسْبَاب» نەبێت، تانەی لە شەرعداوە، ئەوەشی بڕوای بە پشت بەخوابەستن «التَّوَكُّل» نەبێت دینی پەکخستوە»[١]، مرۆڤ پێویستە پشت بەخوا ببەستێ وئەو هۆکارانەی کە خوا ﷻ دایناوە بیگرێتە بەر.

جا یوسفیش ﷺ هۆکارێك دەگرێتە بەر، ئەویش بریتیە لە: داواکردن لە ڕزگاربوەکە، کە باسی هەقیقەتی من بکە لای پاشا، کە بە ستەم زیندانی کراوم.

﴿ظَنّ﴾یش بە مانای گومان، وبە واتای دڵنیاییش دێت، بەڵام بە دوو بەڵگە یان قەرینە، لێرەدا بەمانای دڵنیایی وزانستە:

**یەك:** ﴿ذَلِكُمَا مِمَّا عَلَّمَنِي رَبِّي﴾، «ئەم خەو پەرژێنیە، خوا فێری کردوم». **دوو:** ﴿قُضِيَ الْأَمْرُ الَّذِي فِيهِ تَسْتَفْتِيَانِ﴾، «ئەو شتەی پرسیارتان لەبارەوە دەکرد، تەواو وکار لەکار ترازاوە». کە خوا فێری کردبێت وکار لەکار ترازا بێت، کەواتە ناکرێت گومانی هەبێت.

(١) وتەی یەکێکە لە پیاوچاکان.

﴿فَأَنسَاهُ الشَّيْطَانُ ذِكْرَ رَبِّهِ﴾، «جا شەیتان لە بیری بردەوە یاد وباسی «رَبّ»ـەکەی بکات». زانایان دوو بۆچونیان هەیە، لەبارەی ڕاناوی هائەکە لە ﴿فَأَنسَاهُ﴾ بۆ کێ دەگەڕێتەوە، لەگەڵ ﴿رَبِّهِ﴾ لێرەدا کێیە؟ :

**یەکەم:** ئەڵێن: ﴿فَأَنسَاهُ﴾ هائەکە بۆ یوسف دەگەڕێتەوە، ﴿رَبِّهِ﴾یش لێرەدا، مەبەست پێی «رب العالمين»ـە، نەك پادشاکە، واتە: شەیتان یادی خوای لەبیر یوسف ﷺ بردەوە. ئەگەر لەسەر ئەم لێکدانەوە بێت، کەواتە یوسف -سەڵات وسەلامی لەسەر بێ- خوای لەبیر براوەتەوە کە پەنای بۆ ببات، بۆیە داوای لە ئەم بەندە ڕزگار بووە کردوە لەلای پادشا باسێکی بکات.

**دووەم:** ئەڵێن: ﴿فَأَنسَاهُ﴾ هائەکە بۆ ساقیەکە دەگەڕێتەوە، ﴿رَبِّهِ﴾یش لێرەدا، مەبەست پێی پادشاکەیە، واتە: شەیتان لەبیری ساقیەکەی بردەوە باسی یوسف بکات لەلای پادشا.

ئەوەی ئەم تەفسیری دووەمە بەهێز دەکات، خوای گەورە باسی ئەوە ئەکات ساقیەکە دوای بیری هاتۆتەوە وباسی یوسفی کردوە: ﴿وَقَالَ الذي نَجَا مِنْهُمَا وادكر بَعْدَ أُمَّةٍ أَنَاْ أُنَبِّئُكُمْ بِتَأْوِيلِهِ فَأَرْسِلُونِ﴾.

﴿فَلَبِثَ فِي السِّجْنِ بِضْعَ سِنِينَ﴾، «ئیتر ئەوەبوو، «بِضْع» ساڵ لە زیندان مایەوە».

«البِضْع» به كەسرە، لە «٣»ەوە بۆ «٩» دەگرێتەوە. کەواتە یوسف لەو دەورە لە زیندان ماوەتەوە، هەربۆیە زانایان ڕاجیاوازن لەسەر ئەو ماوەیەی کە یوسف لە زیندان بردویەتیە سەر، بەناوبانگترین بۆچون بریتیە لە حەوت ساڵ وخواش زاناترە.

﴿وَقَالَ الْمَلِكُ إِنِّي أَرَىٰ سَبْعَ بَقَرَاتٍ سِمَانٍ يَأْكُلُهُنَّ سَبْعٌ عِجَافٌ وَسَبْعَ سُنْبُلَاتٍ خُضْرٍ وَأُخَرَ يَابِسَاتٍ يَا أَيُّهَا الْمَلَأُ أَفْتُونِي فِي رُؤْيَايَ إِنْ كُنْتُمْ لِلرُّؤْيَا تَعْبُرُونَ﴾

پادشای میسر خەو دەبینێ، جا وەك ئاماژەمان پێکرد چیرۆکی یوسف لە خەوندایە! ﴿وَقَالَ الْمَلِكُ إِنِّي أَرَىٰ﴾، واتە: «پاشا وتی»، ئەڵێن: ناوی ڕەییانی کوڕی وەلید بووە.

جا ئەفەرموێ: «پاشا وتی من خەون دەبینم»، ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ سەرەتای چیرۆکەکە، یوسف فەرموی: ﴿إِنِّي رَأَيْتُ﴾ «من خەونم بینی» بە فرمانی ڕابردو «فعل الماضي»، بەڵام پاشا ئەڵێ: ﴿إِنِّي أَرَىٰ﴾ «من خەون دەبینم» بە فرمانی ڕانەبردو «فعل المضارع»، زانایان دەفەرمون: کە ئەڵێ: «دەبینم» وەکو ئەوەی زیاد لە جارێك ئەو خەونەی بینیبێت، هەروەها کە ئەڵێ: «دەبینم» وەکو ئەوەی ئێستا خەونەکەی لە پێش چاو بێت. هەر دەکرێ ئەم زۆر بینینە وای لێکردبێت، بێزاری کردبێت، بۆیە وای لێکردبێت

شارەزایانی شانشینەکەی کۆکردبێتەوە وباسی خەونەکەی بۆ کردبێتن وداوای لێکدانەوەی لێکردبێتن. بۆیە پێی وتن:

﴿إِنِّي أَرَىٰ سَبْعَ بَقَرَاتٍ سِمَانٍ﴾، ((من لە خەوندا، حەوت مانگای قەڵەو دەبینم، ﴿يَأْكُلُهُنَّ سَبْعٌ عِجَافٌ﴾، ((حەوت مانگای لەڕ ولاواز ئەو حەوت مانگا قەڵەوە دەخۆن))، ﴿وَسَبْعَ سُنبُلَاتٍ خُضْرٍ﴾، ((وحەوت گوڵە گەنمی سەوز دەبینم)) ﴿وَأُخَرَ يَابِسَاتٍ﴾، ((حەوت گوڵەگەنمی وشکەوەبو وزەرد دەبینم، ئەو حەوت گوڵەگەنمە سەوزە دەخۆن))، ﴿يَا أَيُّهَا الْمَلَأُ﴾، ((دەسا ئەی دەمسپیان وشارەزایان وزانایانی مەملەکەتەکەم)) ﴿أَفْتُونِي فِي رُؤْيَايَ﴾، ((وەڵامی ئەم خەونەم بدەنەوە وبۆمی لێکبدەنەوە)) ﴿إِن كُنتُمْ لِلرُّؤْيَا تَعْبُرُونَ﴾، ((ئەگەر ئێوە لەخەون دەزانن وسەرتان لە لێکدانەوەی خەون دەردەچێت؟)).

ئەگەر لەم ڕوداوی کۆکردنەوەی زاناکان وئەشرافەکان وردبیتەوە کە بۆ خەون پەرژێنێکە، لەگەڵ ئەوەی دوو گەنجەکەی زیندان پرسیاری خەون لە یوسف دەکات، ئەوەت لا دروست دەبێت لە ناوچەی میسر خەوپەرژێنی زانستێك بووە بەربڵاوبووە وخەڵکێك پێوەی خەریك بون، بۆیە موعجیزەکەی پەیامبەر یوسف ﷺ -وەکو پەیامبەرە براکانی تری سەڵات وسەلامی خوایان لەسەر بێت- لەو ڕەگەز ((جنس))ە بووە کە گەلەکەیان تێیدا لێهاتوو

بوون، گەلی موسا ﷺ لە جادو، وگەلی پەیامبەر ﷺ لە ڕەوانبێژی، وهتد..، بۆیە ئایەت وموعجیزەکان لەو چەشنە هات بۆیان.

﴿قَالُوا أَضْغَاثُ أَحْلَامٍ﴾، جا «ئەوانیش وتیان: ئەمە خەونی بێسەر وبەر وتێکەڵ وپێکەڵە»، ﴿أَضْغَاثُ﴾ کۆی «ضِغْث»ە، بریتیە لەو چەپکەیەی جۆرەها ڕوەك وچڵەداری تێدایە، بۆیە تێکەڵەیە. هەروەها ئەو سودەی تێدایە کە «أَحْلَام» بۆ خەونی بێمانا بەکاردێت، وەکو لەحەدیسی موسلمیشدا هاتووە[1]: «الرؤيا من اللهِ، والحُلمُ من الشيطانِ»، واتە: «ڕۆیا لە خواوەیە وحولمیش لە شەیتانەوەیە»، ﴿وَمَا نَحْنُ بِتَأْوِيلِ الْأَحْلَامِ بِعَالِمِينَ﴾، «جا ئێمە لە لێکدانەوەی خەونی بێسەر وبەر زانا نین، بەڵکو زانایین لە لێکدانەوەی خەونە مانادار ومەفهومەکان».

﴿وَقَالَ الَّذِي نَجَا مِنْهُمَا وَادَّكَرَ بَعْدَ أُمَّةٍ أَنَا أُنَبِّئُكُم بِتَأْوِيلِهِ فَأَرْسِلُونِ﴾

ئا لەوکاتەدا شتێك ڕوودەدات کە کەسیان پێشبینی ناکەن وبە خەیاڵیشیاندا نەهاتووە، ﴿وَقَالَ الَّذِي نَجَا مِنْهُمَا﴾، «جا ئەوەی کە ڕزگاری بوو لە زیندان» ﴿وَادَّكَرَ بَعْدَ أُمَّةٍ﴾، «دوای ماوەیەکی زۆر -کە وتمان حەوت ساڵ بوو- کەوتە بیری» ﴿أَنَا أُنَبِّئُكُم بِتَأْوِيلِهِ فَأَرْسِلُونِ﴾ «وتی لێکدانەوەی

---

(١) ٢٢٦١.

ئەو خەونەتام پێدەڵێم، بۆیە بمنێرم» یانی: بۆلای ئەو کەسەی کە زانستی لەو بارەوە لەلایە.

یانی ئەو قسەیەی کەوتە بیر کە یوسف پێی وت: ﴿اُذْكُرْنِي عِندَ رَبِّكَ﴾، «لەلای پادشا باسم بکە کە بە ستەم زیندانی کراوم» یانی ئەم قسەیەی بیرکەوتەوە.

﴿وَادَّكَرَ﴾ «اذْتَكَر»ەیە، لەسەر وەزنی «افْتَعَل»، لە ئەسڵدا: «الذِّكر»، تائی «اذْتَكَر»ە، کراوە بە «دال»، پاشان «ذال»ەکەشی کراوە بە «دال»، ئیتر هەردو «دال»ەکە تێهەڵکێش کراوە.

﴿أُمَّة﴾یش لە قورئاندا بە چوار واتا هاتووە:

**یەکەم:** بە واتای کۆمەڵ «الطائفة، الجماعة»، وەکو: ﴿وَلَقَدْ بَعَثْنَا فِي كُلِّ أُمَّةٍ رَسُولاً﴾ [النحل:٣٦].

**دووەم:** بە واتای پێشەوا «الإمام»، وەکو: ﴿إِنَّ إِبْرَاهِيمَ كَانَ أُمَّةً قَانِتاً لِلَّهِ﴾ [النحل:١٢٠].

**سێیەم:** بە واتای ئایین «الدين»، وەکو: ﴿إِنَّا وَجَدْنَا آبَاءَنَا عَلَى أُمَّةٍ﴾ [الزخرف:٢٢].

**چوارەم:** بە واتای کات وماوە وزەمەن «الدهر، الزمن»، وەکو: ئەم ئایەتەی ئێستا لە خزمەتیداین..

بگەڕێینەوە سەر ئایەتەکە.. تەماشای گەورەی خوا بکەن! پاشدەرچونت لە زیندان بۆ بیرت چو؟ خەونەکەی بۆ تەفسیر نەکردی؟ کەسێکی باش نەبو؟ بۆ لەگەڵ گەیشتنت بە کۆشك بیرت نەکەوتەوە وبەپاشات نەوت؟ بۆ پاش نزیکەی حەوت ساڵ بیرت دەکەوێتەوە؟ ئا ئەمە گەورەیی خوایە سبحانە، کە بیەوێ کارێك بکا هەر دەیکات.

وتیشی: ﴿أَنَا أُنَبِّئُكُم بِتَأْوِيلِهِ﴾ سەرنجی ئەم پیاوە بدەن! نەیوت: کەسێك هەیە، ئیزن بفەرمون با بڕۆمە لای بەشکو سەری دەرکرد لەم خەونە. وای نەوت، بەڵکو وتی: «من ئەو خەونەتان بۆ لێکدەدەمەوە»، لێرەش ئاماژەیەکی تێدایە بۆ بێئەدەبی کاربەدەستانی دەوری پاشا، کە «جهل»یان هەیە ونازانن، کەچی جەختیش دەکەنەوە ودەڵێن: ئەمە خەونی بێسەر وبەرە وئێمەش شارەزا نین لەخەونی بێسەر وبەر.

﴿فَأَرْسِلُونِ﴾ بۆ ئەوەی بڵێ: خۆم لێکی نادەمەوە وهی کەسێکی ترە، ئەمەش بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە ساقیەکە چووە بۆلای یوسف، بە پێچەوانەی ڕیوایاتی ئیسرائیلی، کە دەڵێ: یوسف هێنراوە بۆلای پاشا.

﴿يُوسُفُ أَيُّهَا الصِّدِّيقُ أَفْتِنَا فِي سَبْعِ بَقَرَاتٍ سِمَانٍ يَأْكُلُهُنَّ سَبْعٌ عِجَافٌ وَسَبْعِ سُنْبُلَاتٍ خُضْرٍ وَأُخَرَ يَابِسَاتٍ لَعَلِّي أَرْجِعُ إِلَى النَّاسِ لَعَلَّهُمْ يَعْلَمُونَ﴾

واتە: «یوسف ئەی ڕاستبێژ»، ئەمەش بێگومان لە ڕەوانبێژیەکانی قورئانە، ئەویش پچڕاندنی ئەو شتانەیە کە سودێکی وای لێناکەوێتەوە. واتە: ساقیەکە داوای ئیزنی ڕۆیشتنی کردوە بۆلای کەسی مەبەست، ئەوانیش ئیزنیان داوە، ئەمیش هاتووە بۆلای یوسف لە زیندان ووتویەتی: یوسف ئەی ڕاستگۆ...

ئیتر هەر کە یوسفی ﷺ بینی پێی وت: ﴿يُوسُفُ أَيُّهَا الصِّدِّيقُ﴾ «یوسف، ئەی پیاوی ڕاستگۆ!» ﴿أَفْتِنَا فِي سَبْعِ بَقَرَاتٍ﴾، «وەڵامان بدەرەوە لەبارەی ئەم خەونەوە: حەوت مانگای لەڕ ولاواز حەوت مانگای قەڵەو دەخۆن، حەوت گوڵە گەنمی سەوز، لەلایەن حەوت گوڵە گەنمی وشك وزەردەوە دەخورێن!»، ﴿لَّعَلِّي أَرْجِعُ إِلَى النَّاسِ لَعَلَّهُمْ يَعْلَمُونَ﴾، «بەشکو بگەڕێمەوە بۆلای خەڵك، تا لێکدانەوەی ئەم خەونە بزانن».

تەماشای لوتفی خوا ﷻ بکەن! ئەم خەونە کەسێکی سادەی نێو شانشینەکە نایبینێ، بەڵکو شا خۆی دەیبینێ، خەونی پاشاش، شانشینەکە بەخۆیەوە سەرقاڵ دەکات، چونکە ئەگەر شتێك بیری پاشای مەشغول کرد، بیری خەڵکیش سەرقاڵ دەکات، ئەمە یەك.

**دووەم لوتفی خوا:** ئەوەیە لەوکاتەی کە ساقیەکە مەی هێنا بۆ پاشا، نەیوت ئەی ساقی خەونێکم بینیوە تۆ لە خەوپەرژێن نازانی؟ یا کەسێك ناناسی خەو بپەرژێنێ؟ ئەویش بڵێ: بەڵێ، پاشان بڕوات بۆلای یوسف

وخەونەکەی پاشا بپەرژێنیٚ، پاشاش کاربەدەستان کۆبکاتەوە وبلیٚ خەونێکی وامبینیوە وبەم شێوەیە بۆیان پەرژاندوم، ئەوکات ئەوانیش دەیان دەیانوت: ئێمەش لەخەون دەزانین! ئەگەر بە ئێمەش بگوتبایە لێکمان دەدایەوە!

بەڵام بۆ ئەوەی لەلایەکەوە فەزڵی یوسف زیاتر دەربکەویٚ بە لوتفی خوا ﷻ، دووەمیش: بێدەسەڵاتی وکەم زانستی دەمسپی وزاناکان ئاشکرا ببێت، جا دوای ئەوەی ئەوان وتیان: نازانین! یوسف دەیزانیٚ، ئەوکات فەزڵی یوسف ﷺ زیاتر دەردەکەویٚ، هەروەك لە چیرۆکی «ئادەم»دا هاتووە، خوای گەورە بە فریشتەکانی فەرمو: «هەواڵم بدەنی ناوی ئەو شتانە چیە؟ ئەوانیش وتیان: پاکی بۆ تۆ! ئێمە نازانین ئەوە نەبێت تۆ فێرت کردوین! پاشان بە «ئادەم» وترا: ئەی تۆ ناویان دەزانیت؟ ئادەمیش باسی ناوەکانی بۆ کردن، بەمەش فەزڵی ئادەم زیاتر دەرکەوت، فریشتەکانیش بۆیان دەرکەوت کە ئادەم فەزڵدارە.

وتراویشە: «هەرکات حەق وناحەق خرانە پاڵ یەك، حەق جوانتر دەردەکەویٚ».

بۆیە خوای مەزن کارێکی کرد کە فەزڵی یوسف زیاتر دەربکەوێت.

ڕزگاربووەکە، نەیوت: پاشا خەونی بینیوە، بەڵکو وتی هەواڵمان بدەریٚ دەربارەی ئەم خەونە. دەڵێن: بۆیە وای وتووە لەترسی ئەوەی نەك یوسف بڵیٚ خەونەکە ناپەرژێنم تاکو لە زیندان دەرمنەهێنن، بەڵام ئەم قسەیە دوورە.

﴿قَالَ تَزْرَعُونَ سَبْعَ سِنِينَ دَأَبًا فَمَا حَصَدْتُمْ فَذَرُوهُ فِي سُنْبُلِهِ إِلَّا قَلِيلًا مِمَّا تَأْكُلُونَ﴾

یوسفیش ﷺ خەونەکەی بۆ پەرژاند، وگلەیی لێنەکرد کە لە بیری کردوە، بەڵکو ڕاستەوخۆ وڵامی دایەوە، فەرموی: ﴿قَالَ تَزْرَعُونَ سَبْعَ سِنِينَ دَأَبًا﴾ «فەرموی: حەوت ساڵ لەسەر یەك، بەردەوام کشتوکاڵ دەکەن، بە هەوڵ وتێکۆشان»، ﴿فَمَا حَصَدْتُمْ فَذَرُوهُ فِي سُنْبُلِهِ إِلَّا قَلِيلًا مِمَّا تَأْكُلُونَ﴾ «جا هەرچیتان بەرهەمهێنا لەناو گوڵەکەیدا بیهێڵنەوە، مەگەر کەمێك نەبێت ئەویش بۆ خواردن، ئەوەندی پرسی نەبن» ئەمە بۆ؟

﴿ثُمَّ يَأْتِي مِن بَعْدِ ذَٰلِكَ سَبْعٌ شِدَادٌ يَأْكُلْنَ مَا قَدَّمْتُمْ لَهُنَّ إِلَّا قَلِيلًا مِمَّا تُحْصِنُونَ﴾

«لەبەر ئەوەی پاش ئەو حەوت ساڵە، حەوت ساڵی قورس دێن بەسەر خەڵکدا، کە ساڵانێکی قات وقڕی ووشکە ساڵیە، ئیتر لەو حەوت ساڵە ئەوە دەخۆن کە لەسەرەتادا هەڵتان گرتووە ولەناو گوڵەکانیدا پاراستونانە، مەگەر کەمێك نەبێت هەڵی دەگرن» تا کەڵکی لێوەر بگرن بۆ زەرعاتەکانتان.

کەواتە یوسف حەوت مانگای لەڕ ولاوازی بە چی لێکدایەوە؟ بە حەوت ساڵی قات وقڕی ووشکە ساڵی، ئەی حەوت مانگای قەڵەو بەچی؟ بە حەوت ساڵی خۆشگوزەرانی.

ئەمانەش لەخەونەکە هاتوون، بەڵام یوسف ﷺ شتێکی زیاتریش دەڵێ:

﴿ثُمَّ يَأْتِي مِن بَعْدِ ذَٰلِكَ عَامٌ فِيهِ يُغَاثُ النَّاسُ وَفِيهِ يَعْصِرُونَ﴾

«پاش حەوت ساڵی دووەم، ساڵێك دێت، خەڵك لە نارەحەتی وتەنگی دەردەچن وبەرادەیەك دەگوشن -لەو شتانەی کە دەگوشرێن وشەربەت ودۆشاوی لێدەردەهێنرێت-».

لێرەدا چەند شتێك هەیە جێگەی تێبینی ولێوردبونەوەیە:

**یەکەمیان:** «پاش ئەو دوو حەوت ساڵە، ساڵێك دێت کە تێیدا ﴿يُغَاثُ النَّاسُ﴾ خەڵك لە تەنگی دەردەچن، وفریایان دەکەوێت، وباران دەبارێ»، لە خەونەکە ئەمەی تێدا نیە، ئەی یوسف ﷺ ئەمەی لەکوێوە هێنا، هەندێ لەزانایان دەڵێن: بە وەحی زانیویەتی. بەڵام ئەوەی راستە -**والله أعلم**- لە روی عەقڵیەوە زانیویەتی، چونکە ئەگەر حەوت ساڵ خۆشی بێت وحەوت ساڵ قات وقری ووشکە ساڵی بێت، کەواتە مادام ماوەی وشکە ساڵیەکە بە حەوت ساڵ دیاریکراوە، کەوابوو هەشتەم ساڵ خۆشگوزەرانی دێت.

**سێیەم:** یوسف ﷺ فەرموی: ﴿يُغَاثُ النَّاسُ﴾ نەیفەرمو: «یمطر الناس» «بارانیان بۆ دەبارێ»، بەڵکو بارانەکەی بە غەیس شوبهاند، واتە دێتە فریای خەڵکەوە وبارانی رەحمەتە، لە قورئانیشدا زۆرجار بارانی رەحمەت بە «غەیس» ناونراوە، بەڵام «مطر» بۆ دابارینی سزا وبەرد وخەشم وقین باسکراوە، بۆیە پەیامبەری خوا ﷺ لەکاتی باران باریندا دەیفەرمو: «اللّٰهم

أَغِثْنا»[(١)]، «خوایەگیان بارانمان بۆ ببارێنە»، باران ناو دەنێت بە غەیس، کە یانی: فریامان بکەوێ ولە تەنگی دەرمان بکا، وپەیامبەری خوا ﷺ دەفەرموێ: «وشکە ساڵی وقات وقڕی ئەوە نیە باران نەبارێ، بەڵکو وشکە ساڵی ئەوەیە باران ببارێ، بەڵام زەوی هیچ سەوز نەکات»[(٢)].

**سێیەم:** فەرموی: ﴿وَفِيهِ يَعْصِرُونَ﴾ «لەو ساڵەدا شتەکان دەگوشن -ئەو شتانەی کە دەگوشرێن وشەربەت ودۆشاوی لێدەردەهێنرێت-» یانی: ئەوەندە باران دەبارێ، زەوی سەوز دەبێت، بەروبومەکان زۆر دەبن، بەڕادەیەك ئاوی شتەکان دەگرن ودەیگوشن، یانی شەربەت ودۆشاوی لێدەگرن.

ئەم لێکدانەوەش دلسۆزی یوسفی ﷺ تێدا دەردەکەوێت.

هەروەها بۆیە یوسف ﷺ ئاماژە بۆ ئەوەدەکات کە لەو حەوت ساڵە قات وقڕییە گەنمەکان لەناو گوڵەکان بهێڵنەوە، زانایان دەڵێن بۆ ئەوەیە گەنمەکە زیاتر بەرگە بگرێ، چونکە ئەگەر لەناو گوڵەکەی دەریبهێنن کەمتر دەمێنێتەوە.

---

(١) عن أنس بن مالك، قال رسول الله ﷺ: «أنَّ رجلًا دخَلَ المسجِدَ يومَ الجمعَةِ... ثم قالَ: يا رسولَ اللهِ، هلكَتْ الأموالُ وانقطَعَتْ السبلُ، فادْعُ اللهَ يغِيثُنا. فرفَعَ رسولُ اللهِ صلَى اللهُ عليهِ وسلمَ يدَيهِ، ثمَّ قالَ: اللّٰهمَّ أغثْنَا، اللّٰهمَّ أغِثْنَا، اللّٰهمَّ أغِثْنَا» صحيح البخاري (١٠١٤)، وصحيح مسلم (٨٩٧).

(٢) عن أبي هريرة، مرفوعا: «ليسَتِ السَّنةُ بأنْ لا تُمطَروا، ولكنِ السَّنَةُ أنْ تمطَرُوا وتُمطَرُوا ، ولا تنبتُ الأرضُ شيئًا» صحيح مسلم (٢٩٠٤).

لەم ڕوداوەوە ڕاستیەکمان بۆ ڕون دەبێتەوە، ئەویش ئەوەیە: کە حەق وڕاستی بەزۆری وبۆری نیە، مەرج نیە زۆرینە هەرچیەکیان وت، حەق بێت، تەماشا بکەن هەمو شارەزایانی دەوری پاشا شتێك دەڵێن کە حەق نیە، بەڵکو حەقەکە لای تاکە کەسێکە کە بریتیە لە یوسفی پەیامبەری خوا ﷺ، لێرەوە بۆمان ڕوندەبێتەوە: ئەو ڕێباز وبیروباوەڕە دژی عەقڵە ئەڵێ: مەحەك زۆرینە وکەمینەیە.

لە ئیسلامدا ڕێبازی بەڵگە ودەلیل هەیە، هەرکەس بەڵگە ودەلیلی بەهێز بوو قسە قسەی ئەوە، بڕیار بڕیاری بەڵگە ودەلیلە، نەك بڕیاری زۆرینە، چونکە دەکرێ زۆرینە لەسەر ناحەق وگەندەڵی بن، وەکو لەم ڕوداوە ودەیان ڕودای تر دەبینرێ.

﴿وَقَالَ الْمَلِكُ ائْتُونِي بِهِ فَلَمَّا جَاءَهُ الرَّسُولُ قَالَ ارْجِعْ إِلَى رَبِّكَ فَاسْأَلْهُ مَا بَالُ النِّسْوَةِ اللَّاتِي قَطَّعْنَ أَيْدِيَهُنَّ إِنَّ رَبِّي بِكَيْدِهِنَّ عَلِيمٌ﴾

تەماشای ئەم ئایەتە بکەن، ئایەتی ژمارە «٥٠» پەنجایە لە سورەتی یوسف، سورەتەکەش بریتی یە لە «١٠٠» سەد ئایەت، یانی ناوەڕاستی سورەتەکە ئەم ئایەتەیە، کە پاشا دەڵێ: «یوسف»م بۆ بێنن، گەر تەماشای چیرۆکی یوسفیش بکەیت، تەماشا دەکەیت ئەم باسە ناوەڕاستی چیرۆکی یوسفە، چونکە لێرەوە ژیانی یوسف لە حاڵێکەوە دەگۆڕێت بۆ حاڵێکی تر، حاڵی لە ناخۆشیوە دەگۆڕێت بۆ خۆشی.

بڕۆینه سەر ڕاڤەی ئایەتەکە، دیسانەوە ئەو شتانەی سودێکیان لێناکەوێتەوە خوا ﷻ باسی نەکردوە لەم ئایەتەدا، لەوەی کە: ساقیەکە گەڕاوەتە بۆلای پادشا، ولێکدانەوەی خەونەکەی پێوتوە، پادشاش سەرسامی ئەو زانستە بووە، ووتویەتی:

﴿ائْتُونِي بِهِ﴾ «پادشا وتی: بیهێنن با لە نزیکەوە بیبینم ولە زانستەکەی سودمەند بم»

ئەمەش بەڵگەی فەزڵی عیلم وزانستە، بەهۆی زانستەوە لە زیندان دەردەچێت.

﴿فَلَمَّا جَاءَهُ الرَّسُولُ﴾ «هەرکە نێردراوی پاشا هات بۆلای یوسف» ووتی: پاشا بانگت دەکات! یوسف شتێکی زۆر سەیر دەکات بە ڕوکەش «الظاهر» لە ئیشی یوسف ناکات، چی دەکات وچی پێ ئەڵێ؟

﴿ارْجِعْ إِلَىٰ رَبِّكَ..﴾ وتی: «من جارێ دەرناچم! بگەڕێوە لای پادشاکەت وپرسیاری لێبکە، ئەوە دەنگوباسی ئەو ئافرەتانە چیبوو کە دەست وپەنجەی خۆیانیان بریندار کرد؟ بێگومان خوا ئاگادارە چی فیلێکیان کرد».

تەماشای یوسف بکەن باسی ژنەکەی عەزیز ناکات، لێرە دوو بۆچون هەیە لەسەر ئەم قسەیەی یوسف ﷺ:

**هەندێکیان دەڵێن:** ئەگەر ناوی ژنەکەی عەزیزی بهێنایە، ڕەنگە لەبەر نزیکی وپێگەی عەزیز وژنەکەی لە پادشا، ئەوسا گوێی بە قسەی زیندانیکراوێك نەدایە، لێکۆڵینەوەی لە وەزیرێك وژنەکەی نەدەکرد لەبەر خاتری بەندکراوێك.

**بۆچونی دووەم:** ئەوەیە کە یوسف ﷺ هەڵسوکەوتی چاکی ئەوماڵەی پاراستبێ، لەبەر ئەوەی ساڵەهای ساڵ لەماڵیان بووە، ولەو ماڵەش گەورە بووە، بۆیە ناوی نەهێناوە ولەبیری خۆی بردۆتەوە، وتویەتی: دەنگوباسی ئەو ئافرەتانە چی بوو کە دەست وپەنجەی خۆیانیان بریندار کرد؟

ئەشکرێ لەترسی مەکری ژنەکەی عەزیز بووبێت، لەوانەشە لەبەر ئەوە ئەبێت ئافرەتەکان شاهیدی ڕوداوەکەن، بۆیە باسی ئەوان دەکات.

دووریش نیە لەبەر هەمو ئەو مەبەستانە بێت -والله أعلم-.

هەروەها باسی ڕودای پەنجە بڕینەکە دەکات، بەبێ باسکردنی مەکر وفێڵیان، ئەمەش ئەکرێ بۆ داپۆشینیان بێت، وباسیان نەکات بەشێوازێك پێیان ناخۆش بێت.

هەمو ئەمانەش ئاماژەن بۆ ئەو ڕاستیانەی کە شاردویانەتەوە، بۆیە ئیشەکە ئەسپێرێتە خوا ﷻ وئەفەرموێ: ﴿إِنَّ رَبِّي بِكَيْدِهِنَّ عَلِيمٌ﴾.

سەرنجی شێوازی ڕستەکە بدەن، تۆمەت نابەخشێتەوە، بەڵکو ئەڵێ: هەواڵ ودەنگوباسیان چی بووە؟ بۆ ئەوەی زیاتر پاشا هان بدات، ولێکۆڵینەوەی ورد بکات لەسەر بابەتەکە.

ئەوەی تێدایە مرۆڤ دروستە یان پێویستە تۆمەت لەخۆی دووربخاتەوە.

﴿قَالَ مَا خَطْبُكُنَّ إِذْ رَاوَدْتُنَّ يُوسُفَ عَنْ نَفْسِهِ قُلْنَ حَاشَ لِلَّهِ مَا عَلِمْنَا عَلَيْهِ مِنْ سُوءٍ قَالَتِ امْرَأَتُ الْعَزِيزِ الْآنَ حَصْحَصَ الْحَقُّ أَنَا رَاوَدْتُهُ عَنْ نَفْسِهِ وَإِنَّهُ لَمِنَ الصَّادِقِينَ﴾

دیسانەوە ڕەوانبێژی قورئان دوبارە ئەبێتەوە، لەباسنەکردنی ئەو شتانەی سودێکی وای لێناکەوێتەوە، کە پادشا ئەم بەرخوردەی یوسف دەبینێ، ئەوسا ئەنێرێت بەدوای ئافرەتاندا، ئەوانیش دێن ولە دیوانی پادشا ئامادە دەبن، هەمو ئەمانە دەبڕێ، ولە سورەتی یوسف دا بڕینی ئەو شتانەی سودی نیە زۆر زۆرە، باسنەکردی ئەو شتانەی کە سودێکی وای لێناکەوێتەوە، باسی ناکا، بۆیە ئەڵێم: هەرکەسێك جگە لەخوا ﷻ باسی چیرۆکی یوسف بکا، ناتوانێ لەو پەڕە کەمانەدا بەو شێوازەی خوا ﷻ دایڕێژێت، کە بە شێوازێك باسکراوە، تەنانەت دەتوانی تەبیعەتی مرۆڤەکان بناسی، خوێندنەوەی ورد بۆ دەرونی کەسایەتیەکانی ناو چیرۆکەکە بکەیت.

جا لەو مەجلیسە کە پادشا گێڕاویەتی بۆ تەحقیقکردن، لەوێندەرێ: ﴿قَالَ مَا خَطْبُكُنَّ إِذْ رَاوَدتُّنَّ يُوسُفَ عَن نَّفْسِهِ﴾ «وتی: ئەوە ئەو شتە گرنگە

چی بوو وای لێکردن، موراوەدەی یوسف بکەن، وتاوانی پێبکەن، ئایا هیچ تاوانێکی هەبوو؟)). وەکو ئەوەی پادشا تەحقیقێکی پێشوەختی لەو پرسە کردبێت -وەکو عادەتەن لەم جۆرە پرسانەدا پێشوەختە لێکۆڵینەوەیەك دەکرێت- تا کە هاتن بەرچاو ڕۆشن بێت.

پاشا یەکسەر تۆمەتی ئاراستەکردن، وپێی وتن: ئەوە بۆ ((موراوەدە))ی یوسفتان کردوە؟ بۆچی ویستوتانە لەخشتەی بەرن؟

ئەوانیش وتیان: ﴿حَاشَ لِلَّهِ مَا عَلِمْنَا عَلَيْهِ مِن سُوءٍ﴾، ((پاکی بۆخوا، ئێمە یەك خراپەیشمان لێنەبینیوە)). ئا لێرەدا ولەو نێوەندەدا، دەنگێك دێت، دەنگی ئافرەتێکە، جیاواز لە دەنگی هاوڕێکانی، جیاواز لە ڕەنگیان، پاشاش گوێی لێدەبێ وگوێی بۆ شلدەکات، ﴿قَالَتِ امْرَأَتُ الْعَزِيزِ الْآنَ حَصْحَصَ الْحَقُّ﴾، ((ژنەکەی عەزیز وتی: ئێستا حەق وڕون بویەوە وئەوەی پەنهان بو، ئیتر تەواو ئاشکرا بو)) ﴿أَنَا رَاوَدْتُهُ عَنْ نَفْسِهِ﴾ ((بەڵێ من موراوەدەم کرد وداوای ئەوەم لێکرد کە کردم، ئەو هەر نەیویست)) ﴿وَإِنَّهُ لَمِنَ الصَّادِقِينَ﴾ ((بەڕاستی ئەو ڕاستگۆیە وبێتاوانە)).

کەواتە حەق هەر ڕون دەبێتەوە ئەگەر ماوەیەکی زۆریشی بەسەردا تێپەڕبێت، وەك هەندێك دەڵێن ئەم ڕوداوە لە نزیك تەمەنی چل ساڵی یوسفدا بووە. ژنەکەی عەزیز دان بەتاوانی خۆیدا دەنێ، ودەڵێ حەق هەر ڕون

دەبێتەوە وسەردەکەوێ، بۆ؟ ئەڵێ: چونکە خوا ناهێڵێ خیانەتکاران فێڵەکانیان تا سەر بێت.

دەسا کچان، ئافرەتان، کوڕان، پیاوان.. ئەی ئەوانەی پەیوەندی ناشەرعیتان هەیە، ﴿الْآنَ حَصْحَصَ الْحَقُّ﴾ واللە ڕۆژێك دێت ئەگەر بەدمت بیلێیت وبەدەم نەیلێیت، حەق هەر ڕون دەبێتەوە، وشتەکان ئاشکرا دەبن، ئەو پەیوەندیە ناشەرعی وقەدەغەکراوەت ڕوندەبێتەوە، بۆیە پێش ئابڕو چون تەوبە بکە وبگەڕێوە.

تەنانەت لە شەریعەتدا ئەگەر کچی عاشق -کە پەیوەندیەکی ناشەرعی هەبێت لە ژێرەوە- بۆ کوڕی موسوڵمان نیە مارەی بکات، وەکو خوا ﷻ دەفەرموێ: ﴿مُحْصَنَاتٍ غَيْرَ مُسَافِحَاتٍ وَلَا مُتَّخِذَاتِ أَخْدَانٍ﴾ واتە: «ئەو ئافرەتانە مارە بکەن کە داوێن پاکن، وبە نهێنی زیناکەر نین، وعاشق وخەلیلیان لە ژێرەوە نەبێت» ئەبێت پەیوەندی ژێر بەژێری نەبێت لەگەڵ کەسێکدا.

﴿ذَٰلِكَ لِيَعْلَمَ أَنِّي لَمْ أَخُنْهُ بِالْغَيْبِ وَأَنَّ اللَّهَ لَا يَهْدِي كَيْدَ الْخَائِنِينَ﴾

«بۆ ئەوەی بزانێت، من بە نیهێنی خیانەتم لێنەکردوە»، **ئەم ئایەتە دوو تەفسیری بۆ کراوە:**

**یەکەم:** ئەمە قسەی ژنەکەی عەزیزە، دەڵێ: بۆ ئەوەی یوسف بزانێ کە من خیانەتم لێنەکردووە, لە پشتە ملە باسی خراپیم نەکردوە.

**دووەم:** یان دەڵێ: بۆئەوەی پیاوەکەم بزانێ کەوا خیانەتم لێنەکردووە وبە نهێنی هیچم لەگەڵ یوسف نەکردووە.

﴿وَأَنَّ اللَّهَ لَا يَهْدِي كَيْدَ الْخَائِنِينَ﴾، «وبێگومان، هەرکەس فڕوفێڵ بکات، خوا ﷻ بۆی ناباتەسەر.

**تەفسیرێکی تر:** ئەوەیە کە ئەمە قسەی یوسفە ﷺ، بەڵام -واللهُ أعلم- ئەم قسەیە لاوازە.

﴿وَمَا أُبَرِّئُ نَفْسِي إِنَّ النَّفْسَ لَأَمَّارَةٌ بِالسُّوءِ إِلَّا مَا رَحِمَ رَبِّي إِنَّ رَبِّي غَفُورٌ رَّحِيمٌ﴾

«ومن پاکانە بۆخۆم ناکەم، وخۆم بەری ناکەم لەتاوان، چونکە بێگومان نەفس زۆر فەرمان دەکات بە خراپە مەگەر بەزەیی خوا، بێگومان پەروەردگارەکەم لێخۆشبو ومیهرەبانە»

تەماشای شێوازی قسەکە بکەیت، دیارە قسەی ژنەکەی عەزیزە، هەروەها دەردەکەوێت ئەم ئافرەتە کەسایەتیەکی زۆر بەهێزی هەیە، ئەم قسەیەی سێ شتی تێدایە:

**یەك:** دان بەتاوانەکەیدا دەنێت، دانپیانانیش گەورەی نێو بەڵگەکانە «الإعتراف سید الأدلة».

**دوو:** عوزر بۆ هەڵەکەی خۆی دێنێتەوە، عوزرەکەی چیە؟ ﴿إِنَّ النَّفْسَ لَأَمَّارَةٌ بِالسُّوءِ﴾، ئەوەیە کە: نەفس، مرۆڤ هاندەدات بۆ خراپەکردن.

**سیٚ:** دەڵێ: تاوانەکەم خیانەتی گەورە نەبووە، تەنها ((مراودە))یەك بوە.

**شتێکی** تریش: داوای لێخۆشبون لە خواش ﷻ دەکات.

جا وتی: من ناڵێم بێعەیبم، مرۆڤم، نەفسی مرۆڤیش فەرمانی زۆر دەکات بە خراپە مەگەر ڕەحمی خوا.

زانایان دەڵێن: ئەمە ئەسڵە، یانی هەمو نەفسێك فەرمان دەکات بەخراپە، مەگەر کەسێك خوا ڕەحمی لێبکات.

**نەفسەکانیش سیٚ جۆرن:**

* نەفسی لۆمەکار ((اللَّوَّامة)): نەفسێکی وریایە، کە تاوان دەکات لۆمەی خۆی دەکات، وپەشیمان دەبێتەوە، تەوبە دەکات. ئەم جۆرەش خوای مەزن سوێندی پێدەخوات: ﴿وَلَا أُقْسِمُ بِالنَّفْسِ اللَّوَّامَةِ﴾(١) [القيامة: ٢].

* نەفسی دڵنیا ((المُطمئنَّة)): ئەو نەفسەی کە هەمیشە دڵنیایە بەخوای خۆی، لە ڕۆزی ورزقی، لە ژیان ومردنی، هەست بە ئاسودەیی دەرونی دەکات، ڕازیە بە بەخششی خوا وخواش لەو ڕازیە: ﴿يَا أَيَّتُهَا النَّفْسُ الْمُطْمَئِنَّةُ، ارْجِعِي إِلَى رَبِّكِ رَاضِيَةً مَرْضِيَّةً، فَادْخُلِي فِي عِبَادِي، وَادْخُلِي جَنَّتِي﴾ [الفجر:٢٧-٣٠].

---

(١) حەسەنی بەسری ئەفەرموێ: «إنّ المؤمن -والله- ما تراه إلا يلوم نفسه؛ ما أردت بكلمتي؟ ما أردت بأكلتي؟ ما أردت بحديث نفسي؟ وإن الفاجر يمضي قُدُماً ما يعاتب نفسه».

* نەفسی فەرمانکار «الأَمَّارة»: ئەو نەفسەی کە هەمیشە فەرمانکارە بە خراپە.

نافەرموێ: «لآمِرَةٌ» «فەرمانکارە»، ئەفەرموێ: ﴿لَأَمَّارَةٌ﴾ سیغەی موبالەغەیە «صیغة مبالغة»، واتە: زۆر زۆرفەرمانکارە. هەروەها نەیفەرمو: «لَيَأمُرُ» «فەرمان دەکات»، فەرموی: ﴿لَأَمَّارَةٌ﴾ وەکو ناو «الإسم» هێنای، وەکو ئەوەی فەرمانکردن بە خراپە سیفەتێکی هەمیشەیی نەفس بێت، بۆیە ئەبێت وریای ئەو نەفسە بین کە زۆر فەرمان دەکات بە خراپە وسیفەتی هەمیشەییەتی.

لێرەشدا چیرۆکێك هەیە وفەرمودەیەکی تێدایە، هەندێك دەڵێن: هەموی سەحیحە وهەندێکیش تەنها فەرمودەکە بە سەحیح دەزانن. ئەم چیرۆکە عیمرانی کوڕی حوسەین «الحُصَيْن» دەیگێڕێتەوە: پەیامبەری خوا ﷺ بە باوکی ئەڵێ: «ئەی حوصەین! ئەمڕۆ چەند پەرستراو دەپەرەستی؟ باوکم وتی: حەوت، شەش لە زەوی، ویەکێکیش لە ئاسمان، وتی: ئەی داد بۆ کامیان ئەبەیت لە خۆشی وناخۆشیدا؟ وتی: ئەوەی ئاسمان! فەرموی: ئەی حوصەین! ئەگەر موسڵمان بیت، دوو ڕستەت فێر دەکەم، سودیان بۆتدەبێت. کە موسڵمان ئەبێت، ئەڵێ: ئەی پەیامبەری خوا! ئەو دڕستەیەم فێر بکە کە بەڵێنت پێدام، فەرموی: بڵێ: «اللَّهمَّ ألهِمني رُشدي، وقِنِي شرَّ نَفسي»، واتە: «خوایە گیان سەر ڕاستم بکەی ولە شەڕ وخراپەی دەرونم بمپارێزە»

بۆیە پەیامبەری خوا ﷺ دەیفەرمو: «اللَّهمَّ آتِ نفسي تقْوَاها، وزكِّها أنت خيرُ من زكَّاها، أنت ولِيُّها ومولاها»[١]، واتە: «خوایەگیان تەقوا بە نەفسم ببەخشە، وپاکی بکەرەوە، چونکە هەر تۆ باشترینێکی پاکی بکەیتەوە، هەر تۆ دۆست وپشتیوانی نەفسی منی».

ئەمەش سودێکی گرنگی تێدایە، خۆزگە هەندێکیش ئەو سودەیان لێوەر دەگرت، ژنەکەی عەزیز دەڵێ: کوڕێکی زۆر جوان لەماڵەکەمدا بو خزمەتی دەکردم، بە پێش چاومەوە دەهات ودەڕۆیشت، منیش بەرگەم نەگرت ونەفسیشم هاوکار وفەرمانکار بوو بۆ خراپە، بۆیە مراوەدەم کرد وئەوەی کردم کە کردم، وەکو ئەوەی بڵێ: ئەگەر کوڕ وکچ تێکەڵ بن، ئەوا ﴿إِنَّ النَّفْسَ لَأَمَّارَةٌ﴾ نەفس فەرمان دەکات بە خراپە، کەواتە بەوە نیە بڵێی: متمانەم بەخۆم هەیە، بەوە نیە بڵێی: دڵم پاکە، سەرنج بدەن ئیسلام چەند ژیرانە بڕیار دەدات، بەڵام جگە لە ئیسلام زۆرجار بە عاتفی بڕیار دەدات، بە چاوی هەوا وئارەزو دەڕوانێت، من سوێند دەخۆم! ئەگەر شوێنی هەوا وئارەزو نەکەوین بە ئیسلام کار دەکەین.

جا بۆیە ئەگەر بە ژیرانە بمانەوێت بڕیار بدەین: نابێت تێکەڵاوی هەبێت، نابێ تەنها کەوتن هەبێت، نابێ دەست بخەیتە سەرشانی وبڵێی دڵم پاکە،

---

(١) صحيح مسلم (٢٧٢٢).

لەکاتێکدا خوا ﷻ دەفەرموێ: ((نابێت))، خوا ﷻ نەفسی تۆی دروست کردووە، بۆیە باشتر نەفسی تۆ دەناسێ!

﴿إِنَّ رَبِّي غَفُورٌ رَّحِيمٌ﴾، ((پەروەردگارەکەم لێخۆشبو وبە بەزەییە)) لێرەدا هەندێك ئەڵێن: ئەگەر ژنەکەی عەزیز بێباوەڕە، چۆن وا ئەڵێت؟ چۆن دەڵێ: پەروەردگار لێخۆشبوە؟ وەڵامەکەی ئەوەیە: سەرباری ئەوەی موشریك بوون، بەڵام بڕوایان بەخوا هەبووە.

ئەمەش بەڵگەیە لەسەر ئەوەی هەمو میللەتان جگە لە دەهرییەکان کەس نکوڵی لەوە نەکردوە خوایەك وخالقێك وپەرەستراو وپەروەردگارێك هەیە، هیچ گەلێك نەبووە نکوڵی لە پەروەردگارێتی پەروەردگار کردبێ. فیرعەونیش تەنها بە دەم بووە وبەدڵ بڕوای بە قسەکانی خۆی نەبووە(١).

بڕۆینە سەر خاڵێکی گرنگ: یوسف بۆ دەرناچێ لە زیندان؟ بۆ بە نێردراوەکە ئەفەرموێ: بگەڕێوە لای پاشا، پرسیاری لێبکە، ئەوە دەنگوباسی ئەو ئافرەتانە چی بوو کە دەستی خۆیانیان بریندار کرد؟ پەیامبەری خوا ﷺ دەفەرموێ: ((ئەو ماوە زۆرەی یوسف مایەوە لە

---

(١) بۆ زیاتر لەم بارەوە بڕوانە کتێبی: خواناسی، بەڵگەکان لەسەر بونی خوا ﷻ.

بەندینخانە، ئەگەر من ببوایەم ونێردراو بهاتایە بۆلامم دەدایەوە»[1]، ڕەحمەتی خوا لە یوسف ﷺ بێت بەڕاستی پیاوێکی ئارامگربو، ئەم قسەیەش لە بابی خاکی بوون «تواضع»ەوەیە، ئەگینا بڕیارەکەی یوسف ڕاستە وهیچ هەڵەیەکی تێدا نیە. کە دەرناچێ لە بەندینخانە، بۆئەوەی خەڵك نەڵێن: لەکاتێکدا تاوانبارە، وپەلاماری ژنە وەزیری داوە، بەڵام بەهۆی خەو پەرژێنێکەوە پاشا لێی خۆش بو، بۆیە یوسف نەیویست بەو تۆمەتەوە دەربچێ، ویستی ئەستۆپاکی خۆی بسەلمێنێت، بلێ: من ناموسم پاکە وبە منەتی کەس دەرناچم لە بەندینخانە، بەڵکو دەمەوێ بە حەقی خۆم دەربچم، ئەمەش وانەیەکی گرنگمان فێر دەکات: ئەویش ئەوەیە دروستە مرۆڤ بەرگری لە نەفسی خۆی بکات، بۆ ئەوەی تۆمەتێکی لەسەر بو لاییبات، شافیعی دەفەرموێ: ئەمە سودێکی گرنگی ناو چیرۆکی یوسفە.

«سەفیەی دایکی ئیمانداران ئەفەرموێ: پەیامبەر ﷺ لە مزگەوت ئیعتکافی کردبوو، خێزانەکانی چون بۆ سەردانی، کە گەڕانەوە بە سەفیەی کچی حویەی فەرموی: پەلە مەکە با خۆم لەگەڵتدا بێم وڕەوانەت بکەم، چون ماڵەکەی لای ماڵی ئوسامەی کوڕی زەید بو، ئەوەبو هەستا ڕەوانەی کرد،

---

(١) عن أبي هريرة، أن رسول الله ﷺ قال: «...وَلَوْ لَبِثْتُ فِي السِّجْنِ طُولَ مَا لَبِثَ يُوسُفُ لَأَجَبْتُ الدَّاعِيَ» البخاري، ح: (٣١٩٢، ٣١٩٥، ٣٢٠٧، ٤٢٦٣، ٤٤١٧، ٦٥٩١)، ومسلم، ح: ١٥١.

لەو کاتەدا دوو پیاوی ئەنساری بەوێدا تێپەڕ بوو، کە بینیان بەو شەوە پەیامبەر ﷺ لەگەڵ ئافرەتێکدایە، پێیان دابەیەکدا وهەندێك پەلەیان کرد، ئەویش ﷺ فەرمووی: لەسەر خۆتان! ئەوە سەفیەی کچی حویەیە! ئەوانیش وتیان: سبحان الله چۆن گومانی خراپت بۆ دەبەین ئەی پەیامبەری خوا ﷺ! فەرمووی: شەیتان وەك خوێن بەناو لاشەی مرۆڤدا دێت ودرِوا، ترسام خراپەیەك یا فەرمووی: شتێك بخاتە دڵتانەوە»[1].

هەروەها «الزمخشري» خاوەن تەفسیری «الکشاف» دەڵێن: بەهۆی ئەوەی سەفەرێکی کردوە کەوتۆتە نێو سەرما ولە ناو بەفردا ماوەتەوە، بۆیە قاچێکی خراپ بووە وبەو هۆیەوە بڕیویانەتەوە. جارانیش کەسێك ڕێگری وچەتەیی بکردایە قاچیان دەبڕیوە، دەی کە قاچ بڕاوێك ببینرایە گومانیان دەبرد لەسەر چەتەیی وڕێگری بووبێت، دەڵێن «زمخشري»یش ڕۆیشتوە نوسراوێکی کردوە کە مۆری قازی ئەو کاتەی پێوە بووە، کە چووەتە هەر

---

(١) عن علي بن الحسين، عن صفية: قالت: كَانَ النَّبِيُّ ﷺ فِي الْمَسْجِدِ وَعِنْدَهُ أَزْوَاجُهُ، فَرُحْنَ، فَقَالَ: لِصَفِيَّةَ بِنْتِ حُيَيٍّ لَا تَعْجَلِي حَتَّى أَنْصرِفَ مَعَكِ، وَكَانَ بَيْتُهَا فِي دَارِ أُسَامَةَ [بْنِ زَيْدٍ]، فَخَرَجَ النَّبِيُّ ﷺ مَعَهَا، فَلَقِيَهُ رَجُلَانِ مِنْ الْأَنْصَارِ، [فَلَمَّا رَأَيَا النَّبِيَّ ﷺ أَسْرَعَا]، وَقَالَ لَهُمَا النَّبِيُّ ﷺ: [عَلَى رِسْلِكُمَا إِنَّهَا صَفِيَّةُ بِنْتُ حُيَيٍّ] قَالَا: سُبْحَانَ اللَّهِ يَا رَسُولَ اللَّهِ! قَالَ: إِنَّ الشَّيْطَانَ يَجْرِي مِنْ الْإِنْسَانِ مَجْرَى الدَّمِ وَإِنِّي خَشِيتُ أَنْ يُلْقِيَ فِي أَنْفُسِكُمَا [سُوءًا أَوْ قَالَ] شَيْئًا. البخاري، ح: ١٩٣٣، ١٩٣٠. ومسلم، ح: ٢١٧٥.

شارێك نوسراوەكەی بەرزكردۆتەوە، وتویەتی: من لەسەر چەتەیی قاچم نەبڕاوەتەوە، بەڵكو بەهۆی خراپ بونی قاچم لەناو بەفردا بڕاوەتەوە.

جا پێویستە موسڵمان بەرگری لە نەفسی خۆی بكات كاتێك تەمەتێكی خرایە پاڵ.

هەروەها ئەم ئایەتە بەڵگەیە لەسەر ئەوەی شەیتان وەسوەسە دروست دەكات، هەبۆیە حەرامە بۆ موسوڵمان ئەوەی شەیتان دەیخاتە دڵیەوە بیخاتە سەر زمانی.

هەروەها ئەگەر لە چیرۆكەكە وردبینەوە، دەبینین زیناكردن لای ئەم میللەتەش خراپ بووە، بەدرێژای مێژوش مەگەر گەلی لوت «لوط» نەبێت، لێیانەوە هاتوە داوێن پیسیان بە خراپ تەماشا نەكردوە، ئەگینا هەمو گەلان كاری داوێن پیسیان بە خراپ تەماشا كردوە، تەماشای ئەم گەلە بكە «مراوەدە» كردنی پیاوێك لەلایەن ئافرەتێكەوە تاوان بووە لایان، پاشا مەجلیسی بۆ دەگێڕێ ولێی دەكۆڵێ، كەواتە تاوانی زینا لە ناو هەمو گەلاندا تاوان بووە، بە تەنها ئیسلام نیە زینای حەرام كردبێ، هەربۆیە ئەوانەی كە زینا كردن حەرام وقەدەغە ناكەن وڕێگری لێناكەن، كەوتونەتە هەڵەیەكەوە بە درێژای مێژو هیچ میللەتێك نەكەوتۆتە هەڵەیەكی لەو شێوازەوە.

ئەو وڵاتانەشی ڕێگە بە داوێن پیسی دەدەن، خراپە ونەخۆشی ودەرد وبەڵا وکێشە ودەردەسەری زۆر لە ناویاندا بڵاوبۆتەوە.

ئەی خەڵکینە! ... ئەو خوایەی دروستی کردون زینای پێ حەرامە وڕێگری لێکردوە، ئەی ئێوە چۆن ئەبێت پێتان حەرام نەبێت وڕێگری لێنەکەن.

﴿وَقَالَ الْمَلِكُ ائْتُونِي بِهِ أَسْتَخْلِصْهُ لِنَفْسِي فَلَمَّا كَلَّمَهُ قَالَ إِنَّكَ الْيَوْمَ لَدَيْنَا مَكِينٌ أَمِينٌ﴾

پادشا جارێکی تر بانگی دەکاتەوە ودەنێرێت بەدوایدا، بەڵام ئەمجارەیان جیاواز لە جاری پێشو، ئەمەش دوای ئەوەی پادشا بە تەواوەتی بۆی ڕون بوویەوە یوسف پاکە، وبێتاوانە:

﴿وَقَالَ الْمَلِكُ ائْتُونِي بِهِ أَسْتَخْلِصْهُ لِنَفْسِي﴾ «پادشا وتی: یوسفم بۆ بهێنن، با تایبەتی بکەم بە خۆمەوە»، وەك بڵێ: دەیکەم بە ڕاوێژکار ودەستە ڕاستی خۆم.

﴿فَلَمَّا كَلَّمَهُ﴾ کە یوسف دێت وپادشا قسەی لەگەڵ کرد، ﴿قَالَ إِنَّكَ الْيَوْمَ لَدَيْنَا مَكِينٌ أَمِينٌ﴾ وتی: «بێگومان لە ئەمڕۆوە تۆ لای ئێمە خاوەن پلە وپایە ودەست پاك وئەمین وجێگەی متمانەیت.

سەرنجی ﴿فَلَمَّا كَلَّمَهُ﴾ بدەن، واتە: «هەر کە قسەی لەگەڵ کرد وتی: تۆ پلەدار وجێگەی متمانەی ئێمەیت، وەکو دەڵێن: «مرۆڤ لە ژێر زمانی

شاردراوەتەوە))، یانی: مرۆڤ کە قسەی کرد دەناسرێتەوە، واتە شا قسەکانی ((یوسف))ی بەدڵ بووە، بۆیە ڕاستەوخۆ پێی وتووە: تۆ لای ئێمە پلەدار وئەمینی، هەروەها تەماشای ((یوسف))ی کردوە زوڵمی لێکراوە، هەروەها ئەم چەند ساڵە لە بەندینخانەدا ئارامی گرتووە، نێردراو دەڕوات، پێی دەڵێ: دەربچۆ لەسەر فەرمانی شا، بەڵم دەرناچێ، ئەم پیاوە قۆناغەکانی تێکۆشانی نەفسی هەموی بڕیوە، لە ئارام گرتن وخۆڕاگری، بۆیە کەسێکە شیاوە بکرێتە کاربەدەست.

کەواتە، پێویستە فێری ئەوەبین ئەو کەسانە بکەینە کاربەدەست کە شیاو بن بۆ ئەو پلە وکورسی، بۆیە کاربەدەستان ئەگەر کەسێکیان بینی شیاوی پلە پێبەخشینە، پێویستە پلەیان پێبدرێ.

هەروەها ئەم ئایەتە هەر چەند تەزکیەی یوسفە، بەڵام تەزکیەی پادشایشی تێدایە، بۆ؟ کی سەرسامی ئەمانەت دەبێت؟ کەسێك خۆی ئەمین بێت، کێ سەرسامی پیاوە؟ کەسێك خۆی پیاو بێت، کێ سەرسامی دەست پاکیە؟ کەسێك خۆی ئەمین بێت، کێ سەرسامی خەڵکی باش ئەبێ وئەیکاتە دەستە ڕاستی خۆی؟ بێگومان خەڵکی باش! بۆیە ئەم پاشا سەرسامی یوسف دەبێت، جا ئەگەر دەسەڵاتدار خۆی چاك بێت پلەوپایەکانیش بە خەڵکی چاك دەدات، جا پاشا کە دڵنیا دەبێت لەوەی ئەم کەسە شیاوە، یەکسەر دەیکات بە کاربەدەست.

﴿قَالَ اجْعَلْنِي عَلَىٰ خَزَائِنِ الْأَرْضِ إِنِّي حَفِيظٌ عَلِيمٌ﴾

یوسف ﷺ فەرموی: «بمکە بە بەرپرسی خەزنە وئەو بەروبومانەی کە لە زەوی دەردێن، من کەسێکم ﴿حَفِيظٌ عَلِيمٌ﴾ لەو کارە دەزانم وشارەزام ومرۆڤێکم بیر وهۆشم بۆ ئەو کارە شیاوە.

تەماشا بکەن، نەیوت: ﴿إنی جميل وسيم﴾ قۆزم وشێوە وشکڵم جوانە، بەڵکو وتی ﴿إِنِّي حَفِيظٌ عَلِيمٌ﴾.

هەروەها سەرنج بدەن: یوسف جوانیەکەی توشی بەڵاو ودەردی دەکا، بەڵام زانستەکەی لە بەندینخانە دەری دەکات، یوسف جوانیەکەی دەیخاتە ناو بیرەوە، یوسف جوانیەکەی ئافرەتان توشی فیتنە دەکا وپەلامار دەدرێ، یوسف جوانیەکەی توشی نەهامەتی زۆری دەکا، بەڵام کەلامەکەی وزانستەکەی وبیروهۆشەکەی لە بەندینخانە ڕزگاری دەکات بە فەزڵی خوا، لە بەڵا ونارەحەتی دەریدەکات، بۆیە بەجوانی خۆت مەنازە.

﴿قَالَ اجْعَلْنِي عَلَىٰ خَزَائِنِ الْأَرْضِ﴾ لێرەدا زۆرێك لە موفەسیرین، دەڵێن: یوسف داوای دەسەڵاتداری کردوە، داوای پلە وپایەی کردوە، تەنانەت لەسەر ئەم باسە ئیشکالیان بۆ دروست بوە، چونکە پەیامبەری خوا ﷺ ئامۆژگاری عەبدولڕەحمانی کوڕی سەمورە دەکا، دەفەرموێ: «ئەی عەبدولڕەحمانی کوڕی سەمورە داوای کاربەدەستی وبەرپرسیاریەتی نەکەیت، چونکە ئەگەر کرای بە کاربەدەست بەبێ داواکردنی، خوا یارمەتیت دەدا لە

بەڕێوەبردنی، خۆ ئەگەر بە داواکردن پێتدرا، ئەوا خوا ئەیدا بە دەستی خۆت ویارمەتیت نادا لە بەڕێوەبردنی»[(١)]، یانی: خوا ﷻ دەیسپێرێتە خۆت وهاوکاریت ناکات، بەڵام ئەگەر خوا پێی بەخشیت، بێئەوەی داوای بکەیت، کاربەدەستان خۆیان وتیان: تۆ شیاوی ئەو کورسیەیت، ئەوە خوای مەزن هاوکارت دەبێت.

یان فەرمودەکەی ئەبو موسای ئەشعەری کە لەگەڵ دوو کەس لە ئەشعەریەکان دەڕۆنە لای پەیامبەری خوا ﷺ، ئەبو موسا نازانێ ئەو دوو کەسە بە تەمای چین، بەڵام ئەوان داوای کاربەدەستی دەکەن لە پەیامبەری خوا ﷺ، ئەبو موساش دەڵێ: ئەی پەیامبەری خوا ﷺ من نەمزانیوە بۆ شتی وا هاتون، ئەویش فەرموی: «ئێمە کەسێك ناکەینە کاربەدەست کە خۆی داوای بکات، بەڵام تۆ ئەی عەبدوڵڵای کوڕی قەیس بڕۆ لە یەمەن ببە بە کاربەدەست».

---

(١) عن عبدالرحمن بن سمرة: «قال لِي النَّبِيُّ ﷺ: يَا عَبْدَ الرَّحْمَنِ بْنَ سَمُرَةَ! لَا تَسْأَلْ الْإِمَارَةَ، فَإِنَّكَ إِنْ أُعْطِيتَهَا عَنْ مَسْأَلَةٍ، وُكِلْتَ إِلَيْهَا، وَإِنْ أُعْطِيتَهَا عَنْ غَيْرِ مَسْأَلَةٍ، أُعِنْتَ عَلَيْهَا، وَإِذَا حَلَفْتَ عَلَى يَمِينٍ فَرَأَيْتَ غَيْرَهَا خَيْرًا مِنْهَا، فَكَفِّرْ عَنْ يَمِينِكَ وَأْتِ الَّذِي هُوَ خَيْرٌ». البخاري، ح: ٦٣٤٣، ٦٢٤٨، ٦٧٢٧. ومسلم، ح: ٤٣٧٠.

جا لەبەر ئەم فەرمودانە وهاوشێوەکانی[1]، لەگەڵ داواکردنەکەی یوسف دا! ئیشکالیان بۆ دروستبوە: چۆن یوسف داوای کاربەدەستی دەکات لە کاتێکدا پەیامبەری خوا ﷺ وا دەفەرمویٚ؟

من لێرەدا وەڵامی ئەو ئیشکالە دەدەمەوە، پاشان دەڕۆمە سەر ئایەتەکە وڕونی دەکەمەوە -بە ویستی خوا- کە ئایا ئایەتەکە ئەوەی تێدایە: یوسف داوای کاربەدەستی کردبێت؟

سەرەتا وەڵامی ئەم ئیشکالە ئاسانە، ئەویش ئەوەیە: یوسف ﷺ زانیویەتی کەس وەکو خۆی ناتوانیٚ بەو کارە هەستیٚ، جا هەرکات مرۆڤ بۆی دەرکەوت کەس شیاوی ئەو کارە نیە خۆی نەبێت، کەس ئەو کارەی پیٚ هەڵناسوڕیٚ ئەو نەبێت، ئەوکاتە دەبێتە فەرزی عەین «فَرْضُ عَيْنٍ» لەسەری وپێویستە لەسەری ئەوکارە ئەنجام بدا. کەوابێت هیچ ئیشکالێکی تێدا نیە، چونکە لە شەرعیشدا حەڵاڵە کە کەسێك بۆی دەرکەوت پۆستێك هەر بەو دەبرێتە ڕێوە، یان زانستێك موسوڵمانان پێویستیان پێیەتی، وکەسیش نایزانیٚ ئەو نەبێت، ئەوە واجبە لەسەری ئەو کارە بگرێتە ئەستۆ.

---

(١) لەم بارەوە بڕوانە: رياض الصالحين، باب: النهي عن سؤال الإمارة واختيار ترك الولايات إذا لَمْ يتعين عليه أَوْ تَدْعُ حاجة إِلَيْهِ.

هەروەها یوسف ﷺ نەیوت: لەبەر زانست وپاراستنەکەی بۆ ماڵ وموڵکی گشتی ئەو داوایەی کرد، نەك لەبەر ئەوەی کوڕی فلان، وخاوەن ڕەچەڵەکە.

هەروەها یوسف ﷺ نەدەناسرا، بۆیە ویستی خۆی بە هەق بناسێنێ.

بە کورتی یوسف زانی ئەو پۆستە لەو سەردەمە ولەو کاتەدا تەنها بۆ ئەو شیاو بووە.

بڕۆینە سەر ئەوەی: **ئایا ئایەتەکە ئەمەی تێدایە؟**

نەخێر ئایەتەکە بەڕونی ئەوەی تێدا نیە، چۆن؟ سەرنجی دوو شت بدەن:

**یەکەم:** پاشا دەڵێ ﴿أَسْتَخْلِصْهُ لِنَفْسِي﴾ ((تایبەتی دەکەم بە خۆمەوە))، ئەمەش بە مانای ئەوەیە کە دەیکا بە کاربەدەست.

**دووەم:** دەڵێ ﴿إِنَّكَ الْيَوْمَ لَدَيْنَا مَكِينٌ أَمِينٌ﴾، یانی: ((دەبێتە خاوەن پۆست وپایە، وجێی متمانە لەلای پادشا))، ئەمەش وەك ئەوە وایە: بە یوسف ﷺ بڵێ: تۆ ئەمڕۆ کاربەدەستی، بەڵام تەنها کارێکی یوسف ﷺ ئەوەیە، جۆری کار وپۆست وپلەکە هەڵدەبژێرێ، ئەو پێی دەڵێ: تۆ وەزیری، یوسفیش ﷺ ئەڵێ: با وەزارەتی خەزێنەکانی ئەرز بێ. ئەرزیش لێرەدا واتە: ئەرزی میسر.

بەمەش ڕون بویەوە، یوسف ﷺ داوای کاربەدەستی نەکردووە، ئەگەر چی -سبحان الله- زۆربەی موفەسیرین -ئەگەر نەڵێین هەمویان-، دەڵێن:

ئەم ئایەتە ئەوەی تێدایە کە یوسف داوای کاربەدەستی کردووە، بەڵام لە پاش وردبونەوە بۆت دەردەکەوێ -خواش زاناترە- ئەوەی تێدا نیە، بەڵکو پاشا خۆی دەیکاتە کاربەدەست ویوسف تەنها جۆری کارەکە هەڵدەبژێرێ کە دەڵێ من شیاوی ئەوەیانم.

پاش ئەوەی خوا ﷻ یوسف دەگەیەنێتە ئەو پلەوپایە دەفەرموێ:

﴿وَكَذَٰلِكَ مَكَّنَّا لِيُوسُفَ فِي الْأَرْضِ يَتَبَوَّأُ مِنْهَا حَيْثُ يَشَاءُ ۚ نُصِيبُ بِرَحْمَتِنَا مَن نَّشَاءُ وَلَا نُضِيعُ أَجْرَ الْمُحْسِنِينَ * وَلَأَجْرُ الْآخِرَةِ خَيْرٌ لِّلَّذِينَ آمَنُوا وَكَانُوا يَتَّقُونَ﴾

واتە: «ئا بەو جێگیرکردنە -دوای نەهامەتیەکی زۆر لە بیر وسجن-، یوسفمان جێگیر کرد لەسەر زەوی وپلەوپایە ودەسەلاتمان پێبەخشی، کە چۆنی بویستایە دەهات ودەڕۆیشت وکوێی بویستایە دەمایەوە بێ هیچ ڕێگریەك، جا هەرکەسێکمان بوێ لە بەندەکانمان توشی ڕەحمەتی خۆمانی دەکەین، هەرگیز ئەجر وپاداشتی چاکەکاران ون ناکەین»، ئەمە لە دونیادا، ئەی لە دوارۆژ؟

﴿وَلَأَجْرُ الْآخِرَةِ خَيْرٌ﴾ «وپاداشتی دوارۆژ چاکترە وهەمیشەییترە وەك لەوەی دونیا»، بۆ کێ؟ ﴿لِّلَّذِينَ آمَنُوا وَكَانُوا يَتَّقُونَ﴾ «بۆ ئەوانەی ئیماندارن وتەقواکارن»، کەواتە گەر کەسێك دەیەوێ سەرفرازی دونیا ودوارۆژ بێت، با ئیمان وتەقوای هەبێت.

کەواتە یوسف ئەو دووانەی تیا بووە، بۆیە خوای میهرەبان گەیاندی بە ئەو پلەوپایە.

لێرەدا چیرۆکەکە دەپچڕێت وئیتر دەڕۆینە ١٤ چواردە ساڵ پاشتر، دوای ئەوەی وڵات توشی قات وقڕیەکی زۆر سەخت هات، ئەوەندە سەخت بووە، تەنات پەیامبەری خوا ﷺ کاتێك دوعای لە مودەر «مضر» کرد، فەرموی: «خوایە قات وقڕیەکی ووشکە ساڵی ونەداریەکیان بەسەردا بهێنیت، ئەوەندە سەخت بێت وەك سەختی ساڵەکانی یوسف»[1].

یوسف ﷺ بۆ قەرەبوکردنەوەی حەوت ساڵە وشکەکە، فەرمانیکرد گەنم لەناو گوڵەکاندا بهێڵرێتەوە، وخەزێنە وعەمباری زۆری دروستکرد بۆ ئەوەی گەنمەکانی تێدا هەڵبگیرێت، وخەڵکیش بەپێی پێویست لێیان دەخوارد، وەك لەخەو پەرژێنەکە ڕونیکردەوە. وڵاتانیش توشی هەژاری هاتن، باس وخواس بڵاو بویەوە کەوا لە میسر وزیرێکی لێیە گەنمی لە

---

(١) عن أبي هريرة، قال: «أَنَّ النَّبِيَّ ﷺ كَانَ إِذَا رَفَعَ رَأْسَهُ مِنْ الرَّكْعَةِ الْآخِرَةِ، يَقُولُ: اللَّهُمَّ أَنْجِ عَيَّاشَ بْنَ أَبِي رَبِيعَةَ، اللَّهُمَّ أَنْجِ سَلَمَةَ بْنَ هِشَامٍ، اللَّهُمَّ أَنْجِ الْوَلِيدَ بْنَ الْوَلِيدِ، اللَّهُمَّ أَنْجِ الْمُسْتَضْعَفِينَ مِنْ الْمُؤْمِنِينَ، اللَّهُمَّ اشْدُدْ وَطْأَتَكَ عَلَى مُضَرَ، اللَّهُمَّ اجْعَلْهَا سِنِينَ كَسِنِي يُوسُفَ،.. قَالَ ابْنُ أَبِي الزِّنَادِ عَنْ أَبِيهِ هَذَا كُلُّهُ فِي الصُّبْحِ [وَكَانَ يَقُولُ فِي بَعْضِ صَلَاتِهِ فِي صَلَاةِ الْفَجْرِ اللَّهُمَّ الْعَنْ فُلَانًا وَفُلَانًا لِأَحْيَاءٍ مِنْ الْعَرَبِ حَتَّى أَنْزَلَ اللَّهُ { لَيْسَ لَكَ مِنْ الْأَمْرِ شَيْءٌ } الْآيَةَ]». البخاري، ح: ٧٧١، ٧٦٤، ٩٦١، ٤٢٨٤. ومسلم، ح: ٦٧٥.

گوڵەکانیدا هێشتۆتەوە وعەمبارێکی زۆری پڕ کردووە لە گەنم، بۆیە لە هەمو لایەکەوە ڕویاندەکردە میسر، جا لەوانەی هاتن براکانی یوسف بوون.

﴿وَجَاءَ إِخْوَةُ يُوسُفَ فَدَخَلُوا عَلَيْهِ فَعَرَفَهُمْ وَهُمْ لَهُ مُنْكِرُونَ﴾

﴿وَجَاءَ إِخْوَةُ يُوسُفَ﴾ «براکانی یوسف هاتن»، ﴿فَدَخَلُوا عَلَيْهِ﴾ «جا چونە ژورەوە بۆ لای»، ﴿فَعَرَفَهُمْ﴾ «یوسف یەکسەر ئەوانی ناسیەوە»، ﴿وَهُمْ لَهُ مُنكِرُونَ﴾ «بەڵام ئەوان پەیان بە یوسف نەبرد ونەیانناسیەوە».

**لێرەدا چەند سودێك هەیە:**

**یەکەم:** دەفەرموێ: «چونە ژورەوە بۆ لای»، کەواتە یوسف ﷺ کاربەدەستێك نیە وەکو کاربەدەستانی تر لەناو کۆشك وتەلاری خۆی دابنیشێ وخزمەتکارەکانی کارەکان ئەنجام بدەن، دەفەرموێ: ﴿فَدَخَلُوا عَلَيْهِ﴾ «چونە ژورەوە بۆ لای خۆی، بۆ هێنانی دانەوێڵە»، کەواتە یوسف خۆی هەستاوە بە ئەنجامدانی کارەکان.

**دووەم:** لەمەوە بۆمان دەردەکەوێ کە ڕێگای بازرگانی هەبووە لە نێوان فەلەستین ومیسردا، لەوەو پێشیش باسمان کرد کە یوسفیان هێناوە بۆ میسر فرۆشتویانە، لێرەش دێن بۆ میسر بۆ ئەنجامدانی بازرگانی وهێنان وبردنی شمەك.

**سێیەم:** هەروەها ئەوەی تێدایە، کە قات وقڕی ووشکە ساڵانی میسر وشار وناوچەکانی دەوروبەری ئەو وڵاتەشی گرتۆتەوە بە فەلەستینیشەوە.

**چوارەم:** دەفەرموێ ﴿فَعَرَفَهُمْ﴾ «یوسف ئەوانی ناسیەوە» کە ئەڵێ: یوسف ئەوانی ناسیوەتەوە، بە ڕستەی کرداری دەیهێنێ «**الجملة الفعلية**»، بەڵام کە باسی نەناسینەوەی ئەوان دەکا، بە ڕستەی ناوی «**الجملة الإسمية**»، یانی: یەکسەر ئەوانی ناسیەوە، بەڵام ئەوان ناسینەوەی یوسف هەر بە مێشکیشیاندا نەهاتووە، ئەم ئایەتە چیمان پێدەڵێ؟ پێمان دەڵێ: ئەگەر ستەمکار وزاڵم، ستەملێکراو ومەزڵومی بیر بچێتەوە، ئەوا هەرگیز ستەملێکرا ومەزڵوم، ستەمکاری لەبیر ناچێت، چونکە ڕۆژێك لە ڕۆژان زوڵمی لێکراوە، خراوەتە ناو بیرەوە، دەرد ونەهامەتیان بەسەردا هێناوە.

جا لێرەشدا چەند قسەیەك کراوە، کە بۆچی ئەوان یوسفیان نەناسیوەتەوە:

دەڵێن: ئەوان لە دورەوە بون، بۆیە یوسفیان نەناسیوە!

ودەڵێن: ئەوان بە منداڵی یوسفیان بینیوە، بەڵام ئێستا ئەو گەورە بووە، بە ئاسانی ناناسرێتەوە!

ودەڵێن: لەبەر هەیبەتی وەزیری نەیانتوانیوە بەتەواوەتی تەماشای نێو چاوانی بکەن!

هەروەها لەبەر ئەو ماوە زۆرەی یەکتریان نەبینی بوو.

هەروەها وایان زانیبوو یوسف تیاچوە.

هەروەها ستەمکار زۆر گوێ بە ناسینەوەی ستەملێکراو نادا.

هەروەها ناسینەوەی گرنگ نەبووە بەلایانەوە.

یا دەڵێن: چاوەڕوانی ئەوە نەبون یوسف بوبێت بە وەزیر! لەبەر جیاوازی ئەو حاڵەتەی کۆتا جار یوسفیان بینی کە لەناو بیر بوو، لەگەڵ ئەو حاڵەتەی ئێستا ئەیبینن کە وەزیرە، کە هەندێ پێشەکیان نەبینیایە، ئەسڵەن باوەڕیان نەدەکرد پێیان بوترایە ئەوە یوسفە، بۆیە یوسفیان نەناسیوە[1].

بەڵام هەندێك لەم ئیحتیمالانە تەواو نیە -خواش زاناترە-، چونکە چەندین جار لەگەڵ یوسفدا ﷺ کۆبونەتەوە!

﴿وَلَمَّا جَهَّزَهُمْ بِجَهَازِهِمْ قَالَ ائْتُونِي بِأَخٍ لَكُمْ مِنْ أَبِيكُمْ أَلَا تَرَوْنَ أَنِّي أُوفِي الْكَيْلَ وَأَنَا خَيْرُ الْمُنْزِلِينَ * فَإِنْ لَمْ تَأْتُونِي بِهِ فَلَا كَيْلَ لَكُمْ عِنْدِي وَلَا تَقْرَبُونِ * قَالُوا سَنُرَاوِدُ عَنْهُ أَبَاهُ وَإِنَّا لَفَاعِلُونَ﴾

﴿وَلَمَّا جَهَّزَهُمْ بِجَهَازِهِمْ﴾ «الجَهاز» بە فەتحەی جیمەکە، بریتیە لەو شتانەی موسافیر پێویستی پێیەتی لە شتومەك وتوێشو.

واتە: «دوای ئەوەی یوسف فەرمانی کرد ڕێزیان لێبیگرێت ومیوانداری شیاویان بکرێت، پاشان ئەوەی پێویستیان بوو لە دانەوێڵە وخواردەمەنی بۆی دابینکردن، وکاروبارەکانی بۆ ڕێکخستن»، ﴿قَالَ ائْتُونِي بِأَخٍ لَّكُم مِّنْ أَبِيكُمْ﴾

(١) بڕوانە: الكشاف: للزمخشري، تفسير هذه الآية.

«یوسف وتی: كه جارێكی تر هاتنەوە، برایەكتان هەیە لە باوكەوە بیهێنن بۆلام».

جا وتی: ﴿بِأَخٍ لَّكُم﴾ «برایەكتان»، هەروەها وتی: ﴿مِّنْ أَبِيكُمْ﴾ «لە باوكتان» هەموی بۆ ئەوەی نەناسرێتەوە.

**یوسف ﷺ چۆن زانی برایەكیان هەیە لە باوكیانەوە؟**

زانایان دەفەرمون: كە میوانداری كردون وڕێزی لێناون، ولەگەڵیان كۆبوەتەوە، لەكاتی قسەكردنیاندا، باسی براكەی خۆیانیان كردوە بۆ یوسف، ئیتر ئەمە بێت یان بە هەر شێوازێكی تر، یوسف ﷺ زانیویەتی.

هەروەها لە ئایەتەكەوە ئەوە بەدی دەكرێ، كە ئەم پرسیارەی یوسف ﷺ هیچ سەیر نەبووە بەلایانەوە، كەواتە پێشتر گفتوگۆیەك هەبووە لە نێوانیاندا وباسی «بنیامین»یش هاتۆتە پێشەوە، ئەگەرنا یەكسەر گومانیان دەبر كە ئەم كەسە دەیانناسێتەوە، دەی یوسفیش ﷺ نەیدەویست ئەوان ئەوە بزانن.

﴿أَلَا تَرَوْنَ أَنِّي أُوفِي الْكَيْلَ ﴾ «ئەی نابینن كەوا چۆن كێشانە وپێوانەتان بە تەواوەتی بۆ دەكەم، چۆن ڕێزم لێگرتن، چۆن لەم شارەی خۆم میوانداری شیاوم كردن، دەی مادام من ئاوها بوم لەگەڵتاندا ئێوەش برا باوكیەكەتان لەگەڵ خۆتاندا بهێنن»، هەمو ئەمانە بۆ ئەوەی هانیان بدات لەگەڵ خۆیاندا بیهێنن، ﴿وَأَنَا خَيْرُ الْمُنزِلِينَ﴾ «جا من بە باشترین شێوە

میوانداری هەرکەسێك دەکەم ببێتە میوانم وبەچاوی خۆشتان بینیتان»، بەمە هانی دان، بەمەش ﴿فَإِن لَّمْ تَأْتُونِي بِهِ﴾ ترساندنی، واتە: «ئەگەر براکەتان نەهێنن»، ﴿فَلَا كَيْلَ لَكُمْ عِندِي﴾ «ئیتر بەهیچ شێوەیەك کێشانە وپێوانەتان بۆ نیە، نەیەن بۆ دانەوێڵە وخواردن»، ﴿وَلَا تَقْرَبُونِ﴾ «نەك هەر ئەوە بەڵکو ئەسڵەن نزیکی ئەم شارەش مەبنەوە چ جای بێن بۆ دانەوێڵە».

ئەوانیش وتیان: ﴿قَالُوا سَنُرَاوِدُ عَنْهُ أَبَاهُ﴾ «هەوڵ وتەقالای خۆمان دەخەینە گەڕ لەگەڵ باوکماندا وهەوڵی خۆمان دەدەین، بە هەمو شێوەیەك تا ڕازی دەکەین بە هێنانی»، ﴿وَإِنَّا لَفَاعِلُونَ﴾، «بێگومان بە ئەو کارە دەکەین»، وەکو ئەوەی هەم یوسف ﷺ بزانێ، وهەم خۆشیان باشتر بزانن کە هێنانی بنیامین ئیشێکی هەروا ئاسان نیە، هەوڵ تەقالا وماندو بونی پێویستە.

پاشان یوسف ﷺ کارێکی زۆر سەیر دەکات:

﴿وَقَالَ لِفِتْيَانِهِ اجْعَلُوا بِضَاعَتَهُمْ فِي رِحَالِهِمْ لَعَلَّهُمْ يَعْرِفُونَهَا إِذَا انقَلَبُوا إِلَىٰ أَهْلِهِمْ لَعَلَّهُمْ يَرْجِعُونَ﴾

واتە: «جا بە گەنجەگانی بەردەستی وتی: دەست مایەکەیان، ئەو پارەیەی کە داویانە لەبەرامبەر ئەو دانەوێڵە، بەبێ ئەوەی ئەوان هەستی پێبکەن، بیخەنە ناو بارەکانیانەوە»، بۆ؟ «بۆ ئەوەی کە گەڕانەوە بیناسن

وبزانن ئەوە دەست مایەکەیانە وپاشا بۆی گەڕاندونەتەوە»، ﴿لَعَلَّهُمْ يَرْجِعُونَ﴾ «بۆ ئەوەی بگەڕێنەوە».

چوار بۆچون هەیە، لەسەر ئەوەی کە بۆچی دەستمایەکەی بۆیان گەڕاندۆتەوە؟ لەبەر ئایەتەکە نەبوایە کە دەفەرموێ: ﴿لَعَلَّهُمْ يَرْجِعُونَ﴾ «بۆ ئەوەی بگەڕێنەوە»، ئەو بۆچونانەم باسدەکرد، بەڵام بۆ ئەم ڕێگایەی هەڵبژارد، لەوانەیە:

- لەبەر ئەوە بوبێت، ئەوان حەرام ناخۆن، کە پارەکە دەبینن، ناچارن پارەکە بهێننەوە، چونکە دەڵێن بەهەڵە کەوتۆتە ناو بارەکەمانەوە.

- یا ڕەنگە پارەیان نەبوبێ، بۆیە یوسف گەڕاندویەتیەوە بۆیان، ئەگەر نەیگەڕاندبایەتەوە، جارێکی تر نەیاندەتوانی بگەڕێنەوە.

- یا ئەوان خەڵکێکی چاك بوون، لە عادەتی خەڵکی چاکیش، وەڵامی چاك بە چاك دەداتەوە، بۆیە ناچار ئەبن بگەڕێنەوە.

- یا بۆ ئەوەی باوکی بزانێ، کوڕەکانی ڕاستدەکەن لەوەی وەزیر داوای بنیامینی کردوە.

لێرەدا گفتوگۆی نێوان یوسف وبراکانی تەواو، بڕۆینە سەر گفتوگۆی نێوان براکانی وباوکی:

﴿فَلَمَّا رَجَعُوا إِلَى أَبِيهِمْ قَالُوا يَا أَبَانَا مُنِعَ مِنَّا الْكَيْلُ فَأَرْسِلْ مَعَنَا أَخَانَا نَكْتَلْ وَإِنَّا لَهُ لَحَافِظُونَ﴾

هەرکە گەیشتنە ماڵ، پێش ئەوەی بارەکە بکەنەوە، یان هیچ کارێکی تر بکەن، ﴿قَالُوا يَا أَبَانَا مُنِعَ مِنَّا الْكَيْلُ﴾ «وتیان: ئەی باوکە...»، ئەمە یەکەم قسەیان بوو، ئەمەش بەڵگەیە لەسەر ئەوەی پرسی بردنی بنیامین زۆر لەسەر دڵیان قورس بووە؟ ئێستاش لە نێوان دوو ئاگردان، یەکێك لەو ئاگرانە ئەوەیە ئیتر نەگەڕێنەوە بۆ شتومەك، وبەرگەی برسێتی بگرن وناشتوانن. ئاگرەکەی تریش ئەوەیە: دەبێ ئەو قەبرە هەڵدەنەوە کە چەند ساڵە خۆڵ سەری گرتووە، ئەو زامە بکولێننەوە کە کۆن بووە، ئەویش بریتیە لەوەی داوای ناردنی «بنیامین»، چیرۆکی یوسفی بیر دەخاتەوە، کە چەند ساڵە لە هەوڵی ئەوەدان بیری بچێتەوە.

بۆیە بڕیاریاندا ئاگری دووەم هەڵبژێرن، چونکە بشیان سوتێنێ سوکترە، بۆیە هەرکە گەیشتنە جێ»، ﴿قَالُوا يَا أَبَانَا مُنِعَ مِنَّا الْكَيْلُ﴾ «وتیان: تەواو باوکە ئیتر پێوانە وکێشانە نەما، خواردن ودانەوێلە نەما، چونکە عەزیزی میسر بڕیاریدا ئەگەر بنیامین نەبەین لەگەڵ خۆمان، ئیتر نزیکی میسر نەبینەوە، تۆش دەزانی پێویستمان بە خواردنە»، ﴿فَأَرْسِلْ مَعَنَا أَخَانَا نَكْتَلْ وَإِنَّا لَهُ لَحَافِظُونَ﴾ «بۆیە بنیامینی برامان لەگەڵمان بنێرە بۆ ئەوەی کێشانە وپێوانە بکەین، بێگومان بە دڵنیاییەوە دەیپارێزین»، لێرەدا هەندێك خەڵك وا دەزانن، نەکتەل «نَكْتَلْ» ناوی براکەی یوسفە، یانی ئایەتەکە وای لێدێت: «نەکتەلی برامان لەگەڵ بنێرە»، تەنانەت خەڵك هەیە ناوی «نەکتەل»ـە،

بەهۆی هەڵە تێگەیشتن لەم ئایەتە، بەڵام ئەمە هەڵەیە و وا نیە، ئەسڵەن لە قیرائەتی حەمزە وکیسائیدا ﴿يَكْتَلْ﴾ە، بە «یاء» نەك بە «نون».

﴿قَالَ هَلْ آمَنُكُمْ عَلَيْهِ إِلَّا كَمَا أَمِنتُكُمْ عَلَىٰ أَخِيهِ مِن قَبْلُ فَاللَّهُ خَيْرٌ حَافِظًا وَهُوَ أَرْحَمُ الرَّاحِمِينَ﴾

وەکو ئەوەی ئەم قسە ئازاری دڵی یەعقوبی ﷺ دابێ، وزامە کۆنەکەی نوێ کردبێتەوە، چونکە هەر بەو ئوسلوبە داوایان کرد یوسفیان لەگەڵدا بنێرێت: ﴿أَرْسِلْهُ مَعَنَا غَداً يَرْتَعْ وَيَلْعَبْ وَإِنَّا لَهُ لَحَافِظُونَ﴾، بۆیە فەرموی: ﴿هَلْ آمَنُكُمْ عَلَيْهِ﴾ «ئایا متمانەتان پێبکەم لەسەر بنیامین، وەکو چۆن پێشتر متمانەم پێکردن سەبارەت بە براکەی؟! کە دەزانن چیتان پێکرد!!؟ نەخێر لە دوای ئەوەوە متمانەم پێتان نەماوە، بەڕاستی کەس نادەمە دەستی کەس ئەیدەمە دەستی خوا وخۆی باشترین پارێزەرە، هەر خۆی بە بەزەییترینی خاوەن بەزەییەکانە بەڵکو بەزەیی پێمدا هاتەوە وبە بنیامینیش تاقیم نەکاتەوە»

ئەم قسەش ئاماژەیەکە بۆئەوەی کە دەکرێ بینێرم لەگەڵتان، بەڵام بەڕاستی من سەیرم لە تێگەیشتنی یعقوب دێت! تەماشای کۆتایی ئایەتەکە بکەن ﴿فَاللَّهُ خَيْرٌ حَافِظًا﴾ یانی: ئەگەر بینێرم، بە تەمای پاراستنی ئێوە نیم، بەڵکو دەیدەمە دەستی خوا، ئەمەش ئیزندانێکە کە بینێرێ، بەڵام بە ناڕاستەوخۆیی. ئینجا پشت بەخوا بەستنێکی گەورەی تێدایە.

﴿وَلَمَّا فَتَحُوا مَتَاعَهُمْ وَجَدُوا بِضَاعَتَهُمْ رُدَّتْ إِلَيْهِمْ قَالُوا يَا أَبَانَا مَا نَبْغِي هَذِهِ بِضَاعَتُنَا رُدَّتْ إِلَيْنَا وَنَمِيرُ أَهْلَنَا وَنَحْفَظُ أَخَانَا وَنَزْدَادُ كَيْلَ بَعِيرٍ ذَلِكَ كَيْلٌ يَسِيرٌ﴾

﴿وَلَمَّا فَتَحُوا مَتَاعَهُمْ وَجَدُوا بِضَاعَتَهُمْ رُدَّتْ إِلَيْهِمْ﴾ «كە ڕۆیشتن بارەكانیان كردەوە، ئەوسا توشی موفاجەئەیەكی گەورە بوون، تەماشا دەكەن دەستمایەكەیان گەڕێنراوەتەوە نێو بارەكەیان»، ﴿قَالُوا يَا أَبَانَا﴾، «وتیان: ئەی باوكە ﴿مَا نَبْغِي﴾ «چیمان دەوێ؟» ﴿هَٰذِهِ بِضَاعَتُنَا رُدَّتْ إِلَيْنَ﴾ «ئەوە دەستمایەكەمانە بۆمان گەڕێنراوەتەوە»، ﴿وَنَمِيرُ أَهْلَنَا﴾ «دەچین لەو شارەدا خواردەمەنی ودانەوێلە دێنین بۆ كەسوكاری خۆمان»، ﴿وَنَحْفَظُ أَخَانَا ﴾ «براكەشمان دەپارێزین لەهەر خراپەیەك بێتە ڕێی»، ﴿ وَنَزْدَادُ كَيْلَ بَعِيرٍ﴾ «سەرباری ئەمانەش، یەك بار وشتر زیاتر خواردن دەهێنین، چونكە براكەمان لەگەڵدایە»، لەوانەیە عەزیری میسر، بۆ هەر سەرێك بارە وشترێكی دابێت، بۆ ئەوەی بەشی حەوت ساڵەكە بكا»، ﴿ذَٰلِكَ كَيْلٌ يَسِيرٌ﴾ «ئەم خواردنەش بەم شێوازە، شتێكی ئاسانە، هیچی تێناچێت، بە ناردنی بنیامین یەك بار وشتر زیاد دوكات، جا هاتنی بنیامین بەرامبەر بارێك وشتر، ئاسانە»، ئەشكرێ بەو واتا بێ: كە كاروانی پێشو شتێكی كەمان هێناوە وبەشناكا، بەلاَم دورە والله أعلم.

﴿قَالَ لَنْ أُرْسِلَهُ مَعَكُمْ حَتَّىٰ تُؤْتُونِ مَوْثِقًا مِّنَ اللَّهِ لَتَأْتُنَّنِي بِهِ إِلَّا أَن يُحَاطَ بِكُمْ ۖ فَلَمَّا آتَوْهُ مَوْثِقَهُمْ قَالَ اللَّهُ عَلَىٰ مَا نَقُولُ وَكِيلٌ﴾

یەعقوب ﷺ دەیەوێ عەهد وپەیمانێکیان لەگەڵ گرێ بدات، وەکو جاری پێشو بێ عەهد وپەیمان نەینێرێ لەگەڵیاندا، هەروەها پەیامبەری خوا ﷺ دەفەرموێ: «ئیماندار، لە شوێنێکەوە دووجار ناگەسترێ»[1].

یەعقوب تا ڕادەیەك دەیزانی ئەمجارە درۆ ناکەن، بۆیە وتی: «واللّٰه لەگەڵتان ناینێرم تاوەکو گفت وپەیمانی توندم بەخوا پێنەدەن کە بۆمی دەهێننەوە، مەگەر لە تیا بچن یا لە دەسەڵاتی ئێوە دەربچێ». ئەم پیاوە بەرز وبەڕێزە هەست بە شتێ دەکات، بۆیە عەهد وپەیمانیان لێوەردەگرێ، ترسی هەیە، عیلمی هەیە، ئیتر مەگەر دەورتان بگیرێ وچارتان نەمێنێ و لە دەسەڵاتی ئێوە دەربچێ.

﴿فَلَمَّا آتَوْهُ مَوْثِقَهُمْ﴾ «کە وتیان: قەسەم بەخوا، گفت وپەیمان بێت، کە گەڕاینەوە بۆلات براکەمان لەگەڵدا بێت، مەگەر ناچار بین ولە دەسەڵاتمان نەمێنی»، ﴿قَالَ اللَّهُ عَلَىٰ مَا نَقُولُ وَكِيلٌ﴾ «یەعقوب فەرموی: دەی خوا لەسەر ئەوەی من وئێوە وتمان وەکیلە، خوا شاهید وچاودێر وئاگاری نێوانمانە،

---

(١) قال البخاري -رحمه الله تعالى-: «بَاب لَا يُلْدَغُ الْمُؤْمِنُ مِنْ جُحْرٍ مَرَّتَيْنِ، وَقَالَ مُعَاوِيَةُ: لَا حَكِيمَ إِلَّا ذُو تَجْرِبَةٍ، ثم أورد هٰذَا الحديث: عن أبي هريرة، عن النبي ﷺ أنه قال: «لاَ يُلْدَغُ الْمُؤْمِنُ مِنْ جُحْرٍ مَرَّتَيْنِ». البخاري، ح: ٥٧٨٢. ومسلم، ح: ٢٩٩٨.

ئەوسا پاداشتی خاوەن وەعدەکان بە چاکە دەداتەوە وبێوەعدەکانیش سزا دەدات، ئەم قسەی کرد بۆ جەخت کردنەوە لەو بەڵێنەی دابویان، بەڕاستی ئەم ڕستەیە: «خوا وەکیل بێت» زۆر قورسە، ئەبێ هەر وا بە گاڵتە وئاسان تەماشا نەکرێ.

لەم بارەوە پەیامبەری خوا ﷺ لە فەرمودەیەکدا باسی چیرۆکی دوو پیاوی نەوەی ئیسرائیلمان بۆ دەکات، ئەفەرموێ: «پیاوێك لە نەوەی ئیسرائیل، داوای ١٠٠٠ هەزار دینار قەرزی کرد لە پیاوێکی تری نەوەی ئیسرائیل، وتی: باشە، شاهید بێنە تا بیکەم بە شاهید، وتی: بەس بێ خوا شاهید بێ، وتی: دەی کەفیلێك بهێنە، وتی: بەس بێ خوا کەفیل بێ، وتی: ڕاستدەکەیت، بۆیە پارەکەی پێدا بۆ ماوەیەکی دیاریکراو، کابرا ڕۆیشتەوە وبە دەریادا پەڕیەوە وئیشەکەی خۆی بەجێ هێنا، پاشان هاتە لێواری دەریاکە وگەڕا بە دوای بەلەمێکدا پارە بگەڕێنێتەوە بۆلای لەو مەوعیدەی دیاریان کردبو، بەڵام هیچی دەست نەکەوت، ئەوەبو ڕۆیشت دارێکی هێناو کۆڵی کرد وناوبۆشی کرد وهەزار دینارەکەی تێکرد لەگەڵ نامەیەکدا، پاشان سەری گرتەوە وچاکی کرد، وئینجا هێنای بۆ دەریاکە، وتی: خوایە گیان: من هەزار دینارم قەزرکرد، داوای کەفیلی کرد، وتم: بەس بێ خوا کەفیل بێ، ڕازی بوو بە تۆ، وتی: شاهید بێنە، وتم: بەس بێ خوا شاهید بێ، ڕازی

بوو بە تۆ، وا من هەوڵی زۆرمدا شتێکم دەست بکەوێ ئەم هەقەی بۆ بنێرم، دەستم نەکەوت، جا خوایە وا بە تۆم سپارد، وخستیە بەحرەکەوە))

لە دورەوە تەماشای ئەم کارە بکەن، کەسێك بڕێکی زۆری پارە بە ئاودا دەدات، ئایا ئەمە کاری شێتە یان عەقڵ؟ دواجار پشت بەستن بەخوا متمانە یتەوی پێی وەڵامان دەداتەوە!

((پاشان ڕۆیشت ودەستی کرد بە گەڕان بە دوای بەلەمێکدا بگەڕێتەوە بۆ شارەکەی خۆی، ئەو پیاوەشی قەرزەکەی پێدابو لەو دیوی دەریاکەوە چاوەڕێی دەکرد بەڵکو بەلەمێك بێت وقەرزەکەی بۆ هێنابێتەوە، ئیتر هەر چاوەڕێی کرد، تەماشا دەکات ئەوە دارەکەیە وا پارەکەی تێدایە، بردیەوە بۆ ماڵ بۆ سوتەمەنی، کە پاچی کرد وکەرتی کرد، پارە ونامەکەی بینی، پاشان کابرای قەزرار هات وهەزار دیناریشی هێنا بوو، وتی: واللە بەردەوام هەوڵم دەدا ودەگەڕام بە دوای بەلەمێکدا بەڵکو پارەکەت بۆ بهێنم، بەڵام دەستم نەکەوت تا ئێستا ئەمەم بۆ هێنای، ئەویش وتی: هیچت بۆ نارم؟ وتی: پێتدەڵێم: هیچم دەستنەکەوت تا ئەو کاتەی ئەمەم بۆ هێنای! وتی: دەی خوا ئەوەی گەیاند کە تۆ لە نێو دارەکەدا ناردت، ئەوەبو هەزار دینارەکەی تری بردەوە))[١].

---

(١) عن أَبِي هريرة، عن رسول الله ﷺ: «أَنَّهُ ذَكَرَ رَجُلًا مِنْ بَنِي إِسْرَائِيلَ، سَأَلَ بَعْضَ بَنِي إِسْرَائِيلَ أَنْ يُسْلِفَهُ أَلْفَ دِينَارٍ، فَقَالَ: ائْتِنِي بِالشُّهَدَاءِ أُشْهِدُهُمْ، فَقَالَ: كَفَى بِاللَّهِ شَهِيدًا،

﴿قَالَ اللَّهُ عَلَىٰ مَا نَقُولُ وَكِيلٌ﴾ جا وتنی ئەم قسەیە زۆر قورس وگرانە، بۆیە هەرکەس خوای مەزنی کرد بە وەکیل وکەفیل وشاهید، با پاپەند بێت پێوەی، با خوا ﷻ نەکاتە کاڵای زمان، لە هەڵسان ودانیشتن وڕاست ودرۆ، هەر «بەخوا، وخوا شاهیدە، وخوا وەکیلە»یە.

یا دەکرێ ئەم کارەی کردبێ، لەبەرئەوەی ناچار بووە لەبەر خواردن.

﴿وَقَالَ يَا بَنِيَّ لَا تَدْخُلُوا مِنْ بَابٍ وَاحِدٍ وَادْخُلُوا مِنْ أَبْوَابٍ مُتَفَرِّقَةٍ وَمَا أُغْنِي عَنكُمْ مِنَ اللَّهِ مِنْ شَيْءٍ إِنِ الْحُكْمُ إِلَّا لِلَّهِ عَلَيْهِ تَوَكَّلْتُ وَعَلَيْهِ فَلْيَتَوَكَّلِ الْمُتَوَكِّلُونَ﴾

---

قَالَ: فَأْتِنِي بِالكَفِيلِ، قَالَ: كَفَى بِاللَّهِ كَفِيلًا، قَالَ: صَدَقْتَ، فَدَفَعَهَا إِلَيْهِ إِلَى أَجَلٍ مُسَمًّى، فَخَرَجَ فِي البَحْرِ فَقَضَى حَاجَتَهُ، ثُمَّ التَمَسَ مَرْكَبًا يَرْكَبُهَا يَقْدَمُ عَلَيْهِ لِلْأَجَلِ الَّذِي أَجَّلَهُ، فَلَمْ يَجِدْ مَرْكَبًا، فَأَخَذَ خَشَبَةً فَنَقَرَهَا، فَأَدْخَلَ فِيهَا أَلْفَ دِينَارٍ وَصَحِيفَةً مِنْهُ إِلَى صَاحِبِهِ، ثُمَّ زَجَّجَ مَوْضِعَهَا، ثُمَّ أَتَى بِهَا إِلَى البَحْرِ، فَقَالَ: اللَّهُمَّ إِنَّكَ تَعْلَمُ أَنِّي كُنْتُ تَسَلَّفْتُ فُلَانًا أَلْفَ دِينَارٍ، فَسَأَلَنِي كَفِيلَا، فَقُلْتُ: كَفَى بِاللَّهِ كَفِيلًا، فَرَضِيَ بِكَ، وَسَأَلَنِي شَهِيدًا، فَقُلْتُ: كَفَى بِاللَّهِ شَهِيدًا، فَرَضِيَ بِكَ، وَأَنِّي جَهَدْتُ أَنْ أَجِدَ مَرْكَبًا أَبْعَثُ إِلَيْهِ الَّذِي لَهُ فَلَمْ أَقْدِرْ، وَإِنِّي أَسْتَوْدِعُكَهَا، فَرَمَى بِهَا فِي البَحْرِ حَتَّى وَلَجَتْ فِيهِ، ثُمَّ انْصَرَفَ وَهُوَ فِي ذَلِكَ يَلْتَمِسُ مَرْكَبًا يَخْرُجُ إِلَى بَلَدِهِ، فَخَرَجَ الرَّجُلُ الَّذِي كَانَ أَسْلَفَهُ، يَنْظُرُ لَعَلَّ مَرْكَبًا قَدْ جَاءَ بِمَالِهِ، فَإِذَا بِالخَشَبَةِ الَّتِي فِيهَا المَالُ، فَأَخَذَهَا لِأَهْلِهِ حَطَبًا، فَلَمَّا نَشَرَهَا وَجَدَ المَالَ وَالصَّحِيفَةَ، ثُمَّ قَدِمَ الَّذِي كَانَ أَسْلَفَهُ، فَأَتَى بِالأَلْفِ دِينَارٍ، فَقَالَ: وَاللَّهِ مَا زِلْتُ جَاهِدًا فِي طَلَبِ مَرْكَبٍ لِآتِيَكَ بِمَالِكَ، فَمَا وَجَدْتُ مَرْكَبًا قَبْلَ الَّذِي أَتَيْتُ فِيهِ، قَالَ: هَلْ كُنْتَ بَعَثْتَ إِلَيَّ بِشَيْءٍ؟ قَالَ: أُخْبِرُكَ أَنِّي لَمْ أَجِدْ مَرْكَبًا قَبْلَ الَّذِي جِئْتُ فِيهِ، قَالَ: فَإِنَّ اللَّهَ قَدْ أَدَّى عَنْكَ الَّذِي بَعَثْتَ فِي الخَشَبَةِ، فَانْصَرِفْ بِالأَلْفِ الدِّينَارِ رَاشِدًا». البخاري، ح: ٢١٦٩، ١٤٢٧.

یەعقوب ترسی باوکایەتی وسۆزی بۆ منداڵەکانی گرتی وفەرموی: ﴿يَا بَنِيَّ لَا تَدْخُلُوا مِن بَابٍ وَاحِدٍ﴾، جاران شارە گەورەکان دەورە دراوە وچەندین دەرگای هەبووە بۆ چونە ژورەوە، میسریش دیارە چەندین دەرگای هەبووە بۆ چونە ژورەوە، جا یەعقوبیش بە کوڕەکانی وتوە: «ڕۆڵەکانم! کە گەیشتنە میسر هەر یازدەکەتان لەیەك دەرگاوە مەچنە ژورەوە»، ﴿وَادْخُلُوا مِنْ أَبْوَابٍ مُّتَفَرِّقَةٍ﴾، «بەڵکو لەچەند دەرگایەکی جیاوازەوە بچنە ژورەوە، بە شێوەیەك هەر دوان سێیانێکتان لە دەریایەکەوە داخل بن».

بۆچی یەعقوب ﷺ ئەم ئامۆژگاریەی کردن؟ بەڕاستی زۆر شت وتراوە، زۆر حیکمەت ڕونەوە کراوە لەم بارەوە، لەوانە:

* ئەگەر ١١ یازدە کەس پێکەوە بڕۆن بۆ کارێك بەرپرسیارێتیان کەمتر دەبێت، بەڵام ئەگەر هەریەکەیان بەجیا بڕۆن، بەپرسیارێتیەکە باشتر دەگرنە ئەستۆ.

* ئەشڵێن: بۆ ئەوە بووە، ژمارە زۆرەکەیان سەرنجی پاسەوانەکانی دەرگاکە ڕانەکێشێ، وا بزانن سیخوڕ وجاسوسن، ئیتر نەهێڵن بچنە ژورەوە.

* هەروەها ئەڵێن: ترساوە لەوەی بەر چاوپیسی بکەون، ئەم بۆچونەش ئەوەندە زۆرە لە کتێبەکانی تەفسیردا، وەك ئەوەی هیچ تەفسیرێکی تری نەبێ، جگە لە چاو. جا ئەڵێن یەعقوب ﷺ لە چاو ترساوە، چونکە منداڵەکانی هەم جوان بون، هەم زۆریش بون. بەڕاستی زۆری وجوانی مایەی

ئەوەیە چاوت لێبدرێ، بۆیە ئەگەر جوانی وریای خۆت بە، ئەگەر منداڵت زۆرە وریای خۆت بە، ئەگەر زیرەکیت وریای خۆت بە، چەندین جار بیستومانە لێرە ولەوێ خوێنکارێکی زیرەك، مێشکی وەستاوە، بۆ؟ چونکە هەمیشە لە پۆلدا دەستی هەڵبڕیوە، مامۆستا هەرچیەك دەڵێ ئەو وەڵام دەداتەوە، خوێندکاری واش هەیە تەمەڵە وچاوی پیسە، یان هەر قوتابیەکی تر، چاوێکی لێدەدات ومێشکی دەوەستێنێ.

چاو پیسی ئەوەندە ترسناکە، پەیامبەری خوا ﷺ لە فەرمودەیەکدا دەفەرموێ: ((زۆربەی مردنی ئوممەتەکەم، دوای قەزا وقەدەری خوا بە چاو پیسی دەبێت))[1].

هەروەها ڕۆژێك سەهلی کوڕی حونەیف خۆی دەشوات، جا سەهل دیمەن وپێستی زۆر جوان بووە، کە عامری کوڕی ربیعە دەیبینێ، دەڵێ: سوێند بەخوا لاشەی وا جوانم نەبینیوە لە ئافرەتانیشدا، ئەڵێ: یەکسەر کەوتە سەر زەوی، دەیهێنن بۆلای پەیامبەری خوا ﷺ، ئەڵێن: ئەی پەیامبەری خوا

(١) عن جابر بن عبدالله، قال: قال رسول الله ﷺ: «أَكْثَرُ مَنْ يَمُوتُ من أمتي بَعْدَ كِتَابِ الله وَقَضَائِهِ وَقَدَرِهِ بِالأَنْفُسِ [ر: يعني العين]». أخرجه الطيالسي في «مسنده» (١٧٦٠)، قال الهيثمي في «المجمع» (١٠٦/٥): «رواه البزار, ورجاله رجال الصحيح, خلا طالب بن حبيب بن عمرو وهو ثقة». وقال الحافظ في: «الفتح» (٢٠٤/١٠): «وسنده حسن». وقال السخاوي في «المقاصد»: «ورجاله ثقات». انظر: «السلسلة الصحيحة» (٣٨٤/٢) برقم: ٧٤٧.

ﷺ بەڵکو شتێك بۆ سەهل بکەیت، ناتوانیٚ سەریش بەرز بکاتەوە؟ ئەویش فەرمووی: تۆمەتباری کەس دەکەن؟ وتیان: عامری کوڕی ڕەبیعە تەماشای کردوە! ئەوەبو بانگی عامری کرد وزۆر توڕە بوو، فەرمووی: لەسەر چی براکەتان دەکوژن؟! ئەی بۆ کە شتێك دەبینی بەلاتەوە جوانە ناڵێی: «تبارك الله عليك»[١]، ئیتر فەرمانی پێکرد دەستنوێژ بگریٚ، ئاوی دەستنوێژەکەیان کرد بەسەری سەهلدا، وەك ئەوەی عەیب لە گیانیدا نەبێت هەستایە سەر پیٚ»[٢].

(١) یان ئەڵیٚ: «ما شاء الله لا قوة إلا بالله» لەگەڵ دوعای بەرەکەت. بڕوانە: فەتواکانی لیژنە دائیمە، وشێخ عوسەیمین.

(٢) عن سهل بن حنيف، قال: «أَنَّ النَّبِيَّ ﷺ خَرَجَ وَسَارَ مَعَهُ نَحْوَ مَكَّةَ، حَتَّى إِذَا كَانُوا بِشِعْبِ الْخَرَارِ مِنَ الْجُحْفَةِ، اغْتَسَلَ سَهْلُ بْنُ حُنَيْفٍ، وَكَانَ رَجُلاً أَبْيَضَ حَسَنَ الْجِسْمِ وَالْجِلْدِ، فَنَظَرَ إِلَيْهِ عَامِرُ بْنُ رَبِيعَةَ أَحَدُ بَنِي عَدِيِّ بْنِ كَعْبٍ -وَهُوَ يَغْتَسِلُ-، فَقَالَ: مَا رَأَيْتُ كَالْيَوْمِ وَلا جِلْدَ مُخَبَّأَةٍ، فَلُبِطَ سَهْلٌ، فَأُتِيَ رَسُولُ اللهِ ﷺ فَقِيلَ: يَا رَسُولَ اللهِ! هَلْ لَك فِي سَهْلٍ؟ وَاللَّهِ مَا يَرْفَعُ رَأْسَهُ، قَالَ: «هَلْ تَتَّهِمُونَ فِيهِ مِنْ أَحَدٍ؟» قَالُوا: نَظَرَ إِلَيْهِ عَامِرُ بْنُ رَبِيعَةَ، فَدَعَا رَسُولُ اللهِ ﷺ عَامِرًا، فَتَغَيَّظَ عَلَيْهِ وَقَالَ: «عَلامَ يَقْتُلُ أَحَدُكُمْ أَخَاهُ ﷺ هَلا إِذَا رَأَيْتَ مَا يُعْجِبُك بَرَّكْتَ». ثُمَّ قَالَ لَهُ: «اغْتَسِلْ لَهُ». فَغَسَلَ وَجْهَهُ وَيَدَيْهِ وَمِرْفَقَيْهِ وَرُكْبَتَيْهِ وَأَطْرَافَ رِجْلَيْهِ وَدَاخِلَةَ إِزَارِهِ فِي قَدَحٍ ثُمَّ صُبَّ ذَلِكَ الْمَاءُ عَلَيْهِ يَصُبُّهُ رَجُلٌ عَلَى رَأْسِهِ وَظَهْرِهِ مِنْ خَلْفِهِ، ثُمَّ يُكْفَأُ الْقَدَحُ وَرَاءَهُ فَفُعِلَ بِهِ ذَلِك، فَرَاحَ سَهْلٌ مَعَ النَّاسِ لَيْسَ بِهِ بَأْسٌ» أخرجه الحاكم (٤/٢١٥)، وقال: «صحيح الإسناد»، ووافقه الذهبي، وأحمد (٣/٤٤٧)، وصححه الألباني في السلسلة.

هەروەها ئەفەرمویٚ: ((ئەگەر شتێك پێشی قەدەر بکەوتایە، چاو پێشی دەکەوت))[1].

هەندێك لە بەناو عەقلانیەکان، کە لە هەقیقەتدا لە عەقڵ لایانداوە، نکوڵی لە بوونی ((چاو)) دەکەن، بە بیانوی ئەوەی دژی عەقڵە، بەڵام ئەمە هیچ دژی عەقڵ نیە، ئاخر کوێی عەقلانی وعاقڵیەتیە بڕوا بەشتێك ناکەیت کە بەچاوی خۆت دەیبینی؟! من بەچاوی خۆم دەبینم چاو لەکەسێك دەدریٚ ودەکەویٚ، ئەگەر بڕوا بەمە نەکرێت، بڕوا نەکردنە بە چاوی خۆ، ئەمە عاقڵیە یا بێعەقڵی؟

جا یەعقوب ﷺ فەرموی: ﴿لَا تَدْخُلُوا مِن بَابٍ وَاحِدٍ..﴾ کە ئەمەی فەرمو، مانای ئەوەنیە: گەر واتان کرد هیچ ڕونادات، بەڵکو ئەمە وریاییە، وەك وتراوە: ((لايغني حذر من قدر))، ((وریاییکردن سودی نابیٚ لە ڕودانی قەدەر))، بەڵام ئەگەر مرۆڤ هۆکار وسەبەبی گرتەبەر، دووسودی هەیە: یەکەم: ئەگەر هۆکارەکانی کارێکی گرتەبەر وبەدی هات، ئەوە مایەی خۆشحاڵیە، ئەگەریش بەدی نەهات، داخی زۆر نیە، وزۆر لۆمەی خۆی ناکا، چونکە ئەڵیٚ: هەوڵی خۆمدا، بەڵام دیاربوو خودا ﷻ نەینوسیبو.

---

(١) عن ابن عباس، عن النبي ﷺ قال: «الْعَيْنُ حَقٌّ، وَلَوْ كَانَ شَيْءٌ سَابِقُ الْقَدَرِ لَسَبَقَتْهُ الْعَيْنُ»، أخرجه الترمذي، وابن ماجه: (٣٥٦/٢)، وأحمد: (٤٣٨/٦) وهو في السلسلة.

بۆیه فەرموی: ﴿وَمَا أُغْنِي عَنكُم مِّنَ اللَّهِ مِن شَيْءٍ﴾ «جا من بەم قسانەم ناتوانم شتێکتان لێ دوربخەمەوە، خوا ﷻ قەدەری کردبێت، چەند بچوکیش بێت»، بەڵام ئەمە خوا فەرمانی کردوە، ئەسباب بگیرێتە بەر.

﴿إِنِ الْحُكْمُ إِلَّا لِلَّهِ﴾ «بریار وفەرمان لە هەمو شتێکدا هەر بۆ خوایە، نە کەس هەیە ڕێگر بێ، ونە کەس هەیە بتوانێ ڕەدی بکاتەوە».

﴿عَلَيْهِ تَوَكَّلْتُ وَعَلَيْهِ فَلْيَتَوَكَّلِ الْمُتَوَكِّلُونَ﴾ «پشتم هەر بەخوا بەستووە لە هەمو کارێکمدا، دەبا ئەوانەی پشتی تەواویان ئەوێ باپ شت بەخوا ببەستن».

لەم ئایەتەوە فێری ئەوە دەبین کەوا گرتنەبەری هۆکار «السبب» لەگەڵ پشت بەخوا بەستن «التوکل» دژ بە یەك نین، وەك هەندێ کەس بەهەڵە لێی تێگەیشتون، دەڵێن یان تەوەکول یان سەبەب گرتنە بەر، نەخێر وانیە، هەم تەوەکولت لەسەر خوا بێت، هەم سەبەبیش بگرە بەر، بەڵام بە مەرجێ دڵ پەیوەست ناکەیت بە سەبەبەکەوە، بەڵکو دڵت پەیوەستی دەکەیت بە خواوە ﷻ.

تەوەکول چییە؟ «هو صدق اعتماد القلب على الله في جلب المنافع ودفع المضار مع الأخذ بالأسباب»، «بریتیە لەوەی: دڵت بەڕاست ئیعتماد بکاتە سەر خوا وپشتی پێ ببەستێ ومتمانەی پێی هەبێ، لەگەڵ گرتنەبەری هۆکارەکان»، جا ئەگەر ئەسباب نەگریتە بەر، ئەوا پێی ئەوترێ:

((الإستعان))ە. بۆیە تۆ ئەسباب دەگریتە بەر، خوا ویستی لێبێ کارێکە دێتە بون و ویستیشی نەبوو ئەم هۆکارە وهیچ هۆکارێکی تر ناتوانێ بەدی بهێنێت.

﴿وَلَمَّا دَخَلُوا مِنْ حَيْثُ أَمَرَهُمْ أَبُوهُمْ مَا كَانَ يُغْنِي عَنْهُمْ مِنَ اللَّهِ مِنْ شَيْءٍ إِلَّا حَاجَةً فِي نَفْسِ يَعْقُوبَ قَضَاهَا وَإِنَّهُ لَذُو عِلْمٍ لِمَا عَلَّمْنَاهُ وَلَكِنَّ أَكْثَرَ النَّاسِ لَا يَعْلَمُونَ﴾

((کە منداڵەکانی یەعقوب چونە ناو میسرەوە لەو شوێنەوەی کە باوکیان فەرمانی پێکردبون..))، کەواتە منداڵەکانی یەعقوب ﷺ گوێڕایەڵی باوکیان کردوە، ﴿مَّا كَانَ يُغْنِي عَنْهُم مِّنَ اللَّهِ مِن شَيْءٍ إِلَّا حَاجَةً فِي نَفْسِ يَعْقُوبَ قَضَاهَا﴾، ((ئەوە نەبێ ئەم چونە ژورەوە لەم دەرگا جیاوازانەوە، قەدەرێکی خوایان لێ دوربخاتەوە، بەڵام ئەوەی وای کرد یەعقەب وایان پێبڵێت، میهرەبانی وترسێك بوو لە دڵی یەعقوبدا لە ئاست منداڵەکانی، ئاشکرایکرد ودەری بڕی))، زانایان دەفەرمون: ((حَاجَةً)): شەفەقەی باوکە بۆ منداڵەکانی.

جا بۆ ئەوەی وا تێنەگەی یەعقوب ﷺ پیاوێکی خورافیە، دەفەرموێ: ﴿وَإِنَّهُ لَذُو عِلْمٍ لِّمَا عَلَّمْنَاهُ﴾ ((بەڕاستی یەعقوب پیاوێکی خاوەنی عیلمە، ئەو قسانەی دەیکات لە عیلمەوەیە، دەزانێ بۆچی دەترسێ، دەزانێ بۆچی بە

منداڵەكانی دەڵێ لەیەك دەرگاوە مەچنە ناو میسرەوە ولەچەند دەرگایەكەوە بچنە ژورەوە)).

﴿وَلَٰكِنَّ أَكْثَرَ النَّاسِ لَا يَعْلَمُونَ﴾ ((بەڵام زۆرێك لە خەڵكی ئەوە نازانن كە فێری یەعقوب وبەندە هەڵبژێردراوەكانی خۆی كردوە)).

﴿وَلَمَّا دَخَلُوا عَلَىٰ يُوسُفَ آوَىٰ إِلَيْهِ أَخَاهُ قَالَ إِنِّي أَنَا أَخُوكَ فَلَا تَبْتَئِسْ بِمَا كَانُوا يَعْمَلُونَ﴾

خوای گەورە مەوقفێكی جوانمان بۆ باس دەكات، كە بریتیە لە بە یەكتر گەیشتنی دوو برا كە ساڵەهای ساڵە یەكیان نەبینیوە، ئەفەرموێ: ((هەركە چونە ژورەوە بۆلای یوسف، ئەوسا لە شوێنێكی پەنهاندا باوەشیكرد بە براكەی خۆیدا وگرتیە خۆی))، ﴿قَالَ إِنِّي أَنَا أَخُوكَ﴾ ((یوسف وتی: بێگومان من براكەتم))، وەزیری ئەم مەملەكەتەی تۆ دەیبینی، ﴿فَلَا تَبْتَئِسْ بِمَا كَانُوا يَعْمَلُونَ﴾ ((بۆیە بیتاقەت وخەمبار مەبە بەو هەڵسوكەوتانەی براكانت، لە حەسودی بردن وئازاردان وئەوەی بەرامبەر من كردیان))، وپێی وت: كە ئەمە بشارێتەوە وباسی نەكات، تا بە ڕێگا وفێلێك لای خۆی دەیهێڵێتەوە.

ئەم ئایەتە دوو سودی زۆر گەورەی تێدایە:

**یەكەم:** هەندێك لە موفەسیرین دەڵێن: براكانی لەگەڵ یوسف خراپ بون ولەگەڵ بنیامین دا خراپ نەبون، بەڵام ڕوكەشی ئەم ئایەتە وا ناڵێ، چونكە ئەفەرموێ: ﴿يَعْمَلُونَ﴾ وەكو ئەوەی بەردەوام بوو بێتن لە كارەكانیان.

وەکو ئەوەی پێی بڵێ: دڵتەنگ مەبە بەو کارانەیان، تەماشاکە لەگەڵ من چیان کرد، ویستیان بمکوژن، منیان خستە ناو بیرەوە، توشی چەندین دەردەسەری هاتم، بەڵام ئەوە دەرئەنجام من بوم بە وەزیر، بۆیە تۆش چاو لە من بکە، دڵنیابە ئەنجامت خێر دەبێ، هەر وەك یوسف ﷺ دەڵێ: -لە کۆتایی چیرۆکەکەش باسی دەکەین بە ویستی خوا-: ﴿إِنَّهُ مَنْ يَتَّقِ وَيَصْبِرْ فَإِنَّ اللَّهَ لَا يُضِيعُ أَجْرَ الْمُحْسِنِينَ﴾ واتە: «هەرکەس تەقوای هەبێ وئارامگر بێ، ئەنجامی باش دەبێ وخوا چاکەی چاکەکار ون ناکات».

**دووەم:** پەندێکی گەورەی تێدایە: ئەویش چاوکردنە لە غەیری خۆت، پیویستە مرۆڤ پەند لە غەیرە خۆی وەربگرێ، ئەگەر کێشەت هەیە، بە بینینی هاوڕێ کێشەدارەکەت دڵدانەوەی تێدایە بۆ تۆ، مەزڵوم بە بینینی مەزڵومێکی تر کەمێك دڵدانەوەی بۆ دێ، کە هەر خۆی لەم سەر زەویە تەنها نیە، ئەمەش سوننەتێکە خوا ﷻ لە ژیاندا وا دروستی کردووە، مرۆڤ ئەگەر سەیری هاودەردێکی خۆی بکات ئێش وئازارەکانی کەم دەبێتەوە. بەڵام کە ئەمەم وت، ئەوەش بڵێم: کە لە دۆزەخدا ئەمە نیە، یانی چی لە دۆزەخ ئەمە نیە؟ دەبیستن لەوانەی ئیمانیان نیە یان لاوازە وشەیتان گاڵتە بە دڵ وعەقڵیان دەکا، دەڵێن: ئەگەر بڕۆمە دۆزەخیشەوە لەگەڵ فلان کەسدا بم هەر قەیدی نیە، کێشە نیە! وەکو ئەوەی وا بزانێت ئەگەر لە دۆزخدا هاودەرد وهاوسزای هەبێت، ئیتر سەبوری بۆ دێت، بەڵام پەروەردگاری جیهان لە

قورئاندا ئەم بابەتەی فەرامۆش نەکردووە وباسی بۆ کردوین، کە لەناو دۆزەخدا، هاودەردی دادی کەس نادات، سەبوری دڵی کەس نادات: ﴿وَلَن يَنفَعَكُمُ الْيَوْمَ إِذ ظَّلَمْتُمْ أَنَّكُمْ فِي الْعَذَابِ مُشْتَرِكُونَ﴾ [الزخرف:٣٩]. واتە: «ئەمڕۆ هاودەردی سودتان پێناگەیەنێ، سزاکەی ئەوەندە سەختە شتێکی وا سەبوری بەسەر دڵی هیچ کەسدا ناهێنێ» لەسەر هەندێ تەفسیر.

بگەڕێینەوە بۆ چیرۆکەکە:

﴿فَلَمَّا جَهَّزَهُمْ بِجَهَازِهِمْ جَعَلَ السِّقَايَةَ فِي رَحْلِ أَخِيهِ ثُمَّ أَذَّنَ مُؤَذِّنٌ أَيَّتُهَا الْعِيرُ إِنَّكُمْ لَسَارِقُونَ﴾

«کە یوسف پێویستی براکانی جێبەجێکرد لە خواردن وتوێشوی سەفەریان، -بەڕێکەوتن لەگەڵ براکەیدا بۆ ئەوەی لای خۆی بیهێڵێتەوە- فەرمانی کرد بە هەندێك لە دەور ودەستەکەی، جامەکەی پادشا بخەنە نێو بارەکەی بنیامینی برایەوە، بە شاراوەیی بێ ئەوەی کەس هەستی پێبکات».

بەڵێ، یوسف ﷺ لەگەڵ براکەیدا ڕێك دەکەوێ، فێڵێك بکەن بە شێوازێکی شەرعی، بۆ مەبەستێکی شەرعی، بە ڕێگایەکی شەرعی، بۆیە با کەس ئەم قسە نەکاتە بەڵگە بۆ ئەنجامدانی فێڵ وتەڵەکەبازی کردن. یوسف ﷺ ئەمە دەکات بە ڕێکەوتن لەگەڵ براکەی خۆی، لەسەروی هەموشەوە بە فەرمان وئیزنی خوا ﷻ دەیکات.

﴿السِّقَايَةَ﴾ ئەو شتەیە کە پاشا ئاوی پێدەخوارد، وپێوانەی پێدەکرا، لەبەر کەمی خواردن لەو ساڵانەدا، هەر ئەمەیە لەوەودوا بە ﴿صُوَاعِ﴾ ناوی دێت، جا ڕۆیشت خستیە نێو باری براکەی خۆیەوە.

﴿ثُمَّ أَذَّنَ مُؤَذِّنٌ﴾، «کە کەوتنە ڕێ، بانگ کەرێك بە دەنگی بەرز هاواری کرد: ﴿أَيَّتُهَا الْعِيرُ﴾، «ئەی قافڵەی فلانی»، ﴿إِنَّكُمْ لَسَارِقُونَ﴾، «بەڕاستی ئێوە دزن».

سەرنج بدەن ئەو کەسەی بانگ دەکات یوسف نیە، ئەگەر یوسف بوایە دەبووە درۆ[1]. کەواتە: ﴿لَسَارِقُونَ﴾ قسەی بانگ کەرەکەیە، «یوسف»یش پێی نەوتون ئەوان دزیویانە، لەوانەیە پێی وتبێتن: جامەکە دیاری نیە ولای ئەو کاروانەیە، ئەم قسەیەش ڕاستە ودرۆ نیە، چونکە دواتریش هەر نەیوت دزیوتانە، وتی: «جامەکەی پادشا دیار نەماوە»: ﴿قَالُوا نَفْقِدُ صُوَاعَ الْمَلِكِ﴾.

(١) هەندێك لە ڕاڤەکاران ئەڵێن: یوسف بانگی لێکردون، بەس بە ئیزنی خوا بووە، بەڵام ئەو تەفسیرەی باسمانکردوە پێویستیمان ناخاتە ئەم چارەسەر وحلکردنە. بەڵام ئەوە تەواوە بوترێ: تەواوی پرۆسەکە بە فەرمانی خودا بووە وەك ئەفەرموێ: ﴿كذلك كِدْنَا لِيُوسُفَ﴾. بەڵام لەم بۆچونەشدا، تەوجیهێکی تر هەیە، ئەویش ئەوەیە: وتویەتی: ئێوە دزن ﴿إِنَّكُمْ لَسَارِقُونَ﴾، ناڵێ: ئێوە جامەکەتان دزیوە، ئەمەش ئاماژەیە بۆ ئەوەی یوسفیان لە باوکیان برد بەناوی یاریەوە، بەڵام خیانەتیان لە باوکیان کرد وخستیانە ناو بیرەوە، خیانەتیش پێیدەوترێ: دزی، هەربۆیە کە کاروانەکە هات، نەیوت: جامەکەتان دزیوە، وتی: جامەکە دیار نەماوە: ﴿نَفْقِدُ صُوَاعَ الْمَلِكِ﴾.

هەروەها دو بە دو بە یەکێکیانی نەوترا: سواعەکەی پادشا دیار نەماوە، بەڵکو هێشتی تا دورکەوتنەوە، ئینجا بانگی لێکردن، بۆ ئەوەی بڵاوبێتەوە و وا تێنەگەن پیلانێك لە ئارادایە.

﴿قَالُوا وَأَقْبَلُوا عَلَيْهِم مَّاذَا تَفْقِدُونَ * قَالُوا نَفْقِدُ صُوَاعَ الْمَلِكِ وَلِمَنْ جَاءَ بِهِ حِمْلُ بَعِيرٍ وَأَنَا بِهِ زَعِيمٌ﴾

«-بەدەم ڕێگاوە دەگەڕانەوە- وتیان: چیتان لیٚ ون بووە؟»، لەبەر متمانە بونیان بە خۆیان، وتیان: چیتان دیار نەماوە؟ نەیانوت: چیتان دزراوە؟

﴿قَالُوا نَفْقِدُ صُوَاعَ الْمَلِكِ﴾، «وتیان: جامەکەی پاشا دیار نەماوە، ﴿وَلِمَن جَاءَ بِهِ حِمْلُ بَعِيرٍ﴾، «جا هەرکەس بیدۆزێتەوە وبیهێنیٚ بۆمان، یەك بار وشتری زیاتر پێدەدەین، وەکو دیاری وپاداشت»، ﴿وَأَنَا بِهِ زَعِيمٌ﴾ ومنیش کەفیل وزامنی ئەو بارە وشترەی بۆ دەکەم کە پێی دەدرێت. ئەم کەسەش لەوانەیە بانگکەرەکە بێت، وبە ئیزنی یوسف ﷺ ئەم قسەیەی کردبێت.

لێرەش وانەیەکی گرنگی تێدایە: بۆ ئەوانەی دەبنە کەفیل، لە دوکان وبازاڕ وکاروبار، وکڕین وفرۆشتن، یا بۆ هەر مەبەستێکی تر، بۆ نمونە: ئەگەر دوکاندارێك قەرز بە کەسێك نادات، بەڵام کە تۆ ئەڵێی بیدەریٚ من کەفیلی

دەکێشم، وەکو شەرع ویاساش[١] ئەگەر ئەو کەسە قەرزەکەی نەدایەوە - بەهەر هۆیەك بێت-، ئەوا پێویستە لەسەرت هەستیت بە داوەنەوەی قەرزەکە، چونکە ئەگەر تۆ نەبویتایە بە کەفیلی، ئەو قەرزی پێنەدەدا.

﴿قَالُوا تَاللَّهِ لَقَدْ عَلِمْتُم مَّا جِئْنَا لِنُفْسِدَ فِي الْأَرْضِ وَمَا كُنَّا سَارِقِينَ﴾

«وتیان: سوێند بەخوا -ئێوە باشدەزانن بە ڕەوشت وهەڵسوکەوت وحاڵمانەوە- کە نەهاتوین بۆ ئەم ولاتەی ئێوە تا فەساد وگەندەڵی بکەین» پاشان ئەم کارە زەرەر لە خۆمان دەدات، ئێمە پێویستیمان بە خواردنە، کارێکی واش خواردنمان لێدەبڕێ!

کەواتە دزی کردن فەساد وگەندەڵیە لەسەر زەوی.

﴿وَمَا كُنَّا سَارِقِينَ﴾، «نەهاتوین دزی بکەین، ودز نین، وخۆشتان دەزانن دەستمایەکەتان خستبووە ناو کاروانەکەوە، شاری فەلەستین بۆ میسر زۆر دورن لە یەکتر، بەلام ئێمە هێنامانەوە.

---

(١) بە داخەوە! خۆی ئەبێت یاساش هەر شەرع وبەپێی شەرع بێت، ئەسڵەن شەرع یاسایە، بەلام ئێستا کۆمەڵێك یاسا دەرچوە کە پێچەوانەی ئیسلام وبەها بالا ونەریتە بەرزەکان وتەنانەت بیری پیاوە ژیر وعاقڵ ودوور بینەکانە، بۆیە پێویستە لەسەر کاربەدەستی موسڵمانان، شەرعەکەی خودا پیادە بکەن نەك یاسا دەستکردەکان، چونکە بەرپرسیارن بەرامبەر بەخوای گەورە، خوای مەزن هیدایەتی سەرجەم کاربەدەستان بدات بۆ حوکمکردن بە شەریعەتی پڕ دادی ئیسلام.

﴿قَالُوا فَمَا جَزَاؤُهُ إِنْ كُنْتُمْ كَاذِبِينَ * قَالُوا جَزَاؤُهُ مَنْ وُجِدَ فِي رَحْلِهِ فَهُوَ جَزَاؤُهُ كَذَلِكَ نَجْزِي الظَّالِمِينَ﴾

«وتیان: ئەی لە شەریعەتەکەی ئێوە، سزاکەی ئەو کەسە چیە کە جامەکەی پادشای دزیوە؟ ئەگەر لەناو بارەکەی ئێوە بو ودرۆتان کرد؟» خوا ﷻ شتێکی فێری یوسف کردوە، ئەیەوێ ئەم برایانەی یوسف ﷺ بە شەرع ودینی خۆیان، سزا بدات.

﴿قَالُوا جَزَاؤُهُ مَن وُجِدَ فِي رَحْلِهِ فَهُوَ جَزَاؤُهُ﴾، «وتیان: سزای دزەکە ئەوەیە، بۆ ماوەی ساڵێك بکرێتە کۆیلەی ئەو کەسەی شتەکەی دزراوە، ئەوە سزاکەیەتی لە شەریعەتی ئێمەدا، ئاوها سزای دەستدرێژی کاران دەدەینەوە بۆ سەر ماڵی خەڵك»، ئەڵێن: لە شەریعەتی یەعقوبدا ﷺ سزای دز وا بووە، بۆیە یوسف ﷺ سزای دزەکەی خستە دەست خۆیان.

سەرنج بدە، ناڵێن: «جزاء السارق أو جزاء سرقته»، «سزای دز، یا: سزای دزیەکەی»، یانی زۆر پاکن ولە دزیەوە دورن، وەکو ئەوەی تەنانەت زمانیان گۆ ناکات، لەم کاتەدا باسی دزی بکەن.

﴿فَبَدَأَ بِأَوْعِيَتِهِمْ قَبْلَ وِعَاءِ أَخِيهِ ثُمَّ اسْتَخْرَجَهَا مِن وِعَاءِ أَخِيهِ كَذَٰلِكَ كِدْنَا لِيُوسُفَ مَا كَانَ لِيَأْخُذَ أَخَاهُ فِي دِينِ الْمَلِكِ إِلَّا أَنْ يَشَاءَ اللَّهُ نَرْفَعُ دَرَجَاتٍ مَنْ نَشَاءُ وَفَوْقَ كُلِّ ذِي عِلْمٍ عَلِيمٌ﴾

﴿فَبَدَأَ بِأَوْعِيَتِهِمْ﴾، ((ئەوەبو دەستی کرد بە پشکنینی کاروانەکان وتفاقەکانیان))، کێ؟ ئەڵێن: یوسف خۆی بووە، وەك لە ڕوکەشی ئایتەکەوە دیارە، ئەشلێن: بانگکەرە هەستاوە بە پشکنین.

﴿قَبْلَ وِعَاءِ أَخِيهِ﴾ ((هەستا بە پشکنینی کاروانەکان وتفاقەکانیان پێش پشکنینی کاروانی براکەی خۆی))، ئەڵێن: هەمو ئەمانە لەسەر تەعلیماتی یوسف بووە، ئەو فەرمانی کرد، بانگکەرێك بانگیان لێبکات، ئەو فەرمانی کردوە، سزای دزەکە بدرێتە دەست خۆیان، وا دەریشدەکەوێ، لەپێش چاوی ئەو بار وتفاقەکان پشکێنرا بێت، یان هەر خۆی بووە.

دەگێڕنەوە: کە گەیشتۆتە کاروانی براکەی خۆی، وتویەتی: ئیتر پێویست ناکات، باوەڕناکەم ئەمە هیچی دزی بێت، مادام لە تفاق وخواردنی ئەم دە کەسەدا نەبو، لەمیانیشدا نیە، ئەوانیش وتویانە: نابێت دەبێ ئەمەش بپشکنی! بۆ دڵی تۆ وئێمەش ئارامترە.

﴿ثُمَّ اسْتَخْرَجَهَا مِن وِعَاءِ أَخِيهِ﴾، ((پاشان دەستی کرد بە پشکنینی کاروانی براکەی، ئەوەبو سواعەکەی لە کاروانی براکەی دەرهێنا))، دەفەرموێ: ﴿اسْتَخْرَجَهَا﴾، ((دەریهێنا))، وەك ئەوەی خۆیان لەوێیان دانا بێت وهەر خۆشیان دەریدەهێنن))

﴿كَذٰلِكَ كِدْنَا لِيُوسُفَ﴾، «ئا بەو شێوازە پڕ حیکمەتە، ئەم کارەمان بۆ یوسف ئاسانکرد، بۆ ئەوەی بگاتە مەبەستەکەی خۆی، بە هێشتنەوەی براکەی خۆی».

﴿كِدْنَا﴾، «کەید»یش بۆ مەبەستی چاك بێ، چاکە، وبۆ مەبەستی خراپیش بێت خراپە.

﴿مَا كَانَ لِيَأْخُذَ أَخَاهُ فِي دِينِ الْمَلِكِ إِلَّا أَنْ يَشَاءَ اللَّهُ﴾، «یوسف بۆی نەبو ونەیدەتوانی براکەی بهێڵێتەوە ئەگەر بە دینی پاشا بڕیاری بدایە، چونکە لە دینی پادشا تەنها گرتن ولێدان وغەرامەکردن وئەو شتانە هەبوو، مەگەر ویستی خوای مەزن ئەم حیکمەتە مەزنەی خواست کە بگەڕێنە بۆ بڕیاری براکانی یوسف خۆیان کە دز دەکاتە کۆیلەی لێدزراو».

ئەمەش بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کەوا: دروستە بە مەنهەج وڕێبازێك، ویاسا وڕێسایەك ئەرزی بێ یان ئاسمانی، پێی بڵێی: دین، ئەوەتا پەروەردگار بە یاسا وڕێساکەی پادشا، کە بەپێی بۆیان نیە براکەی یوسف بهێڵنەوە، دەڵێ: دینی پاشا.

کەواتە ئاساییە بەهەر یاسایەك دژی یاساکەی خوا بێت، پێی بڵێی: دین، وەکو چۆن دروستە بە شەریعەتەکەی خوا، بڵێی: دین.

﴿نَرْفَعُ دَرَجَاتٍ مَّن نَّشَاءُ وَفَوْقَ كُلِّ ذِي عِلْمٍ عَلِيمٌ﴾ «پلە وپایەی هەرکەسێکمان بوێ، بەرزی دەکەینەوە بەسەر جگە لە خۆیدا، وەکو چۆن

پایەی یوسفمان بەرزرکردەوە، بەڵام لەسەروی هەمو خاوەن زانستێکەوە یەکێکی تر هەیە کە لەو زاناترە، تا دەگاتە خوا جل جلالە کە زانایە بە نهێنی وئاشکراکان»، ئەمەش فەزڵی زانستی تێدایە.

﴿نَرْفَعُ﴾ بۆ سیغەی ئایندە، وەکو ئەوەی ئەمە سوننەتی خودا بێ، بەردەوام خەڵکانێك فەزڵ دەدات بەسەر هەندێکی تردا.

﴿دَرَجَاتٍ﴾یشی بە نەناسراو «نكرة»یی هێنا، لەبەر زۆری ومەزنی ئەو پلە وپایانە.

﴿قَالُوا إِنْ يَسْرِقْ فَقَدْ سَرَقَ أَخٌ لَهُ مِنْ قَبْلُ فَأَسَرَّهَا يُوسُفُ فِي نَفْسِهِ وَلَمْ يُبْدِهَا لَهُمْ قَالَ أَنْتُمْ شَرٌّ مَكَانًا وَاللَّهُ أَعْلَمُ بِمَا تَصِفُونَ﴾

واتە: «براکانی یوسف وتیان: ئەگەر ئەمە دزی کربێت، ئەوا پێشتریش برایەکی دایك وباوکی هەبووە دزی کردوە، مەبەستیان یوسفە ﷺ، یوسفیش ﷺ ئەوەی کە بیستی لە نەفسی خۆی شاردیەوە وئاشکرای نەکرد بۆیان کە درۆ دەکەن، بەڵام لە دڵی خۆیدا وتی: بەڕاستی ئێوە زۆر لەوە خراپترن باستان کرد، ئەوەتان بەسەر هێنام کە هێناتان، خواش زاناترە بەوەی هەڵی دەواسن لە درۆ وبوهتان».

سبحان اللە! دوای ئەو ماوە زۆر هێشتا ڕقی یوسف وبراکەیان لەدڵدا ماوە.

یانی ئەم برای باوکی ئێمەیە ودایکی جیاوازە، ئەگەریش دزی کردبێ لە خاڵوانی دەچێت.

هەندێ لە موفەسیران باسی دوور ڕوداو دەکەن، کە بەهۆیەوە ئەم تۆمەتەیان داوەتە پاڵ یوسف ﷺ، بەڵام -والله أعلم- ڕاستر ئەوەیە بڵێین: دۆریان کردووە، ئەگەر برایانێك بیخەنە ناو بیرەوە وبیانەوێ بیکوژن، درۆکردن ئاسانترە بەلایانەوە.

**ئەو دوو ڕوداوەی بەهۆیەوە ئەم تۆمەتەیان داوەتە پاڵ یوسف ﷺ:**

**یەکێکیان ئەوەیە:** گوایە بتی باپیری خۆی دزیوە، کە لە زێڕ وزیو بووە، بێگومان ئەمەیان هەر مایەی قەبوڵ کردن نیە.

**ئەوی تریان ئەوەیە:** گوایە پورێکی شتێکی لێدزراوە وکردویەتیە بە ملی یوسفەوە، ئەمیش هەر بەو شێوازە نیە.

بۆیە ڕاستتر ئەوەیە بڵێین: ئەو برایانەی دەیخەنە ناو بیرەوە، ودەیانەوێ بیکوژن، هەر ئەو برایانەش درۆ دەکەن بە دەمیەوە.

یوسف ﷺ ئەم قسەیەی پێ قورس بو: ﴿فَأَسَرَّهَا يُوسُفُ فِي نَفْسِهِ وَلَمْ يُبْدِهَا لَهُمْ﴾، «یوسف لەناخیدا شاردیەوە، ئاشکرای نەکرد بڵێ: ئێوە درۆ دەکەن»، ﴿قَالَ أَنتُمْ شَرٌّ مَّكَانًا﴾، «بەڕاستی ئێوە خەڵکێکی خراپترن وەك لەو کەسەی ئێوە باسی دەکەن»، ﴿وَاللَّهُ أَعْلَمُ بِمَا تَصِفُونَ﴾، «خواش زاناترە ڕاست دەکەن یان درۆ، زاناترە بەو شتەی ئێوە هەڵتان بەستووە».

کەواتە یوسف دزی نەکردوە، ولەو تۆمەتەی ئەوان بۆیان کرد بەریە.

﴿قَالُوا يَا أَيُّهَا الْعَزِيزُ إِنَّ لَهُ أَبًا شَيْخًا كَبِيرًا فَخُذْ أَحَدَنَا مَكَانَهُ إِنَّا نَرَاكَ مِنَ الْمُحْسِنِينَ * قَالَ مَعَاذَ اللَّهِ أَنْ نَأْخُذَ إِلَّا مَنْ وَجَدْنَا مَتَاعَنَا عِنْدَهُ إِنَّا إِذًا لَظَالِمُونَ﴾

پاش ئەوەی زانییان هیچ چارەیەکیان نیە، سواعی پاشا ناو باری براکەیاند دۆزراوەتەوە، بیری کەوتەوە کە بەڵێنیان بە باوکیان داوە براکەیان بگەڕێننەوە، بۆیە دێن بۆلای یوسف ﷺ، «وتیان: -بە نەرمی وکوڕوزانەوەوە بۆ ئەوەی بەڵێنەکەی باوکیان بەجێ بهێنن-: ئەی عەزیزی میسر! ئەو باوکێکی پیری هەیە زۆر خۆشی دەوێ وبەرگەی دوری ئەم ناگرێ، بۆیە یەکێکی ترمان لە جێگەی ئەو ببە، بەڕاستی پیاوێکی چاك دیاری لە هەڵس وکەوتت لەگەڵ هەمو لایەکدا»

﴿إِنَّ لَهُ أَبًا﴾ وتیان: باوکێکی هەیە، بە ڕاناو، نەیانوت: براکەمان...

﴿قَالَ مَعَاذَ اللَّهِ أَن نَّأْخُذَ إِلَّا مَن وَجَدْنَا مَتَاعَنَا عِندَهُ إِنَّا إِذًا لَّظَالِمُونَ﴾

«پەنا بەخوا دەگرین کەسێکی تر ببەین لە جێی ئەو کەسەی پێوانەکەمان لەلای دۆزیوەتەوە -وەکو خۆتان بڕیارتان دا- جا ئەگەر ئەوە بکەین ئێوە دەتانەوێ، ئەوا لە ڕیزی ستەمکارانین».

سەرنجی یوسف بدەن، نەیفەرمو: ((ئەو کەسەی جامەکەی دزیوە))، ئەمەش بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کەوا یوسف شتێکی نەوتوە پێچەوانەی واقع بێت، ودرۆ بێ.

پاشان نابێتە -بەڵگە وەك هەندێ دەیکەنە بەڵگە- بۆ ئەوەی: ئەگەر کەسێك خراپەی لەگەڵ کردی، دروستە سزای بدەی وەك یوسف کردی، بۆ نمونە: ئەگەر کەسێك شتێکی لێ دزیت، پاشان شتێکی ئەو کەسە کەوتە لای تۆ دروستە بیبەیت، لە جیاتی شتە دزراوەکە.

ئەمە بابەتێکە مامەیەی ڕاجیاوازی زانایانە، بەڵام ئەم کارەی یوسف ﷺ نابێتە بەڵگە بۆ ئەو بابەتە، بۆچی؟

**یەکەم:** ئەم کارەی بە ڕێکەوتن بووە لەگەڵ براکەی خۆی.

**دووەم:** براکەی هیچ زوڵمێکی لە یوسف نەکردووە.

**سێیەم:** زانایان دەفەرمون: یوسف ئەم کارەی بە ویستی خۆی نەکردووە، بەڵکو خوا ﷻ فەرمانی پێکردوە بە ئەنجامدانی ئەم کارە، وەك چۆن ئیبراهیم ﷺ بە فەرمانی خوا، دەڕوا منداڵەکەی خۆی سەر ببڕێ، بەڵام هیچ کەسێك بۆی نیە منداڵی خۆی سەر ببڕێ، جا ئەمەی یوسفیش ﷺ بەهەمان شێوەیە، چونکە ئەو کارەی یوسف ﷺ بوە هۆی سزادانێکی زۆری باوکی، کاری واش نابێ مەگەر فەرمانی خوای لەسەر بێ، هەروەها حیکمەتی تێدایە، **لەوانە:** پلەی یعقوبی پێ بەرزدەکاتەوە، هەروەها پلەی یوسف

وبنیامینیش، هەروەها براكانی پێی تەمبێ وعاقڵ دەبن، هەروەها خوا ﷻ دەیەوێ پلەی هەندێ بەندەی بەرز بكاتەوە بۆ پلەیەك كە خۆی دەیەوێ، بۆیە بەم ڕوداوە یەعقوبی گەیاندە ئەو ئاستەی ویستی لێ بو، تا شایستەی ئەو نیعمەتە بێت بۆی ئامادە كراوە.

﴿فَلَمَّا اسْتَيْأَسُوا مِنْهُ خَلَصُوا نَجِيًّا قَالَ كَبِيرُهُمْ أَلَمْ تَعْلَمُوا أَنَّ أَبَاكُمْ قَدْ أَخَذَ عَلَيْكُمْ مَوْثِقًا مِنَ اللَّهِ وَمِنْ قَبْلُ مَا فَرَّطْتُمْ فِي يُوسُفَ فَلَنْ أَبْرَحَ الْأَرْضَ حَتَّى يَأْذَنَ لِي أَبِي أَوْ يَحْكُمَ اللَّهُ لِي وَهُوَ خَيْرُ الْحَاكِمِينَ﴾

«كە بێئومێد بون وزانیان ئیتر چاریان نەماوە وبراكەیان نادرێتەوە، لە خەڵك دوركەوتنەوە ودەستیان كرد بە ڕاوێژكردن لە نێوان خۆیان، برا گەورەكەیان وتی: ئەی نازانن باوكتان پەیمانی توندی بەخوا لێوەرگرتن كە ئەبێت براكەتان بهێننەوە مەگەر چارتان نەمێنێ؟ پێشتریش هەرواتان كرد لە ئاست یوسف وغەدرتان لێكرد، جا لەبەر ئەوە من خاكی میسر بەجێ ناهێڵم، هەتا باوكم ئیزنم نەدا بەجێی بهێڵم، یان پەروەردگار بڕیار بدات بە دەرچونم وبتوانم براكەم بهێنمەوە، خوای مەزنیش باشترینی بڕیاردەرانە، ودادگەرترینە لە قەزاوەتكردنی نێوان بەندەكان».

﴿اسْتَيْأَسُوا﴾ واتە: بە تەواوی بێئومێد بوون، سین وتائەكەش بۆ موبالەغەیە.

﴿خَلَصُوا نَجِيًّا﴾، یانی: «دور كەوتنەوە لە عەزیز وخەڵك، پاشان تەنها كەوتن وگردبونەوە ودەستیان كرد بە گفتوگۆ وڕاوێژ لە نێوان خۆیان كە چیبكەن بۆ براكەیان؟» ئەم هەمو ڕستە درێژە، بریتیە لەم دوو وشە: ﴿خَلَصُوا نَجِيًّا﴾.

دەشتەكی «ئەعرابی»یەك ڕۆژێك ئەم ئایەتە دەبیستێ، ئەڵێ: «واللّٰە ئەم قورئانە قسەی مرۆڤ نیە وقسەی خوایە!». چونكە بینی ئایەتەكە چ بەلاغەتێكی زۆر بەهێزی تێدایە.

﴿قَالَ كَبِيرُهُمْ﴾، «برا گەورەكەیان وتی: ..».

ئەگەر سەرنجی سەرەتای چیرۆكەكە بدەن خوا ﷻ فەرموی: ﴿قَالَ قَائِلٌ مِّنْهُمْ لَا تَقْتُلُوا يُوسُفَ﴾، «یەكێكیان وتی: یوسف مەكوژن»، ناوی كەس دیاری ناكات، چونكە لێرە باسی كوشتنی یوسفە كە كارێكی خراپە، بۆیە خوا ﷻ ستری دەكات، بەڵام لێرەدا دەفەرموێ: «برا گەورەكەیان وتی: ..» بێژەرەكە دیاری دەكات، چونكە لێرە باسی ئەوەیە: چۆن بەڵێنی باوكمان شكاند؟ ئەمەش كارێكی باشە، بۆیە دیاری كرد كێ بووە.

﴿أَلَمْ تَعْلَمُوا أَنَّ أَبَاكُمْ قَدْ أَخَذَ عَلَيْكُم مَّوْثِقًا مِنَ اللَّهِ﴾، «ئەی نازانن كە باوكتان گفتی بەخوا لێوەرگرتن؟ ئەوە دەگەڕێینەوە وبراكەشتان لەگەڵدا نیە، ئەتانەوێ وەعدەكە بشكێنن!؟».

﴿وَمِنْ قَبْلُ مَا فَرَّطْتُمْ فِي يُوسُفَ﴾، «بێگومان باشدەزانن کە لەوەو پێشیش چۆن کەمتەرخەمیتان کرد لە ئاست یوسف وخیانەتتان لە باوکتان کرد، ئیتر بە چی ڕویەکەوە دەگەڕێنەوە بۆلای ؟!».

ئەمەیە کە دەڵێن: «ئەگەر دز ودز بکەونە دەمەقاڵە، دزی ئاشکرا دەبێت»، ئێستا کەوتنە دەمەقاڵە، دەرکەوت کێ یوسفی بێ سەروشوێن کردوە؟ هەر براکانی خۆی بوین.

بۆیە وتی: ﴿فَلَنْ أَبْرَحَ الْأَرْضَ حَتَّىٰ يَأْذَنَ لِي أَبِي أَوْ يَحْكُمَ اللَّهُ لِي وَهُوَ خَيْرُ الْحَاكِمِينَ﴾، «لەم شوێنە جوڵە ناکەم، ومیسر بەجێناهێڵم تاوەکو باوکم ئیزن نەدا بگەڕێمەوە، چونکە گفتم پێداوە بەبێ براکەم نەیەمەوە، یان خوا ﷻ بڕیارێك بدا، یوسف ببەمەوە وبگەڕێمەوە، خوا ﷻ باشترین بڕیار دەر وحاکمە».

**ئەم ئایەتە چەند سودێکی تیایە:**

**یەکەم:** بریتیە لەوەی مرۆڤ ستری برای خۆی بکات، بەداخەوە ئەمڕۆ وامان لێهاتووە هەمیشە بە دوای هەڵەی یەکتردا گەڕێین، تەنانەت هەندێ کەس تەبیعەتی مێشیان گرتووە، هەمیشە بەدوای عەیب وکەموکورتی خەڵکدا دەگەڕێن، ئەمەش ڕەوشتی موسوڵمان نیە، جا ئەگەر لە سزای قیامەت ناترسی، لە سزای دونیا بترسە، پەیامبەری خوا ﷺ دەفەرموێ وەك لە «موسنەد»ی ئەحمەددا هاتوە وئەلبانی دەفەرموێ سەنەدەکەی

سەحیحە: ((يَا مَعْشَرَ مَنْ آمَنَ بِلِسَانِهِ وَلَمْ يَدْخُلْ الْإِيمَانُ قَلْبَهُ!))، ((ئەی ئەو خەڵکانەی بەدەم موسوڵمان بون وئیمان نەڕۆیشتۆتە دڵتانەوە))، ((لَا تَغْتَابُوا الْمُسْلِمِينَ))، ((غەیبەتی موسوڵمانان مەکەن))، ((وَلَا تَتَّبِعُوا عَوْرَاتِهِمْ))، ((وشوێنی عەیب وعار وکەموکورتیان مەکەون))، ((فَإِنَّهُ مَنْ يَتَّبِعْ عَوْرَاتِهِمْ، يَتَّبِعْ اللَّهُ عَوْرَتَهُ))، ((چونکە هەرکەس بەدوای عەیب وعاریان بگەڕێ، خوای گەورە بە دوای عەیبەیدا دەگەڕێ))، ((وَمَنْ يَتَّبِعْ اللَّهُ عَوْرَتَهُ، يَفْضَحْهُ [وَلَو فِي جَوْفِ] بَيْتِهِ))، ((هەر کەسێکیش خوا ﷻ دوای عەیبەی بکەوێ، ئابڕوی دەبات ئەگەر لەناو ماڵەکەی خۆیشیدا بێت)).

پەیامبەری خوا ﷺ لەگەڵ خەڵکانێك قسە دەکات وئەمەیان پێدەڵێ کە تەنها بەدەم ئیمانیان هێناوە، چ جای ئەوانەی بە دڵ ئیمانی هێنا بێ، چ جای عابد ومامۆستا وخواناس وقدوە وپێشەواکان؟ واللە لەو ڕۆژەوەی ئەو فەرمودەیەم بیستووە، ترساوم لە باسکردنی عەیب وعار وکەموکورتی موسوڵمانانا، لەترسی ئابڕو چون، مەگەر زانیبێتم باسکردنی بۆ دینە، لەبەر خوایە ﷻ، دینەکەی پێ زایە دەبێ ئەگەر ئەو هەڵە باسنەکەم، ئەگەر نا تۆ عوزرت چیە باسی کەموکورتی خەڵکی دەکەی؟ هەندێ جار بە جەهل ونەزانینتەوە، هەندێك جاریش بە گومانی خراپ وپیستەوە، بەڕاستی هەندێ ئیشیان بوە بە باسکردنی کەموکورتی خەڵکی، تەنانەت لە پێناوی

بڵاوکردنەوەی کەموکورتی خەڵکدا سەفەر دەکات وئەم وڵات وئەو وڵات دەگەڕێ.

((**يَفْضَحْهُ الله**))، واتە: ((خوا ئابڕوی ئەبات))، ئایا بڕواتان بە پەیامبەری خوا ﷺ هەیە؟ دەی ئەفەرموێ: خوا ﷻ ئابڕوی ئەو کەسە دەبات، ئەگەر لە ماڵەکەی خۆیشی بێت پاڵی دابێتەوە، جا وریای عرز وناموس وکەرامەتی موسڵمانان، بەڵکو وریای عرز وناموس وکەرامەتی خۆتان بن، چونکە ئەو سنورەی موسڵمانانت شکاند، خوای مەزن ئەو سنورەی تۆ دەشکێنێت، وستری خۆیت لەسەر هەڵدەماڵێ پەنا بەخوای میهرەبان.

**سودی دووەم:** مرۆڤ با سەیری گەورەکان بکات، پرس وڕاوێژ بە دەم سپی یەکان بکات، بۆیە گەنجەکانی ئەم ڕۆژگارە خراپ بون، لەبەر ئەوەیە فێر نەبوون پرس وڕاوێژ بە گەورەکان بکەن وبە قسەیان بکەن. جا ئایەتەکە ئەڵێ: ((گەورەکەیان وتی..)).

﴿**ارْجِعُوا إِلَى أَبِيكُمْ فَقُولُوا يَا أَبَانَا إِنَّ ابْنَكَ سَرَقَ وَمَا شَهِدْنَا إِلَّا بِمَا عَلِمْنَا وَمَا كُنَّا لِلْغَيْبِ حَافِظِينَ * وَاسْأَلِ الْقَرْيَةَ الَّتِي كُنَّا فِيهَا وَالْعِيرَ الَّتِي أَقْبَلْنَا فِيهَا وَإِنَّا لَصَادِقُونَ**﴾

﴿**ارْجِعُوا إِلَى أَبِيكُمْ فَقُولُوا يَا أَبَانَا**﴾، ((بگەڕێنەوە بۆلای باوکتان، ئەوەی بۆ بگێڕنەوە کە ڕویداوە، وبڵێن: ئەی باوکە!))، ﴿**إِنَّ ابْنَكَ سَرَقَ**﴾، ((دڵنیابە کوڕەکەت دزی کرد))، ﴿**وَمَا شَهِدْنَا إِلَّا بِمَا عَلِمْنَا**﴾ ((ئەوەی پێت دەڵێین هەر

ئەوەیە کە بەچاوی خۆمان بینیومانە ولێی دڵنیاین، وجامەکەی پادشایان لەناو بارەکەیدا دەرکرد.

﴿وَمَا كُنَّا لِلْغَيْبِ حَافِظِينَ﴾، «وئێمە غەیبمان نەدەزانی کە دزی دەکا، کاتێك گفت وبەڵێنمان پێدای بۆتی دەهێنینەوە، نەمانزانی بەو شێوازە دەبێت ئەگینا گفت وبەڵێنمان پێ نەدەدای».

﴿وَاسْأَلِ الْقَرْيَةَ الَّتِي كُنَّا فِيهَا﴾، «هەروەها بڵێن: -بۆ زیاتر دڵنیایی- پرسیار بکە لەو شارەی کە تێیدا بوین ولێوەی هاتین، کە دزیەکەی تێیدا ڕویداوە، بە وردی بۆتی باسدەکەن کە چی ڕویداوە -یانی: خەڵکی شاری میسر-.

﴿وَاسْأَلِ الْقَرْيَةَ﴾، هەندێ دەڵێن: ئەمە بەڵگەیە لەسەر بونی «المجاز» لە قورئاندا، کەواتە خوا ﷻ کە فەرموی: «الید» ئەوا دەکرێ بڵێین «ید» مەبەست پێی دەست نیە، بەڵکو «الید» مەجازە بۆ قودرەت، وەکو ئەهلی تەسەوف وئەشعەریەکان وهاوبیرانیان وا ئەڵێن.

بەڵام لە ڕاستیدا ئەمە بەو واتا نایەت ونابێتە بەڵگە بە دەستیانەوە، چونکە لە زمانی عەرەبیدا «شار = قریة» بە دوشت دەوترێ: بە دانیشتوانی «قریة»کە، هەروەها بە «قریة»کە خۆشی دەوترێ، یانی: ئەکرێ مەبەست پێی دانیشتوانی شارەکە بێ، ئەشکرێ مەبەست پێی خودی شارەکە بێ، جا

کاتێك دەڵێ: ﴿وَاسْأَلِ الْقَرْيَةَ﴾ یانی: پرسیار لە دانیشتوانی شارەکە بکە، کەواتە ئەمە هیچ مەجازێکی تێدا نیە.

﴿وَالْعِيرَ الَّتِي أَقْبَلْنَا فِيهَا﴾، «هەروەها پرسیار بکە لەو کاروانی وخەڵکانە کە لەگەڵمان بون لە سەفەرەکەدا».

﴿وَإِنَّا لَصَادِقُونَ﴾، «جا دڵنیابە ڕاستگۆیین ودرۆت لەگەڵ ناکەین». ئەمەش دوبارە دەکەنەوە وئەیلێنەوە، چونکە ڕابردویان لەم ڕوانگەوە پاك نیە، ئەترسن باوکیان بڕوایان پێنەکات.

﴿قَالَ بَلْ سَوَّلَتْ لَكُمْ أَنْفُسُكُمْ أَمْرًا فَصَبْرٌ جَمِيلٌ عَسَى اللَّهُ أَنْ يَأْتِيَنِي بِهِمْ جَمِيعًا إِنَّهُ هُوَ الْعَلِيمُ الْحَكِيمُ﴾

«جا کە گەڕانەوە وهەواڵەکەیان بۆ باوکیان گێڕایەوە، فەرموی: نەخێر، بەڵکو ئەو نەفسە -فەرمانکارە بە خراپە- تان فێڵێکی بۆ ڕازاندونەتەوە وەك چۆن پێشتر لەگەڵ یوسفدا کردتان، جا سەبر دەگرم، خۆڕاگریەك کە نە ناشوکری ونە سکاڵاکردنی تێدا بێ، بەشکو خوای گەورە هەر سێ منداڵەکەمی بۆ گێڕایەو، خوا زانایە بە حاڵم ودانا لە کاروبارەکانیدا، وئەم کارانە حیکمەتی تیایە، کاری خوا بێ دانای وبێ حیکمەت نیە»

﴿قَالَ بَلْ سَوَّلَتْ لَكُمْ أَنْفُسُكُمْ أَمْرًا فَصَبْرٌ جَمِيلٌ﴾ پێشتریش هەر وای وت، وسەبری گرت کاتێك یوسفیان خستە ناو بیرەکەوە، ئێستاش هەر ئەڵێ: سەبرێ ئەگرم ناشوکری تێدا نەبێت.

بەڵێ، ئەو عوزرانەی ئەوان هێنایانەوە، باوکیان پێی ڕازی نەبوو وبڕوای تەواوەتی پێنەکردن.

جا یەکێك لە سزاکانی پیاوی درۆزن ئەوەیە: ئەگەر قسەی ڕاستیش بکا، خەڵك هەر بڕوا ناکەن.

پەندێك هەیە دەڵێ: «لە پیاوی درۆزنەوە، هەزار ڕاستت لە دەست دەردەچێ»، یانی: کەسی درۆزن، قسەی وای هەیە، ڕاستە، بەڵام لەبەر ئەوەی ئەوەندە درۆی کردووە، نازانرێ ڕاستەکەی ڕاستە یان درۆیە، بۆیە ناچاری ڕاستەکانیشی دەخەیتە ڕیزی درۆکانیەوە.

کۆمەڵێك لە زانایانی فەرمودە، ئەگەر کەسێك درۆزن بو بێ وپاشان تەوبەی کردبێ فەرمودەیان لێوە نەگێڕاوەتەوە، وریایان کردوە.

ئەمانیش لەبەرئەوەی پێشتر لەگەڵ باوکیان درۆیان کردوە، یەعقوب ﷺ بڕوایان پێناکات

﴿فَصَبْرٌ جَمِيلٌ﴾، «خۆڕاگریەکی جوان دەگرم»، خۆڕاگری جوان چۆنە؟ خۆڕاگری جوان ئەوەتانێ: ناشوکری نەکەیت وسکاڵای خۆتیش لای خەڵك نەکەیت.

﴿عَسَى اللَّهُ أَن يَأْتِيَنِي بِهِمْ جَمِيعًا﴾، «ئومێد ئەکەم خوای تعالی هەر سێ کوڕەکەم بۆ بگەڕێنێتەوە»، ئەوە یوسف ﷺ چەندین ساڵ لە دیار نەمانی تێپەڕیوە، «بنیامین»یش هاتە پاڵی، ئینجا کوڕە گەورەکەشی

نەگەڕاوەتەوە، دەڵێ روم نیە بێمەوە، کەچی ئەڵێ: «ئومێد دەکەم خوای مەزن هەمویانم بۆ بگێڕێتەوە» الله أكبر لە ئومێد بوون بەخوای گەورە.

ئەمەش بەڵگەیە لەسەر گەورەیی بڕوای یەعقوب ﷺ بەخوا، وپتەوی پەیوەندی بەخواوە، وزۆری ئومێدی، وفراوانی زانستی کە دوای سیساڵ هەر بە تەمای یوسفە.

بۆیە ئومێدبون بەخوا ﷻ زۆر گەورەیە، عیبادەتێکی زۆر مەزنە.

هەروەها وانەیەکی تری گەورەی تێدایە، ئەویش دەتوانم کورتی بکەمەوە لە ڕستەی شاعیرێکدا، کە دەڵێ:

اشتَدِّي أزمَةُ تَنفَرِجي * قَد آذَنَ لَيلُكِ بِالبَلَجِ

توندتربە قەیران دەرو هەر دێ وا شەوت خەریکە ڕۆشن دادێ

یانی: هەرکات قەیران وئەزمە ونارەحەتی توند بو وگەیشتە لوتکە، ئەوسا دەرو وکامەرانی دێ -بە ویستی خوا-، تەماشای یەعقوب بکەن: یوسفی خۆشەویستی دەڕوا ﷺ، دوای ئەو ماوە زۆرە -سی ساڵ زیاتر یا کەمتر- پاشان «بنیامین»ەکەشی دەڕوا، دوای ئەویش کوڕە گەورەکەی کە باشی ناو باقیەکەیە، دەڕوا، دوای ئەو هەمووە، هێشتا بێئومێد نابێ، وئەوسا دەڵێ: ﴿عَسَى اللَّهُ أَن يَأْتِيَنِي﴾، «بەشکو خودا هەر سێ کوڕەکەی بۆ هێنامەوە»، ئەوە ئەبێ لە ماوەیەکی کەمدا، دوای دەیان ساڵ دابڕان، یوسف دێتەوە، بنیامین دێتەوە، کوڕە گەورەکەی دێتەوە، کەواتە هەرکات بەلا

وموسیبەت وقەیران گەشتە چڵەپۆپە ولوتکە، دڵنیابن کاتی دەرو کردنەوە زۆر نزیکە، یانی: تا بەڵا وقەیران سوکتر بوو، ئومێدی لاچونیت کەمتر بێت، بەڵام تا توندتر بوو ئەوسا ئومێدی لاچونیت زیاتر بێت، ﴿حَتَّىٰ إِذَا اسْتَيْأَسَ الرُّسُلُ وَظَنُّوا أَنَّهُمْ قَدْ كُذِبُوا جَاءَهُمْ نَصْرُنَا﴾، ((ئەفەرموێ: ئەی پەیامبەری خوا ﷺ پەلەی سەرکەوتن مەکە بەسەر دوژمنانی خوادا، چونکە پەیامبەرانی پێش تۆ، سەرکەوتنیان بە پەلە بۆ نەدەهات لەبەر حیکمەتێك کە خۆمان دەیزانین، هەتا پەیامبەران بێئومێد ئەبون لە گەلەکانی خۆیان ودڵنیا ئەبون ئیمان ناهێنن، ئەوسا لەوکاتی تەنگانە وناڕەحەتیەدا سەرکەوتنی ئێمەیان بۆ دەچو))، لە شەڕیشدا کە پەیامبەران وشوێنکەوتوانیان شەڕیان دەکرد، دەگەشتنە حاڵەتی ناڕەحەتی زۆر، ئەوسا فەرەج ودەروی خوا جل جلالە دادەبەزی، جا یەعقوب ﷺ، دوای ئەو ناڕەحەتیە زۆرە، ئەڵێ: ئومێد دەکەم خوا منداڵەکانم بۆ بگێڕێتەوە.

﴿وَتَوَلَّىٰ عَنْهُمْ وَقَالَ يَا أَسَفَىٰ عَلَىٰ يُوسُفَ وَابْيَضَّتْ عَيْنَاهُ مِنَ الْحُزْنِ فَهُوَ كَظِيمٌ﴾

﴿وَتَوَلَّىٰ عَنْهُمْ﴾، ((پشتی لێکردن بە بێتاقەتی ودڵتەنگی وتوڕەییەوە)).

﴿وَقَالَ يَا أَسَفَىٰ عَلَىٰ يُوسُفَ﴾، ((وتی: ئەی داخ وئەسەفم بۆ یوسفی شیرین! [ئیتر وەرەوە کاتی هاتنەوەتە]، جا چاوەکانی سپیەوە بوون، ڕەشیەکەی نەما بەهۆی زۆر خەفەت خواردنیەوە، لە حاڵێکدا دڵپڕ بوو لە

خەم وخەفەت بەڵام دەیشاردەوە وئاشکرای نەدەکرد»، وتراوە: زامی تازە، زامی کۆن دەکولێنێتەوە وبیرت دەخاتەوە، دەردی تازە، دەری کۆنت بەبیر دێنێتەوە(١). جا ئەم پەیامبەرە بەڕێزەش ﷺ دەردی بنیامین، دەردی یوسفی بەبیر هێنایەوە.

ئەڵێن: باسی یوسف دەکا وباسی دوانەکەی تر ناکا، لە کتاێکدا تازەکە زیاتر ئجێی خەفەتە، لەبەر ئەوەی ئەوەی یوسف بنچینەی ئەم موسیبەتەکانی تر بوو، هەروەها خۆشەویستیەکەی یوسف جیاوازتر بوو.

﴿وَابْيَضَّتْ عَيْنَاهُ﴾، «چاوەکانی سپیەوە بون وڕەشایەکەی نەما».

﴿مِنَ الْحُزْنِ﴾، «بە هۆی خەفەت خواردنەوە»، یانی: «سپی بونەوەکەی چاوی، هی خەفەت خواردن بو».

﴿فَهُوَ كَظِيمٌ﴾، «جا پڕ دڵی خەفەت وئازار بوو، بەڵام دەیخواردەوە ودەری نەدەبڕی»، ئەمەش حاڵەتێکە لە ڕوی زانستیەوە سەلمێنراوە، نەشسەلمێنرابێ

---

(١) قال الشاعر:

لَقد لامَني عِندَ القبورِ على البُكا — صَديقي لِتَذرافِ الدموعِ السَّوافِكِ
فقالَ أتَبكي كُلَّ قبرٍ رأيتَهُ — لقبرٍ ثَوى بينَ اللّوى فالدَّكادِكِ
فقلتُ لَهُ إنَّ الشَّجى يَبعثُ الشَّجى — فَدَعني فَهٰذا كُلُّهُ قَبرُ مالِكِ

أي الأرض كلها تمثل لي قبراً لمالك، فذكر الشجى يهيج الأشجان ورؤية منازل الأحباب تورث الأحزان. ومالك هو: مالك بن النويرة الحنظلي الذي قتله خالد، والبيت لأخيه متمم.

خوا ﷻ باسیکردووە، ئەوەیە کەوا زۆر خەفەت خواردن ئەبێتە مایەی سپی بونەوەی چاو پاشان کوێر بون.

بەڵام گەر دەپرسی: بۆ دروستە بۆ پەیامبەر ﷺ خەفەت وپەژارە تا ئەو کاری تێبکات؟

لە وەڵامدا ئەڵێین: مرۆڤ خولقێنراوە لەسەر ئەوەی دڵتەنگ ئەبێ وخۆی پێناگیرێ لە تەنگانە ونارِەحەتیە توندەکاندا، ئەوەتانێ پەیامبەر ﷺ کە ئیبراهیمی کوڕی وەفات دەکات بۆی دەگریت ﷺ وفەرموی: «إِنَّ الْعَيْنَ تَدْمَعُ وَالْقَلْبَ يَحْزَنُ وَلَا نَقُولُ إِلَّا مَا يَرْضَى رَبُّنَا وَإِنَّا بِفِرَاقِكَ يَا إِبْرَاهِيمُ لَمَحْزُونُونَ»(١). کەواتە خەفەت خواردن وتەنانەت گریانیش ئاساییە، بەڵام ئەوەی ئاسایی نیە، ئەوەیە کە نەزانەکان دەیکەن لە هات وهاوار وناشوکری ولەخۆدان وقژ ڕنین وسنگ کوتان ودڕین. ئەڵێن: حەسەنی بەسری بۆ مردنی منداڵەکەی گریاوە، کە پێیان وتوە، وتویەتی: وەك دەزانن خوا دڵتەنگیەکەی یەعقوبی بە تاوان دانەنا».

﴿قَالُوا تَاللَّهِ تَفْتَأُ تَذْكُرُ يُوسُفَ حَتَّىٰ تَكُونَ حَرَضًا أَوْ تَكُونَ مِنَ الْهَالِكِينَ﴾

---

(١) عن أنس بن مالك، قال: «دَخَلْنَا مَعَ رَسُولِ اللَّهِ ﷺ عَلَى أَبِي سَيْفٍ الْقَيْنِ، وَكَانَ ظِئْرًا لِإِبْرَاهِيمَ -عَلَيْهِ السَّلَام-، فَأَخَذَ رَسُولُ اللَّهِ ﷺ إِبْرَاهِيمَ، فَقَبَّلَهُ وَشَمَّهُ، ثُمَّ دَخَلْنَا عَلَيْهِ بَعْدَ ذَلِكَ وَإِبْرَاهِيمُ يَجُودُ بِنَفْسِهِ، فَجَعَلَتْ عَيْنَا رَسُولِ اللَّهِ ﷺ تَذْرِفَانِ، فَقَالَ لَهُ عَبْدُ الرَّحْمَنِ بْنُ عَوْفٍ: وَأَنْتَ يَا رَسُولَ اللَّهِ! فَقَالَ: يَا ابْنَ عَوْفٍ! إِنَّهَا رَحْمَةٌ، ثُمَّ أَتْبَعَهَا بِأُخْرَى، فَقَالَ ﷺ: ... فذكره»، البخاري: ١٢٤١، ومسلم: ٢٣١٥. ومعنى «ظئرا»: أي: زوج مرضعته، وهي خولة بنت المنذر الأنصارية النجارية.

که بەو حاڵەوە بینیان، پێیان وت: «سوێند بەخوا ئەگەر بەو شێوەیە خەفەت بخۆیت وەهەر یادی یوسف بکەی، ئەوسا لەڕ ولاواز دەبیت»، ﴿أَوْ تَكُونَ مِنَ الْهَالِكِينَ﴾، یان: «هەر بەیەکجاری تیا دەچی، بۆیە وازبێنە لە خەفەت خواردن».

﴿تَفْتَأُ﴾، واتە: «لا تَفْتَأ».

﴿قَالَ إِنَّمَا أَشْكُو بَثِّي وَحُزْنِي إِلَى اللَّهِ وَأَعْلَمُ مِنَ اللَّهِ مَا لَا تَعْلَمُونَ﴾

«یەعقوب ﷺ لە وەڵامیاندا وتی: من سکاڵای خەم وپەژارە ودەرد ونالەی خۆم، لای خوای خۆمی دەکەم ولای ئێوە دەری نابڕم، چونکە هەر خۆی لابەری تەنگ وچەڵەمەییە».

﴿بَثِّي﴾، «البَثّ»: بریتیە لەو موسیبەتەی کە توشی مرۆڤ دێت زۆر لەسەری قورس وناڕەحەتە.

﴿وَأَعْلَمُ مِنَ اللَّهِ مَا لَا تَعْلَمُونَ﴾، «وئەوەی من دەیزانم لەلایەن خواوە لە ڕەحمەت ودەروی خێر، ئێوە نایزانن»، یانی: من زانستم هەیە لەلایەن خواوە کە ئەو کوڕەم ئەنجامی باش دەبێ.

عومەر ﷺ کە ئەم ئایەتەی خوێند زۆر گریا، ئەڵێن جارێکیان بەرنوێژی کردووە وئەم ئایەتەی خوێندوە، یەك مانگ لەسەر جێگا کەوتوە وخەڵك سەردانیان کردوە.

﴿وَأَعْلَمُ مِنَ اللَّهِ مَا لَا تَعْلَمُونَ﴾، وەك لە پێشەوە باسمان کرد، هەرکات نارەحەتی گەیشتە چڵەپۆپە، ئومێدی زیاترت هەبێ، بۆیە فەرمووی:

﴿يَا بَنِيَّ اذْهَبُوا فَتَحَسَّسُوا مِن يُوسُفَ وَأَخِيهِ وَلَا تَيْأَسُوا مِن رَّوْحِ اللَّهِ ۖ إِنَّهُ لَا يَيْأَسُ مِن رَّوْحِ اللَّهِ إِلَّا الْقَوْمُ الْكَافِرُونَ﴾

«یەعقوب وتی: ئەی ڕۆڵەکانم بڕۆن بگەڕێنەوە بۆ میسر، بە وردی بگەڕێن بەدوای هەواڵێکی یوسف وبراکەیدا، وبێئومێد مەبن لە ڕەحمەتی خوا، [لەلایەن خواوە شت دەزانم]، چونکە هیچ کەسێك بێئومێد نابێت لە ڕەحمەتی خوا مەگەر خەڵکانی بێباوەڕ، کە بڕوایان بە توانای خودا نیە».

﴿فَتَحَسَّسُوا مِن يُوسُفَ وَأَخِيهِ﴾، «بە بۆنتان، بە بیستنتان، بە بینینتان، بە دەستان، بە چاوتان، بە گوێ تان، بەهەمو هەستێکتان، بە هەمو شێوەیەك، بگەڕێن بە دوای یوسف وبراکەیدا».

﴿وَلَا تَيْأَسُوا مِن رَّوْحِ اللَّهِ﴾، «بێئومێدیش مەبن لە ڕەحمەتی خوا، الله أكبر! چەدین ساڵە، کوڕەکەی دیار نیە، وتراوە: گورگ خواردویەتی! کەچی تازە بە تازە ئەڵێ: بڕۆن بگەڕێن بە دوای یوسف وبراکەیدا! ئا ئەمەیە ئومێد بوون بەخوای مەزن، بۆ ئەوەی تەئکید بکاتەوە کە من دەزانم ئەو کوڕە نەمردوە. بۆیە پێویستە مرۆڤ هەرگیز نائومێد نەبێت لە ڕەحمەتی خوا.

﴿رَّوْحِ اللَّهِ﴾، لە ئەسڵدا بریتیە لە هەناسەدان، بەڵام لێرەدا بەکارهاتووە بۆ فەرەج ودەرو.

﴿فَلَمَّا دَخَلُوا عَلَيْهِ قَالُوا يَا أَيُّهَا الْعَزِيزُ مَسَّنَا وَأَهْلَنَا الضُّرُّ وَجِئْنَا بِبِضَاعَةٍ مُّزْجَاةٍ فَأَوْفِ لَنَا الْكَيْلَ وَتَصَدَّقْ عَلَيْنَا ۖ إِنَّ اللَّهَ يَجْزِي الْمُتَصَدِّقِينَ﴾

((ئەوەبو چون بۆ میسر، کە چونە ژورەوە بۆلای یوسف، وتیان: ئەی عەزیز -دەسەڵاتدار-، واللە خۆمان وخانەوادەکمان توشی نارەحەتی، وپارەیەکی کەم وبێ بێبایەخمان بۆ هێناوی، کە ئەو بارە خواردنانە ناهێنێ، بۆیە ئەوە ناهێنێ وەك جاری پێشو خواردنمان پێبدەی -وەك هەقی خۆمان-، جا کە حاڵمان وایە، بەم پارە کەم وبایەخە ئەوەمان پێبدە کە جارانی پێشو پێمانت دەدا لە خواردن، وچاکەمان لەگەڵدا بکە بە وەرگرتنی ئەم پارەیە وچاوپۆشی لێکردنی، بەڕاستی خوا پاداشتی چاکەکاران دەداتەوە کە چاوپۆشی لە نەداران ولێقەوماوان دەکەن)).

﴿فَأَوْفِ لَنَا الْكَيْلَ﴾، -بەڵام بە فەزڵ وچاکەت خۆت- بەو پارە بێنرخە وکەمە، با وات لێنەکات بە نوقسانی پێمانی بدەیت.

﴿وَتَصَدَّقْ عَلَيْنَا﴾ خێرمان پێبکە وسەدەقەمان پێبدە، وتراویشە واتە: براکەشمان پێبدەرەوە.

﴿إِنَّ اللَّهَ يَجْزِي الْمُتَصَدِّقِينَ﴾ خوا ﷻ خۆی پاداشتی ئەوانە دەداتەوە کە چاکەکارن وچاوپۆشی دەکەن وسەدەقە دەکەن ولەگەڵ لێقەوماو چاکن.

تەماشا بکەن ئەم برایانەی حەسودی بۆ کوێیان دەبات؟ هەیانە منداڵەکەی وەك یوسفە ﷺ، دەیخەنە ناوبیرەوە، ئێستا تەماشا بکەن کە

چۆن له یوسف دەپاڕێنەوە، بۆیە ئیمانتان بە خوا پتەو بێت، خوا ﷻ سەرتان دەخات.

﴿قَالَ هَلْ عَلِمْتُم مَّا فَعَلْتُم بِيُوسُفَ وَأَخِيهِ إِذْ أَنتُمْ جَاهِلُونَ * قَالُوا أَإِنَّكَ لَأَنْتَ يُوسُفُ قَالَ أَنَا يُوسُفُ وَ هٰذَا أَخِي قَدْ مَنَّ اللَّهُ عَلَيْنَا إِنَّهُ مَنْ يَتَّقِ وَيَصْبِرْ فَإِنَّ اللَّهَ لَا يُضِيعُ أَجْرَ الْمُحْسِنِينَ﴾

کە یوسف ﷺ گوێی لە قسەکانیان بوو، دڵی نەرم بوو، ئیتر ئەو نهێنیەی ئاشکرا کرد کە ماوەیەکی زۆر لێی شاردونەتەوە، بۆیە خۆی پێناساندن، «فەرموی: ئایا لە بیرتان دێ چیتان کرد بە یوسف وبراکەی لە کاتێکدا نەتاندەزانی سەرەنجامی کارەکەتان چەند خراپە؟ وتیان: ئایا بەڕاستی تۆ یوسفی، وتی: بەڵێ، من یوسفم، ئەویش براکەمە، خوای مەزن فەزڵی هەبو بەسرماندا دوای دابڕان بەیەك شادمانی کردەوە، بێگومان هەرکەس پارێزکار وخۆڕاگر بێ لەسەر بەلاکان، ئەوا خوا پاداشتی چاکەکەی ون ناکات، بەڵکو بە باشترین شێوە پاداشتی دەداتەوە».

﴿إِذْ أَنتُمْ جَاهِلُونَ﴾، «ئەو کاتەی نەزان بوون»، وەکو ئەوەی ئێستا حاڵیان باش بوبێ ووەك ئەوسا نەمابن.

دەڵێن یوسف لەم کاتەدا بە زمانی خۆیان قسەی کردوە، پێشتر بەزمانی میسری قسەی کردوە، بەڵام ئێستا بە زمانی فەلەستینیەکان قسەی کردوە،

وئەوانیش لێیان ڕوانیوە بە زمانی خۆیان قسەی کردوە وپێیان دەڵێ: «ئایا لەبیرتان دێ چیتان کرد بە یوسف وبراکەی».

هەروەها ڕەوشت بەرزی یوسفی تێدایە، کە عوزی جەهلیان بۆ دەهێنێتەوە بەهۆی هەڵەکەیانەوە.

﴿قَالُوا أَإِنَّكَ لَأَنتَ يُوسُفُ﴾، «ئایا بەڕاستی تۆ یوسفی؟»، سەرنج بدەن بکەن نەیانوت: تۆ یوسفی برامانی! والله أعلم.

﴿قَدْ مَنَّ اللَّهُ عَلَيْنَا﴾، «خوای میهرەبان منەتی کرد بەسەرماندا، دوای دابڕانێکی زۆر پێکەوە کۆی کردینەوە». چەندە خۆشە مرۆڤ فەزڵ وچاکە پاڵ بداتە پاڵ خانەوەکەی وبەخشەرەکەی؟! نەیوت زیرەکی وعاقڵی وژیری خۆم بو گەیشتمە ئەم ئەم پلە وڕۆژە، فیکری خۆم بەکار هێنا وبوم بەوەزیر، ﴿قَدْ مَنَّ اللَّهُ عَلَيْنَا﴾ بۆیە نەڵێی: خۆم دەوڵەمەند بوم، بڵێ: خوا دەوڵەمەندی کردم، مەڵێ: بە بازوی خۆم گەیشتمە ئەمڕۆ، بڵێ: بە حەول وقوەتی گەیشتم ئەمڕۆ، کوفری خوا نەکەی، خوا بۆت زیاد دەکات، ئەما ئەگەر کوفری خوا بکەیت، ناشوکری بکەیت، ئەوا خوا سزات دەدات.

بۆیە دەبێ شوکرانە بژێربین نەك کوفرانە بژێر، بێ بارنیە، وشکەساڵیە، دوعا دەکرێت خوا باران ببارێنێ، باران دەبارێنێ، هەرکە باری وگیا سەوز بو دەستدەکرێ بە تاوانکردن، نەداری وقات وقڕی بو، وتیان: خوایە حاڵمان باش بکەیت، خوا ﷻ باشی کرد، کە باشی کرد چیمان کرد؟ بەڕاستی کوفری

نیعمەتمان کرد. ئێمە نەبوین ڕۆژگارێك دەچوین بۆ ئێران بۆ ئیش کردن؟ ئەی ئێستا ئێرانیەکان دێن بۆ ئێرە بۆ ئیشکردن، خوا پیشانمان دەدا، خوا ﷻ ئەفەرموێ: ﴿أَوَلَا يَرَوْنَ أَنَّهُمْ يُفْتَنُونَ فِي كُلِّ عَامٍ مَرَّةً أَوْ مَرَّتَيْنِ ثُمَّ لَا يَتُوبُونَ وَلَا هُمْ يَذَّكَّرُونَ﴾، واتە: «ئایا خەڵکە دڵنەخۆشەکان نابینن، کە خوای گەورە تاقیان دەکاتەوە هەمو ساڵێك جارێك یان دوو جار، بە وشکە ساڵی ونەداری وقات وقڕی، ودەرخستنی نەخۆشیەکانی دڵیان، کەچی لەگەڵ ئەمەدا تەوبە ناکەن وپەشیمان نابنەوە لە نیفاق وتاوانەکانیان، پەند وەرناگرن لەو نیشانانەی دەیبینن»، ساڵانە خوای مەزن ئەیاندات لە بێژنگ، دەیاندات لە کورە، پێمان دەڵێ: شوکری خوا بکەن، ئەگینا ئێوەش واتان لێدێ، ڕۆژێك لە ڕۆژان خەڵکی سوریا بەخەویش دەیانبینی ژیانیان وای لێبێت؟ دەی بڕۆن تەماشای سەرژمێریەکان بکەن واللە جێی باوەڕ نیە! شارێکی گەورە بۆتە کەلاوە، لەبیرتان نەچێت کوردی خۆمان زۆر جار ئاوارە بووە، دوو جاری گەورە بوو: «١٩٧٥» و«١٩٩١»، ئێستا کە ژیانمان خۆش بووە با شوکری خوا بکەین: ﴿لَئِن شَكَرْتُمْ لَأَزِيدَنَّكُمْ﴾، شوکر بکەن با خوا لێمانی نەبڕێ، با سوپاسی خوا بکەین لەسەر ئەو ئەمن وئەمانەی هەمانە، با بەدەستی خۆمان سزای خوا بەسەر خۆماندا نەبارێنین، خوای گەورە باسی قەومی سەبەئمان بۆ دەکات لە قورئاندا کە نیعمەتی بەسەردا ڕشتون، لەبەرئەوەی کوفریان کرد نیعمەتەکەی بۆ کردن بە نیقمەت وخەشم وقین،

ئەفەرموێ: ﴿لَقَدْ كَانَ لِسَبَإٍ فِي مَسْكَنِهِمْ آيَةٌ جَنَّتَانِ عَنْ يَمِينٍ وَشِمَالٍ كُلُوا مِنْ رِزْقِ رَبِّكُمْ وَاشْكُرُوا لَهُ بَلْدَةٌ طَيِّبَةٌ وَرَبٌّ غَفُورٌ * فَأَعْرَضُوا فَأَرْسَلْنَا عَلَيْهِمْ سَيْلَ الْعَرِمِ وَبَدَّلْنَاهُمْ بِجَنَّتَيْهِمْ جَنَّتَيْنِ ذَوَاتَيْ أُكُلٍ خَمْطٍ وَأَثْلٍ وَشَيْءٍ مِنْ سِدْرٍ قَلِيلٍ * ذَلِكَ جَزَيْنَاهُمْ بِمَا كَفَرُوا وَهَلْ نُجَازِي إِلَّا الْكَفُورَ * وَجَعَلْنَا بَيْنَهُمْ وَبَيْنَ الْقُرَى الَّتِي بَارَكْنَا فِيهَا قُرًى ظَاهِرَةً وَقَدَّرْنَا فِيهَا السَّيْرَ سِيرُوا فِيهَا لَيَالِيَ وَأَيَّامًا آمِنِينَ * فَقَالُوا رَبَّنَا بَاعِدْ بَيْنَ أَسْفَارِنَا وَظَلَمُوا أَنْفُسَهُمْ فَجَعَلْنَاهُمْ أَحَادِيثَ وَمَزَّقْنَاهُمْ كُلَّ مُمَزَّقٍ إِنَّ فِي ذَلِكَ لَآيَاتٍ لِكُلِّ صَبَّارٍ شَكُورٍ﴾ [سبأ:١٥-١٩]، واتە: لەناو باخ وباخات وجۆرەها داری بەرومبومدار وئەمن وئەماندا بوون، بەڵام شوكریان نەكرد بۆیە لێمان سەندنەوە وگۆڕیمان بە ترس ودارودرەختی بێ بەروبوم و... هتد.

هەروەها ئەفەرموێ: ((وَضَرَبَ اللَّهُ مَثَلًا قَرْيَةً كَانَتْ آمِنَةً مُطْمَئِنَّةً يَأْتِيهَا رِزْقُهَا رَغَدًا مِنْ كُلِّ مَكَانٍ فَكَفَرَتْ بِأَنْعُمِ اللَّهِ فَأَذَاقَهَا اللَّهُ لِبَاسَ الْجُوعِ وَالْخَوْفِ بِمَا كَانُوا يَصْنَعُونَ)) [النحل:١١٢]. واتە: ((خوای مەزن نمونەی شارێك دەهێنێتەوە، كە لە دڵنیایی وئەمن وئاسایشدا بوون، ڕۆزیان بۆ دەهات بە ئاسانی لە هەمو سنورەكانیان ومەرزەكانیانەوە، بەڵام خەڵكەكەی نكوڵیان كرد لە نیعمەتەكانی خوا وشوكریان نەكرد، بۆیە خوای مەزن سزای دان بە ترس وبرسێتی، بەهۆی بەرهەمی دەستی خۆیانەوە))

ئەوە بۆ چەند ساڵێك دەبێ کورد لەناو ناز ونیعمەتدایە، نیعمەتی خواش ماوەیەکی دیاری کراوی هەیە، خوای تعالی ٣٥ ساڵ سەبری گرت لە سەددام حسین، پاشان لەناوی برد، جا بەگشتی کورد لە ١٩٩١ەوە لەناو ناز ونیعمەتدایە، بەتایبەتتر پاش ساڵی «٢٠٠٠» باشتر بووە، کەواتە ماوەیەکە لەناو نیعمەتداین، بۆیە پێویستە وریا بین، لەوە دەترسم توشی سزای خوا بین، سزاش هەر ئەوەنیە بەرد لە ئاسمانەوە بباریێ، شەڕ وئاژاوەی ناوخۆ سزای خوایە، نەمانی ئەمن وئەمان، سزای خوایە، خەڵك برسی بێ سزای خوایە، با قەدری نیعمەتی خوا بزانین، بە تەقوا وخۆڕاگری ئەنجامان باش دەبێ.

﴿إِنَّهُ مَن يَتَّقِ وَيَصْبِرْ فَإِنَّ اللَّهَ لَا يُضِيعُ أَجْرَ الْمُحْسِنِينَ﴾، «بێگومان هەرکەسێك تەقوای خوا بکات، وخۆڕاگر بێت، ئەوا بێگومان خودا چاکەی چاکەکارن ون ناکات».

بەڕاستی چیرۆکی یوسف ﷺ سود ووانەی زۆر تێدایە، بە جۆرێك ژیانی مرۆڤ دەگۆڕێ، ئەگەر بێت ولە ژیانی یوسف پەند وسود وەربگریت، لەوانەش تەنها سودی سەبر وخۆڕاگری، ئومێد دەکەم -إن شاءالله- لە ژیاندا سەرفراز بێت. ئیبن ئەلجەوزی دەڵێ: لە سورەتی «یوسف»م ڕوانی ولێی ورد بومەوە، بۆم دەرکەوت کە هەمو چاکەیەك یوسف بەدەستی دێنێ بە سەبر وخۆڕاگری بە دەستی دێنێ. سەبرەکەشی بریتیە لە سەبری چەند ساتێکی کەم، چەند

ساتێکی کەم خۆی ڕادەگرێ لەناو بیرەکە تا کەسێك دۆڵەکەکە دەخاتە خوارەوە ودەیباتە دەرەوە، چەند ساتێکی کەم خۆی ڕادەگرێ لەبەرامبەر ژنەکەی عەزیز تا ڕزگاری دەبێت لێی، چەند ساتێکی کەم خۆی ڕادەگرێ لە بەندینخانە تا ڕادێت.

﴿إِنَّهُ مَن يَتَّقِ﴾ تەقوا چییە؟ بریتیە لە ئەنجامدانی فەرمان پێکراوەکان، ووازهێنان لەو نەهیلێکراوەکان.

﴿قَالُوا تَاللَّهِ لَقَدْ آثَرَكَ اللَّهُ عَلَيْنَا وَإِن كُنَّا لَخَاطِئِينَ﴾

«وتیان: قەسەم بەخوا، خودا فەزڵی تۆی دا بەسەر ئێمەدا، وسەربەرزی کردی بە زانست ونەرمونیانی وپەیامبەرایەتی وسیفەتە جوانەکانی تریش، ئەگەر چی ئێمە بە ئەنقەست هەڵەمان کرد بەرامبەر بە تۆ وبراکەت».

﴿لَقَدْ آثَرَكَ اللَّهُ عَلَيْنَا﴾، وەکو ئەوەی بڵێن: «ئێمە ویستمان تۆ فەزڵت بەسەر ئێمەدا نەبێت، بەڵام خوا ﷻ نەیویست، وفەزڵی تۆیدا بەسەر ئێمەدا، ئێمە پیلانمان دانا بۆ ئەوەی خۆشەویستی تۆ لە دڵی باوکمان دەربکەین ولە پێش چاوی ئەو دورت بخەینەوە، بەڵام بەدەست ئێمە نەبو، بەڵکو خوا زیاتر خۆشەویستی کرد لای باوکمان.

﴿قَالَ لَا تَثْرِيبَ عَلَيْكُمُ الْيَوْمَ ۖ يَغْفِرُ اللَّهُ لَكُمْ ۖ وَهُوَ أَرْحَمُ الرَّاحِمِينَ﴾

یوسف ﷺ لەبەر ئەوەی پیاوێکی دەرون پاکە وپێشەوای دەرون پاکانە، لۆمە وسەرزەنشتی براکانی نەکرد، نە زۆر ونە کەم، بەڵکو «وتی: براکانم

لۆمە وسەرزەنشت وعەیبدارتان ناکەم ئەمڕۆ، بەڕاستی من لەو شتانەی لە ئێوە وەشایەوە لە ئاست خۆم وبراکەم خۆشبوم، داواکاریشم خوای میهرەبان لە هەڵەکانتان خۆشبێت، وهەر خۆی بە بەزەییترینی بەبەزەییەکانە»

﴿قَالَ لَا تَثْرِيبَ عَلَيْكُمُ﴾ تەماشای پیاوی گەورە بکەن، پیاوی گەورە دڵی گەورەیە، بەرامبەر هەڵەی بەرامبەرەکانی چاوپۆشی دەکات.

﴿لَا تَثْرِيبَ﴾ لۆمە وسەرزەنشتکردن چەند قۆناغێکی هەیە، «تَثْرِيبَ»یش لە کۆتا قۆناغەکانی سەرزەنشتکردنە، یوسف وردە سەرزەنشتێکی کردن، ئەما نەیگەیاندە «تَثْرِيبَ» کە بریتیە لە سەرزەنشتکردنێکی گەورە.

﴿الْيَوْمَ﴾، بۆچی باسی ئەمڕۆی کرد؟ یانی: بۆ هەتا هەتایە گلەییتان لێناکەم، چونکە ئەگەر لە یەکەم ڕۆژ ویەکەم ساتدا گلەیی وگازندەی نەبێ لێیان، لەوەودوا هەر نایبێ!

﴿يَغْفِرُ اللَّهُ لَكُمْ﴾، بەبێ ئەوەی داوای لێبکەن وبڵێن: لێمان خۆشبە یان داوای لێخۆشبونمان بۆ بکە، خۆی پێیان ئەڵێ: خوا لێتان خۆش بێ. ئەوەش بەڵگەی ئەوپەڕی چاکێتی یوسفە ﷺ لەگەڵ براکانی.

﴿اذهبوا بِقَمِيصِي هَٰذَا فَأَلْقُوهُ عَلَىٰ وَجْهِ أَبِي يَأْتِ بَصِيرًا وَأْتُونِي بِأَهْلِكُمْ أَجْمَعِينَ﴾

پاشان خوا ﷻ موعجیزەیەك بە یوسف دەبەخشیّ، دەفەرمویّ: «یوسف فەرموی:

﴿اذْهَبُوا بِقَمِيصِي هَٰذَا﴾، «ئەو قەمیسەم ببەن»، وەك لەسەرەتاوە باسمان کرد، کە شەعبی دەفەرمویّ: «چیرۆکی یوسف ﷺ لە قەمیسەکەیدایە»، منیش وتم: «چیرۆکی یوسف لە خەوندایە»، ئەوەتا دیسانەوە قەمیس دێتەوە ناو باسان ودەڵێ: «ئەم قەمیسەم ببەن بۆ باوکم».

﴿فَأَلْقُوهُ عَلَىٰ وَجْهِ أَبِي يَأْتِ بَصِيرًا وَأْتُونِي بِأَهْلِكُمْ أَجْمَعِينَ﴾ بیدەن بەسەر دەم وچاوی باوکمدا، چاوی بینای بۆ دەگەڕێتەوە»، ئیتر ئەمەی لە ڕێگەی وحیەوە زانیوە، یان خۆی پرسیاری باوکی لە براکانی کردوە وئەوانیش وتویانە، چاوەکانی بینای کز بووە، یان بەیەکجاری نابینا بووە بەهۆی خەفەت خواردن وگریانەوە بۆ یوسف».

سەبارەت بەوەی یوسف چۆن زانیویەتی، کە قەمیسەکەی چاوی باوکی چاك دەکاتەوە؟ واللە أعلم بە وەحی ئەوەی زانیوە، بۆیە هەم بۆ یوسف وهەم بۆ باوکیشی ئەم کارە موعجیزەیە بەڕاستی.

**ئەم موعجیزەیە، چەند سودێکی تێدایە:**

**یەکەمیان:** بۆ ئەوانەی کە دەڵێن: قورئان وئیسلام وشەریعەت شیفای کەس نادات، جا ئەو کەسانە ئاگایان لەخۆیان نیە کە شەیتان بە ئارەزوی خۆی یاریان پێدەکات، شەیتان لە دڵیاندا هێلانەی کردوە، بەڵکو هێلکەشی

کردوە، ئەی پێم نالێن: چی چاوی یەعقوب ﷺ چاکدەکاتەوە، قەمیسەکەی یوسف نیە؟

**دوومیان:** ئەمە بەڵگەیە لەسەرئەوەی کە چۆن هۆکارە هەستپێکراوەکان هەیە بۆ شیفا، شتە شەرعیەکانیش ئاوها شیفا بەخشن، پەیامبەری خوا ﷺ تف دەکاتە چاوی پێشەوا عەلیەوە ؓ وئێش وئازارەکەی چاوی نامێنێ، هەروەها قورئان شیفایە بەڵام بەو شێوازەی کە شەرع باسی کردوە، نەك کەسێك بێت میزی خۆی بخواتەوە وبڵێ شیفای تێدایە، تەنانەت میزی منداڵیش لە ئیسلامدا پیسە، چ جای میزی پیاوی گەورە!؟ [١] جا هەرگیز

(١) بەڵام شەرع عەفوی لەسەرداوە، وپاككردنەوەكەی تەنها ئاو پەرژێن كردنە، ئەمەش ڕای هەمو زانایانە، داودی زاهیری نەبێ.

وقال النوويُّ: «اعلم أنَّ هذا الخلافَ إنما هو في كيفيَّة تطهير الشيءِ الذي بال عليه الصبيُّ، ولا خلافَ في نجاسته، وقد نقَل بعضُ أصحابنا إجماعَ العلماء على نجاسة بول الصَّبي، وأنَّه لم يخالفْ فيه إلَّا داودُ الظاهريُّ؛ قال الخطابيُّ وغيره: وليس تجويزُ مَن جوَّز النَّضحَ في الصبيِّ من أجْل أنَّ بولَه ليس بنجس، ولكنَّه من أجْلِ التَّخفيف في إزالته، فهذا هو الصَّواب، وأمَّا ما حكاه أبو الحسن بن بطَّال ثمَّ القاضي عياض عن الشافعيِّ وغيره: أنَّهم قالوا: بول الصَّبيِّ طاهرٌ فيُنضَح، فحكايةٌ باطلة قطعًا». ((شرح النووي على مسلم)) (٣/١٩٥).

وقال العراقيُّ: «فيه نجاسةُ بول الآدميِّ، وهو إجماعٌ من العلماء، إلَّا ما حُكي عن داودَ في بول الصبيِّ الذي لم يطعمْ أنَّه ليس بنجسٍ؛.. وهو مردودٌ بالإجماع؛ فقد حكَى بعضُ أصحابنا الإجماعَ أيضًا في نجاسة بول الصبيِّ». «طرح التثريب» (٢/١٢٨).

نەمانبینیوە میز شیفا بێت، میز دەرمان بێت، بەڵکو میز هەر دەرد بوە، وهەر پیس بوە[1].

---

(١) لەو کاتەدا خەڵکانێك لەسەر شاشەکان دەرچون، وتیان: مێزی مرۆڤ شیفای تێدایە، بۆ فلان نەخۆشی چاکە، ئەمەش چەواشەکاریە بەناوی دینەوە، بەڕاستی زۆر سەیرم لێدێ لەکاتێکدا بە کۆدەنگی زانایان میزی مرۆڤ پیسە، تەنانەت پەیامبەر ﷺ نەهی کردوە لەکاتی میزکرندا ڕو بکرێتە قیبلە چ جای خواردنەوەی!؟ هەروەها بەلای دوو گۆڕدا تێپەڕ بوو فەرموی ئەم دووانە سزا دەدرێن، یەکێکیان: قسەی هێناوە وقسەی بردوە، ئەوی تریان خۆی لە میزەکەی پاکنەکردۆتەوە، هەروەها ئەفەرموێ: خۆتان لە میز پاك ڕابگرن، خۆ ئەگەر وترا بۆ چارەسەرە، ئەوا ئەڵێین: چارەسەری بە حەرام وپیس قەدەغە وحەرامە، وپەیامبەریش ﷺ نەهی کردوە لە چارەسەری کردن بە حەرام وهەروەها ئەفەرموێ: شیفای دەردەکانتانی نەخستۆتە ئەو شتانەی لەسەرتانی حەرام کردوە، هەروەها ئەفەرموێ: بە حەرام خۆتان چارەسەر مەکەن، هەروەها ئەفەرموێ: هەرکەس بە حەرام چارەسەری بکا خوا، خوا شیفای نادات، زانایانیش وتویانە لەکاتێکدا دروستە چارەسەری بە پیس وحەرام ئەگەر جێگرەوەی نەبێت.

**کۆدەنگی زانایان لەسەر حەرامێتی میزی مرۆڤ:**

قال ابن حزم: «اتَّفقوا على أنَّ بول ابن آدم إذا كان كثيرًا ولم يكن كرؤوس الإبر، وغائطه؛ نجس». «مراتب الإجماع» (ص: ١٩).

قال ابن قدامة: «ما خرَج من السَّبيلين كالبول والغائط ... فهذا لا نعلم في نجاسته خِلافًا». «المغني» (٢/٦٤).

قال النوويُّ: «فأمَّا بول الآدميّ الكبير، فنجسٌ بإجماع المسلمين». «المجموع» (٢/٥٤٨).

قال الماورديُّ: «أمَّا بول الآدميِّين، فنجسٌ إجماعًا؛ صغيرًا كان أو كبيرًا، ذَكرًا كان أو أنثى». «الحاوي الكبير» (٢/٢٤٨).

وقال ابنُ عبد البَرِّ: «وقد أجمَع المسلمون على أنَّ بول كلِّ صبيٍّ يأكُل الطعام ولا يرضع، نجسٌ كبول أبيه». «الاستذكار» (١/٣٥٦).

وقال ابنُ رشد: «اتَّفق العلماء على نجاسة بول ابن آدَم ورجيعِه». «بداية المجتهد» (١/٨٠).

**سێیەمیان:** ئەمە موعجیزەیە، بۆیە نابێتە بەڵگە بۆ ئەوانەی ئەڵێن: دروستە تەبەروك بکەین بە جلوبەرگ وکەلوپەلی پیاوچاکان بە بەڵگەی ئەم ئایەتە وئەم کارەی یوسف!

لە وەڵامدا ئەڵێین: یوسف پەیامبەرە، ئەگەر ئێوەش جلوبەرگی پەیامبەرتان ﷺ دەست کەوت دەتوانن تەبەروکی پێوە بکەن وئێمەش تەبەروکی پێوە دەکەین. ئەمە یەك، دووەم: ئەمە موعجیزەیە، وتایبەتە بە پەیامبەران -سەڵات وسەلامی خوایان لەسەر بێ- ئەگەرنا سەد جار قەمیسی ئەو بەناو پیاوچاکانە بهێنە بەسەر چاوی نابیناکاندا بزانن چاك دەبێتەوە، ئەگەر وایە ئەوا کەمتەرخەمن ئەو هەمو نابینایە هەیە چاکی ناکەنەوە، ئەگەر ئەو خەڵکانە ڕاست دەکەن(١).

---

وقال العراقيُّ: «فيه نجاسةُ بول الآدميِّ، وهو إجماعٌ من العلماء». «طرح التثريب» (١٢٨/٢).

قال صِدِّيق حسن خان: «بل نجاستُهما [أي: نجاسة بول الآدمي وغائطه] مِن بابِ الضرورة الدِّينيَّة، كما لا يخفَى عَلى مَن له اشتغالٌ بالأدلَّة الشرعيَّة».

قال الشوكاني: «أما نجاسة بول الآدمي وغائطه فبالأدلة الصحيحة المفيدة للقطع بذلك بل نجاستهما من باب الضرورة الدينية كما لا يخفى على من له اشتغال بالأدلة الشرعية وبما كان عليه الأمر في عصر النبوة».

(١) بۆ زیاتر لەبارەی تەبەڕوکەوە، بڕوانە: کتێبی: ((تەبەروك))، کە تەواو بووە، خوای میهرەبان لە چاپدانی ئاسان بکات.

ئەو قسەیەش هەڵەیە کە دەڵێ: ئەو قەمیسە لە بەهەشتەوە هاتووە، چونکە هیچ بەڵگەیەك لەو بارەوە نەهاتوە بە سەحیحی، بەڵکو تەنها قەمیسێکی بەری یوسف ﷺ بووە -والله أعلم-.

هەروەها ئەو قسەیەش هەڵەیە کە دەڵێ: قەمیسە کۆنەکەی پێشو بوە، کە ژنەکەی عەزیز دڕاندی، بەڵکو قەمیسێکی تر بووە -والله أعلم-.

﴿وَأْتُونِي بِأَهْلِكُمْ أَجْمَعِينَ﴾، «ماڵ ومنداڵ وهەمو کەسوکاری خۆتانیش بێنن بۆ ئێرە».

﴿وَلَمَّا فَصَلَتِ الْعِيرُ قَالَ أَبُوهُمْ إِنِّي لَأَجِدُ رِيحَ يُوسُفَ لَوْلَا أَنْ تُفَنِّدُونِ﴾

﴿وَلَمَّا فَصَلَتِ الْعِيرُ﴾ سەرنجی فیراسەتی یعقوب بدەن! ئەفەرموێ: «هەرکە کاروانی براکانی یوسف لە سنوری ناوچەی میسر دەرچون وەدەکەوتنە ڕێ، بەرەو فەلەستین».

﴿قَالَ أَبُوهُمْ إِنِّي لَأَجِدُ رِيحَ يُوسُفَ لَوْلَا أَن تُفَنِّدُونِ﴾، دیارە لەو کاتەدا یەعقوب، هەندێك لە وەچەکانی لە دەوربەردا بووە، بۆیە پێی وتن: «والله ڕۆڵەکانم هەست بە بۆنی یوسف دەکەم، ئەگەر نەشڵێن خەڵەفاوە، ئەوە هەستدەکەم دیدارم بە یوسف زۆر نزیکەوە بووە».

بەڵێ، ئەو خوایەی عەرشەکەی بەلقیسی گەیاندە لای سولەیمان، هەر ئەو پەروەردگارە بۆنی قەمیسەکەی یوسفی گەیاندە لای یەعقوب -سەلات وسەلامی خوا لە هەردوکیان بێ-.

﴿قَالُوا تَاللَّهِ إِنَّكَ لَفِي ضَلَالِكَ الْقَدِيمِ﴾

وەچەکانی یەعقوب ﷺ چونکە بۆنی ئەوەیان نەکرد کە باپیریان بۆنی کر، وهەستیان بەوە نەکرد باپیریان هەستیان پێکرد، بۆیە: «وتیان: سوێند بەخوا هەر بەردەوامی لە هەڵەیە کۆنەکەت لە لە بیرکردنی یوسف وخەفەت بۆ خواردنی».

﴿فَلَمَّا أَن جَاءَ الْبَشِيرُ أَلْقَاهُ عَلَىٰ وَجْهِهِ فَارْتَدَّ بَصِيرًا قَالَ أَلَمْ أَقُل لَّكُمْ إِنِّي أَعْلَمُ مِنَ اللَّهِ مَا لَا تَعْلَمُونَ﴾

«هەرکە کاروانەکە نزیك بوویەوە لەماڵی خۆیان، مژدەدەرەکە پێشتر بە قەمیسەکەی یوسفەوە کەوتە ڕێ و هێنای بۆ یەعقوب ﷺ وخستیە سەر دەموچاوی باوکیان، یەکسەر چاوەکانی چاکەوە بوو وەکو ئەوەی عەیبی نەبوبێ».

بەڵێ، ئەو برایانەی کە پێشتر قەمیسێکی خوێناوی درۆینەی یوسف دێنن وهەواڵی مردنی یوسفی پێدەدەن، ئەمڕۆ هەر ئەوانە قەمیسێکیان پێیە، وهەر هی یوسفە، بەڵام ڕاستیە، ئەمجارەشیان هەواڵی ژیانی یوسفە نەك مردنی».

ئەمەش بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کاتێك تاقیکردنەوە دەگاتە لوتکە ڕوناکی دێت، تەماشا بکەن یوسفی دەڕوات، بنیامینی دەڕوات، کوڕە گەورە باشەکەی دەڕوات، پاشان دوای هەمو ئەمانە یوسفەکەی دێتەوە،

بنیامینەکەی دێتەوە، کوڕە گەورە باشەکەی دێتەوە، بینای بۆ چاوەکانی دەگەڕێتەوە، بۆیە لە دوای ناڕەحەتی، ڕەحەتی دێت: ﴿إِنَّ مَعَ الْعُسْرِ يُسْرًا﴾ «لە گەڵ ناڕەحەتیدا ئاسانی هەر دێت».

﴿قَالَ أَلَمْ أَقُل لَّكُمْ﴾، «ئەوسا یەعقوب ﷺ فەرموی: ئەی پێم نەوتن» ﴿إِنِّي أَعْلَمُ مِنَ اللَّهِ مَا لَا تَعْلَمُونَ﴾، «کە من شتانێك لەلایەن خواوە دەزانم لە ڕەحمەت وچاکە وفەزڵی خوا، ئێوە نایزانن».

﴿قَالُوا يَا أَبَانَا اسْتَغْفِرْ لَنَا ذُنُوبَنَا إِنَّا كُنَّا خَاطِئِينَ * قَالَ سَوْفَ أَسْتَغْفِرُ لَكُمْ رَبِّي إِنَّهُ هُوَ الْغَفُورُ الرَّحِيمُ﴾

﴿قَالُوا يَا أَبَانَا اسْتَغْفِرْ لَنَا ذُنُوبَنَا﴾، «منداڵەکانی وتیان: ئەی باوکە! داوای لێخۆشبون بکە لەلای خوا بۆ تاوانەکانمان، بەشکو لێی خۆشبێ ولێمان نەگرێ».

﴿إِنَّا كُنَّا خَاطِئِينَ﴾، «بێگومان ئێمە هەڵەمان کرد، بەرامبەر بە تۆ، سنورمان بەزاند، بەرامبەر بە یوسفیش».

﴿قَالَ سَوْفَ أَسْتَغْفِرُ لَكُمْ رَبِّي﴾، «وتی: لەوەودوا داوای لێخۆشبونتان بۆ دەکەم لەلای پەروەردگارەکەم».

هەندێك ئەڵێن: یانی: هەڵەکەتان ئەوەندە گەورەیە، ئەوە ناهێنێ ئێستا داوای لێخۆشبونتان بۆ بکەم، بۆیە دواجار بۆتان دەپاڕێمەوە. بەڵام والله أعلم

ئەم ئیحتیماله دووره. بەڵكو هەندێك ئەڵێن: مەبەستی له دواجار، كاتی سەحەره كه دوعای تێدا گیرایه، بۆیه سیفەتی پیاوچاك لێخۆشبونه له هەڵە.

بۆب ه یوسفیان نەوت: داوای لێخۆشبونمان بكه، بەڵام به باوكیان وت؟

ئەڵێن: لەبەرئەوەی زانیویانه بارەكەی سەر یەعقوب له هی یوسف قورستره، بۆیه به یوسف ناڵێن داوای لێخۆشبونمان بۆ بكه لەلای خوا، بەڵكو یوسف خۆی داوای لێخۆشبونیان بۆ دەكات لەلای خوا، بەڵام باوكیان ئەوان داوای لێدەكەن، داوای لێخۆشبونیان بۆ بكا.

﴿إِنَّهُ هُوَ الْغَفُورُ الرَّحِيمُ﴾، «بێگومان خوا لێخۆشبوی تاوانی بەندەكانیەتی، به ڕەحمه لەگەڵیاندا».

﴿فَلَمَّا دَخَلُوا عَلَى يُوسُفَ آوَى إِلَيْهِ أَبَوَيْهِ وَقَالَ ادْخُلُوا مِصْرَ إِنْ شَاءَ اللَّهُ آمِنِينَ * وَرَفَعَ أَبَوَيْهِ عَلَى الْعَرْشِ وَخَرُّوا لَهُ سُجَّدًا وَقَالَ يَا أَبَتِ هَذَا تَأْوِيلُ رُؤْيَايَ مِنْ قَبْلُ قَدْ جَعَلَهَا رَبِّي حَقًّا وَقَدْ أَحْسَنَ بِي إِذْ أَخْرَجَنِي مِنَ السِّجْنِ وَجَاءَ بِكُمْ مِنَ الْبَدْوِ مِنْ بَعْدِ أَنْ نَزَغَ الشَّيْطَانُ بَيْنِي وَبَيْنَ إِخْوَتِي إِنَّ رَبِّي لَطِيفٌ لِمَا يَشَاءُ إِنَّهُ هُوَ الْعَلِيمُ الْحَكِيمُ﴾

﴿فَلَمَّا دَخَلُوا عَلَىٰ يُوسُفَ آوَىٰ إِلَيْهِ أَبَوَيْهِ﴾، «ئەوەبو یەعقوب خاوخێزانی كەوتنه ڕێ بەرەو میسر، كه گەیشتن، یوسف ﷺ باوەشی كرد به باوك ودایكیدا».

ئەوەش هەڵەیە کە دەڵێن یوسف دایکی نەبوە، پورێکی بوە، چونکە خوا ﷻ دەفەرموێ: ﴿أَبَوَيْهِ﴾، بۆیە لەبەرخاتری ئنجیل وتەوراتێکی دەستکاری کراو، قورئان هەڵناگەڕێنینەوە.

﴿وَقَالَ ادْخُلُوا مِصْرَ إِنْ شَاءَ اللَّهُ آمِنِينَ﴾، «وپێی وتن: کەرەمبکەن بڕۆنە نێو میسرەوە بە ویستی خوا، بە ئەمن وئەمانەوە، ودوور لە وشکە ساڵی».

ئەمەش ئەوەی لێدەفامرێ کە یوسف وسەرانی شار ڕۆیشتبێتنە پیریانەوە، تەنانەت دەڵێن پادشاشی لەگەڵ هاتووە -والله أعلم-.

﴿وَرَفَعَ أَبَوَيْهِ عَلَى الْعَرْشِ وَخَرُّوا لَهُ سُجَّدًا﴾، «وڕۆیشت دایك وباوکی دانا لەسەر عەرشەکە، وەکو ڕێزێك بۆ دایك وباوکی، ئیتر باوك ودایکی ویازدە براکەی ڕۆیشتنە سوژدە بۆ یوسف وەکو سڵاو وڕێزێك نەك وەکو عیبادەت وملکەچی، ولە شەرعی ئەواندا دروست بوو».

ئەو یوسفەی دەخرێتە ناو بیرەوە، ئەو یوسفەی دەکرێ بە کۆیلە، ئەو یوسفەی دەخرێتە بەندینخانەوە، ئەو یوسفە ئەمڕۆ دایك وباوکی وبراکانی رکوع وسوژدەی بۆ دەبەن!

﴿وَقَالَ يَا أَبَتِ هَذَا تَأْوِيلُ رُؤْيَايَ مِنْ قَبْلُ قَدْ جَعَلَهَا رَبِّي حَقًّا﴾، «ئیتر ئەو کاتە یوسف بە باوکی وت: باوکە گیان! ئەوە خەونەکەم بوو هاتە دی کە پێشتر بە منداڵی بۆتم گێڕایەوە، ئەوەتا خوا ﷻ خەونەکەی هێنایە دی پاش چەندین ساڵ، وڕاست وهەق بو».

﴿وَقَدْ أَحْسَنَ بِي إِذْ أَخْرَجَنِي مِنَ السِّجْنِ وَجَاءَ بِكُمْ مِنَ الْبَدْوِ مِنْ بَعْدِ أَنْ نَزَغَ الشَّيْطَانُ بَيْنِي وَبَيْنَ إِخْوَتِي﴾، «هەروەها خوا فەزڵ وچاکەی لەگەڵ کردم کە لە بەندیخانە دەریکردم، وئێوەشی لە دێهات ودەشتەوە هێنا بۆ ئێرە، دوای ئەوەی کە شەیتان پەیوەندی نێوان من وبراکانمی تێکدا و دوبەرەکی خستە نێوانمانەوە».

باسی بیرەکەی نەکرد! بۆ؟ بۆ ئەوەی زامی براکانی نەکولێنێتەوە، بۆ ئەوەی تانە لە براکانی نەدات، چونکە نە یوسف ﷺ پیاوێکی تانەبازە، نە شوێنەکەش ئەوە دەخوازێ.

هەروەها نەیوت: براکانم هۆکاری ئەو ڕوداوانە بوون، بەڵکو دایە پاڵ شەیتان.

﴿إِنَّ رَبِّي لَطِيفٌ لِّمَا يَشَاءُ﴾، «بەڕاستی پەروەردگار بە لوتفە لەگەڵ هەرکام لە بەندەکانی بیەوێ وبۆ هەر کارێك بیەوێ، کاروبارەکانی زۆر ورد وجوانن». وە چیرۆکی یوسف پڕە لە لوتفی خوا، تەنانەت سعدی ڕەحمەتی خوای لێبێت مەقالەیەکی دورودرێژی نوسیوە لەسەر لوتفی خوا بەرامبەر بە یوسف، لوتفی خوا: یانی نەرم و نیانی، یانی کار ڕێکخستن بۆ یوسف بۆ شتانێك کە عەقڵ باوەڕی پێناکات،

﴿إِنَّهُ هُوَ الْعَلِيمُ الْحَكِيمُ﴾، «بەڕاستی خوا زانایە بە بەرژەوەندی بەندەکان، ودانایە لە وتە وکردارەکانی، زانایە، زانستی تەواوی بە هەمو

شتێك هەیە، دانایە، كاربەجێیە، دەزانێ چی دەكا وچۆنی دەكا وبۆچی دەیكا.

﴿رَبِّ قَدْ آتَيْتَنِي مِنَ الْمُلْكِ وَعَلَّمْتَنِي مِن تَأْوِيلِ الْأَحَادِيثِ فَاطِرَ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ أَنْتَ وَلِيِّي فِي الدُّنْيَا وَالْآخِرَةِ تَوَفَّنِي مُسْلِمًا وَأَلْحِقْنِي بِالصَّالِحِينَ﴾

تەماشای یوسف بكەن، لەم سورەتەدا زۆر بەكەمی قسە دەكات، بەڵام لێرە كە باسی نیعمەتی خوا دەكات، زۆر قسە دەكات.

﴿رَبِّ قَدْ آتَيْتَنِي مِنَ الْمُلْكِ وَعَلَّمْتَنِي مِن تَأْوِيلِ الْأَحَادِيثِ﴾، واتە: «خوایە تۆ بە فەزڵی خۆت وا لە دەسەڵاتداری میسر پێت بەخشیم، وفێری خەو پەرژێنیت كردم، ولەگەڵ چەندین زانستی تردا».

﴿فَاطِرَ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ﴾، واتە: «دەسا ئەی بەدیهێنەری ئاسمان وزەوی».

﴿أَنتَ وَلِيِّي فِي الدُّنْيَا وَالْآخِرَةِ﴾، واتە: «هەر تۆ دۆستی منی وكاروباركانم تۆ بەڕێوەی دەبەی لە دونیا ودوارۆژ».

﴿تَوَفَّنِي مُسْلِمًا﴾، «خوایەگیان! بە موسوڵمانی بمرێنە».

ئەمەش ئاواتخواستنی مردن نیە، بەڵكو دەڵێ: خوایە بە موسوڵمانی بمبەیتەوە بۆلای خۆت، ئەمەش هیچی تێدا نیە ودوعایەكی پیرۆزە.

هەر بۆیە ئەبێ موسوڵمان هەمیشە ترسی لە ئاخر شەڕی بێت.

﴿وَأَلْحِقْنِي بِالصَّالِحِينَ﴾، «هەروەها بمگەیەنە بە پیاو چاکان».

﴿رَبِّ قَدْ آتَيْتَنِي مِنَ الْمُلْكِ وَعَلَّمْتَنِي مِن تَأْوِيلِ الْأَحَادِيثِ﴾، شتانێك ئەڵێ، کە مەدحی خۆی تێدایە، ستایشکردنی خۆ بەم شێوازەی یوسف ﷺ بێت هیچ ئیشکالی تێدا نیە، کە ئەو شتەی ستایشی خۆی پێدەکات تێیدا بێ، وکبیر ولوتبەرزی وفشەیی تێدا نەبێ، لەگەڵ وریابون لە تێکچونی نیەتی، وئاگادار بێ شەیتان نیەتی لێ تێك نەدا.

هەربۆیە چەندین زانا هەبوە مەدحی خۆی کردوە بەم شێوازە -إن شاءالله-: ئەبو تاهیری سیلەفی دەڵێ: هیچ کەسێك نیە لە فەرمودەدا شان لەشانی من بدات.

سندی دەڵێ: «لمثلي فليسع، فإن بيني وبين البخاري تسعة»، با بۆ گەیشتن بە پیاوی وەك من ڕابکرێ وپەلە بکرێ، چونکە نێوان من وبوخاری تەنها نۆ «٩» کەسە، یانی سەنەدەکەم «عالی»یە.

سیوتی «السيوطي» کتابێکی هەیە بە ناوی «التحدث بنعمة الله» یە.

حافز ئیبن ڕەجەبی حەنبەلی -ڕەحمەتی خوای لێبێ- باسێکی میرات دەکات ولە کۆتاییدا دەڵێ: ئەم باسەی کە کردم لەو باسانەیە کە خوا ﷻ یارمەتی دام «وفتحه الله علي»، وهەرگیز پێش خۆم کەسی ترم نەبینیوە بەو شێوە جوانە باسی میرات بکات وڕونی بکاتەوە.

بۆیە مرۆڤ گەر لە لوتبەرزی وفشەیی نەترسا، دروستە ستایشی خۆی بکات بەو شتەی کە تێیدایە، ئەگەر لەخۆی ئەمین بێت.

﴿ذَٰلِكَ مِنْ أَنبَاءِ الْغَيْبِ نُوحِيهِ إِلَيْكَ ۖ﴾

پەروەردگار فەرموی ﴿ذَٰلِكَ مِنْ أَنبَاءِ الْغَيْبِ نُوحِيهِ إِلَيْكَ ۖ﴾ ئەمەی کە باسمان کرد لە چیرۆکی یوسف، بریتیە لە هەواڵ وباسەکانی غەیب، بە وەحی بە تۆی ڕادەگەینین ئەی پەیامبەری خوا ﷺ، جا تۆ لەگەڵیاندا نەبوی کە کۆبونەوە وپیلانیان گێڕا لە دژی بۆ ئەوەی بیخەنە نێو بیرەکەوە، تۆ پێشتر زانیاریت لەم بارەوە نەبوە، نەشتدەزانی چیرۆکی یوسف بەم شێوەیەیە، ئەمەش بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە تۆ ڕاستگۆیت وخوا وەحیت بۆ دادەبەزێنێت، بەڵام سەرباری ڕونی بەڵگەکان لەسەر هەقێتی ئیسلام بەڵام کەچی زوربەی خەڵك موشریکن)).

بەڕاستی کە تەماشای سورەتی یوسف دەکەیت، ئەوسا دەزانی موعجیزەی خوایە، وفەرمایشتی خوایە ﷻ.

ئەمە کۆتا ئایەتە لە سورەتی یوسف کە خوا ﷻ باسی چیرۆکی یوسفی ﷺ تێدا دەکات.

اللَّهُمَّ تَوَفَّنَا مُسْلِمين وَأَلْحِقْنَا بِالصَّالِحِينَ، اللَّهُمَّ آمين. وَآخِرُ دَعْوَانا أَنِ الْحَمْدُ لِلَّهِ رَبِّ الْعَالَمِينَ[١].

(١) له دەنگەوە گۆڕین بۆ نوسین: باوکی ڤینا، ٣٠ جمادى الأولى ١٤٣٥ كۆچی، ٢٠١٤/٣/٣١ زاینی. نوسەر: ٢١ـ١٠ـ٢٠١٥